هاوکاری

الـتـــــــضامـــــــن

رۆژنامەیەکی هەفتانەی کشتیی‌یە
لە دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی
کوردی دەردەچێ
لە « دار الحرية » چاپ دەکرێ
وزارة الاعـلام
دار الثقافة والنشر الكردية
بغداد ـ شارع الجمهورية ـ ساحة الخلاني
تلفون (٦٨٣١١ ، ٦٨٣١٢ ، ٦٨٣١٣)

سالی ١٩٧٠ دامەزراوە — ژمارە (٣١٩) — ٢٧ـ٥ـ١٩٧٦ — « ١٢ » لاپـەرە — « ٢٥ » فلس

وە لـــە بنـەڕەتە چەسپاوەکانی سیاسەتی

دەرەوەمان ، رێ رەوی بێلایەنە ، بەلای ئێمـەوە ، رێ رەوی بێلایەن زۆرتر وڵاتە تازە رزگار بۆکان‌و ئەو وڵاتانەی چاویان بڕیوەتـە پێشـــکەوتن پێویستە تا بتوانین شوێنێکی گونجاو بۆ خۆیان لەخێزانی دەوڵەتان‌دا بگرن‌و ئێمە بە هەموو هۆیەکەوە هەوڵی پتەوکردنی ئەم سیاسەتە ئەدەین •

سەرۆك احمد حسن البكر

نامەیەك لە سەرۆکی فەرماندەوە بۆ سەرکردەکانی سۆڤیەت

نبەردەوامی ستۆرەیی و ناڕەزایی دژی پێشنیاری فەرەنسا

نامەیەك لە سەرۆك بەکرەوە بۆ سەرکردەکانی سۆڤیەت

سەرۆك احمد حسن البکر چاوی بە مامۆستا طارق عزیزی‌وەزیری راگەیاندن کەوتوە ئەم بینینەش بەبۆنەی سەردانەکەی‌وەزیری راگەیاندنـەوەبوە وەك نیراوی تایبەتی سـەرۆکی فەرماندە بۆ لای سەرکردەکانی‌یەکێتی سوڤیەت •

دیسان هەر پێری بەفرۆکەـیەکی تایبەتی نێراوی تایبـەتی‌سەرۆك احمد حسن البکـــر مامۆستا طـارق عزیز وەزیری‌راگەیاندن چـو بـۆ موسکۆوە نامەیەکی تایبەتی سـەرۆکی فەرماندەی بێ بو بۆ سـەرـکردەکانی سـوڤیەت • لـــەفرۆکەخانە مامۆستا طارق عزیز لەلایەن بەریز محمـد جاسـم‌الامیـن جێگـــری وەزارەتی‌راگەیاندنەوە وە کاربەدەستانی وەزارەت‌و باڵویزی سوڤیەت لە بەغدا بەرێ کرا •

عیراق ئەیسەلمێنێ :ـ

کە زیادکردنی نرخی نـەوت ئـەبێ بـەومەرجەبێ لـــە زیادی نرخـــی کـــەلوپەلی دروستکراو کەمتـر نـەبێ

لەبەیانی رۆژی دوشـەـممەی رابوردو مامۆستا تایـــەعبدالکـــریم وەزیری نەوت بەسەرەکایەتی وەفدێك چـو بۆ بەشـــدار بونی کوبونەوەکانی ٤٧ هەمین کونگـرەی وەزیرانی رێکخراوی وڵاتە خاوەن نەوتەـکان (ئوپك) کە ئەمڕۆ لـــەدورگەی بالی لـــە ئەندونیسیا ئەبەسترێ ••

بەریز وەزیـــری نەوت بەرلەڕۆیشتنی بـــە ئاژانسی دەنگوباسی عراقی وتوە کـــە لەکوبونەوەکانا بەشـــێوەی تایبەتی باسی زیادکردنی نرخی نەوتی خاو نەکات کەدەوڵەتانی خاوەن نەوت (ئوپـــك) هەڵی ئەهێنجـن ، ئەمەش لەسەرەتای مانگـی حوزیرانی داهاتوە •• دوای ئەوە کەرێکخراوەکە نرخی نەوتی خاوی لەسەرەتای سـالی ١٩٧٤ وەتاکو کۆتایی ئەیلـولی ســـالی ١٩٧٥ راگـــرتبو ، وەلەبـــارەی راستکردنەوەی نرخی نەوتـــــەوە بریارێکی دەرکردبو وە بەنیسبەتی لـــە ١٠٪ی لەسەر زیاد کردبو نـــە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی رابوردوەوە ••

بەریز وەزیری نەوت ئەوەی سەلماندوە کـــە ئەم زیادکردنە بۆنرخی نەوتی دەوڵـــــەتانی (ئوپك) کەمە کەدوای دوسالو نیو راوەســـتانی نرخی نەوت زیادکرا لەگەل نیسبەتی زیادـکردنی نرخی کەلوپەلی بیشـەـسازیا کەلەدەوڵەتە پیشـــەـسازیەکانەوە ئەهێنرێ کـــــە ئەوەندە زیادی کردوە زیـــانی بەدەرلەتە خاوەن نەوتـــــەکان گەیاندوە •

بەریز وەزیری ناوبراو لـــە بۆنەی دوانە نـــەیا هیواداری خۆی دەربڕیوە کە لەکۆبونـەـوەکانا ئەگەنە ئەو ئەنجامە کە لە پێناوی بەرژەوەندی وڵاتـــانی خاوەن نەوتا چەنـــد بریارێك دەرکەن وەبەسەر هەمو ئـــەو پیلان‌و هەوڵدانانەدا سەرکەوون کە ئەیەوێ زیان لـــە قازانجی وڵاتانی خاوەن نەوت بدات •

ئا•د•ع

حـزبی بەعسی لـــەلوبنان رازی نابێ بـە هاتنی هیزی فەرەنسا

بیروت : ئاژانسەکان :

حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب لە لبنان‌دا بە توندی ناڕەزایی خـــۆی دەربڕیوە بەرامبەر بەوەی کـە هێزەکانی فەرەنســـا بچنـــە ناوخاکی لبنانەوە ، ئیتر ئەو هێزانە چی بانگ کـــرابن‌و قـــەوارەیان مەرچەندێك بیت •

رۆژی یەك شەممەی رابوردو دکتۆر عبدالمجیـــد الرافعی ئەیمینداری نهینی سەرکردایەتی قوتری حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب لـــە لبنان‌دا سەبارەت ئەو هەواڵەی سەرۆکی فەرەنسا فالیری جیســـکار دیستان رۆژی پێنج شـــەممەی رابوردو لـــە سەردانەکەی واشنتەنیدا رایگەیاندوە کـــە گوایە فەرەنسا ئامادەیە هێـزی چەکداری خۆی بنێرێتە لبنان •

هەروەها وتویەتی : ئێمـــە بەقەدەر توانامان‌و ئەوەندەی لە دەستمان دێت‌و پێویســـتی سەرشانمانە بەرەنگاری ئـــەو هێزانـــە دەوستین ، وە بـــەو چاوەش سەیری دەکەین کە ئەو هێزانە لە بنچینەدا بۆ جێبەجێ کردنی نەخشـــەو پیلانەکانی ئەمەریکاو زایونیزم دێن تـــا زەبری خۆیان لـــە بزوتنەوەی دیموکراتی‌و نیشتمانی گـــەلی لبنان‌و فەلەستین بدەن •

دکتۆر رافعـــی بەردەوام وتویەتی : لە کاتێکدا کـــە نامانەوێت هیـــچ هێزێکی فەرەنسایی بێ بنێتە وڵاتەکەمانەوە ، لەهەمان کات‌دا ســـەر لەنوی داوا ئەکەین کە رژێمـی

بڕوانە ل ـ ٢

دووەم تەقینەوەی بەهێز لەفرۆکەخانەی « ئەللد »

پێری تەقینەوەیەکی بەهێز لە هولی فرۆکەخانەی ئەللد لە فەلەستینی زەوتکـــراو رووی داوە ، ئاژانســی ئەسوشیتد پریس وتویەتی دەســـــەلات داریەتی دوژمن دەست بـــەجێ فرۆکە خانەکەی چول کردوە • ئاژانسەکە وتویە ، تەقینەوەکە لە ئەنجامی دانانی چـــــەند بومبایەکی وەختی‌دا بوە لـــە جانتەیەکی دەستی‌دا •

هیـــــزەکانی ئەمنـــــی زایونیستەکان‌دانیان بەوەداناوە کە تەقینـــــەوەکە بۆتە هوی کوشتنی سێ کەس‌و بریندار کردنی دە کەسی‌تر • لـــــە کوژراوەکان یەکێکیان ئـــەو کەسەبوە جانتاکەی بەدەستەوە بوە ، ئەوانی‌تر ئەفســـــەرو ئیشکەرانی پشکنین‌بون لـــە فرۆکەخانەکەدا •

هەردوای رابوردنی ساتێکی کەم بەسەر تەقینەوەی یەکەمدا تەقینـــــەوەیەکی‌تر لە هولی پێشوازی لە فرۆکەخانەی ئەللد روی داوەو جانتایەکی‌تر لـــــە هولی شتومەك هەر لەو فرۆکـــە خانەیە بە بۆمباوە دۆزراوەتەوە

ئەمەو سەرچاوەیەکی دوژمن دانی بەوەدا ناوە کە پولیســـی دوژمـــن بەهوی ئـــــەو دوو تەقینەوەوە لـــــە فروکەخانەی ئەللد روی‌داوە کەوتۆتـــــــە رەش‌بگیری لەناو هاووڵاتیـــــە عەرەبەکاندا وە بەرەی رزگاری فەلەستین بڵاوی کردەوە کە ئەو لێپرسراوە لـــە تەقینەوەکانی فروکەخانە ئەللد •

سەرکۆمار : من بەختیارم چونکە خەڵکی بەختیارن

رۆژی دووشەممەی هەفتەی رابوردوو ، سـەرکردەی باوك بەریز احمـد حسن البکر ، نزیکەی سەعاتێکی لە سـەردانی باخچـــەی « زورا » بەسەر برد •••

بەســـــتێکی کورت ، سەبارەت ئەم سەردانەی سـەرکردەی باوك لـــــە لابـــــەرەی شـــــەش‌دا بخوێنەرەوە

ئەڤال نعیم حداد هاتوە بۆ بەغدا

سەر لە نیوارەی رۆژی سێ شـــــەممەی رابوردو بەریز مامۆستایان نعیم حداد وەزیری لاوان‌و ئەندامی لیژنەی سەرۆـکایەتی ئەنجومەنی نیشـــتمانی ناشتی‌و هاوکاری لـــە کۆماری عیراق‌داو عامر عبدالله وەزیری دەوڵەت‌و ئەندامی لیژنـــــەی سەرۆکایەتی ئەنجـومەن دوای بەشداری کردنیان لە کۆبونەـوەکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ئاشتی جیهاندا گەرانەوە بـــۆ بەغداد ••

لـــــە گەرانەوەیاندا بەریزان غانم عبد الجلیـــــل وەزیری خوێنـــدنی بەرزو لێکۆلینەوەی زانستی‌و هەڤال عبد الفتـــاح الیاسین ئەندامی سەرکردایەتی فوتری حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب‌و هەڤال عبدالغنی عبدالغفور بەرێوەبەری مەکتەبی ئەمیندارێتی گشتی لە سـەرـکردایەتی ئەتەوەیی حیـــزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب‌و کریم الملا جێگری لاوان‌و عەزیز شریف سکرتێری گشـــــتی‌ی ئەنجومەنی ئاشتی‌ی هـاوکاری نیشتمانی‌و چەند لێپرسراوێکی

بڕوانە ل ـ ٢

ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەتان سەرزەنشتی زایونیستەکان ئەکات

دوێنێ شـــــەوی رابوردو زۆربەی ئەندامانی ئەنجـومەنی ئاسایشی جیهـان بریاریان‌داوە بەیاننامەیەك دەربکەن‌و هەڕەشە لـــــە کردەوە ناشیرینەکانی زایونیست بکەن کەبەرامبـــەر بەهاووڵاتیـــانی عەرەب بەکاری دێنن لە خاکی داگیرکراوا •• سەرچاوەیەکی ئاگادار لـــــە بارەگای ئەتەوەیەکگـــرتوەکان ئەمەی درکاندوە وتویـــە هەموـ دەوڵەتانی ئەندام لەسـەر ئەوە ریکەوتن بەیاننامەکە دەربکەن •

کۆتایی سەردانەکەی نێراوی سەرۆك بەکر لە لیبیاوجەزایر

نیراوی تایبـــەتی سەرۆك احمد حسن البکر ، دوکتـــور عزة مستەفا ئەندامی ئەنجومەنی‌سەرکردایەتی شورشی وەزیری کارو کاروباری کۆمـــــەلایەتی‌سەردانەکەی بۆ لیبیاو جەزائیر کوتایی پێهێنا دوای ئەوەی دوو نامـــەی سەروکی گەیاند بـــە ئەنجـــومەنی سەرکردایـــەتی‌شورشی لیبیاو سەرۆك هواری بومدینی ســـــەروکی جەزائیرسەبارەت بـــە باری ئیستای عەرەبی •

دوکتـــور مســـتەفاو رائدعبدالســـلام جلـــود سەرۆك وەزیرانی لیبیـــا پیـــری‌شەوپێکەوە لـــە جـەزائیرەوە گەرانەوە بۆ طرابلس • دوکتورمستەفا نامەیـــەکی سەروکی گەیاند بـــە سەروکی جەزائیرهـــواری بومدین ، هەروەهـــا جلودیس نامەیەکی ئاراســـــەتی‌سەرۆك معمر القذافی گەیاندوە بە سەروکی جەزائیر •

وە رۆژی چـــوار شەممەی رابوردو دکتـــور عزة مستەفا لەگەل عبدالحسین الجمـــالی جێگـــری وەزارەتی دەرەوە ئەیشتنە خرطوم بۆ بەشدار ـبونی کەلەکەکانی بیرەوەری حەوتەمین یادی شورشی ١٥ی مایو •

لەفرۆکەخانە عزالدین حامـد وەزیری دەوڵـــەت بۆکاروباری سەرەکایەتی کۆماری زمارەیەك لـــە لێپرسراوان‌و ئەندامانی بالویزخانەی عیراق پیشوازیان لێکردوە •

لەکاتی رویشتن دکتور عزة مستەفادا لـــەفرۆکەخانەی طرابلس بەریز طـــە الشریف بن‌عامر وەزیری دەوڵـــەت بـــۆ ناروباری ئەنجومەنو ســـەرـکردایـــەتی شورشی لیبیـــاو هەڵسورێنـــەری کـــاروباری عراقی‌و باڵویزی سودان لـــە طرابلس‌و ئـــەندامانی باڵویزـخانەی عیراق بەڕێیان کردون•

ئەوەی شایەنی باســـــە سەروکی سودان جعفر نمیـری دوێنێ چاوی بە دکتور مستەفا کەوتوە وە ماوەی یەك سەعات لەگـــــەلیا گۆبۆتەوەو دوای بەشدار بونی دوکتور مستەفا لە ناهەنگەکانی ٢٥ ئایاردا دوێنێ پاش‌نیوەڕۆ بەرەو بەغـــــدا گەڕایەوە •

جـەزائر داوای لـــە ئەتەوە یەکگرتوەکان کردوە ماوەی‌فەرەنسا نەدات دەسکاری باری ناوخۆی لوبنان بکات

عبدالعـزیز بوتفلیقە وەزیری دەرەوەی جەزایر بـــە کورت فالدهایم سکرتیری گشـــتی ئەتەوەیەکگرتوەکانی راگەیاندوە ئەوبیشنیارەی کـــە فەرەنسا کردویتی هێزی بنێرێ بۆ لوبنان ئەبیتە هـــــۆی گرژبون‌و ئاڵوزاندنی باری ناوخـــــۆی لوبنان •• ناوبراو لە نامەکەیا داوای‌کردوە هەولی ئەوە بدرێ فەرەنسا لەو نیازەی پاشـگەز بێتەوە چونکە ئەمە لەگـــــەل عورفی نێـــو دەوڵەتانـــدا ناگونجـــێ •

عیراق دژی هەمواجۆرە دەستێوەردانێکە لـــە کـاروباری ناوخـۆی لوبناندا

بەغـــدا ـ ٢٦ی ئـــەیار ـ ئا• د• ع

سەرچاوەیەکی لێپرسراو لەوەزارەتی دەرەوە رایگەیاند کەو عیـــراق دژی هـــــەمو جۆرە دەستێوەردانێکە بـــۆ کاروباری ناوخۆی لوبنـــان ، وە ئـــەم رووداوانەی ئەم دوواییە زیاتر پەیوەندی بـــە گەلی لوبنانەوە هـــەیە لەوەی چـــەند لایەنێك

مەسەلەکە ئاڵۆزبکەن‌و قوولتری بکەنەوە چونکە مەسەلەی لوبنان هیچ کاتێ جیا ناکرێتەوە لـــە مەسەلەی گەلی عەرەب هـــەر بۆیـــەش وتەکـــەی ئـــەم دووایی‌یـــەی ســـەرۆکی فەرەنسی فالیری جیســـکار دیستان کەلەرۆژی ٢١ـ٥ـ٧٦ بە ناردنی ســـوپای عەسکەری بۆ فەرەنسا کار ئەکاتە ســـەر شـــێواندنی بارو زرووفی ناوچەکەو پێویستە بە زووترین کات حکوومەتی فەرەنســـــا پاشگەز بێتەوە •

هەر وەها بۆ ئەم مەبەســـتە بەڕێز وەزیری دەرەوە باڵویزی فەرەنسای لەبەغـــــدا بانگ کردووەو داخوازی حکوومـــەتی عیراقی پێ کەیاندووە •

✻⊙✻

بەردەوامی ناڕەزایی دژی پێشنیاری فەرەنسا سەبارەت بەناردنی هێزەکانی بۆلوبنان

بیروت ـ ئاژانسەکان

سەرکردایەتی بزوتنـــەوەی بەرگری فەلەســـــتین داوای کۆبونەوەیەکی بە پەلەی کردوە بۆ لێکۆلینەوەی ئەو دۆخـــــە ئالوزو شپرزەیی ، بە هـــۆی دەست دریژی‌و شەڕ فروشـــتنی هێزەکانی ساعیقەی ســـــەر بەرزیمی سوریا لە ئەرابلس‌و بیروت‌و سەیدادا هاتۆتـــــــە ئارەوە •

هەواڵەکانی لبنـــان وا رادەـئەیەنن کە هێزەکانی ساعیقەی سەر بە رژێمی سوریا شەوی ٢ شەممەی رابوردو هـــەوڵی دارە لـــە خواروی لبنان‌دا بەندەری صیدا بکـــرێت ، بەڵام رایەرین‌و بەرەنگار وەستانی هێـــــزە نیشتمانیەکان‌و بەرکـــــری فەلەستینی ئەو هەوڵەی پرچەل کردۆتەوە • ئـــــەو هەواڵانە ئەوەشیان بڵاو کردۆتەوە کە بۆ سێ رۆژ دەچێت ناوبەناو تەق‌و توق لـــــە نیوان هێزەکانی ساعیقەو بزوتنەوەی نیشتمانی‌و بەرگری فەلەستینی‌دا پەیـــــدا دەبێت •• وە ئـــەوە (١٠) دە رۆژی تەواوە لە سەر ئەو هێڵەی بیروت‌ی رۆژ هەلات‌و رۆژ ئاوا چێدەکاتەوە شەڕ لە نیوان هێزە کۆشـــەگیرە کۆنەپەرستەکان‌و بزوتنەوەی نیشتمانیدا بـــەرـدەوامە •

وە لـــــە ئەرابلوس پارتە نیشتمانیەکان‌و رێکخـــــراوە جەماوەریەکان لە بەیاننامەیەکـــدا ئەو راستی‌یەیان درکاندوە کـــە هێزەکانی رژێمی سوریا لـــەو شارەدا ماوەتەوەو ئەو ریکەوتن نامەیەی سەبارەت وەستانی شـــــەڕ لەوشارەدا هۆرکرابو شـــکاندویەتی ئارەزای‌یەکی تەواو دژی پێشـــنیارەکەی فەرەنسا لـــە کاتێکا هێزەکانی ســـــوریا دژی بزوتنەوەی نیشتمانی‌و بەرگری فەلەستینی ئاگری شەڕ خۆش دەکات ، لـــە هەمو لایەکەوە هاواری ناڕەزایی دژی پێشـــنیارەکەی سەرۆکی فەرەنسا دیســـتان بۆ ناردنی هێزی چەکداری فەرەنســـا بۆ لبنان بەرز دەبێتەوە •• بـــــە ئوێرەی ئەو هەواڵەی ئاژانسی دەنگوباسی یونایتـــد پریس باڵاوی کردۆتەوە رژێمی ســـوریا خۆش حالی خۆی بەوپێشنیارە دەربڕیوە • رادیوی دەنگـــی فەلەستین لـــە بیروتەوە باڵاوی کردۆتەوە کـــــە شۆڕشی فەلەستینی ئامادەی ئەوەیـــــە بەزەبری چەك بەرگری هەمـو دەست تێوەردانێك بکات ، ئەو دەست تێوەردانە فەرەنســـایی بێت • یا هەر کەسێکی‌تر •

وە لـــــە جەزایر سەرۆك هەواری بۆمدیەن نامەیەکی بۆ سەرۆکەکانی وڵاتانی دنیـــــای سێهەم ناردوە لـــە نامەکەیدا دەڵێت : بە تەنیـــا دەربڕینی پێشنیارەکەی فەرەنسا لە وڵاتە یەکگرتۆکانی ئەمەریکاوە بـــە ناشکرا مەبەستی ئەو دەســـت تێوەردانە روون دەکاتەوەو ئـــەم دەست پێشخەری‌یە نمونەیەکی ئەوار و پێشکەوتوی ئەو دەست تێوەردانە یە کە ئەمریکا لە ساڵی ١٩٥٨دا لە لبنان‌دا کردی •

وە لە پاریس میشیل جوبیر وەزیری پێشـــــوی دەرەوەی فەرەنسا سەبارەت ئـــــەو پێشنیارە وتویە :

(ئەم کارە بۆ بەرژەوەنـدی ئەمەریکا دەکرێت • و لەگفت‌و گۆیەکی ئیزگەی ژمارە (١)ی ئەوروپادا وتویەتی :

ئازانم بۆ ئێمـــە خۆمان دوچاری کارێك بکەین ، کـــە ئەمەریکا خـــــۆی لێ دور دەخاتەوە ؟

هەروەهـــا ئۆرگانی بەرەی رەفزی فەلەستینی لە بەیاننامەـ

بڕوانە ل ـ ٢

فراوان بونی گۆشـە گیری ناوخۆیی رژێمی ســـوریاو چـالاکی هاوڵاتیـــــــان

ئەوانـــەی لـــە دیمشقەوە هاتون باسی ئەکەن کە کاربەـدەستانی رژێمی سوریا توشی ئاڵۆزی‌و دەستوەشاندن بـون لـە لایەك بەهۆی گۆشەگیری ناوخۆیی رژێمەکەو ولە لایەکی ترەوە بەهـــوی چالاکی حزب‌و کۆمەلەنیشتمانیەکان وە لـــە ســـەروی هەمویانەوە حـــزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب •

ئەوانەی هاتونەتەوە ئەڵێن : بەشێوەیەکی درندانەو بەسەدان هاووڵاتیان زیندانی ئەکرێن ، بەبەرئەوەی گەل رقی لە چارەی هەڵوێستی رژێمی ســـوریا ئەبێتەوە چونکە پشتگیری لـە دورەبەریزو کۆنـــە پەرستەکان ئەکات لەدژی هیزەنیشتمانیەـکانی لوبنان‌و هێزی بەرگری ـکارانی فەلەستین •

دیسان ئەڵێن: باری سیاسی‌و ئابوری لەنـــاو رژێمەکـــەدا ئاڵۆزە بەهۆی گرتن‌و لێـــدان‌و ســـزاو ئازاردانی خەڵکـــەوە ، بەتایبەتی تێکۆشەرانی حـــزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب‌و هێزە نیشتمانیەکانی‌تر •

هاووڵانیان‌ئەوەیان سەلماندوە کە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی ریکخراوەکانی حزبی فەرمانڕەوا کە دەوری سەرکردایەتیان هەیە گیراون‌و بەو هۆیەوە دەزگاکانی

Institut Kurde de Paris

ڕۆژنامەی «گاردیان» و «تایمز» و «لۆموند»

داوایان لە سوریا کردوە هێزەکانی لە لوبنان بکێشێتەوە

لەو ڕۆژنامانەی ماوەیەک لەمەوبەر دەرچون زوریەیان سەبارەت دۆخی ئالەباری ئەمڕۆی لبنان شتیان نووسیوەو لە گیروگرفتە خوێناوییەکەی لەو ولاتە سەر لێشیواوەیان کۆلیوەتەوە زوربەی ئەو ڕۆژنامانە لەو باوەڕەدان کە ئالوزبونو قول بوونەو سەختی چارەسەری گیروگرفتی ئەمڕۆی لبنان بەهۆی دەست تێوەردانی هێزەکانی ڕژێمی سوریا وەیە کە ئەو خۆی هەلقورتاندن و دەست تێوەردانە مایەی کزمانی هێزە نیشتمانیکانی ئەو ولاتەیە ..

لەوبارەیەوە ڕۆژنامەی گاردیانی هەفتانە لە ژێر ناونیشانی (ئەبێ سوریایەکان وەدەرچن) لە ژمارەی ١٤ی ئەم مانگەیدا نووسیوێتی دەلێت . هەلبژاردنەکەی سەرکیس بەو ڕێکە دیموکراتیەیە نەبو کە لبنان لەمەوبەر ڕەچاوی دەکرد ، بەلکو سەرکۆماری نوێ بەرای بەرلەمان هاتۆتە سەر حوکمو دەسەلاتی ولاتی کرتۆتە دەست، بەرلەمان هەر ئەو بەرلەمانەیە کە لە ساڵی ١٩٧٠دا سەرەک فرنجیەی هەلبژارد ، بەلام بەرلەمان ئەم جارە لە ژێر ژۆر لێکردنی سوریادا ناچار بو کە ئەلیاس سەرکیس بە سەرکۆماری لبنان هەلبژێرێت ، ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێت ، سوریا بەهەمو هەوڵو تەقەلاو دەسەلاتێکی مادیو سەربازیەو ژۆر لە هێزە نیشتمانیکان دەکات و کەچی لعاوی بەرەی کۆنە پەرستو کۆشە کیرەکانی بەرداوە تا بە ئارەزوی خۆیان لەو ناوەدا تەراتێن بکەن ، ئەم کردارانەوای لە فرنجیە کرد کە دەست بەسەر کۆماریەکەیەوە بکرێتو نەیەوێت وازی بهێنێت ، کەچی ئەم بارەیەوە سوریا خۆی کیل کردو نقە لە دارو بەردەوە هاتو لەورژیمەوە ئەهات .

ڕای سوریا وەک ڕای کۆنە پەرستو کۆشە کیرە کەتایبەکان وایە ئەویش ئەوەیە کە داوای ئەمنو ئاسایشی لبنان دەکەن ، کە ئەمنو ئاسایش بالی کێشا بەسەر لبنانداو ئەوسا دەکەونە گفتو گۆی ڕێکەوتنەوە لە نیوان هەمو بەرە ناکۆکەکانداو .. بەلام هێزە نیشتمانیکان لەسەرەتاوە کومانیان لەم دەست تێوەردانەی سوریا هەیەو لەم خۆتی هەلقورتاندنەی سوریا دەسەلەمێنەوەو بە ئەنجامی پیلانێکی لەمەریکایی دادەنێن .

ڕۆژنامەکە لەم بارەیەوە دەلێت .. بێگومان سوریا لەمەسەلەی ئالوزی لبنانداو کەمێک هۆشمەندو کامل تربێت چونکە مەسەلەکە بە وەستانی شەڕو هەلبژاردنی سەرەک کۆماریکی نوێی لبنان کۆتایی نایەت ، لەبەر ئەوەی ئەوە ئەنگو چەلەمەیە لە بنچینەدا ئەنگو چەلەمەیەکی ئابوریەو دوو لقی ئەورەی لێدەبێتەوە .

١ - ڕژێنێکی بنەڕەتی ڕژێمی سیاسیو ئابوری، چونکە کوون بوەو کەنک لێبراوە .

٢ - پاراستنی بەرگری ئەلستینی لەو پیلانانەی دەکرێت . لەبەر ئەوەی دەست تێوەردانی سوریا [illegible] ئەمانەی چی بەچی [illegible] لەبەر ئەوە پێویستە دەست هەلگرێت لەومەیدانە [illegible] بیارە سیاسیکانی لبنان خۆیان چارەسەریکی ئەم ئەنگو چەلەمەیەی خۆیان بکەن بەبێ هیچ دەست تێوەردانێک .. نیتر ئەو دەست تێوەردانە ولاتێکی عەرەبەوە بێت ، یامەر لایەکی تر ..

● ڕۆژنامەی (تایمز) داوای لە سەرکیس کردوە کە پشت بەخۆی ببەستێ .

ڕۆژنامەی تایمز ڕوی دەمی نووسینەکەی کردۆتە سەرەک کۆماری نوێ ئەلیاس سەرکیسو داوای ئەوەی لێکردوە کە هاوار بردن بو سوریا بکەوی وبۆ چارەسەری مەسەلەکە پشت بەخۆی ببەستێ ، چونکە دەست تێوەردانی سوریا تا نیستا هیچ ئەنجامێکی چاکەی نەبوەو ، واتە خۆتێ هەلقورتانی سوریا لە تەنگوچەلەمەی لبنان ڕۆژ بەڕۆژ گیروگرفتی لبنان زیاتر نالوزو شبرزەتر دەکات .. هەروەها ڕۆژنامەکە وتویەتی : هەولوتەقەلای سەرکیس ئەیتوانیوە هیچ لە مەسەلەکە بکورێتو لایەنە ناکۆکەکانی بەوە قایل کات کە شەڕ ڕابوەستێنن ... چونکە ئانیستا لە چوارچێوەی سوریادا دەسورێتەوە ..

● کۆنەپەرستو کۆشەکیرانی لبنان داوای یارمەتی سوریا دەکەن .

بەلام ڕۆژنامەی لۆمونتی ئەوەنسا ئەوەی ساغ کردۆتەوە کە کۆنەپەرستو کۆشەکیرانی لبنان نیستا لە هەولی ئەوەدان کە سوریا قایل بکەن کە سوبایەکی چەکداری زیاتر بنێرێت بۆ لبنان ، چونکە هێزی ساعیقەو سوپا سوریای بەی ئیستا لە لبنان دایە توانای پارێزتاری ئەوانی نییە .

دەربارەی هیزە نیشتمانیکان ڕۆژنامەکە نوسیویەتیو دەلێت : هێزە نیشتمانییکان بەومەرجە شەڕ ڕادەگرن ، کە لەپێش هەمو شتێکەوە هێزەکانی ڕژێمی سوریا لە لبنان داخۆی بکێشێتەوە ، دوای ئەوە نوێنەرانی هێزە نیشتمانیکان لەگەل ئەلیاس سرکیس سەرکۆماری نوێی لبنانداو بۆ چارەسەری ئەم شەڕی ناوخۆیە کۆبونەوە دەکەن .

لەو بارەیەوە مامۆستا کمال جنبلاط دەپرسێت ؟

« چۆن سەرکۆماری نوێ دەتوانێت چارەسەری ئەو دۆخە ئالوزە بکات ، کە ئەو بێ پرسی سوریا ناتوانێت پەنجە بکە بەئاوا ، یا ئەوچۆن دەتوانێت حوکمداریەکی تەواو بکات بێ ئەوەی لە ڕەفتارەکانیدا پر بەبەری نیشتمان پەروەران بکات کە ئەو خۆی بەسەرۆکی هەمو لبنان دەزانێت .. »

لەبەر ئەوە پێویستە سەرکۆمار ئەلیاس سەرکیس هەموو لبنانیاکان لەسەر خوانیک بۆ چارەسەری مەسەلەکەیان کۆکاتەوە، بەبێ ئەوەی هێزێکی دەرەوە پەنجە بخاتە ئەو کارەوە خۆی لەو مەسەلەیە هەلقورتێنێ . »

ڕۆژنامەی « لۆموند » وتارەکەی بە قسەیەکی کمال جنبلاطو ریمون ئەدە کۆتایی پێ هێناوە کە دەلێن : « ئێمە داوا لە هەمو لبنانیکان دەکەین کە بە چاکی لەم داگیر کردنە چەکدارەی سوریا وردبنەوەو پارێزگاری هەمونەو شۆێنانەش بکەن کە لەو داگیر کەرانە ڕزگار کراون .

یەکی حوزەیران ڕۆژی هاوکاری لەگەل گەلی لوبنان

ئەنجومەنی ئاسایشی جیهان داوای لەهەمو هێزە ئاشتیخوازەکانی جیهان کردوە کە ڕۆژی یەکی حوزیران پکرێ بە ڕۆژی هاریکاری لەگەل هێزە نیشتمانیو دیموکراتیەکانی لوبنانداو .

ئەنجومەنی ناوبراو ڕۆژی سێشەممەی ڕابوردو لەهلسنکی بەیاننامەیەکی دەرکردوە ، داوای لە هەمو ڕێکخراوە دەولەتیو نیشتمانیەکان کردوە کە بەرهەلستی ئەو دەستێوەردانەی بیگانە بکەن کە دەسکاری کاروباری ناوخۆی لوبنان ئەکات وبەگورجی بەربەرچی بیلانەکانی ئیمپریالیزم بدەنەوە کە لەدژی گەلی عەرەبی لوبنانو فەلەستین سازی ئەکات .

ئەنجومەنەکە لێپرسینەوەی ئەم کارەساتەی خستۆتە ئەستۆی هێزە کۆنەپەرستو فاشستیەکان کە لەلایەن ئیمپریالیزمو هێزەکانی بیگانەوە هان ئەدرێن .

ڕێکخراوی حزب لە بولگاریا ..

ڕێکخراوی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب لە بولگاریا ئەوەی سەلماندوە کە دەستێوەردانی ڕژێمی سوریا بۆ تاو کاروباری ناوخۆی لوبنان بەفیتی ئەمەریکاو زایۆنیستەکان جگە لەو دەورە ناهەمواری کە دورەپەریزەکانی لوبنان ئەیگێرن .

ڕێکخراوە بەیاننامەیەکی دەرکردوە تیایا داوای لە هەمو هێزە نیشتمانیەکانی عەرەب کردوە کە سەرزەنشتی ڕژێمی سوریا بکەن سەبارەت بەو دەست تێوەردانەی کاروباری ناوخۆی لوبنان .

بەردەوامی ئارەزایی (پاشماوە)

یەکدا فەرەنسایان وریاکەر دۆتەوە لەوەی خۆی توشی دەست تێوەردانی کاروباری لبنان بکات .

وە ڕۆژنامەی فیگاروی فەرەنسیش سەرزەنشتی ئەو پێشنیارەی فەرەنسای کردوە کە سەبارەت بە لبنان کردویەتی .

وە لە لایەکی ترەوە مولازم احمد الخطیب فەرماندەی هێزی سوریای لبنانی عەرەبی ئارەزایی بەرامبەر هەمو جۆرە دەست تێوەردانێکی بیگانە دەربڕیوە .

لەگەل شەڕولی ئەو ئارەزایەدا ڕێکخراوی رزگاری خوازی فەلەستین یاداشتێکی داوە بە جامیعەی ولاتانی عەرەب لەو یاداشتەدا سەرزەنشتی خواستی فەرەنسای کردوە بەوەی کە دەیەوێت هێزی چەکداری خۆی بنێرێتە

هەڤال ئەعیم حەداد (پاشماوە)

تری وەزارەتی لاوان پێشوازیان کردن .

بەرێز نعیم حداد وەزیری لاوان ئەوەی ڕاگەیاندوە کە ئەو کۆبونەوانەی ئەنجومەنی ئاشتی جیهانی کردویەتیو ئەنجامی (١٢٥) وڵاتی نیا پشتیوانی وەزارەتی لاوان بکات .

وە ڕۆژنامەی فیگاروی فەرەنسیش سەرزەنشتی ئەو پێشنیارەی فەرەنسای کردوە کە سەبارەت بە لبنان کردویەتی .

وە لە لایەکی ترەوە مولازم احمد الخطیب فەرماندەی هێزی سوریای لبنانی عەرەبی ئارەزایی بەرامبەر هەمو جۆرە دەست تێوەردانێکی بیگانە دەربڕیوە .

لەگەل شەڕولی ئەو ئارەزایەدا ڕێکخراوی رزگاری خوازی فەلەستین بەفیتی ئەمەریکاو زایۆنیستەکانە جگە لەو دەورە ناهەمواری کە دورەپەریزەکانی لوبنان ئەیگێرن .

ڕێکخراوە بەیاننامەیەکی دەرکردوە تیایا داوای لە هەمو هێزە نیشتمانیەکانی عەرەب کردوە کە سەرزەنشتی ڕژێمی سوریا بکەن سەبارەت بەو دەست تێوەردانەی کاروباری ناوخۆی لوبنان .

حزبی بەعث لە لوبنان (پاشماوە)

سوریا هێزەکانی خۆی لە لبنانداو بکێشێتەوە ، چونکە مانەوەی ئەو هێزانە ڕێگا زیاتر دەست بخاتە کاروباری لبنان وە لەپشتەوە جەنجەری ژەهراوی لە پشتی بزوتنەوەی نیشتمانی لبنانو شۆڕشی فەلەستینی بدرێتو ئەو دەستکەوتە دیموکراتیانەی گەلی لبنان بە خەباتێکی درێژی سەختو پڕ کوێرەوەری وەچنگی هێناوە ، سەر لە نوێ لێی زەوت کرێتەوە ..

هەڤال رافعی ئەوەی دوباتە کردۆتەوە کە خەباتی جەماوەری لبنانو فەلەستین دژی داگیرکاری هێزەکانی سوریا ، زیاتر ڕەواەدەستێنی لە ئانیکا ئەو داگیرکاریەیە دانیس کردنێکی بێگانەی بێتە هاو سەنگ .. هەروەها دکتۆر رافعی وتویەتی: بێریستە ئەوە بیخەینەوە بیر سەرۆکی فەرەنسا کە گەلی عەرەب لەوکاتەوە فەرەنسا بە دۆستی خۆی دەزانی کە دوا سەربازی خاکی جەزایری بەجێ هێشت .. ئەگەرچی گەلی عەرەب تا نیستا لە دۆستایەتی فەرەنسا دلنیایی لە لەبەر ئەوە ناچارە کە هەر هێزێکی فەرەنسا بێتە ناو خاکەکەیەوە وەک جارانی جەزایر ڕەفتاری لەگەل بکات .

زیاد کردنی نرخی نەوتی ئۆپک

سەرچاوەیەکی عەرەبی لە واشنتون ڕۆژی یەکشەممەی ڕابوردو بڵاوی کردۆتەوە کە زیادکردنی نرخی نەوت بۆتە شتێکی حەتمی لەبەرئەوەی دەولەتە خاوەن نەوتەکانو باڵەبەستۆیان نەخستە سەر دەولەتە خاوەن نەوتەکانو قەوارەی زۆر ناردنی نەوتیان ڕانەوەستان ..

سەرچاوەکە لە ڕێکخراوی ناوچەی خاوەن نەوتەکانەوە نزیکە ووتویە : ئەوکەلوپەلانەی وڵاتە عەرەبەکان ئەی هێنن لە ساڵی ١٩٧٣وە ٢٠٪ یان ٤٠٪ی لەساڵیکدا زیادی کردوە .

هەروەها ئەم زیادکردنە ڕووانیە ، وەئەگەر هاتو نرخی کەلوپەلە هێنراوەکان هەرزان نەکرا ئەوا وڵاتانی خاوەن نەوتی ئەندامی ڕێکخراوی (ئۆپک) داوای سەرلەنوێ زیادکردنی نرخی نەوت ئەکەن ..

ڕۆژی بیست و شەممەی ڕابوردو وەزارەتی نەوتی عیراق بەیاننامەیەکی ڕۆژنامەکەری دەرکردوە تیایا ئەوەی سەلماندوە کەلەماوەی دو ساڵو نیوەدا نرخی نەوت لە ١٠٪ زیاتر زیادی نەکردوە ، بەلام نرخی کەلوپەلی هێنراوی دەولەتانی (ئۆپک) زیاتر لەسەد لەسەد زیادی کردوە .

خۆنیشاندان دژی کیسنجەر

١٣ هەزار هاووڵاتی لەبەردەم باڵوێزخانەی ئەمەریکادا لە ستۆکهولم خۆنیشاندانیکیان ساز کردوەو سەبارەت بەسەردانەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ سویدو بیزاری خۆیان دەربڕیوە .. ئەمەو وەزیرین خۆنیشاندانەکە تا نیستا لە بایەخی سویدا ڕویدابێ .

ئەژانسی ڕویتەر پرس وتویە : خۆنیشاندەرەکان چەند دروشمیکی بیزاریان بەرز کردبۆوەو هەڕەشەیان لە ئیمپریالیزمی ئەمەریکا ئەکرد .. وە لە چەند دروشمێکدا کیسنجەریان بە پیاوکوژ داناوە .

ئەورووپا لە بوارەی ئابوری دا بەسەر ئەمەریکادا ئەبێ

میشال روکار کتیکی بەناوی (پیشنیارەکان بۆ دەرچون لە نیزۆکرفت)ی داناوەو بوو بەهۆی لێدوانێکی ورد لە کۆبونەوەیەکی بازاڕی هاوبەشی ئەورووپادا ..

لەم دواییەدا دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی (سیرف) لە فەرەنسا کتێبێکی ئابوری تازەی بە ناونیشانی (توانای ئەورووپا) بڵاوکردۆتەوەو ، ئەم کتیبە بەدوا وەلامدانەوەی کتیبەکەی جان جاك سرفان شرایبر (داکوکی کەری ئەمەریکایی) دانەنرێ .. کە ئەوە دەرئەخات لە ماوەی دە ساڵی ڕابوردوا ئەورووپای ڕۆژئاوا گەلێك دەسکەوتی ئابوری گەورەی وای بەدست هێناوە کە وڵاتە بەگەرتوەکانی ئەمەریکای وا شلەژاندوە کە هەستی بەوە کردوە قەوارەی کەشە کردنی ئابوری لەگەل ئەوارەی ئەودەورە سیاسیدا ناونێ کە لە پێناوی جیگیر بوونیا بەردەوام بۆی ئەکوشێ .

روکار لەوباوەڕەدایە ، کە ئەورووپای ڕۆژئاوا ، سەرەڕای هەندی لایەنی بێهێزی کە بریتیە لەوڵاتانی « بەریتانیا ، پورتوگال ، ئەسپانیا » بەلام ئەکاتە ڕادەی بەربەرەکانی پلەی ئابوری بەکەم لە جیهانداو ئەمەش لەماوەی چەند ساڵی کەمی داهاتودا ئەبێ ، بەلام لەو باوەڕەشدایە ، کە لێپرسراوە ئەورووپاییەکان ، سەرەڕای ئەوەی ئاتوانن بێزاری خۆیان لەو ئالوزییە ئابوریە بشارنەوە کەبەهۆی ئەمەریکا توشیان ئەبێ ، کەچی لەسەر هەمان ڕێ ڕەوی ئەمەریکا لە ڕووی « خۆسەباندنی ئابوری » دانەڕۆن ، ئەمەیان ، لە وانەیە بێتە هۆی فراوانکردنی گیروگرفتی چاوەری کراو .

روکار لەوباورەدایە ، کە ئەورووپای ڕۆژئاوا ، سەرەڕای هەندی لایەنی بێهێزی کە بریتیە لەوڵاتانی « بەریتانیا ، پورتوگال ، ئەسپانیا » بەلام ئەکاتە ڕادەی بەربەرەکانی پلەی ئابوری بەکەم لە جیهانداو ئەمەش لەماوەی چەند ساڵی کەمی داهاتودا ئەبێ ، بەلام لەو باوەڕەشدایە ، کە لێپرسراوە ئەورووپاییەکان ، سەرەڕای ئەوەی ئاتوانن بێزاری خۆیان لەو ئالوزییە ئابوریە بشارنەوە کەبەهۆی ئەمەریکا توشیان ئەبێ ، کەچی لەسەر هەمان ڕێ ڕەوی ئەمەریکا لە ڕووی « خۆسەباندنی ئابوری » دانەڕۆن ، ئەمەیان ، لە وانەیە بێتە هۆی فراوانکردنی گیروگرفتی چاوەری کراو .

ئافرەتانی لوبنان

لە بەردەم کارەساتو ڕوداوەکانی

● کەسەکانم لەوەی ئەترسان قسەم بێتە سەر یان بیبکرێم بەلام تاقی کردنەوەو هەمو شتێکی پێسەلماندن ..
● ئەمەوێ وێنەی کچە شەهیدکراوەکان هەڵواسرێن هەروەکو وێنەی لاوە شەهیدکراوەکان هەل ئەواسرێن ..
● قایل بونم لەگەل کردارەما ناگونجێ ، لەبەرئەوەی گیروودەی گەلیك مەینەت ئەبم (لە ماوەی شۆڕشدا ئافرەت ڕۆلی ئەبێ) ..

لوبنان لە ماوەی ڕۆژئاوادا کە باری لوبنانی تێوەردا [illegible] سەلماندوە ، ئەو ئافرەتەی کە لە بچوکترین مافی ژیانی خۆی بێبەش بوو ، وە هەروەکو چەتر دالدەی پیاوی [illegible] ، بەپێی حوکمی سروشت تیکەڵ بە ئیشو ئازارو خەباتی [illegible]یەتیو کومەلایەتی بوە .. [illegible] پێناوی بنیات نان داهاتوویەشی کردوە، ئەوروداوەی لەسەر شانۆی ڕوبێوی لوبنان ئەدات ئەگەتەنیا ناوەڕوکی [illegible]ومی سیاسیو ئابوری ئەگۆڕێ .. بەلکو لە هەمان کاتا ناوەڕۆکی مانای [illegible]نیو مرۆڤایەتی [illegible] . بە تایبەتی لە بواری ئەو دەورە بایەخدارەدا کە ئافرەتان ئەی نوێنن و ئەوپەیوەندیە بەهێزەی کە لەنێوان خۆیانو پیاوانو کۆمەڵدا دروستیان کردوە .

هەڵوێستی ئیستاو سەبێنێی ئافرەتان هەڵوێستێکی [illegible]

بەجەرکانەیەو تێکەڵاوی خەباتێکی سەرومالی بووە .

لەچ کاتێکدا ئافرەت بۆی لواوە ، وە بەتایبەتی ئافرەتانی لوبنان کەلەکۆتو پەیوەندی بنەماڵەو کۆمەڵو ئەرتێی کۆن خۆی دەرباز بکا ؟ وەیان توانێبێتی (حەقدارەکانی) بەوە رازی بکات کە ماوەی بدەن بچێتە سەرشەقامەکانو بەشداری بەربەرەکانێکان بکات .

ئایا ڕوالەتی ئەوپەیوەندیەی کە ئەمڕو لە نێوان ئافرەتو دەوروبەرەکەیا هەیە کامەیە ؟ وە چۆن لە ئاقی کردنەوە نوێکانی تێ ئەگەین ؟

چەندپر سیارێك لە کچە لاوە لوبنانیەکانکرا کە لە چەند شوێنو چێکایەکی جۆربەجۆرو لەناو ڕوداوەکانا ئەژیانو .. هەریەکە بە جۆرێک بەشداری لە مەسەلەکەداکردوە .

(ئەمەوێ بچمە ناو کۆڕی شەڕەوە) ..

● خوشکە هالە - تەمەنی ١٧ ساڵانەو لە کارگەیەکی دروماندا کردنائیتی ئەکرد .. چەند ساڵێکە وازی لە قوتابخانە هێناوە . وتی :

بەرلەڕوداوەکان هیچ جۆزە پایەخێکم بە سیاسەتو کاروباری حزبی نەئەدا ، هەستم بەهیچ ڕوداوو کارەساتێك نەئەکرد .. بەلام ئەم ڕوداوانەوای لێکردم لە ناو جۆرارجیوەی جیهانێکی بچوکەوە بچمە ناو جیهانێکی فراوانەوە .. جیهانێك کەپڕە لە کەموکورتیو ناڕاوەو وونبونو سزادان ، تەنیا ئەوەم ئەزانی کە لوبنان دارێکی سەوزەو هەرگیزوشك نابێ ، ئافرەتانی هاوریشم هەربەم جۆرەیان لێك ئەدایەوە .. ئایا ئەمەرەوایە ؟

هەروەها خوشکە هالە بە زەردە خەنەییەکەوە وتی : بیلانەکان سەرناکرن ، هەمومان بەربەرچیان ئەدەینەوە .. ئەم ڕوداوانە هەروەکو منیان بێ ئەیاندوە ، زۆری تری وەك من بێ ئەیەنن ، وەئەبێ دەوری چالاکی ئافرەت لە پیاوان کەمتر نەبێ . ئەبێ ئەو ئەرتێنە کۆنە کۆشەکیریە لەناوا نەمێنێ .

دەستم کرد بەئیش کردن لە گەل هێزە نیشتمانیەکانا ، چێشتم بۆ شۆڕشگیرەکان لێ ئەناو ڕۆژنامەم ئەفرۆشت ، ئەم کارەم بەدل نەبو وازم لێهێنا .. بەچەند جۆرێکی تر هاریکاریم لەگەلا ئەکردن ، دەستم کردبە مەشق کردنو چەك هەل گرتنو شەڕەتفەنگ لە کاتێکدا کەبڕوام بەخۆم کرد توانای شەڕکردنو هەلگرتنی چەکم هەیە ئەبوم بەپاسەوان ، دوای ئەوە چومەناو کۆمەلە کۆماندۆکانەوە ، بەردەوام خەریکی مەشق کردنو فێربونم .. ئەمەوێ بچمە ناو کۆڕی شەڕەوە ئەورەکانەوە هەروەکو هەندێك لەدەسە خوشکەکانم .

● پەیوەندیت بە هەوڵەلاوەکانەوە ؟

- پەیوەندی دوستانەم کۆڕایە سەرشێوەی دۆستایەتی خۆشەویستانە ، هەروەکو باوەڕم بەخۆم پەیدا کرد .. گفتوگۆکە لە نێوانماتا کۆتایی هات .

هالە داوای لێ بوردنی لێکردم وبەچێی هێشتم .. ئیتر نیشو کاری جیشت لینانم لێوازهێنا ، چونکە ئەرکی گرنگتر هەبو هەروەکو پاسی ئەکرد .

بۆ چی من دەورم ئەبێ ؟!

● خوشکە زینەبم- تەمەنی ١٧ ساڵانە ، بەرلەڕوداوەکان هیچ تاقی کردنەوەیەکی سیاسی نەبوە ، کرێکاریکی ساده بوە ، تەنیا بیری لە چەوساندنەوەی چینی زۆر لێکراو کردۆتەوە ، کە دەسەخوشکەکانم لە کارەکەدا تێبگەیەنم ، لێ پرسراوانی کارگە بەم کارەلێم تورە ئەبون ودەریان نەکردم ، ئیتر نەئەگەڕامەوە بۆ ئەو کارەیە چونکە باوەڕم بە مافی خۆمان هەبو وەئەزانی کە ئەبێ لە پێناوی ژیاندا قوربانی بدرێ .

بێ ئەوەی پرسیاری لێبکەین خوشکە زینەب هاتەسەرباسی قوربانیو وتی : ئەم ڕوداوانە کەلێك شتیان بۆرون کردەوە، کردەوەی دورەپەریزە فاشیستیەکان دایان خورپانم هەستم بەوەکرد کە داخوازیەکانی جولانەوەی نیشتمانی پشتگیری لەمنو چەندانی وەك من ئەکات ، حەزم نەئەکرد براکانم لەناو ئەوبەربەرەکانێ کەورەیەدابنو منیش کۆشە گیردانیشم ..

لە بارەی شۆڕشەوە وتی : بۆچی من دەورم ئەبێ ؟ من کە توانام هەیە ، بۆچی هیزوتوانام بۆچەك هەلگرتن نەرخن نەکەم؟

- بەلێ ئارەزو ئەکەم زۆرتر ماندوبم ، ئەمەوێ وێنەی کچە شەهیدەکان وەك وێنەی کوڕە لاوە شەهیدەکان هەلواسرێن .. ئەم تاقی کردنەوەیە فێری ئازایەتیو ئازایەتی کردین .. لە بیرم دێ لەدەنگی تفەنگ نەترسام .. بەلام هەرلەیەکەم

Institut Kurde de Paris

هەڵاڵە کردنی سامانی بنەڕەتی نەتەوەیی

ئارەزوی نەخشەکێشەکانی سیاسەتی ئەمەریکایە لە ئەفەریقادا

تاوەکو ئێستاش سەردانەکەی دکتور کیسینجەر مایەی هەڵاوبریق و باقەو لە کۆڕە سیاسی و رۆژنامە نووسێکانی هەمو دنیادا پایەختێکی ئیجگار زۆری پێ دەدرێت ، چونکە هەمو پیلان نانەوەیەک کە بۆ گەردنی ئەو گەلانەی بەدوای چارەنوسی خۆیاندا دەگەڕێن دەکرێت ، بەیوەندیەکی تەواوی بەهەڵسوکەوتی ئەو دکتۆرەوە هەیە ٠٠

لەو راپورتەدا کە رۆژنامە نووسی فەرەنسایی (کنیزمۆراد) خواروی ئەفەریقادا تیا دەست نیشان کردبو » ٠ ئەم راپۆرتە لەسەر بۆچوونێکی ئەمەریکایی دانراوە کە دەڵێت : « حکومەتە رەگەزپەرستە سپی پێستەکان لەئەفەریقادا هەربەردەوام دەبن و بەبێ خواست و رەزامەندی ئەوان هیچ جۆرە گۆڕانێک رو نادات ، ئەفەریقایە رەشەکان بە ئاواتی سەربەستی ناگەن هەتا ئەگەر هاتوو لەومەیانەدا هێزیشیان بەکار هێنا » ٠

ئا لەو بۆچونەوە دکتۆر کیسینجەر گەیشتۆتە ئەم ئەنجامە: « پێویستە هەمو جۆرێکی رەگەزپەرستی لەدنیادا رەفز کەین ، بەڵام تەنیا لەبەر چاوی گەلانی دنیا ، بەڵام لە مەیانی کارکوزاریدا پێویستە بەیوەندی لەگەڵ حکومەتە سپی پێستەکانی ئەفەریقادا نەبڕین، ئەگەر هاتو ئەو حکومەتانە بە پێچەوانەی بریارەکانی نەتەوە یەکگرتوکانیشەوە جولانەوە » ٠

ئالەم ئەنجامەوە ئەمەریکایەکان کەوتنە جێبەجێ کردنی پیلانەکانیان و خیرا لە بریاری پەیوەندی بڕین لەگەڵ رودیسیادا پاشگەز بوونەوەو بریاریشیاندا کە مەعدەنی (کروم)ی لێ بکرن ، وە بە شێوەیەکی فراوان کەوتنە یارمەتی دانی ئیتیماری پورتوگالی بەو هیوایەی کە بەلکو بتوانێت بەربەستی ئەو شۆرشە ئەفەریقایە رەشانە کە یاندە کیشوەری ئەفەریقاو ئەوەشی لەبیر نەچوبو کە مەگبەکەی پرکات لەقسەی خۆشی و دۆلار بە مەرامی جێبەجێ کردنی چەند شتێ لەوانە ٠

١ ـ بەربەست کردن و بڕدانی تەشەنە کردنی سۆفیات و کوبا لە کیشوەری ئەفەریقادا ٠

٢ ـ کارێکی وابکات کە ساماتی کەرەسەی خاوی ئەوکیشوەرە بەدەست خۆیەوە بێت و لەدەستی دەر نەچێت ٠

٣ ـ رێگای گواستنەوەی نەوت بۆ ئەورووپای رۆژ ئاواو ئەمەریکا زامن بکات ٠

ئائەم مەبەستەیە ، ئەمەریکا خەوی پێوە بینێت و بۆتە خولیای شەوو رۆژی و دەیەوێت بەهەچی نرخێ بێت بەدی بهێنێت ٠

بۆ گەیشتە ئەو مەرامە ئەمەریکا لە « لۆزاکا »دا پێشەکی نرخی ئەوەی داوە ، بەوەی بریاری داوە کە کەمایەتی یە سپی پێستەکانی رۆدیسیاو نامیبیاکانە قوربانی ئەونەخشانە ٠ بۆیە دکتۆر کیسینجەر بەپاکراوی وتویەتی : « ولاتە یەکگرتوکانی ئەمەریکا هەرگیز لایەنی حکومەتی کەمایەتی یە سپی پێستەکانی سالسبۆری ناگرێت و ئامادەش نی یە هیچ جۆرە یارمەتیەکی دارایی و سیاسیان بدات چونکە ئێمە لەو ولاتەدا لایەنی مافی زوربەی رەشەکان دەگرین ، کە لەوانەیە دەسەلاتیان بکەوێتە دەست ٠٠ » ٠

ئابەم جۆرە سیاسەتی ئەمەریکا لەو کیشوەرەدا بایداوەتەوە ئەویش نەک لەبەر چاوی کالی دژایەتی بە رەگەزپەرستی بەلکو لەبەر زۆر بون و تەشەنە کردنی دەسەلاتی سۆفیات لەوکیشوەرەدا بەڵام ئایا کیسینجەر توانیویەتی لایەنگیریی خۆی بۆ رێکخراوە رزگاری خوازەکانی ئەفەریقا نیشان بدان ؟ بێ گومان نەخێر ! چونکە ئەو نایەوێت دەست لەگەڵ ئەورێکخراوانەدا تێکەڵ بکات ، بەلکو هەمو خۆزگەو ویستی ئەو ئەوەیە کە حکومەتە بێ لایەنەکان وەبکرە ئەوانەی سەربە رۆژ ئاوان بەلای خۆیدا رایکێشێت ٠٠ بەڵام ئەفەریقایەکان ئەوەندە گیل و دەبەنگ نین و چاک لەم گۆڕەوی بازی یەی ئەمەریکا تێ گەیشتون ، بۆیە سەرۆک نیریری لە زمانی ئەفەریقایەکانەوە بە دکتۆر کیسنجەری وتبو : « ئەفەریقایەکان لەبەر خاتری روسیاو چین و کوبا خوێنی خۆیان نارێژن ، بەلکو ئەو خوێنەی کە ئەیرێژن تەنیا لەبەر ئەفەریقایەو بەس » ٠

● کیسنجەر دژی رزگاریی ئەفەریقایە ٠

ئێستا کیسنجەر دەیەوێت شۆڕشگێرانی ئەفەریقا بە پشتدابخات ، ئەو گوێ ناداتە ئەوەی دەسەلاتی سپی پێستە رەگەز پەرستەکان لەرودیسیادا سەرەو نخون بێتەوە ، بەڵام ئەو ئەوەی مەبەستە ئەگەر ئەو حوکمە قلپ بۆوە دەسەلات بکەوێتە دەست کۆنە پەرستانی سەر بەرۆژ ئاواو کارێکی وا بکرێت کە ئەو دەسەلاتە نەکەوێتە دەست ئەوپیشکەو تنخوازانەی کە جیهانی ئازادیخوازی لایەنیان دەگرێت ٠٠ ئابەم نیازەوە کیسنجەر گەراو ، گەرا بە دوای کەسێکدا کە پرپەپیستی ئەم کارەبێت ، لە ئەنجامی ئەو گەرانەدا لە « جۆشا نکومی » چاکتر نەدۆزیەوە کەدوای لاچونی سپی پێستەکان لە رۆدیسیادا دەسەلات بگرێتە دەست ٠

جۆشا نکومی نەئەمەریکاو نەرۆژئاوا هیچیان گومانیان لەم کابرایەنی یە کە وەک چاوی خۆی و لە سپی یەکان چاکتر بەرژەوەندیکانی ئەمەریکا لە خواروی ئەفەریقادا دەپارێزێت ٠٠ بەڵام ئایا چوار ملیون لە سپی یەکانی خواروی ئەفەریقا رێکا دەدەن کە ٢٨٠ هەزار سپی پێست لە رۆدیسیادا لە ناوبڕێت ؟ سپی پێستەکانی رۆدیسیا خزم و کەسوکاری سپی پێستەکانی خواروی ئەفەریقان ٠ ئەگەرهاتو رەگەز پەرستەکانی رۆدیسیانەیان ویست دەسەلات بەئەوە دەست رەشەکان ٠ ئایا خواروی ئەفەریقا غەروا دەستەوستان دەوەستێت ؟ ئەی لەوانەی یە بە هێزی سەربازەوە فریای دراوسێکەی کەوێت ؟

کەواتە کیسنجەر هەر چەندە بیرکاتەوەو پیلان بێنی و بەرێت هەر بەرەو پوچەڵ بونەوە دەروات ، چونکە وەک خۆی

بروانە ل ـ ١١

خواروی ئەفەریقا قەوارەی زایۆنیستەکان دوو رووی یەک دراوە

● ماوەیەکە بەیوەندی نێوان رێژیمی زایۆنیستوورەگەزپەرستانی خواروی ئەفەریقا بەهێزتر نەبێ ٠٠ ئەویش بەتایبەتی لەدوای گفتوگوکانی نێوان جون فوستر و ئیسحاق رابین لەتەل ئەبیب کە بەسودمەندی دانەنین لەنێوان هەردولادا ٠٠

لەبارەی پەیوەندی نێوان ئەم دوو دەولەتە رەگەزپەرستەوە راپورتی لیژنەی سیاسی و عەسکەری سەر بە نەتەوەیەکگرتوەکان روی ئەم مەسەلەی خستۆتەروو ٠

● لەشەڕی تشرینی ساڵی ١٩٧٣دا حکومەتی خواروی ئەفەریقا یارمەتی دارایی و سەربازی بەقەوارەی زایۆنیستەکان داوە کە لە مەمووریان گەورەتر ئەوەیە فرۆکەوانەکانی خواروی ئەفەریقا شانبەشان سەربازە زایۆنیستەکان لەشەڕدا بوەو یارمەتی زایۆنیستەکانی داوە ٠

لەمساڵدا ساڵی ١٩٧٦ دەولەتۆکەی زایۆنیستەکان بووبە سەرچاوە یەکی سەرەکی لەبارەی چەک نازدنەوە بۆ خواروی ئەفەریقا کە چەکی قورس و بچوکی بۆ ئەناردن ٠٠ وەکو تۆپی هاوەن و تفەنگ و شەستیرو کەرەستەی ئەلەکترونی تر ٠٠ جگە لە چەند پاپۆرێکی (ساروخی کابریل) بۆ هێزە دەریایەکانی ئەرکی پێ سپیردراوە کە داوا لەزایۆنیستەکان کراوە ، تەنیا ئەوەنەبێ پاپورەکانی پەیمانەکە ئەو کەمارۆدانە ئابوریەی ئەفەریقاو دەولەتان بکاتەوە کە خراوەتە سەر ئەفەریقای خوارو ٠٠

وەلەلایەکی ترەوە ئەبێ ئەفەریقای خوارو و هاریکاری لەگەڵ رودیسیادا بکات بۆ جێبەجێ کردنی ئەو نەخشانەی ناکۆکی ئەخەنە نێوان دەولەتە سەربەخۆکانی ئەفەریقاوە ، وەیەکگرتنی رێکخراوە ئەفەریقاییەکانی دژ بەکمونیزم و هاوپەیمان لەگەڵ ئیمپریالیزم دا ٠

ئەوە ئەمێنیتەوە کە کارکردنی هاوبەشی لەنێوان خواروی ئەفەریقاو قەوارەی زایۆنیستەکانا بەپێی ریکەوتنی ئەسکەری ئەبێ و سەرکردایەتی پەیمانی ئەتلەسی سەربەرشتی بەهیز بونی ئەکات کە بریاری داوە هەمو دەزگا ئەسکەریەکانی تازە بکاتەوە بۆ بارێزگاری کردنی بنکەکانی پەیمانەکە کەلە تورکیاو یونان و ئیتالیاوە دەستی پێ کردو لە خواروی کیشوەری ئەفەریقادا کۆتایی هات ، بەناو ئەو ناوچانەدا کەوتونەتە ژێردەسەلاتی رێکخراوەکانی دژ بە سوشیالیستی و هاوپەیمانی ئیمپریالیزمی جیهانین ٠

سەرنجدانێکی خێرایی ئەم راپورتەو ئەوەی تیایا بەدی ئەکرێ بەلگەیەکی ئاشکرای فراوانی نەخشە ئیمپریالیزمیەکانی ئەمەریکاو دەزگا جوربەجورەکانیەتی ، کە هەمان رێبازیان گرتۆتە بەر بۆ بەرەنگاری کردنی و دوژمنەکانیان ٠٠ وە هەروەها یارمەتی ئەو رێژیمانە ئەدات کەلەزوربەی ناوچەکانی جیهاندایە ، چونکە ئەو رێژیمانە خۆیان بە قوتابی دەزگاکانی موخابەراتی ئەمەریکا ئەزانن ٠٠ بۆیە هەمیشە لەگەلیانا رێکەوتون و لەسەر هەمان رێبازی بەربەریانەو قەلاچۆکردنی گەلانی نازادیخواز ئەڕۆن کە داوای نان و رزگاری ئەکەن ٠

«رابین» و «فورد» رێگابۆ «حافظ أسد» خۆش ئەکرن

هائارتس

رۆژنامەی (لوموند دبلوماتیك)ی فەرەنسای لە ژمارەی ئەم مانگەیدا چەند کارەساتو گۆڕانێکی لە بارەی گیروگرفتەکەی لوبنانەوە خستۆتە روو ، بە زنجیرە لایەنەکانی کارەساتەکەی بەسێ وتار نیشان داوە ٠٠ ئەوەی کە پوختەی ئەم سێ وتارەیە ئەوا ئەیخەینە بەرچاوی خوێنەران :

● (ئیسرائیل)(١) ئەم دەستێوەردانەی سوریا بۆ ناو کاروباری ناوخۆی لوبنانی پێ ناخۆش نەبو ، ئەویش لە بەرئەوەیە کە بەئاشکرا دیارە : مەبەستی سوریا لەم دەست تێوەردانە ئەوەیەچەپ رەوەکانی لوبنان لەلایەك بێدەست بکات و لە ناویان بەرێ ، وە لەلایەکی تریشەوە ئەنگ بە بەرگری فەلەستین هەڵ بچنێ ٠٠ بۆ ئەوەی لەم تیوریە دلنیابین ٠٠ با راپورتەکانی (تەل ئەبیب)و واشنتون و عمان بخوێنینەوە کە هەمویان نوسیویانەکە مەبەستی ئەسەد هیچ مەترسیەکی بۆسەر (ئیسرائیل) نیەو نابێ ٠٠ وە مەلیك حسین نە ئەچو بۆ واشنتون ئەگەر پەیمانی بەڵێ برسراوانی ئەمەریکا ئەدابایە کە بە هیچ جۆرێك دژی (ئیسرائیل) نابێ ٠٠ هەروەکو براون هات بۆ سوریا بۆ ئەوەی خۆی لەومەسەلەیە دڵنیابێت ٠

(ئایا کەس لەئیستا بەدواوە کومان لەوە ئەکات کە سویند خواری نێوان ئەمەریکاو سوریاو ئیسرائیل لەسەر شانۆی لوبنان کۆتایی پێ هاتبێ ؟)

(یان ئەو کاریکاتێرەی کە رۆژنامەی ـ هائارتس ـ ی (ئیسرائیلی) بڵاوی کردەوە جوانترین رواڵەتی باسەکە نا خاتە روو ؟ لە کاتێکدا کەوێنەی رابین و فورد کیسراوە چرای سەوز لە بەردەم ئەو هەڵ ئەکەن بۆ ئەوەی بەرەو لوبنان بروات ؟) ٠

(ئیسرائیلیەکان) بە مەشەوە ئەوەستاون ، بەڵکو هێڵێکی سوریان بەسەر سوریادا کێشاوە بۆ ئەوەی دەست درێژی نەکرێتە سەر ٠٠ وە ئەم هێڵە تەنیا جوگرافیایی نیە بەڵکو سیاسی و ئەسکەریشە ، لەروی ئەسکەریەوە (ئیسرائیل) ژمارەی ئەو هێزانەی دیاری کردوە کە پێویستە بچنە لوبنانەوە ، بەڵام لە بواری سیاسیدا ئەمەریکا ئەتوانێ خۆی تێ هەڵقورتێنێ ئەگەر سوریا سەربێچی لە مەرجەکانی (ئیسرائیل) کرد ٠

دەوری ئیسرائیل لەشەڕە کەدا ٠٠

● لە یەکەم رۆژی شەڕی سەرومالیەوە لە لوبنانەدا (ئیسرائیل) بە شێوەیەکی راستەو خۆ ناراستەو خۆ دەوری خۆی ئەبینێ ، ئەوئەزانێ کە ئەم گیروگرفتەی لوبنان بەشێکە لەگیروگرفتی نێوان عەرەب و (ئیسرائیل) وەبەرژەوەندیان لەسەر ئەنجامی ئەم شەڕە راوەستاوە ٠٠ لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٥دا ، بەرلەوەی شەڕە ناوخۆییەکە هەڵگرسێ (ئیسرائیل) چەندجارێك بەلاماری لوبنانی داوە بۆ ئەوەی وای بخاتە بەرچاو جیهان کەمەترسیەك هەڕەشە لە ئاسایشی ئەکات ، چەند خانویەکی لوبنانی روخان بەبیانوی ئەوە گوایە ئەمانە چەپڕەوون ٠٠ چەند خۆنیشاندانێکی گەلی لەلوبنان بەرپابو بەڵام (ئیسرائیل) وتی :

« فیداکاران راوەستێنن ئێمەش ئیتر دەسکاری کاروبارتان ناکەین) ٠٠ وە لەدواییدا (ئیسرائیل) راست رەوەکانی لوبنانی هاندا کەداوای فەرمانڕەوایی هەمو لوبنان بکەن ٠

● تەقینەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ●

● گیروگرفتی (ئیسرائیل) و ئەلەستینیەکان یەکەم هۆی بەرپابونی شەڕە ناوخۆییەکەی لوبنان نەبو ، چەند هۆیەکی سیاسی و ئابوری لە لوبنانداپونە هۆی بنچینەیی شەڕەکە ، راست ڕەوە لوبنانیەکان نەیانویست دەست بەسەر دەزگاو دامەزراوە ئابوریەکانابگرن ٠٠ ئایا بوچی تاکاتی کوشتنی معروف سعد لە صیداکە سەربازە راستڕەوەکانی ناوسوپای لوبنان کوشتیان شەڕەکە بەربا نەبو ؟

وە ئایا معروف سعد چی نەکرد جگە لەوەی کە لەخۆنیشاندانێکی ئاشتیانەدانەڕۆیشت بۆ بێزاری دەربڕین بەرامبەر بە کومپانیای ئیحتیکاری راوەماسی کە راست ڕەوی یەکەم کەمیل شەمعون بەهاریکاری لەگەڵ کومپانیا بێگانەکانی رۆژ ئاوادا دایمەزراندەوە و ئەیویست دەست بەسەر رەنج و بەرهەمی کاری هەزاران هاوولاتی لوبناندا بێ بگرێ ؟

لەدوای ئەوەش بۆچی راستڕەوەکان فەلەستینیەکانیان بەوە تاوانبارنە ئەکرد کە بەپڕەوی یاسای لوبنان ناکەن لەناو هەوارەکانیانا ؟ تاکوچەپڕەوەکانی لوبنان دەولەتی راست ڕەوی لوبنانیان تاوانبارکرد کە بەرامبەر بەدەست درێژیەکانی (ئیسرائیل) کە ئەیکاتە سەر ولات بیدەنگ راوەستاوەو سوپاش بێ لایەنەتیایا ٠

لێرەوە شەڕی ناوخۆی لوبنان دەستی پێ کردو چەپڕەوەکانی لوبنانیش کەوتنە خۆ بۆ ئەوەی ولاتەکەیان لە گێژاوی زورەملێیی و پیلانەکانەوە بۆ خۆیان و فەلەستینی یە شورشگێرەکان رزگارکەن ٠

مارونیەکان لەنازو نیعمەت و سامان و دەسەلات و خۆشیابون لەکاتێکدا گەل لە خواروی لوبنان نارنجولە و موشەکی ئیسرائیلیەکانی بەسەرانەتەقیەوە ٠٠

● شەڕەناو خۆییەکە چۆن دەستی پێ کرد ؟

لە ١٣ی نیسانی ١٩٧٥ یەکەم پرشنگی ئاگری شەڕەکەوتەوە ، کەتایبەکان ٢٧ فەلەستینیان لەناو ئوتومبیلێکی پاسدا کوشت لە کاتێکدا کە بەرەومال ئەڕۆیشتنەوە ، وە هەر لەهەمان کاتا دوەمین ریکەوتنامەی نێوان میسرو (ئیسرائیل) مۆرکرا ، ئەمەهەستی نیشتمان پەروەرانی عەرەبی هەژاند ٠ دوای ئەوەش (ئیسرائیل) یەك لە دوای یەك هەوارگەی فەلەستینیەکانی بومباردمان ئەکرد ٠

بەلامارداناکانی (ئیسرائیل) بۆ سەر هەوارگە فەلەستینیەکان تەنیا بۆ هاریکاری و یارمەتیدانی راست ڕەوە پیلانگێڕەکانی لوبنان بو کەپێکەوە پیلانیان بۆ نیشتمان پەروەرەکان ئەنایەوەو بەتایبەتی فەلەستینیەکان ٠٠ لەگەڵ ئەوەدا شەمعون بیریز بە دەسکاری کردنە ناوخۆی لوبنان هەڕەشەی ئەکرد ئەگەر مەترسی روبکاتە ئاسایشی (ئیسرائیل) بەلکە بۆ ئەوەی کە ئیسرائیلیەکان بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ راستڕەوە لوبنانیەکانا دەسکاری ناوخۆی لوبنانیان کردوە زۆرە ، لەوانە وەکو :

١ ـ قسەکانی شەمعون بیریز کە ئەڵێ فەلەستینیەکان لەناو هاوولاتیە لوبنانیەکانانیشتەجێ بون و ماونەتەوە ، وە لە جێگایەکی تایبەتیدا شوێن و رێگایەکی سەربەخۆیان نیە ٠

٢ ـ لەدوای مۆرکردنی دووەمین ریکەوتنامەی سینا بیریز وتویە :

لەسینا تەواو بوین ، ئینجا پێویستە روبکەینە فیداکارانی فەلەستین ٠

٣ ـ ئەو هەڕەشانەی رابین بەدەستێوەردانی ناوخۆی لوبنان ئەیکات و مۆڵدانی لەشکرەکەی لەسەر سنوری لوبنان ٠

(١) لەگەڵ ئەوەدا کە دان بەبونی قەوارەی شەرعی زایۆنیستەکانا نانێین ، وشەی (ئیسرائیل)و (ئیسرائیلیەکان) مان چەند جارێك لەباسەکەدانوسیوە ، هەروەکو لە وتارەکانی (لوموند دبلوماتیك)داهەیە ٠٠ وە لەناو دوکەوانەدا دامان ناوون ، لەبەرئەوەیەبەیاری دڵی ئەو رونوسەمان کردوە کە گۆڕاری ناوبراو بڵاوی کردۆتەوە ٠٠ لەم رووەداوای لێبوردن ئەکەین ٠

Institut Kurde de Paris

یەکەم : ڕێبازی ڕەوشت پەروەری

هەڵسەنگاندنێکی بنیادگەرایانەی ئەدەبی

نووسینی : ویلبەر سکۆت

عەزیز گەردی : کردوویە بە کوردی

گومانی تێدا نییە کەڕێبازی ڕەوشت پەروەری لە هەموو ڕێبازەکانی تری ڕەخنەی ئەدەبی بە تەمەنترە • (ئەفلاتون) لە (کۆمار)ەنموونەیی یەکەیدا بایەخێکی زۆری داوەتە ئەو کاریگەرەی شاعیر لە ڕەوشتی خەڵکی دەکا • (هۆراس) یش سەرباری لە بەرچاوگرتنی لایەنی جوانکاری بایەخێکی زۆری بە سوودی شیعر داوە ، نووسەرەکانی (سەردەمی ڕابەڕین enaissance) یش وەکو (سیرفلیپ سیدنی)و ئی‌تر چاویان لە هۆراس کردووە ، خۆ یەکێکی وەکو [illegible] کە باشتر و بەرگری‌کەری بیروڕا هاوبەشە داڕژاوەکانی ژێر باری هێرشی فیکریەکانی سەدەی هەژدەهەم ئاوی لەوە نەخواردۆتەوە کە لەڕوانگەی ڕەوشتەوە بەرهەمی ئەو نووسەرانە هەڵسەنگێنێ کەلە کتێبی «ژیانی شاعیران»دا باسی کردوون •• (ماتیۆ ئارنۆلد)یش بۆی لەسەر گرنگی‌ی ڕاستەقینەی بەرزی هونەردەوە دادەگرێ‌و لە کاتی لێکۆڵینەوەدا بە هەندی هەڵدەگرێ •

لەوەتی شێوە خواز (Formalist) ەکان ڕوویان کردۆتە چۆنیەتی دەربڕین‌و ڕێکخستن‌و مشت‌و ماڵ کردنی بەرهەمی ئەدەبی ، ئەوانە بوونەتە بەرگری‌کەری ئەو بیروڕایەی .کە لە دوو ـ شێوەو بابەت ـ سەیری بەرهەمی ئەدەبی دەکاو بایەخ بە ماناو بابەتی هۆنراوە دەداو بەس •

لە سەدەی نۆزدەهەمدا زۆربەی ئەو نووسەرانەی ئارەزوویان لێبوو لە ڕوانگەی ڕەوشتەوە بەرهەم بنرخێنن ناوی (مرۆڤایەتی نوێ (Neo-Humanist))یان بەسەردا سەپا ، ئەم جۆرە نووسەرانە بە پلەی یەکەم بەو چاوەوە تەماشای ئەدەب دەکەن کە (ڕەخنەگرتنە لەژیان)و لێ کۆڵینەوەو شی‌کردنەوەی لایەنی هونەری بەلای ئەوانەوە لێکۆڵینەوەی هۆیە ئەك ئامانج ، بەو پێودانگەوە ئەدەب هەڵدە سەنگێنن کە ئامانجێکی هەیەو کار لە ڕەوشتی مرۆڤایەتی دەکا ، یا پلەو بایەیەکی لە مەیدانی بیروڕاو ڕێڕەوی ژیاندا گرتووە •

ئەم نووسەرانە لە کاتی شی‌کردنەوەی ئادەمیزاددا لاسایی ئەو (ئینسانانە) دەکەنەوە کە لە سەردەمی ڕابەڕیندا باویان خۆش بوو و دەنگیان دەڕۆیشت ، بۆیە بنیادەم بەوە دادەنێن کە کیان لەبەرێکەو بە هۆی هۆش‌و پێوانەی ڕەوشتەوە لە گیان لەبەرانی دی جودا دەبێتەوە ، چگە لەوەش گیان لەبەرێکی ئازادەو کەوتۆتە بەر تەوژمی ئازەلانەو هاڕزنی من‌منۆکێ ، بەڵام لە هەمان کاتدا لەسەرەتای بەقەد ئەوەی کە حەز دەکا سەروشتی مرۆڤانەی خۆی پێکبەینێ پچێ ئەو تەوژم و هوڕژمانە باوێتە ژێر دەسەڵاتی هۆشەوە،کەوابێ ئازادی بەو مانایەوە سەرفیراز بوون نییە لە زروفی مەلبەندو دەوروبەر بەڵکو سەردانەواندنە بۆ یاسای قوولی ژوورەوە ، جا بۆیە ووشەی نهێنی لە تاسەو حەزو خواستی مرۆڤایەتی بریتییە لە :

یاساو هێمنی‌و خۆراگرتن ••

ئەو بزووتنەوە ڕەخنەیی‌یەی لە سەدەی بیستەم خۆی لەگەڵ ئەم ڕێبازە فەلسەفی‌یە لێکدا بە ڕەسەن ئەمریکی‌یە • (پۆل ئەلمۆر) لە سالی (١٩٠٤) و (ئیرفینگ بابت) لە سالی (١٩٠٨)ەوە دەستیان بە ووتار نووسین کرد ، لە سەرەتاوە لایەنگریان زۆر نەبوو ، کەم کەسیش کەیفی پێ دەهاتن •• ئەو شالاوەی بۆ شتێ کۆن دەمبردرا (مۆر)و (بابت)یشی گرتەوە چونکە داکۆکی‌یان لەو کۆنە دەکرد ، بۆیە زۆر زەحمەت بوو کە دەدا ، چونکە زۆربەی هەرە زۆری ڕەخنەگرە گەنجەکان چوونە بان ڕێبازی نوێ‌ترەوە وەك ڕێبازی ئەنتۆلۆژی‌و سۆسیۆلۆژی ـ کۆمەڵایەتی ـ و هی‌تر ••

خۆ کە (بابت) سالی (١٩٣٣) کۆچی دوایی کرد (مۆر) سالی (١٩٣٧) چاوی هەمیشەیی لێك‌نا ، ئیدی ڕێبازی (مرۆڤایەتی نوێ) بە تەواوی لەقاو شەڵاژو دوو کۆڵەگەی پتەوی داڕما کە زۆربەی قورسایی‌یەکەیان بەسەر شانەوە بوو ، بەڵام لە ڕوانگەی ئەمڕۆوە دەتوانین بڵێین تاسەی (مرۆڤایەتی) بە تەواوەتی نەمردو کۆڵو کۆی دانەکەوت بەڵکو پاش نەختی دەست پێدا هێنانەوە سەر لە نوێ لە پێستی (مرۆڤایەتی ئایینی ـ Religious Humanism زیندوو بووەوە •• (تی • ئی•هیوم T.E. Hume) سەدەیە ئەو ڕێبازە تووشی نەهامەتی‌یەکی زل هات‌و دەکەوت گەوزو ئاوزنیك دەدا ، چونکە زۆربەی هەرە زۆری ڕەخنەگرە گەنجەکان چوونە بان ڕێبازی نوێ‌ترەوە وەك ڕێبازی ئەنتۆلۆژی‌و سۆسیۆلۆژی ـ کۆمەڵایەتی ـ و هی‌تر ••

بەڵام لە بیستەکانی ئەم سەدەیەدا ئەم تاقمە بایەخێکیان پەیدا کردو نووسەری وەکو : (نۆرمان فۆرمستەر)و (هاری هایدن‌و کلارك)و (ج • ر • ئیلیۆت)و بۆ ماوەیەکیش (ستیوارت شیرمان برات)و زۆری دیکەیان وەگەڵ کەوت •

ئیدی ئەمانە بەس بوون بۆ ئەوەی بتوانن ڕێبازێکی تایبەتی دروست بکەن کە لە ڕەخنەی ئەدەبی‌دا بە ڕێبازی (مرۆڤایەتی نوێ) ناوی دەکرد •

نووسەرەکانی سەر بەم ڕێبازەیە بە کردەوە بیلەکەو مل‌ملانێیان لەگەڵ دوو ڕێبازی تری ئەدەبی دەکرد :

یەکەم :

ڕێبازی (سروشتی ـ Noturalism) کە لە پایەی بنیادەم کەم دەکاتەوەو سەربەستی‌ی خواست‌و لێبرسینەوەی ناداتێ •

دووەم :

ڕێبازی (ڕۆمانسی) کە لایەنی خۆیەتی بەختیو دەکاو تا ڕادەیەك لەگەڵ دەربڕینی بێ‌کۆت‌و مەرجە •

جا سەبارەت بەوەی کە ئەم دوو ڕێبازەیە ئەندازەیەکی زۆری ئەدەبی نوێ دەگرنە خۆو ڕێبازی (مرۆڤایەتی نوێ) ش بەربەرەکانیان‌دەکا ، هەندێ لە ناحەزەکانی ڕێبازی (مرۆڤایەتی نوێ) تانەو تەشەری بەوە لێ دەدەن کە لە بارەی چەشەو زەوقی ئەدەبی‌یەوە ڕێبازێکی کۆنە پەرستەو بۆیە هێندە بایەخ بە ڕەوشت‌دەدا تا ئەم کەم وکورتی‌یەی پێ بڕ بکاتەوە •• بەڵام لەگەڵ ئەوەش‌دا زۆربەی لایەنگرانی ئەم ڕێبازەیە ـ مرۆڤایەتی نوێ ـ هەوڵی ئەوەیانە لایەنی باشەی ـ ڕەوشتی هەڵقولاوی ناخی سروشتی ئادەمیزاد لەگەڵ هەستی هونەری‌و جوانکاری‌دا تێکەڵ بکەن‌و بێکەوەیان ببەستنەوە •

لە سەرەتای سی‌یەکانی ئەم سەدەیە ئەو ڕێبازە تووشی نەهامەتی‌یەکی زل هات‌و دەکەوت گەوزو ئاوزنیك دەدا ، چونکە زۆربەی هەرە زۆری ڕەخنەگرە گەنجەکان چوونە بان ڕێبازی نوێ‌ترەوە وەك ڕێبازی ئەنتۆلۆژی‌و سۆسیۆلۆژی ـ کۆمەڵایەتی ـ و هی‌تر ••

ئەو مشت‌و مڕو چەقەچەق‌و

بڕوانە ل ـ ١١

گۆڕان

چیرۆکی : حەنوون مەجید

وەرگێڕان : کردوویە بە کوردی

بەختم باشی نەمینا ، کە لیستەی کواستنەوەی مامۆستایان دەرچوو دوور نییە ، هەموو ڕۆژێ وەکو ئەوهەموو مامۆستایانەی بە قوتەجێبو قەمارە شرهات‌و چۆی قوتابخانە دەکەن ، ئێمەش دەچینە دێکەو نیوەروانان دەگەڕێینەوە ••• سبەینان زوو بە خۆ دەکەوین‌و هەریەکە لە پەنا پەسیوێکەوە چاوەڕێ‌دەکەین تا ترومبێلەکەمان دێ‌و هەڵمان دەگرێ‌و لە هەراوجەنجاڵی شارەوە قوتارمان‌دەکاو دەمانباتە ناو بۆنی ساکارو هێمن‌و فێنکی بێ گەردی‌دەشتەوە •• دوو حەفتە دەبێ حەریکی ئەم بینەو بەرەم و هاتو چۆی ئەم قوتابخانەیەدەکەم ، وام لێهاتووە تاق‌وڵۆق قوتابی‌یەکان بناسم‌و نەختێ هەڵیاق سەنگێنم ••• بێشتر قەت سەرم بە پۆلی‌یەکەم‌و دووەم دا نەکرد بوو ، بەڵام وا لێرە بە خورتی پۆلی‌دووەمیان وەك تۆق دەکەردەن‌ئالاندووم •••

ئەم منداڵە دەشتەکی‌یانە ئەگەرچی زۆر پیس‌و پلۆخ‌و ڕووت و ڕەجاڵن بەڵام بریسکە یەکی زۆر سادەو ڕوون‌و مرۆڤانەیان لە چاوی دایە ، ئەم بریسکە گەشەی چاوی منداڵان سەرسامی کرد بووم ، کە دەچوومە ژوورەوە یەك یەك دەچاویان ڕادەمام‌و بە ناو چاویان‌دا دەشۆڕ دەبووەوە ناو دڵ‌و دەروون‌و ڕازو نیازی هەناویان •• لە پڕ دەم‌و چاوێکی سەیر وەك قولاب لە نیگام گیر بووو ڕای گیشا ، کە لێی وورد بووەوە دیتم : دەمێکی کەوێشکانە ، لووتێکی ئەفنەش ، چاوێکی داڕۆساوی پڕ گلەو بناشت ، لێچێکی شۆڕو لێوێکی شەق‌بوو ••• ویستم لە زێدە هەموو قوتابیان ئەو دەم و چاوە بدوێنم‌و شتێکی لێ هەڵکڕێنم بەڵام شتێ لە قووڵایی ژوورەوە ، لە بنەباڵێ ، سەری قیت کردەوەو زمانی کێشامەوە پاش‌و ڕێکەی دواندنی نەدام ••• بە زۆری نیگام لە چاوەکانی ترازاندو بە ناو پۆلەکەمدا گێڕا ، کت‌و پڕ وا دەکەم لە دەم‌و چاوی جاران تێر بڕنەوە ، نەختێ دامام‌و ئێر ئێر لەم ڕوینە باگژەوە ئەماشای خۆمم کرد ، ئەویش وەکو من‌چاوی‌لێ‌تر کردبووەوە سەرنجی وەك تیغ بەردەی دەپڕی‌و خۆی دەهاویشتە هەناومەوە ، لە دڵی خۆمدا دەهێوت « جا من چم بە دەستە، چیم بۆ ئێوە بێ دەکرێ) •• وەك ئەوەی‌مێشکی‌خوێندبەمەوەو تێ‌گەیشتبێ چیم لە دەست نایە چاوەکانی داخست‌و سەری بردەوە ناو غەریفە‌و کوڕەی کرد •• مێش سەرنجەکانم کێشایەوەو چاوم بڕی‌یە هەوزو هێری عاسمان‌و هێنامەوە بۆ سەر دەم‌و چاوی قوتابی‌یەکانم‌و یەك یەك چاوم خوێندنەوە بەڵام هیچێکیان وەك دەم‌و چاوی یەکەم ڕایان نەکرتم ، هیچێکیان تەزووی گەرمیان پێ‌نەبەخشیم چونکە جووتە چاوی یەکەم زۆر شتیان بۆ ڕوون کردمەوە ، دەماری بیرەوەری‌یان تەقاندم ، کوورەی دەروونی کلپەداریان جۆشاندم ••••

چی تێدایە ، با ئەو جارە لێی بپرسم ناوی چی‌یە ••

ـ ناوت چی‌یە ؟

+ کەرۆ

ـ هاااا !

+ کەرۆ ••• مامۆستا

لە شوێن خۆمدا بێ‌دەنگ بووم ، (کەرۆ) دەبی چی‌بێ ؟ ئەم‌ویست زێر لە سەری بڕۆم چونکە لەوانەیە خۆی ئەم ناوەی زۆر پێ‌خۆش‌بێ ، کەورەشەو ڕای لە خۆیە ، ئەوەك بەسەر خۆی‌دا بشکێتەوە •

لەم کاتەدا وام هات بە بیردا کە پیکەمە چاودێری پۆل ، ئەویش دیار بوو زۆری پێ‌خۆش بوو ، ئیدی لەم ساتەوە کەرۆ بوو بە چاودێرو دەمڕاستی پۆل •• ئەمە وای کرد کە بەینی من‌و کەرۆ بەهێزتر بێ‌و دۆستایەتیمان پتەوتر بێ ، بۆ دەرسی دووەم کە چوومە ژوورێ چاوم لە قالبە تەباشیرەکەی دەرسی یەکەم گێڕا کە تەنیا نەختێکم بێ نووسیبوو ، کەئەوتە بەر چاوم ، مێش ڕووم کردە کەرۆ چونکە چاودێرە ، لێم پرسی :

ـ گورە کەرۆ گوا ئەباشمیرەکە ؟

یەك بێ ڕاست بڕۆمە غاری دایە دۆلابی قوژبن‌و کەوتە پشکنینی ••• زانیم بەئەنجامی گەیاندووە ، ئیدی تاوانەکەم دەمڵی ئەو ڕاکردو ئەویش‌ویستی پاکانە بۆ خۆی بکاو بیخاتە ئەسکوردی لادەستەکەیەوەبەڵام بێ‌هوودە بوو ـ حەزم کرد ئەرمە سزایەکی بدەم بۆ ئەوەی جارێکی‌تر شتی وای لێ‌ڕوونەدا:

ـ پێی ناوێ ، ئێستا هەردووکتان سزا دەدەم •

ووردە ووردە لێم وەدوور کەوت‌و چوو داردەستەکەی سەر مێزی ئەولای بۆ هێنام کە هەمیشە لە کاتی خوێندنەوەی ووشەی سەر تەختە بە دەستمەوەیە ، هێنای بۆی ڕاگرتم‌و گوتی :

+ فەرمو هەردووکمان سزا بدە •

لەم کاتەدا تێ‌گەیین کلەپی چاوەکانی خوێنی پیاوەتی‌و جوامێری تێدا دەکەڵی‌و شتی وا لە منداڵی‌تر ناوەشێتەوە •

جارو بار کە داوام لێ‌دەکرد پرسیارێ حەل بکا ، ناگام لێ‌بوو دەشلەژا ، ڕەنگی هەڵدەبزڕکا ، کە بۆ لای تەختە دەهات دەلا دەهات‌و شەرم دایدەگرت ، دەترسا ئەوەك قوتابی ئەماشای بکەن ! زۆر لەو جارانە دەترسا کە تری ڕادەمان ••• جنە ئەوەش نا باڵی‌ی لە کوکردنەوەو لێ‌دەرکردن‌دا ئەوان‌بوو ، ئەیدەزانی ئەمەش‌و هەست دەکرد ، بۆ ؟ ئێ حەفتی لێ بڕدا دەمێنێ چەند ؟

کە زانیم سەرباری ئەو تەمبەڵی‌یە دوو ساڵیش لە پۆلی یەکەم ماوەتەوە ، لێم پرسی :

ـ کەرۆ ، ئەوە بۆ لە پۆلی یەکەم ماوەتەوە ؟

+ مامۆستا ! سووچی من نەبوو ، مامۆستاکەمان غەدری

بڕوانە ل ـ ١١

بەرهەمی لاوان

خۆرەتاوی هۆنراوەیەك

ـ عبدالکریم دەشتی ـ

ئای کچی دوور •••
گیانە نیگات بارانێکە هەموو ڕۆژێ نەپڕژێتە گیان‌و هەستم
گیانە جوانیت بە قەد چاوی ئاسمانێکە •••
تەنافی تیشکی خۆرێکە
هەموو کاتێ ژانی شەوانی هۆنراوەی پێ‌تەبەستم
من دەمەوێ بێم‌و لەبەر پۆستەی چاوت
دەرگای هەوالی هۆنراوە بکەمەوە
من دەمەوێ بێم‌و لە شەنکەماچێکا
باڵی چۆلەکەی هۆنراوەی بەندکراوم بکەمەوە
هۆنراوەیەك •• تۆ نەبیتە چاوگەی نیشانەو خەیاڵی
هۆنراوەیەك ••• تۆ نەبیتە شەقەی شیرینی وەك سرەوی هەردووباڵی
هۆنراوەیەك ••• ئەی بەری خان
تۆ وەك شنەی لە کەژهاتووی بەربەیانان و ئێواران
تەپڕژێتە ناو درزی درەختی تەمە نی •• کوا هۆنراوە ؟
من نامەوێ ، ئەیسووتێنم ئەی کچی جوان ••

●●●

ڕاچەنەو ماچم بکە

ـ مارف عومەر بەرزنجی ـ

ئەو شەوانەی لە ئامێزتا دەخەوتم ، من
دەمردم‌و دەژیامەوە ،
ڕێگای دوورو ••• شەوم دەبڕی ،
حەیرانی بەژن‌و باڵات بووم ،
دەتوامەوەو دەتوامەوە ••
ئەو شەوانەی پاسەوانی جوانی تۆ بووم
تاکو شەبەق دەمڕوانی‌یە کەزی زەردت
ها ئێستاکەو ••• ساتێکی‌تر ،
لە یاوەشم دەگرێ‌و منیش، ماچت دەکەم
توێژو ئیشی خەم‌و دەردت
لە بیر دەکەی ، لە بیر دەکەم •
ماچ چەند خۆشە •• سۆزی زامم دەڵاوێنێ
ژیان وەرە •• دەراچەنەو ماچم بکە
[illegible]
باوەشی ئەیبیم [illegible] دەرێ‌و
خۆی بەمەمتا دەخزێنێ •

●●●

ئەڵێم : خانم خۆشم ئەوێی

ـ بەختیار سیامەنسووری ـ

من دەریای جاوێکم ئەوێ
دەهەم کەس بم
مەلەی تیا کەم
دەپەنجەکەم
بچێتە سەر شوێنەرای
سەدان پەنجە
هەر بۆ ئەوەی مەمکەکانت
ئازار نەدەم
لێوەکانت ژمارە بیست ئۆمار بکەن
لەسەر لێوم

بڕوانە ل ـ ٩ ـ

سەرنجێ لە «موچرکی ڕاچەنین» و چەند سەرنجێك

بەکر عەوەدی

ـ چۆمان ـ

بیشەکی لە ناخی دەروونەوە سوپاسێکی ئاگرینی ئەو (کاردۆ کەلالی)یە دەکەم کە لە لاپەڕە چواری ژمارە (٣١٦)ی ئەم ڕۆژنامەخۆشەویستەدا چەند ووشەیەکی بە ناوی (موچرکی ڕاچەنین‌و چەند سەرنجێك) بڵاوکردۆتەوە ، هیوادارم ئەم‌برایە هونەرمەندانە دەست نوێژی ئەدەب هەڵگرێت‌و ئنجاسەر لە نوێ دەست بداتەوە (موچرکی ڕاچەنین)و چەندجارێکی‌دی خەتمی بکات‌و دوو تاسن‌و سێ تاسنی بکاتەوەو بەچاکی بجێتە بنچ‌و بناوانی ماناو مەبەستی چوارینەکان‌و چاکیان‌تێ‌بناو لەگەڵ‌موچرکی چوارینەکان‌دا ڕابچەنێ و هەناوی بەهێزی‌و لە ناویان بنوێتەوە •• !

ئەوجا دەم لە شتی وا بدا چونکە ئەگەر بڵێم لە ووتارەکەی ڕا دیارە لە عەلبەی دنکێکیش تێ‌نەگەیشتووە درۆ نییە ، کەیفی خۆشیەتی چی بە دەم دادێ با ئەرکزێتەوەو بە پای پیلان وەناو بکەوێ ، چونکە ئەگەر چی لە تێ‌گەیشتبوا بەم شێوە نالزۆو بلزۆو پیشەو بەڕۆیە ووشەکانی تێك ئەدەبردەوەو و پاقلەو ڕاقلاوەی لێك جودا دەکردەوەو نا پاقلاوە هەبوایە نامی پاقلەی نەدەکرد ••• ئەوەی نالێم ئەگەر وەکو مەسەلەی بە پێو بێ بێ‌یانی کردبێت ئەگەنا بۆچوونەکەی سەیرو سۆبەیەتێکەو نە ڕدینی هەموو کەس ناوەشێتەوە ••

لە هەمان کاتیشا دەمەوێ بەو برادەرە بڵێم کە تێچەنار زۆرم بەلاوە خۆشە دوای ووردبوونەوەیەکی زیرانەو ئەدیبانەو پاش پێکانی‌نیشانەی مەبەستی ڕاستەقینەی چوارینە کان لۆژ لۆژ دەست بداتەوە قەلەمو چەند سەتوونێکی‌دی ڕەش بکاتەوە ، داخوا بزانم ئەو جارە تێ‌گەیشتووە یا هەروەکو جاری بەرێ بەر بەیار دەداتە بەر ؟

چونکە ئەوەی ئەمجارە نووسیویەتی فەپی بەسەر ئەدەب‌و ژیان‌و ڕەخنەو لێکۆڵینەوەو موچرکی ڕاچەنینەوەو نی‌یە ، بۆیە ناشمەوێ دەگەڵی یکەوەمەشت‌و مڕو بینەو بەرە ، چونکە دلنیام دوای لێ‌ووردبوونەوەیەکی هونەرمەندانە بەر لە هەموو ئەسرك دان بەم حەقیقەتەدا دەنێت‌و ڕاستی دەخاتە ڕوو ، چونکە ئەم چەرخە چەرخی سەراحەت‌و شارستانیەتی‌و هەنگاو نان‌و پێشکەوتنەو شێتیش دەزانێت نە بیشکی ڕۆژ بە بێژینگ دەگیرێت‌و نە زێریش لە نێو قوڕو چەسا‌وا ژەنگ هەڵدەهێنێ ••

Institut kurde de Paris

دانیشتنێك لەگەڵ «ئەخۆل»ی شاعیردا

ئامادە کردنی : جەمال محەمەد

مامۆستا ئەخۆل یەکێکە لەو شاعیرانەی کە ڕۆڵێکی تایبەتی‌یان هەیە لە ئەدەبی کوردیدا ، ئاشکراشە مامۆستای شاعیر سەر بە ڕێبازی قوتابخانەی کلاسیکی‌یە ، زۆربەی تەمەنی لەگەڵ پیرەمێردی شاعیردا بردووەتە سەر ، یۆ بێناسینی شـــاعیری ناوبراو بە هەموو لایەك چـــەند پرسیارێکمان لێکرد بە هیوای ئەوەی کەلکی لێوەربگیرێ بۆ دراسە کردنی شیعرەکانی .

● **مامۆستا کورتەیەکی ژیانی خۆتمان بۆ باس بکە !**

وەلام :ـ

لە ساڵی (١٩١١) زایینی‌دا لە سلێمانی لـــــە گەڕەکی دەرگەزێن لە دایك بووم ، تەمەنم دوو ساڵ بووە کە باوکم پرا بۆ عەسکەری « جەنگی گێتی یەکـــــەم »و شەهیدکراو نەهاتەوەو لە ژێر سێبەرو یارمەتی مامەکانم‌دا گەورەبووم ، لەبەر ئەوەی نەمتوانی خوێندن تەواو بکەم (لەبەر هەندێ هۆ کە بە پێویستی نازانم لێرەدا باسی بکەم) و ماوەیەك بێ‌ئیش مامەوە هەتا تەمەنم گەیشتە « ١٧ » ساڵ ، ئنجا دامەزرام بە پیتڕێکخەر (مرتب) لـــە چاپخانەی شارەوانی کە ڕۆژنامەی « ژین »ی دەرئەکردو دوای چوار ساڵ و نیـــو بووم بە نووســـەری دادگا (المحکمە)و ماوەی (٤٠) ساڵ بە مووچەخۆری ژیامو لە ١٩٧٠ دا خۆم تەقاعود کرد .

● **مامۆستا یەکەم هەڵبەستت لە چ ساڵێکدا داناوە ؟**

وەلام :ـ

یەکەم هەڵبەستم لە ساڵی١٩٣٠دا داناوە لەژێرناوی (بێ‌نەوا)داو لە ڕۆژنامەی « ژین »دا بڵاو کراوەتەوە .

● **سەرەتای ژیانتان لەکوێوە دەستی پێ‌کردووە؟**

سەرەتای خوێندم لای مامۆستا « مەلا فاطم » ووە یە ، قورئانم تەواو کرد ، ئنجا خرامە قوتابخانەی میری‌و لـــە پۆلی چوارەمی سەرەتایی دەرچووم بۆ پێنج ، ئینـــر وازم لە خوێندن‌و قوتابخانە هێنا بە ناچاری .....

● **مامۆستا پەیوەندیتان چۆن بووە لەگەڵ ئـــەم شاعیرو نووسەرانە ـ**

گۆران ، پیرەمێرد ، بێ‌کەس ، هەردی ، شێخ نووری شێخ سالح ، بێخود ، ڕەفیق حیلمی .

مامۆستا لە وەلامدا وتی :ـ

پەیوەندیم زۆر زۆر بە هێز بوو لەگەڵ (مامۆســتا گۆران‌و بێ‌کەس‌و شێخ نووری‌و هەردی‌یەوە ، لە سەدەها زیاتر کۆڕی دانیشتنمان‌بووە ، وە هەروەها لەگەڵ خوا لێ خۆش بوو شێخ سەلام‌و بێخوددا ،بەڵام زیاتر لـــە هەموان پەیوەندیم بە پیرەمێردەوە بووە بە هۆی ئەوەی کە ماوەیەك بەڕێوەبەری ڕۆژنامـــەی (ژین) بوو ، مـــــاوەیەك سەربەرشتی ئەکرد ، لە بابەت هۆنراوەو نووســـینەوە من خۆم زۆر ئیستیفادەم لێکردووە ، چگە لەوەی کـــــە خزمایەتیمان هەبوو ، و یەکێك بووم لەوانەی هەمیشە هاتووچۆی ماڵەکەیانم کردووە و پەڕاستی بە مامۆســتای خۆمم داناوەو ئەویش قوتابیەتی منی پێ‌خۆش بوو .

بەڵام بۆ ڕەفیـــق حیلمی پەیوەندیم زۆر پێ‌وەی نەبووە ، لەگـــەڵ ئەوەشدا هۆنراوەکانی چ بە کوردی‌و چ بە تورکی‌و چ بە فارسی کە کەس ناتوانێ بەســـەندی نەکات ، چونکە هەرچی هۆنراوەیەکی هەیە لە سەرچاوەـ یەکی وڵات بەروەری‌یەوە هەڵقوڵاوە .

● **بەمەدا دەرئەکەوێ کـــە شاعیرە کلاسیکیەکان کاریان تێ‌کردووی ، ئەی بیروو ڕات دەربارەی شیعری تازە چی‌یە ؟**

وەلام :ـ بیروو ڕام دەربارەی شیعری تازە ناتوانم بە تەواوی دەر بڕم چونکە لە پێش من‌دا ئایە لـــــە شوعەرای عەرەب و ئایە هی کورد بیرووڕای خۆیـــــان دەربڕیوە ، هەر ئەوەندە ئەڵێم ناتوانم بێ‌ی بڵێم (شیعر)و زۆریشم لاگرانە کە هەموو ئەو قسە جوانانەی شـــیعری تازەی پێ‌دائەڕێژن ، لای من هەندێکی بەکەڵکو زۆری وەکو زێڕو مرواری وایە بە فیڕۆی ئەدەن‌و لای من وایە ئەگەر شاعیرە کۆنەکان لەسەر ئەم ڕێگایە بڕۆنشتنایە لە باتی

بڕوانە ل ـ٨ـ

کۆرتە چیرۆك

کورتە چیرۆك
عەبدولا سەراج
١٩٧٤



ناوچـــەوانە گرژەکـــەی پشۆکاوی درکاند . لەعاســـت دوکانەکـــەی پێچی کۆڵانەکـــە هەڵویستێکی کـــرد . گیرفانی پشکنی . دووسێ‌جار بە چەقی خۆیـــــدا خولایـــەوە . زیاتر کۆمایەوەو نیگای بـــە چـــەند هێڵێکی نارێکدا سوڕدا . لـــە دڵی خۆی نەفرەتی لە شارەوانی کرد کە بە تەنگی گەرەکەکەوە نایەت ، هەر چەندەش بە چەو هەڵڕژێنێك قایلن . سەرەڕای چـــاو پێ‌کەوتن‌و ســـــکاڵا هەڵواسین‌بەتەنافی ڕۆژنامەکانا هیـــــچ ئەنجامێك نەبـــوو ، دوو سێ هەنگاوی ناو سڵێـــکی کردەوە ، وەك دڵینا نەبێت لە پشکیننەکەی . یەکدووانێك لە سایەی دوکانەکەدا چەقی بوون بـــە هانایەوە هاتن ، ئەمانیش چاویان دوری‌یەخۆلە پەتانەکەی ڕێگاکە ، سێ لێرەو چوار لەوێ بووە قـــەرەبالغ ، هـــەریەکە لەعاست خۆیەوە ئەگەڕا . هەر بڕێك بیری بۆ شتێك ئەچوو. هـــــەندێك لای واپوو شتێکی بەهـــادار وون بووە بۆیە بـــە پەڕۆشەوە ئەگەڕان بـــۆ قووت دانی . هـــــەندێکی‌تر تەنهـــا خوریەکی مروفانە پاڵی پێـــوە ئەنان بۆ پشکنین . هی واش گێڕەوەیش بێ وەیان بۆ چوون وتێ ڕوانینی تایبەتی خۆیشـــی تێك هەڵکیش کردون ؟! ...)

براەر لێـــرەدا کـــەوتۆتە پرســـیار کردن بێ گومـــان پرسیار لە شتێ ئەکرێ کـــە نەزانرێ‌و زەینی ئـــەو کەســـە لەوبابەتەوە کـــول بێ ، ... لەگەڵ ئەوەشـــا ڕەخنەگری بەتواناو لێهاتوو وەك دروســـت کـــەرێك هـــەموو نهێنیەکانی بەرهـــەم دەرئەخات‌و دەســـتی بەخشندەی سوود بەخـــاوەنی بەرهەم ، ئەگەیەنی‌و خـــۆی بـــەلێپرسراوی نووســـینەکە ئەزانێ ، ئـــەو بەرهـــەمەی بـــەردەستیشی بەســـپاردەیەك ئەزانێ لەولایەنەوە کـــە لـــە خاوەنی بەرهەمەکە ڕۆشنبیرترە چـــەکی ڕۆشنبیرێتی لـــەو بەرهەمە ئەخاتە کارو لایـــەنی باش‌و لایەنی خراپی لێك جیا ئەکـــاتەوەو لەســـنوری خۆبەرستی‌و تاك ڕەوی شکاندن دەرئەچێ‌و بەرهەمەکە بەپوختی ئەخاتە بەردەستی خوێنەر ..

بـــەڵام بەداخـــەوە زوربەی ڕەخنەگرەکانی ئێمـــە لـــەپێش ئەوەدا بەرهەمەکە بخوێننەوە ، بریاری پاشـــقول لێکـــرتنی ئەدەن ، لە ڕاستیا ئەوە پاشقول لـــە بەرهەمەکە نیە ، بەڵکـــو پاشـــقولە لـــە خاوەنەکەی .. ئەگەر بێینە ســـەر مەسەلەی تێکەیشتن ئەبینین لەســـــدا نـــەوەد نـــە بەرهـــەمەکە نەگەیشتووە ، بـــەڵام بریاری داوەو ئەکەوێتە کەوڵ کـــردنی بەرهەمەکە .. مەگەر خاوەنـــی بەرهەم ئەو قسانەی هەر لـــەو بیستبێ‌و هەریـــەکەیان لـــە جیهانێکی دژوارا ئەخولێتەوە . کەخوینـــەریش ڕەخنـــەکە ئەخوینێتەوە جگە لـــە خۆ بایی بوونی سفری بۆ دانەنێ ..

ـ (ئەگەر لێرەوە دەســـت بەدینـــــە هەڵســـــەنگاندنی نووسینەکـــانی گێژاو دەبینن جگـــە لـــە چیرۆکی :ـ یادی هەڵبەستێکی لە بیر چوو ، و مردن ـ کـــە هـــەندێ قوول بونەوەیان تیایە ..)

من ناپرســـم لـــە بـــراەدەر مەبەست بەقوول بونەوە چیە ، چونکە سوور ئـــەزانم مەبەستی بێ ووشە ڕیز کردن‌و قونـــــە کردنی ڕەمزە لـــە ناو قەبرغەی ڕەمزا .. کاکی برا ! هەموومان تووشی ئەو نەخۆشی چـــاو لێ کەریە بووین‌و بەش بەحـــاڵی خۆم ئەوەی بەو جۆرە نووسیم بیبینێ بەڵکو گرنگ بۆ چوون‌و داهێنانی ئـــەو نووسەرەیە .. ئەگینا بیاوی واهـــەیە ســـەد حیکایەت لـــەزانێ ، بەڵام ئایا پێیـــان ئـــەوترێ چیـــرۆکی هونەری .. ؟

نووسەری بەتوانا ئـــەتوانێ بەسەرهات وێنە بکێ‌ڕێ‌و تیاشیا سەرکەوتوو بێ .. من لێرەدا پزسیارێ ئەکەم‌و ئەڵێم : کە تۆ چیـــــرۆکی (سێ دالان) ت نووسی ئایا هەموو میللەت باسی خەتەئەکردنی نەبیستبوو ؟ ئەی بۆچی وێنەت گرت‌و سێ دالانت لێ پێك هێنا ..

ـ (ئایا نووسەری گێـــژاو تەنیا گێڕەوەیەکی ڕوو داوەکانە وەك خـــــۆی‌و یان نەیتوانیوە گێڕەوەیش بێ وەیان بۆ چوون وتێ ڕوانینی تایبەتی خۆیشـــی تێك هەڵکیش کردون ؟! ...)

براەر لێـــرەدا کـــەوتۆتە پرســـیار کردن بێ گومـــان پرسیار لە شتێ ئەکرێ کـــە نەزانرێ‌و زەینی ئـــەو کەســـە لەوبابەتەوە کـــول بێ ، ... لەگەڵ ئەوەشـــا ڕەخنەگری بەتواناو لێهاتوو وەك دروســـت کـــەرێك هـــەموو نهێنیەکانی بەرهـــەم دەرئەخات‌و دەســـتی بەخشندەی سوود بەخـــاوەنی بەرهەم ، ئەگەیەنی‌و خـــۆی بـــەلێپرسراوی نووســـینەکە ئەزانێ ، ئـــەو بەرهـــەمەی بـــەردەستیشی بەســـپاردەیەك ئەزانێ لەولایەنەوە کـــە لـــە خاوەنی بەرهەمەکە ڕۆشنبیرترە چـــەکی ڕۆشنبیرێتی لـــەو بەرهەمە ئەخاتە کارو لایـــەنی باش‌و لایەنی خراپی لێك جیا ئەکـــاتەوەو لەســـنوری خۆبەرستی‌و تاك ڕەوی شکاندن دەرئەچێ‌و بەرهەمەکە بەپوختی ئەخاتە بەردەستی خوێنەر ..

بـــەڵام بەداخـــەوە زوربەی ڕەخنەگرەکانی ئێمـــە لـــەپێش ئەوەدا بەرهەمەکە بخوێننەوە ، بریاری پاشـــقول لێکـــرتنی ئەدەن ، لە ڕاستیا ئەوە پاشقول لـــە بەرهەمەکە نیە ، بەڵکـــو پاشـــقولە لـــە خاوەنەکەی .. ئەگەر بێینە ســـەر مەسەلەی تێکەیشتن ئەبینین لەســـــدا نـــەوەد نـــە بەرهـــەمەکە نەگەیشتووە ، بـــەڵام بریاری داوەو ئەکەوێتە کەوڵ کـــردنی بەرهەمەکە .. مەگەر خاوەنـــی بەرهەم ئەو قسانەی هەر لـــەو بیستبێ‌و هەریـــەکەیان لـــە جیهانێکی دژوارا ئەخولێتەوە . کەخوینـــەریش ڕەخنـــەکە ئەخوینێتەوە جگە لـــە خۆ بایی بوونی سفری بۆ دانەنێ ..

ـ (ئەگەر لێرەوە دەســـت بەدینـــــە هەڵســـــەنگاندنی نووسینەکـــانی گێژاو دەبینن جگـــە لـــە چیرۆکی :ـ یادی هەڵبەستێکی لە بیر چوو ، و مردن ـ کـــە هـــەندێ قوول بونەوەیان تیایە ..)

من ناپرســـم لـــە بـــراەدەر مەبەست بەقوول بونەوە چیە ، چونکە سوور ئـــەزانم مەبەستی بێ ووشە ڕیز کردن‌و قونـــــە کردنی ڕەمزە لـــە ناو قەبرغەی ڕەمزا .. کاکی برا ! هەموومان تووشی ئەو نەخۆشی چـــاو لێ کەریە بووین‌و بەش بەحـــاڵی خۆم ئەوەی بەو جۆرە نووسیم

دەربارەی چەند سەرنجێکی تایبەتی

سەلام مەغی

لە ژمارە (٣١٢)ی هاوکاری خۆشەویستدا براەدەرێك چەند سەرنجێکی تایبـــەتی خـــۆی بەرانبـــەر کتێبی « گێـــژاو » دەربڕی بوو وامنیش نووسینەـ کەی ڕســـتە بەڕســـتە شی ئەکەمەوەو ئەی خەمە بەرچاوی خوینەوەرانی بەڕێز ، چونکـــە هەر ئەوان حەکەمن ..

ـ (ئەو کارەساتانەی کـــە سەلام مەئمی گردوونیەتە ناوە ڕۆکی نووســـینەکەی ئـــەو کارەساتانەن کە هەموو میللەت بیستویانە . بەڵکو بە زۆری یا بەسەر خۆیان هاتووە یا بەبەر چاویانەوە ڕوویان داوە ..) .

منیش ئەڵێم :ـ ئەی چیرۆك نووسی بەســـەرهاتێ نەبیستێ‌و نەبینێ‌و سەرخۆی‌وکە سانی‌تر نەیەن ، چی بنووسێ ؟! بـــۆ کاکی برا ئەدەب وینەی واقیع ناگرێ ؟! ئەی بۆچی ئەدیبانی جیهان ئەڵێن :ـ تاقی کردنەوەو لە ناو کارەساتا ژیان ڕۆڵێکی گرنگیـــان بـــۆ سەرکەوتووی بەرهەمی ئەدیب هەیە ؟!! خـــۆ ئێمە (شەکسپیر)یش نین لە جیهانی خەیاڵا هەنگاو بنێین‌و لە هـــەمان کاتیشا سـەرکەوتوو نین .. ؟!

ئەگـــەر تۆ بەسەرهـــاتێ بەچـــاوی خۆت ببینی‌و منیـــش بەکوت‌و بچـــڕی بێنم ئینجـــا هـــاتین‌و وینەکەمان گـــرت‌و کردمان بە بەرهەمێکی ئـــەدەبی .. ئایـــا وێنەگرتنی کامـــمـــان ڕاستی‌و دڵسۆزی تیایە ؟

چکە لەمەش گرنگ ئەوەنیە هەموو میللەت ئەو بەسەرهاتەی بەمردووی دائەنێم .. ئەوانەی ئەو ئـــاوەیان بۆ ئێمـــە ڕشـــت پاشکەز بوونەوەو وازیان لـــەو ڕێبازە هێنا .. بەڵام من‌و تۆ ئێـــتاش پێ‌ی لێ ئەخشێنین هـــەتا پێمـــان هەڵئەخلیسکێ‌و ئەبین بەجێگەی تانەو تەشەری کۆمەڵ ...

ئەگەر چاوێك بە (القلعة الخامسة)ی فاضـــل عزاوی‌و (ذاکرة المدینة)ی عبدالرحمـــن مجیـــدو چیرۆکەکـــانی دوای (وەچەی یاسای خۆڵ‌و دۆ)ی حسین عارف‌دا بخشێنین بـــە ئاسانی ئەگەینە ئەنجام ..

چیرۆکی نـــەمرۆ شـــێوەو تەکنیکێکی جیاوازی هەیە . ئەو چیرۆکـــەی براەدەر بەساەدەی ئەزانێ‌و ئەڵێ گێڕانەوە دیوێکی تری هـــەیەو پێویستی بـــە بیر کردنەوەیە، بەڵام براەدەر دەرگای یەکەم ئەکاتـــەوەو ئەچێتـــە ژوورەوە ، ئـــەو دەرگایە بـــۆ خوێندەواری سادەیە . بـــەڵام کـــەدەرگای دووەم ئەکـــانەوە ئەکەوێتە گێژاوەوەو دەســـت ئەکـــات بەچنگـــە قژێ‌و مژمی زەینی ئەکوژێتەوەو هەر چـــەند ئەکات ناگاتە ئەوبەڕی، ناچاری بەبـــەلە پـــەل بـــەدوای خۆیا ئەگەڕێتەوە ..

چیرۆکی « زکـــریا ئامر »م خوینـــــدەوە بەناونیشـــانی « الجراد » ، چیرۆکەکە باســـی ئـــەوە ئەکات کوللە ئەیەوێت بدات بەسەر شـــارا ، هـــەتا خەڵکەکە ئەکەونە مژ مقـــۆو تەکبیر کردن کوللە شار داگیر

بڕوانە ل ـ ١١ ـ

کاتم هەر ئەوەیە کە ئەچمە سەر نامێری چاپکردن‌و دەست ئەکەم بە نووسین ، کەسانی تر هـــەن‌لەتەمەنی منداڵ ،تاقەتی ئەوەیان نیە تەنانەت جلەکانیان لەبەر خۆیان دابکەنن) .

ئەوەی سەبارەت « بریستلی »زانراوە ، ئەوەیە کە ڕەخنەگرو چیرۆك نووس‌و شانۆ نووسێکی ناسراوەو لەم سێ مەیدانـــــەدا ناوبانگی دەرکردوە ، ماوەیەك‌لە « کامبرج » بوو ، بە چـــەند وتارێکی ڕەخنەی ئەدەبی دەرگای ناوبانگی ناسینـــــی بەرووداکرایەوە ، دوای ئەوە لـــــە گۆڤاری « ڕۆژی شەممە » کـــە تایبەتی بوو بۆ ڕەخنەی ئەدەبی‌کاری کردوە ، ئینجا لە گۆڤاری « کۆتایی هەفتە »دا کە لە لەندەن‌دەر ئەچوو ئیشی کردوە .

« بریستلی » لە بەرهەمەکانیاوا ناسراوە کە وێنەی کەســـانی سەر شەقامەکانی بەریتانیا لـــەباری سەرنجی خۆیەوە بـــــە خوێنەرانی ئەناسێنێ .. یەکەم‌بەرهەمی سەرکەوتووی چیرۆکی « هاوڕێ باشەکان » بوو کـــــەلەساڵی ١٩٢٩دا نووسی .

پاش ماوەیەك خووی دایـــە نووسینی شانۆیی‌و ، دەرهێنەری ناسراو « نوبلوك » لـــە ساڵی ١٩٣١دا یەکـــــەم شانۆکەری « بریستلی » لەسەر شـــــانۆ پێشکەش کـــــرد ، دوای ئەوە چیرۆکی « خـــەو »ی نووسی ،لەگـــەڵ شانۆی « گۆشـــــەی ترسناك » و « سبەینی ماڵەوە »و « سەردانی موفەتیش » ئامادە کرد .

« بریستلی » لەژیـــــانی تایبەتیدا ، حـــەز بـــە گەشت‌و گەڕان ئەکا ، بە تایبـــەتی زۆرجار سەری لـــە ئەمەریکا داوە ، بەڵام ئەمە ماوەیەکە ، وازی لەم‌گەڕان‌و گەشتانەی هێناوە ... کە لەم بارەیەوە لێیان پرسی ،لەوەڵامدا وتویەتی :

(ئێستا تواناکەی جـــارانم‌نەماوە ..)

« بریستلی » لە زۆرێ‌ی باج‌لە بەریتانیا بەست بوەو ئەڵێ :

ئەم باج زیـــاد کردنە باری‌دارایی ژیانمی شیواندوە .

دوا شت کـــــە دەربارەی« بریستلی » زانراوە ، ئەوەیە کە ئێستا خەریکە چیرۆکـــــەدرێژەکەی « پیاوانی وێنـــــە » چاپ ئەکاتەوەو بەلای خۆیـــەوەئەم چیرۆکە بەهێزترین‌و سەرـ کەوتووترین بەرهـــــــەمی ئەدەبیەتی .

ئەم چیرۆکە کە ناوەڕۆکێکی‌کۆمیدی ڕەخنەگرانەی هـــەیە ، لەپێشەوە بە دوو بەش چـــاپ‌کراوە ، بەڵام لەچاپی تازەیـــدا هەردوو بەشەکە لەیەك کتێبـــدادەر ئەچێ .

ئەدەب لە دەرەوەی ستۆن

"بریستلی"



گۆڕینی : عبدالوهاب تاڵەبانی

نوسەری ناسراوی بەریتانیایی(جۆن پونیۆن بریستلی) کە بە (ج . پ . بریستلی) ناسراوە، نیازی وایە چیرۆکی نوێکـــەی کە بە ناونیشانی (خەونیکـــی‌خۆشە)وەیە چاپ بکاو نوسەر خۆی لەبارەی ئەم بەرهەمەیەوە ئەڵێ :

ـ باسی خەونیکی سەیرە کەخۆم بینیومە .

هەروەها بەم زوانە نوسەری‌ناوبراو چیرۆکێکی کۆمیدی کە بە ناونیشانی «ون بوو ، هەبوو»یان « شێوەی ژیانی ئینگلیزی » بڵاو ئەکاتەوە .

« بریستلی » سەبارەت بـــەم‌بەرهەمەی ئەڵێ :

(زۆر ڕۆژانی ژیانم لـــەمدواییەدا غـــەمو دڵتەنگی دای گرتوە ، بەڵام لـــەم چیرۆکـــەدائەو غەمو دڵتەنگیە نیە ، لەبەر ئەوە چیرۆکێکی بەراســـــتی کۆمیدی‌یە) .

« بریستلی » لەگـــــەڵ‌ڕۆژنامـــە نووســـــێکدا دواوە وتویەتی :

(ئەم هاوینە چیرۆکێکـــی‌تری گەورە چاپ ئەکەمو بـــە وێنە ئەیرازێنمەوە ، کـــــەسەبارەت بە ژیانی ئینگلیـــزە ، دوای ئەوەش خەریکـــــی نووسینەوەی مژووی ژیـــانی خۆم ئەبمو لەماوەی چەنـــــدمانگێکدا تەواوی ئەکەم) .

ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ ، کە ئەم‌نووسەرە لەگەڵ ئەوەشدا کـــە تەمەنی گەیشتوتە ٨٢ ســـــاڵ ،کەچی هێشـــــتا بەرهەمی باش بڵاوئەکاتەوە ، حاڵی حازر لـــەبەریتانیا چەندان نووسەری تر هەن کـــــە لەنیوەی تەمەنی« بریستلی » دان کەچی نیوەی ئەو بەرهەمیان نیە .

« بریستلی » لـــە « براد »ی‌هەرێمی « یورکشایر » لەدایك بوەو ئەمـــــاڵ ئاهەنگـــی‌داگیرساندنی مژمی ژمارە ٨٣ی تەمەنی گێڕا .

دەربارەی زۆرێ‌ی بەرهـــەمی‌ئەدەبی خۆی لەم تەمەنەیـــــدا وتویەتی :

(نازانم بوەستم ، حەز ئەکەم‌بەردەوام ئیش بکەم ، هەر چەند چالاکی ئێستام بە قەدەر ساڵانی‌رابوردوو نیە ، کەچی خۆشترین

Institut Kurde de Paris

میوانداری کۆشکی کۆماری

دوێنێ کاك حاتم عبدالرشید سەرۆکی [illegible] ی پێشەسازی حواردەمەنی لە کۆشکی کۆماری ئامادەبو [illegible] دەفتەری میوانداریا بە بۆنەی گەرانەوەی [illegible] نووسی هەروەها کاك ئەمیر یوسف [illegible] لە وەزارەتی شارەوانی وە مظهر احمد منلك [illegible] کارگەی چنینو ڕستن لە کۆشکی [illegible] وەبە بۆنەی چوونیانەوە بۆ دەرەوەو [illegible] نووسی .

سەرۆکی فەرمانده دەستی ڕێز لە [illegible]

سەرۆکی فەرمانده احمد حسن البکر [illegible] دەست [illegible] ڕەوشت بەرزیو چاوتێری خەڵاتی هاوولاتی عادل جسم خلف شوفێری ئۆتۆمبێلی کرێی کردوە .. [illegible] ئەو مرۆڤە ڕەوشت بەرزودەست پاکە هەزارو ٥٠ دیناری لە ئۆتۆمبیلەکەیدادۆزیوەتەوەو وەك [illegible] هەردو هاوولاتیەکی دلسۆز کەلە سەر ڕێی و شوینی [illegible] بوری نەمریو وەك کەسێکی باوەڕگەشی پێشمانی دەست پاك داویەتیەوە بەدەزگای کاروباری [illegible] ئاوبراویش پێشکەشی کە لە وەبەر مور کرابو .

ئەنجومەنی سەرکردایەتی، دوێنێ دوو ڕێکەوتنی پەسەند ئەکاتە

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش ڕێکەوتنامەی دامەزراندنی دەزگای بەرهەمهێنانی بەرنامەیی هاوبەشی ناوچەکانی خەلیجی عەرەبی مۆرکردکە وەزیرانی ڕاگەیاندنی ئەو ناوچانە لەکاتی بەکەمین کونگرەیانا کە لە دەولەتی میوانشینە یەکگرتووەکانی عەرەب دا لە ٤ی کانونی دووەمی ١٩٧٦ دا بەسترا ئیمزایان کردبوە . هەروەها ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش دانی نا بە ڕێکەوتنامەی دامەزراندنی کومپانیای کارگوزاری نەوتی کە وەبەر مور کرابو .

سەرۆکی فەرمانده: من بە هەڵەدا چوم کە هەڵەم بە هەڵەیە

ڕۆژی دو شەمەی ڕابوردو سەرۆکی فەرمانده احمد حسن البکر سەرانێکی لە سەیرانگای زوراء بردەسەر ، وە لەو ماوە کەدا بە شێوەیەکی خۆمالیانە لەگەڵ خەڵکو جەماوەرەکەدا دوا ..

سەرۆکی فەرمانده ساوەی سەعاتێك بەناو باخچەکاندا گەڕاو بەخەڵکی وت چەندەبەختیارم کە ئێوە بە بەختیاری ئەبینمو ئەم شوێنە لە هەواو کەشی لەشکرەوە کراوە بەم باخچە سەوزو سورە دلگیرە ..

باسی ئەوەی کرد کە ڕابوردوی [illegible] سەری هوردوگای (وەشاش) بوە .. دوای ئەوەی [illegible] بەغدا فراوانبو هوردوگاکە گوزراپەوەو [illegible] ئەمشەو مانگدا کرا بەم باخچە جوانە ..

تیپێکی موسیقای گەلی ئەنجامدارێتی باخچەکە ئەنجامیکی دلگیریان لێدا وخەڵکێکی زۆر [illegible] چاك چونی کردنی سەرۆك .. بەڕێکەوت ڕۆژنامەنوسێکی هیندی لەوێ بو وتی لای ئێمە لەهیندستان بەڕێزتان بە [illegible] کردەیەکی دیاری عەرەبشەزانن ، وە ئێوە یەکەم بەرگری کەرن بۆ ڕزگاری مەسەلەی فەلەستین بە [illegible] وە کە هەندێك لایەنی ڕیگای خۆیەدەستەوە دان [illegible]

ئێمە مەسەلەی فەلەستین بە مەسەلەی چارەنوس ئەزانینو بەردەوام لەپێناویا ئەکۆشین .

ئاڤرەتێك بە منالەکانیەوەهات و سکالای خۆی بۆ کرد ، پیاوەکەی لێی دورکەوتەوەو بی کاس بەجێی هێشتووە .. سەرکۆماری فەرمانی کرد ئیشی بدرێتێ و خانویەکی لە خانوی بێوەژنەکان بدرێتێ .

کاربەدەستێکی تایبەتی نامەو سکالای هاوولاتیانی کۆ کردەوەو پێشکەش بەسەرۆکی ئەکرد .

لەدەواری گەشتو گوزارەکانا فنجانێك قاوەی خواردەوەو باسی ئەوەی کرد کە لەڕابوردا عەرەب لەدەوارا ئەژیان لەکاتێکدا کە کۆچەرەبون ، وەباسی ئەوەی کرد کە چۆن ئەم دەوارە بساران داناداو بەرگەی هەواویش ئەگرێ .

لەگەڵ ڕویشتنی سەرۆکاخەڵکەکە بە جەماوەر بەرێیان کردو منالانسرودی قوتابخانەیان بەشوێندا ئەخوێند .

یاساکە هەنگاوێکی پێشەنگ بو بۆ ڕێکخستنی مولکایەتی کشتوکاڵ لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دا

ڕاپورتی سیاسی هەشتەمین کونگرەی قوتری حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب بەوردیومەوزوعیانە، شوێنەواری دژوارو سامناکی جیاوازی نێوان شارولادێی دیاری کردوە ، وە لەناو چوار چێوەی گۆڕانکاری بنیاتنانی سوشیالیستیدا گرنگی کەم کردنەوەی ئەم جیاوازیەی لەسەر ڕیگای بەپێ کردنی دەست نیشان کردوە ، بەهۆی ئەو نەخشەو بەرنامەکانیو هاوناوەندیو درێژخایەنانەوە .

ڕاپورتی سیاسی ڕوالەتێکی ئاشکرای مەسەلەی کشتوکالی خستۆتەروو [illegible] کردنی چارەسەر کردنی [illegible] بەشێوەیەکی قول وبەپێی باری [illegible] سەرنجی سوشیالیستی شۆڕشگیرانەی حزب یەکەمین کاری سەرەکی یە ..

ئەم کردارە هەروەکو ڕاپورتی سیاسی دیاری کردوە یەکەمین کارێکی گرنگو پێویستە کە هەرلەسەرەتاوە ڕوبەڕوی شۆڕش بۆتەوە .

هەربەم پێیەشۆڕش دەسکاریەکی تەواوی یاسای چارەسەرکردنی کشتوکالی کۆنی کرد کە لە سالی ١٩٥٨دا دەرچوبو . ئەو دەسکاری کردنەش لە ٢٠ی ئایاری سالی ١٩٦٩ دابوو کە پەشی دەرەبەگەکانی نەبژاردەوە .. کەیاسای کۆن ماوەی بەدەرەبەگەکان ئەدا بەشە زەوی وزاری خۆیان هەلبژێرن ..

دوای ئەوە شۆڕش یاسایەکی تازەی تری چارەسەرکردنی زەویوزاری دەرکرد بەناوی یاسای ژمارە (١١٧)ی سالی ١٩٧٠ کە ئەویش ئاستی ملکدارێتی نزمترکردەوە وبنکەیەکی نوێی بۆدابەش کردنی زەویو زاردامەزراند ، بەپێی باری بەرهەم هێنانی کشتوکالو پێویستیەکانی .

جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە بەهۆی کردەوەی سەرکردەکانی تاقمە تاوانبارەکەوەکەزوربەیان دەرەبەگو کۆنەپەرست بون وەقازانجیان لەگەڵ قازانجی جەماوەری فەلاحدارێ نەئەکەوت کەلەنێك کیروگرفت هاتە سەر ڕێگای ..

[illegible] بەهۆی [illegible] ئاشتیو ئاسایش بۆ هەموو زوروی وڵاتشۆڕش زۆربەیەخی بە ناوچەی ئۆتۆنۆمیداو هەموو توانای خۆی بۆخستەکار ..

شۆڕش هەموو ڕوالەتەکانی ئەم ناوچەیەی گۆڕی بۆ ئەوەی شوێنەواری دواکەوتنبسرینەوە کە بەهوی ئەورۆژگارە تایبەتیەوە ڕویدابو وەبێگانە یەکسانیەکی مەوزوعیانە لە نێوان هەموو ناوچەکانی وڵاتدا .

مەسەلەی کشتوکال لەناوچەکەدا زۆربایەخی پێدراوە حزبو شۆڕش بەوردی سەرنجی باری پیشکەوتنی کشتوکالیان داوە .

لە ٢٥ی مانگی ئایاری سالی ڕابوردوا یاسای ژمارە (٩٠)ی تایبەتی لەبارەی ڕێکخستنی ملکدارێتی کشتوکالەوە لەناوچەکەدا دەرچو .

ئەم یاسایە کە پێرێ یەکەمین بیرەوەری دەرچونی یاسای ژمارە (١١٧)ی سالی ١٩٧٠ کە ئەویش ئاستی ملکدارێتی نزمترکردەوە وبنکەیەکی نوێی بۆدابەش کردنی زەویو زاردامەزراند ، بەپێی باری بەرهەم هێنانی کشتوکالو پێویستیەکانی .

جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە بەهۆی کردەوەی سەرکردەکانی تاقمە تاوانبارەکەوەکەزوربەیان دەرەبەگو کۆنەپەرست بون وەقازانجیان لەگەڵ قازانجی جەماوەری فەلاحدارێ نەئەکەوت

بەبۆنەی یەکەمین بیرەوەری دەرچونی یاسای ژمارە (٩٠)ەوە

١٥ ملیون دینار بۆ ڕێگاوبان

ئیستا بڕۆژەی چاك کردنو فراوان کردنی ڕێگاوبانی پارێزگای بابلو کەربەلا بەدەستەوەیە کە درێژی ٣٠٠ کیلومەترەیە، ١١ ملیونو ٧٤٣ هەزار دیناریان تێئەچێ ..

پەرزەبەری اشغالی پارێزگای بابل وتویە ئەوڕۆژانەی ئیستا بە دەستەوەن لە پارێزگاکەدا لە قوناغی دووەمی ڕێگای نێوان حلە [illegible] کە ٤٠ کیلومەتر [illegible] ون دینار تێ [illegible] ای نێوان [illegible] نیەوسەلی ٥٥ کیلو [illegible] یەو دو ملیون دیناری تێئەچێ . ئەوڕێگایە کە مەحتیە پەشوملی یەوە تەبەستن ٣٠ کیلومەترەیەو ملیونێك دیناری بۆ دانراوە .

ئیستا خەریکی چاك کردنی ڕیگای نێوان لە – دولاب – مەحتیە [illegible] درێژی ٣٠ کیلومەترەیەو ٧٥ هەزار دیناری تێئەچێ لەگەڵ ڕێگای نێوان هندیە – رجیبة – خان الربع .. بەدرێژی ١١ کیلو مەترە بە ٣٥٠ هەزار دینار بۆ ئەوەی قەزای هیندیە بەڕێگای کەربەلاو نەجەفەوە ببەستێ .

وا چاوەڕوان ئەکرێ لە ئاهەنگەکانی جەژنی تەموزی داهاتودا هەردو ڕێگای ناوبراوبکرێتەوە .

لەم دواییەدا دەست کراوە بە کردنەوەی ڕوکاری دووەمی ڕێگای نێوان حلەو کەربەلا .

بەڕێوەبەری اشغالی پارێزگای کەربەلا وتی : ئیستا چاکردنی ڕیگای کەربەلاو عین التمر بەدەستەوەیە ، کە ٧٨ کیلومەتر درێژەو ملیونیکو ٧٥٠ هەزار دیناری تێ ئەچێ .. لەگەڵ ڕوکاری دووەمی ڕیگای نێوان بەغداو کەربەلا ئەویش ٤٣ کیلومەتر [illegible] ملیونیکو ٥٠٠ هەزار دینار بۆ دانراوە . کارکەی ئەسفلت دامەزرا لەسەرڕیگای کەربەلاو نەجەف کە هەرسەعاتێك ٨٠ تەن ئەسفلت دروست ئەکات وە ١٣٣ هەزار دیناری تێ چووە .

شەقامەکانی پەسرە لە ناو چەوگەرەکە جۆربەجۆرە کانی شاردا قیرتاو ئەکرێن ئیستا

وەزیری ڕاگەیاندن کۆنگرەی هەشتەمی کۆمەڵەی هونەری تەشکیلی کردەوە

بەیانی ڕۆژی یەکشەممەی ڕابوردو بەڕێز مامۆستا طارق عەزیز وەزیری ڕاگەیاندن هەشتەم کۆنگرەی کۆمەڵی هونەری تەشکیلی وڵاتانی لەژێر دروشمی « هونەرمەندی بەرز بەشداری بنیات نانی کۆمەڵی ئەکات » کردەوە .. نوێنەرانی لیك لەوڵاتانی عەرەبو جیهان بەشداری کۆنگرەکەیان کرد .

● **وتاری بەڕێز وەزیری ڕاگەیاندن .**

لە ئاهەنگی کردنەوەی کۆنگرەکەدا بەڕێز مامۆستا طارق عزیز وەزیری ڕاگەیاندن وتارێکی خوێندەوە ، لە وتارەکەیدا وتی : شۆڕش لەم نیشتمانە دێرینە ڕەسەنەدا لە سەرکردایەتی سەرۆکی فەرمانده تێکۆشەر احمد حسن البکر ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەمەیانی ئابوریو کۆمەڵایەتیو ڕوشنبیریدا هەنگاوی پێشکەوتن دەنێت ، ئیستا هەستی بەوەکردوە کە دەبێت بێوچان تێکوشێت تا کەلێنی ئەو دواکەوتنو بەجێمانەی سەردەمی ئیستعمارو ژێر دەستی بەسەری هێنا بو پڕی کاتەوە بەو هیوایەوەیە کە هەمو هەلو توانایەك دەخاتە پێش هەمو بەهرەمەندێکی لێهاتو تا لەمەیدانی داهینانداپێشکەوێتو درێغی نەکات ئەویش لەپێناو بنیاتنانی شارستانیەتیەکی عەرەبی پر داهێنانی وادا کە بەشداری لە دروست کردنی جیهانێکی نازەدا بکات هەروەها وتویەتی : هونەرمەندانی وڵات لە تەقینەوەی شۆڕشی ١٧ی تەمموزەوە چالاکانە بەشداری ڕێبازی پێشکەوتنی وڵاتەکەیان کردوەو هەمو ئوزانو سەرکەوتنی هونەری تەشکیلیکانی وڵاتان وتارێکی خوێندەوە ، وتی : لە کانگای دلمەوە سوپاسی ئەو هەلە ئەکەم کە حکومەتی شۆڕش و هەمو هونەرمەندانی عیراق بۆی ڕێکخستین کە هەمو ئەو ئارەزو نیازانەی هەمانە لەم کۆنگرەیەدا دەربڕین .

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ڕۆژنامەی (دی ئار سی هایمن) سەرۆکی بەشی هونەری و ڕۆشنبیری لە ڕێکخراوی یونسکۆدا وتاریکی خوێندەوە ، لە وتارەکەیدا سوپاس و ستایشی ڕێکخراوەکەی بەرامبەر حکومەتی شۆڕش نیشان داوە ، کە بەدڵفراوانی یەوەو میوان دۆستی یەوە ڕێکایداوەکۆنگرەکە لە بەغدادا بگێڕێت . دوای ئەویش بەڕێز مارشال مالاکزلا سکرتیری گشتی کۆمەڵی هونەرمەندە تەشکیلیکانی وڵاتان وتارێکی خوێندەوە ، وتی : لە کانگای دلمەوە سوپاسی ئەو هەلە ئەکەم کە حکومەتی شۆڕش و هەمو هونەرمەندانی عیراق بۆی ڕێکخستین کە هەمو ئەو ئارەزو نیازانەی هەمانە لەم کۆنگرەیەدا دەربڕین .

سەرۆکی فەرمانده: من بە هەڵەدا چوم کە هەڵەم بە هەڵەیە

لەسەرەتایەوە

(برای ڕۆشنبیری نوێ نابێ کۆڵ بدەیت)

گەلەکەمان چاوەنواڕی نوسینتانەو نوسینی ئیوەی ڕوشنبیر ومانی تیدائیەخزمەتی ڕاستە بۆ ئەم گەلە . جارجار پێویستی دەزانم کە بنوسم بڕوایشم وایە کە نوسینی باش کەسودی تیدابیت بۆ گەلەکەمان ڕێکەی بڕێدراوەو کەسێکیش نزیکەی نوسین بکرێت . بەڵام هیندێجار نوسەر بەکەرەمی قەلەم دەخاتەکار تاوتاو خوی لەبیر دەچێتەوە لە جوارچێوەی سەوری خوی دەترازێتو هێندی مەبەست دێنێتەکایەهێشتا کاتی خەملینی نەهاتوە ڕەهێنکەی نوسینەکەی بێ لەنکەدەکات .

یاسای ئەمڕۆی کار بەدەستانی کومەاری عیراق بایەخیکی بێمنوری داوە بەوێژەو هونەری نوسینو هونەری تر . ڕێگەی نوسین کراوەیە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە مانی ڕێبازی ئەمڕۆی عیراقیان لا پەسەندە

ئەوروپا لە بواری (پاشماوە)

جیاوازی بنەڕەتی سیاسی لە وانەیە تەنیا هوی ڕزگارکردنی ئەوروپایێ لەوەی نەکەوێتە بەرشەبۆل تاقی کردنەوەی ئەمەریکاوە . ئەم بڕچونەش هیشتا لە چوارچێوەی « بونو نەبون »دا ، کە بڕیتیەلەوەی ئەگەر ڕیگونجێ دەسەلاتداریەتی لە ئەوروپا لەدەست ڕاست ڕەوکۆنە ویستەکانەوە بچێتە دەست سۆشیالستو چەپڕەوە معتدلەکان .

ڕێبازێکی سەرکەوتوانە

– باوکی شیرین –

● خوێنەری خۆشەویست .. لەگەڵ هەنگاوی بەرەوپێش چونو سەرکەوتنی بەردەوامو بڕوچاندا ، بزاڤی ڕەوەی پێشکەوتنخوازی ونیشتمانی لە ژێر سایەی سەرکردایەتی حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبدا ، لە ڕێبازی پێشکەوتندا بەرەوپێش هەنگاو دەنێت .

● ئەوە بو لیژنەی بەرزی بەرەی نیشتمانیو نەتەوەیی پێشکەوتنخواز لەو کۆبونەوەیەدا کە ماوەیەك لەمەوبەر بە سەرۆکایەتی عەدال صدام حسین کردبوی زوربەی ئەو بڕیارە گرنگانەی لە کۆبونەوە هاوبەشەکەی هەردوو سەرکردایەتی نەتەوەیی و قوتری حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ڕۆژی ٩ مانگی ئایاری سالی ١٩٧٦دا دەری کردبو باس کران .

● لیژنەی بەرزی بەرەی نیشتمانی سەرجەمی ئەو بڕیارانەی هەلسەنگاندوەو بەهەمو توانایەکیەوە لایەنگری ئەو بڕیارانەی کردوە بەو بڕیەی ئەو بڕیارانە بەربەرج دانەوەیەکی ڕاستەوخۆی ئەو دۆخە ناهەموارو ناڵەبارو چەوتەیە کە وڵاتانی عەرەب دوچاری بونو بڕیارەکان بەرگریەکی تەواوی ئەو باشەکشی کردنەیە کە لە نەخشەو پیلانە گلاوەکانی مایەی ئەو هێزو توانایەیە کە نەخشەو پیلانە گلاوەکانی ئیمپریالیزمو زایونیزم نەتوانن جەماوەر چاو ترسین بکەن . بڕیارەکان ئەوەیان سەلماندوە کە دۆخێکی ئەوتۆی لەباری شۆڕشگێرانە بۆ جەماوەری عەرەب دروست دەکات ، کە بتوانن ئەوان جلەوی کار بگرنە دەستو ئەوان دەست پێشکەری ئێکۆشان بکەن .

● بێگومان ئەم هەلویستەی بڕ مەترسی هێزی نیشتمانی وڵاتەکەمان ڕوبەڕوی بون ، بەلتەیەکی تری ئا [illegible] ادارییو [illegible] کاری خۆکردنە ، ئەم هەویستەوا لە جەماوەری نورد ئەکات کە بڕ سێو دوو کردونو ڕازایی خۆی بە سەرکردایەتی شۆڕشی ١٧ی تەمموز بسپێری لەبەرەو ڕوچونو پوچەل کردنەوەی پیلانەکانی ئەمپریالیزمو زایونیزمدا .

● ڕۆژ بە ڕۆژ ڕۆلی عیراقی شۆڕش لە ناو خێزانی دەولەتاندا بایەخدارو گرنگتر دەبێت و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر وڵاتانو گەلانی دنیا شارەزای ئەو ڕۆڵانە شۆڕشگێرانەیە دەبن کە لەم وڵاتە نازادەدا ڕوو دەدات .

● بەو بۆنەیەوە وەفدی حیزبی سۆشیالیستی پورتۆریکو لە سەردانەکەی ئەم دوایەدا زۆر ستایشی ئەو دەستکەوتە گەورانەی کردوە کە وڵات لەژێر سەرکردایەتی حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبدا بەدەی هێناوە .

● بەگشتی هەمو گەلی عیراقو گەلی کورد بەتایبەتی ئەمڕوکە شت باری سەنجیان بۆ ئەو هەرەوزە گەورەیە چوە کە لە مەیدانی قەلاچۆکردنی نەخوێندەوەریدا دەکرێت .. ئەم هەرەوزە لە ڕوانگەیەکی ستراتیجی کاملی تیرو تەسەلەوە بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری بەریا کراوە کە ئەویش لەبەر ڕۆشنایی ڕاپۆرتی سیاسی هەشتەم کۆنگرەی قوتری حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبدا هاتۆتەدی .

سەیران کچە هونەرەندە (پاشماوە)

پێنادەن .. بەڵام هیوادارین ئەوەی داهاتومان زۆرتر هونەر دۆست بێو هەمو بابەتێکی هونەری یان خۆش بوێ ..

● **چۆن ئەو هونەرەندانە ئەبینی کە ئۆرانی کوردی لە سەر ئاوازی ڕۆژئاوایی ئەڵێن ..**

– وابزانم کەمکەس حەزبەو جۆرە ئۆرانیو ئاوازانە بکەن ، من خۆم ئۆرانی میللی بەرەسەنو بەهادار تر ئەزانم .

پ. هاوکاری

ئ. دهوك

Institut Kurde de Paris

بەستنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بە رێگای ئاسنین و وشکانی و ئاسمانیەوە

بەم زوانە دەست نەکرێ بەکردنەوەی چەند فرۆکەخانەوراکێشانی رێگای ئاسن بەناوچەکانی ژوروی ولاتدا بۆ ئەوەی گەشتو گوزارەچیەکان بەئاسانی بتوانن هاتوچۆی تیا بکەن ٠

سەرچاوەیەکی لێپرسراو وتویە : وەزارەت هێلێکی تازەی بەگشتی و ناوچەی ئوتونومی لەوەزارەتی گواستنەوە بە رێگای شەمەندەفەر لەنێوان بەغداو کەرکوک و هەولێردا رائەکێشێ ٠٠ وە ئەی بەستێ بەشاری موصلەوە ٠٠ هەروەها ئەو لقەش ئەگۆڕێ کە شاری باقوبە بە خانەقینەوە ئەبەستێ٠

هەروەها وتویە : ئەم پرۆژەیە کە لێکۆڵینەوەی سەرەتایی تایبەتی تەواوبوە ئەمە هانی کەشت و گوزارچیەکان ئەدات و قەوارەی گواستنەوەو هاتوچۆکردن زیاتر ئەکات ٠٠ جگە لەوەی کە ئەرکی بارگواستنەوە لە ژوروەوە بۆ خوارو بە پێچەوانەوەش ئاسانتر ئەکات ٠٠٠ وە دیسان ئەبێتە هۆی زۆربونی بەرووبومی ئابوری لە هەمو وڵاتا

بەڵام پرۆژەکانی کومپانیای گشتی گواستنەوەی وشکانی ٠٠ کومپانیای ئاوبراو نیستا خەریکی دروست کردنی مەلبەندو گەراجی ئوتومبیلەکانە لەشاری موصل بۆ گواستنەوەی بەرووبوم و کەلوپەل بۆ ناوچەی ئوتونومی ٠

هەوڵدانی لە ناوبردنی نەخوێندەواری بە لگەیەکی مەبدئیە

ئێستا لە ناوچەکانی ئوتونومیدا خەریکی خۆئامادە کردنن بۆ هەوڵدانێکی نیشتمانیانەی تەواو لە بارەی نەهێشتنی نەخوێندەواری بەوە ، ئەسەرکەوتنی لەبەر روناکی راپورتی سیاسی هەشتەمین کونگرەی قوتری حزبی سەر- کردەدا ، وە بۆ ئەم مەبەستە لە هەردو پارێزگاکانی هەولێر و دهوك چەند کۆبونەوەیەکی رەسمی و ئەلی بەستراوە ٠

راپورتی سیاسی ئەوەی دەست نیشان کردوە کە نەخوێندەواری بەشێوەیەکی فراوان بەناو هاوولاتیەکانا تەشەنەی کردوە ، وە بەتایبەتی لە لادێکانا ، کە ئەمەش بە ئەوەرە ترین گیروگرفتی سەر رێگای پێشکەوتنی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی دائەنرێ لە وڵاتا ٠٠ ناتوانرێ پلەی زیانی جەماوەر لەم بوارانەدا بەرزتر بکرێتەوەو سەر لە نوێ کۆمەلگایەکی پیشکەوتوی شورشگیر دابمەزرێ کە بتوانی کیروگرفتە هاوچەرخەکان بنەبڕ بکات و ئاوانی کەل بێنیتەدی ئەگەر شوێنەواری ئەم نەخوێندەواریە لەناو نەبرێ ٠٠ ئینجا لەبەرئەوە نەهێشتنی نەخوێندەواری رێگای رانی لە خەباتی شورشگیرانەی جەماوەردا ئەرە چونکە لەبنەڕەوە پەیوەندیەکی ریشەداری بە ئەسەلەی پێشکەوتنی وڵات و مرۆڤایەتیەوە هەیە و ئەتوانێ شوێنی میژویی خۆی پڕ بکاتەوە لە پێناوی دروستکردن و دامەزراندنی دوارۆژێکی شورشگیرانەو بەختیاردا ٠

نەهێشتنی نەخوێندەواری لەناو جەماوەردا ئەو توانا و لێهاتنەی کە نەخوێندەواری رای وەستاندوە کۆی کانەودو لە پێناوی بنیات نان و پێشکەوتن و پارێزگاری وڵاتا ئەیخاتە کار ٠ تەشەنەکردنی نەخوێندەواری میراتی دەسەلاتداریتی ئیستیعمارە ، بۆ ئەوە بوە کە جەماوەری کەل بە هەژاری و دراکەوتویی بمێنێتەوەو ئەویش بەئاسانی بتوانێ بەسەریانا زال بێ و وڵات هەمیشە لەژێر دەسەلاتی خۆیا بهێڵێتەوە ٠٠ ئینجا دیسان لەبەرئەمەیە کە قەلاچۆ کردنی ئەم ئەهامەتیەو بنبڕکردنی بەشێوەی یەکجاری و زانستی کرنگی چولانەوەی شورشگیرانەیە بەو ئامانجەی کە :

● رزگارکردنی هاوولاتیان لە تاریکی نەخوێندەواری و باشکەوتن ، وە سەلماندنی مرۆڤایەتی کە لە ماوەی کار کردنیاو نێوان ئاخوازیەکانی کۆمەڵ و گۆڕانە هاوچەرخیەکان بێتەدی ٠

● بەرزکردنەوەی پلەی بەرهەم هێنانی هاوولاتیان بەو شێوەیە کە هاوولاتیەکی خوێندەوار بەرهەمی لەهاوولاتیەکی نەخوێندەوار زۆرترە٠

ئەو خۆ ئامادەکردنەی ئیستا ئارچی ئوتونومیدا هەیە بۆ دەست کردن بە هەوڵدانێکی نیشتمانیانەی تەواو لە بارەی نەهێشتنی نەخوێندەواریەوە ، ئەو ئیشانە ئەدات کە بێویستە بەرەنگاری واقیعی نەخوێندەواری بکرێ لەناو جەماوەری کوردا ، وە ئارەزوەکانی سەرکردایەتی حزبو شورش بێتەدی لە بارەی رزگاری نیشتمانیانەی رواڵەتی ناوچەکەوە لە بواری ئابوری و ئیداری و رۆشنبیریدا ٠

جێبەجێ کردنی بەرنامەی ئەم هەوڵدانە نیشتمانیە لە ناوچەی ئوتونومیدا زرۆڤێکی زاتی و مەوزوعی دینێتە کایەوە کە پلەی ئابوری و کۆمەلایەتی و سیاسی تیا گەشە بکات و چەندان نەخوێندەوار ببنە خاوەن توانای هوشیاری تازە کە پێنە بارسەنگێکی نوێ بە رۆشنبیری تێکرای کۆمەل ٠

هەروەها سەرەنجی زانستی شورشگیرانە کە حزب بەرنامەی ئامادەزراندوە بۆ هێنانەدی ئەوەیە کە :

١٩٠٦

کۆنگرەی دوەمی هەرەوەزکاری کشتوکال

رۆژی یەکشەمەی داهاتو دوەمین کۆنگرەی هەرەوەز کاری کشتوکال ئەبەسترێ ٠٠

رۆژی یەکشەمەی داهاتو دوەمین کونگرەی هەرەوەزکاری کشتوکال کە وەزارەتی کشتوکال و چارەسەرکردنی کشتوکال ئامادەی ئەکات لە بەغدا ئەبەسترێ و ماوەی شەش رۆژ ئەخایەنێ ٠٠

کونگرەکە لە بارەی جولانەوەی هەرەوەزکاری و جۆری گۆڕینی هەرەوەزکاریە کشتوکالیەکان بە کۆمەڵەی کشتوکال ئەدوین ٠٠ ئەم رێبازە دەسەبەری بەرزبونەوەی ئاستی کۆمەلایەتی و روشنبیری ئەندامانی هەرەوەز کاریەکان ئەبێ ئامیرو کەرەسەی پێویستی کشتوکالیان بۆ ئامادە ئەکات ٠

هەروەها کونگرەکە باسی گەلیك لەوبابەتانە ئەکات کە پەیوەندی بە چالاکی هەرەوەز- کاریەکان و یارمەتیدان و بازاری هەرەوەزکاری و سەرمایەو گوڕینی جۆری بەرهەم هێنان و بیشەسازی کردنی لادێکانەوە هەیە ٠

وە لە کونگرەکەدا چەند باس و لێکۆڵینەوەیەك لە بارەی واقیعی جولانەوەی هەرەوەر- کاری کشتوکالیەوە لەوڵاتدا ئەخرێتەروو ٠

دەزگاکانی گواستنەوە دەسکاری موچەی کرێکارانیان کردوە

دەزگاکانی گواستنەوە تا ئیستا دەسکاری موچەی مانگانەی (٢٣٧) کریکاری تەکنیکیان کردوەو موچە هەمیشەیەکەیان (اسمی) کراوە بە ٤٠-٤٥ دینار ٠

مانگانەی ئەو کرێکارانە لەمەوبەر موچە هەمیشەیەکەیان (اسمی) لە ٢٥-٣٠ دینار بوە ٠

لە هەفتەی رابوردودا کۆبونەوەیەکی هاوبەشی لە نێوان نوێنەرانی نەقابەی کشتی کرێکاران و موستەخدەمەکانی گواستنەوەدا و لێپرسراوانی دەزگاکانا کراوە ، لەسەرئەوە کۆڵاونەتەوە کە باشترین رێگا بۆ ئیش کردن ربەرهەم هێنان دابین کەن و هاریکاری نێوان بەرێوەبەریەکان و نەقابەکانا بە هێزتر بێ ٠

*

چەند رۆژێکی تر تاقی کردنەوەی کۆتایی دەست پێ ئەکات ٠٠

لە سەرەتای مانگی داهاتودا، تاقی کردنەوەی کشتی (بکالوریا) ئەسەرەتای پلەکانی خوێندن و دراسەی پیشەیی لە ئەنجام دەست پێ ئەکات کە (٣٦٥) هەزارو (١٨٠) قوتابی کوروکچ تیا بەشدار ئەبن ٠

ژمارەی ئەو قوتابیانەی پلەی خوێندنی سانەوی کە لە ١٠ی حزیرانی داهاتودا بەشداری تاقی کردنەوەکە ئەبن ئەگەنە (٥٤٥٠٠) قوتابی کوڕو کچ ٠٠ وە قوتابی قوتابخانە ناوەندیەکان لە ئەوەی ٩ی هەمان مانگدا دەست پێ ئەکات ئەگەنە (١٨٠) هەزارو قوتابخانە پیشەییەکان کە ئەویش لە ١٠ی مانگدا دەست پێ ئەکات ئەگەنە (٦٦٨٠) قوتابی و هێنی سەرەتایەکانیش کە لەسەرەتای مانگی داهاتودا ئەبێ ئەگەنە (١٩٦) هەزار قوتابی کوڕان و کچان ٠

هەڤاڵ

سعد قاسم حمودی چو بۆ پرتوئال

پێری هەڤاڵ سعد قاسم حمودی ئەندامی مەکتەبی راگەیاندنی ئەتەوەیی بەرەو شاری لەشبونە کەوتە رێ تا لەکۆڕی ئەنجومەنی ئاشتی خوازانی پورتوگالدا نوێنەرایەتی حزبی بەعسی سوشیالستی عەرەب بکات ، ئەم کۆڕە بۆ پشت گیری گەلی عەرەب رۆژی سێ شەممەی داهاتو ئەبەسترێ و لەژێر دروشمی « ئاشتی و دادپەروەری » دا لە رۆژهەڵاتی ناوەراستا ئەبێ ٠

ئەم هاوێنە قوتابیان لە کارگە پیشەسازی یەکانا ئیش ئەکەن

یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق لە پشووداتی هاوینەدا هەرەوەزێکی میللی لە کارگە پیشەسازیکان و دیهاتەکانداو بۆ قوتابیان رێك دەخات ٠

یەك شەممەی رابوردو سەرچاوەیەکی ئاگادار لە مەکتەبی ئەنفیزیی یەکێتیدا ئەوەی راگەیاندوە ، کە هەرەوەزەکە هەمو قوتابیانی وڵاتی تیا بەشدار بەبی وە بە شێوەیەکی راستەوخۆ بەشداری زۆر کردنی بەرهەم و قەلاچۆ- کردنی نەخوێندەواری دەکەن لە لادێکاندا ٠

هەروەها سەرچاوەکە رایگەیاند : وە ئەبێ قوتابیان تشینەکان ئەنیا فیری خوێندنەوەو نوسین بکەن بەڵکو رادەی شارەزاییان لە مەیانی ئەندروستیدا زیاد بکەن و فێری ئەوەیان ئەکەن کە چۆن حزیان لە زۆر نەخۆشی بیارێزن و چارەسەری هەندێ رێوشوێنی سەرەتایی دەردو نەخوشی بکەن ٠

نەقیبی رۆژنامەنوسەکان

سوپاسنامەی نەقیبی رۆژنامەنوسەکانی وینای پێگەیشت

کاك سعد قاسم حمودی نەقیبی رۆژنامەنوسەکان سوپاسنامەیەکی لەملحم کرم نەقیبی رۆژنامەنوسەکانی وینا ئەوە پێگەیشتوە ، کە بەرامبەر ئەو بروسکەی پرسەیەیە بەبۆنەی شەهیدبونی رۆژنامەنوس « ئەدورد صعب » وە ناردبوی ٠

زیادکردنی ئوتوموبیل بۆ هاتووچۆکردن

ئەنجومەنی ئەخشە کێشان سەبارەت چارەسەرکردنی تەنگو چەڵەمەی هاتوچۆ کردنی نیوان شارەکان چەند بریارێکی گرنگی دەرکردوە ٠

لەوبارەیەوە ئەنجومەن بریاری داوە کە ژمارەی پاسی گواستنەوە زیاد کات ئەویش چ بۆ کەرتی گشتی یا کەرتی تایبەتی ، لە رێگای کرین یا دروست کردنی ئەوجۆرە پاسانەوە ٠ هەروەها بریاری ئەوەی داوە کە دەستی یارمەتی بۆ دەزگاکانی گواستنەوە درێژکات تا ئەو دەزگایانە بتوانن ماوەی خزمەت گوزاریی خۆیان لە ناوەوەو نیوان شارەکاندا زیاتر کەن ٠

ئەنجومەن ئەوەی سەلماندوە کە دەبێت دەزگای گشتی پیشەسازیی ئەندازیاری بەشێك لە پیویستی وڵات رایی کات ٠ ئەنجومەن ئەوەی دوپات کردۆتەوە کە پێویستە ئەمینداریتی پایتەخت نەخشەی پەرەپیدانی گواستنەوەی بەزورترین کات جێبەجێ بکات و بارەتەکی بدات تا ئەویش لە ماوەیەکی ئەئتوچەلەمەی هاتووچۆدا بەشداربێت ٠

١٥ ملیۆن دینار بۆ ریگای وینا - پاشماوە -

خەریکی قیرتاو کردنی شەقامی گەرەکی الجبیلەن کە ٧٤٨ هەزار دیناری بۆدانراوە ٠ شەقامە بچوکەکانی گەرەکی ئەندلس ٢٤٠ هەزار دینارو شەقامی گەرەکی الجنینە ٢٧٠ هەزار دیناری بۆ ئەرخان کراوە ٠

بیستاش خەریکی ئەوەن قیرتاوکردنی شەقامەکانی ناوچەی الجمهوریە بدرێ بەقونتەرات کە ٣٥٠ هەزار دیناری تێ ئەچێ لەکەل شەقامەکانی خواروی بەسرە کە ١٩٠ هەزار دیناری ئەوی شەقامەکانی گەرەکی ئبراهیم والهادی و ئوچەی پیشەسازی ٤٧٠ هەزار دیناری پێ دەرچاو کراوە ٠ شەقامەکانی گەرەکی ئالحسین ٥٨٦ هەزارو ئەلحسین ١١١ هەزارو دەرەی پەنەدەرە ١١١ هەزارو شەقامی نیسان ١٤ هەزارو أصمعی ١٢٠ هەزار دینارین تێ ئەچێ ٠

شەقامەکانی شەقامەکانی گەرەکی ازهراء و لتحسین و قادسیە ملیونیك و ١٦٠ هەزارو شەقامی هاتووچوی خیرایی ١٠٠ هەزار دیناریان بۆدانراوە جگە لە کردنەوەی دو بازاری ئەلی بە ٤٠ هەزار دینارو بازاری ئەشترگرزار ئەسەر ئەوخەی شط العرب بە ٨٠ هەزار دینار ئەکریتەوە ٠

- چەندپرۆژەیەکی تازەی بەرووبومی نەوت لەتەئمیم و هەولێرو سلێمانی ٠
- کارگەیەکی پرکردنەوەی گاز - چەند ترومپایەکی ئوتوماتیکی - چەند مەخزنێك ٠

دەزگای دابەشکردنی بەرووبومی نەوت لقی پاریزگای تەئمیم ئیستا خەریکی جێبەجێ کردنی چەند پرۆژەیەکی تازەیە لە پاریزگاو قەزاو ناحیەکانیا جگەلە پاریزگاکانی هەولێرو سلێمانی ٠

بەرێزسامی عزیز بەرێوەبەری دەزگای ناوبراو وتویە ئەم پرۆژانە بریتین لە کارگەیەکی پرکردنەوەی قوتولەی گاز کە ٤٢٠ هەزار دیناری تێ ئەچێ ٠٠ لەگەل مەخزەنێك و ترومپایەکی گازتێ کردن لە پاریزگاری سلیمانی و مەخزەنێکی نەوت و ترومپایەکی گاز لە کۆیەو بێنج مەخزەنی تری میکانیکی و کارەبایی و چەند وردە پروژەیەکی تر ٠

دەزگای ناوبراو ئەمسال سێ ترومپای ئوتوماتیکی لە پاریز- گاکانی تەئمیم و هەولێرو سلێمانی یەکێکی تر لە گەرەکی کرێکاران و فەرمانبەرانی هاوینە هەواری سەلاحەدین سیانی تر لە رانیە و هەلەبجە و حەزیر دائەمەزرێنێ ٠

ترومپای پرکردنەوەی گاز لە شاری کەرکوك لە ماوەی مانگی ئازاری رابوردوا ١٥ هەزار قوتولەی پر کردۆتەوە ٠

٥ ملیون دینار

بریار دراوە کە بانقی مەرکەزی عیراق ٥ ملیون دینار بەقەرز بدات بە بانقی پیشەسازی تا لە پرۆژە پیشەسازیەکاندا لەکەرتی تایبەت و تێکەل خەرجیان بکات و وەك پالیشتن لەبەرپوەبردنی پیشەسازی نیشتمانی دا ٠

بەرپوەبەری گشتی بانق وتویە : ئەم پارەیە بۆ پاربوی پارەی بانقەکەیە لە بەهیز کردنی سیاسەتی گەشە پێدانداو کە لە چوار چێوەی بایەخدانی حکومەتی شورشدایە بەپتەو- کردنی بنکەی پیشەسازی لە وڵاتدا ٠

چاکردنی ٣٠٠ هەزار دۆنم زەوی

چەند لیژنەیەکی تایبەتی لەدەزگای خاك شوناسی و چارەسەرکردنی زەوی وزار دەستیان کردوە بە روبێو کردنی ٣٠٠ هەزار دونم لەزەوی وزاری پرۆژەی شارەزور لەپارێزگای سلیمانی بۆ ئەوەی لەسەری بکۆڵنەوەو تا ئەوەی بۆ چاندنی گەنم دەست ئەدات دیاری بکەن ٠

هەروەها دەزگای ناوبراو چەند لیژنەیەکی تر ئەنێرێ بۆ دەشتی ئاکرێ لەپارێزگای دهوك بۆ ئەوەی ١٥ هەزار دونم زەوی وزار روبێو بکەن کە بۆ چاندنی گەنمەشامی ئەرخان کراوە ٠

وەزیری ناوخۆ مانگی داهاتو ئەچێ بۆسەردانی تورکیا

لەسەرەتای مانگی داهاتودا مامۆستا عزة الدوری ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش و وەزیری ناوخۆ بەسەرۆکایەتی وەفدێکی گەورەی وەزارەتی ناوبراو

لە بیرەوەری یەکەم ساڵی - پاشماوە -

ئەو هەمو تواناو پشتگیری کردنەدا بەهۆی خۆماندوکردنی لێپرسراوانەوە لە هەمو ناوچەکەدا بەماوەیەکی کەم جێبەجێ کرا ٠

هەمو ئەوزەوی وزارانەی کەبەشێوەی کۆمەل پەسەر فەلاحەکانی ناوچەکەدا دابەش کراون بەپێی یاسای ناوبراو ئەگانە دو ملیون و ٢٧٨ هەزار دونم کە ٦٢ هەزارو ١٢١ خێزانی فەلاح سودی لێوەر گرتوە ، جگە لەچەند پارچە زەویەکی ترکە پرۆژەی کشتو- کالی لەسەر دائەمەزرێنین ٠٠

بەپێی ئامۆژگاریەکانی سەرکردایەتی سیاسی و هاریکاری نێوان دەزگا کشتوکالیە ناوەندیەکان و دەزگا کشتوکالیەکانی ناوچەی پرۆژەی ئەنفالە دیمیەکان جێبەجێ کرا ، وەکو هەنگاوێکی سەرەتایی وەبۆ ناقی کردنەوە رویێوی ١٢ هەزار دۆنم زەوی و زاری کشتوکالی داچێنرا بۆ ئەوەی برافەلاحەکان بەپێی ئەو ناقی کردنەوەیە فێری جۆری وزی کشتوکال بن ٠

لەبواری سامانی ئارەلدا دوای جێبەجێ کردنی پاساکە ئارچەکە، لەم رووەوە زۆر ئۆڕاوە، (١٩) پرۆژەی پەرەپەردەکردنی مەڕوبزن و مانگا و پاڵاوەری بە کراوەتەوە ، وە حکومەتی شۆرش زۆر بایەخ بەناوچەکە- ئەدات و لەم رووەوە (٣) ملیون و ٣٢٧ هەزار دیناری بۆ ئەرەکانی ناوچەی ئۆرنۆمی داناوە جگە لەبودجەی دامەزراندنی (١٠٥) پرۆژەی سامانی ئەرەب ٠

بەم جۆرە پاسای ژمارە (٦٠)ی سانی ١٩٦٥ دەسەلاتی تازەی جێبەجێکردن و فەلاحەکانە لەناوچەکەدا و لەژێر سێبەری پاشتی و ئاسایش و سەرکردایەتی حزبی دەمانەدا حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب بەردەوام خەریکی زیاتر و پێشکەوتن بەرەو سوشیالیستی کردنی لادێکان و داڕشتنی بنچینەیەکی پاستی لە گەرمی کشتوکالدا ٠

ئا٠د٠ع

لە بەرلەوەی یەکەم ساڵی - پاشماوە -

لەسەر رێیە - پاشماوە -

بێت ٠ عیراق عیراقی ئیمەیەو ئیمەیش پاسەوانی ئەم رێبازەین ٠ هەمو خاوەن قەلەمێکی پاك مافی نووسینی هەیە ئاوئاو ئەو خاوەن قەلەمانە رویان دین بەڵام لەوپڕوایەدام بەرلە خاوەنی پاراستن راستیو مانی ئەو رێبازەن هێندێ جار زوبر دەبن بەڵام لەو پڕوایەدام قەلەمی ئەوان ئەشتەرە بۆ سنگی دوشمن نەك دڕکو دل بن لە رێگە گەشەی روشنبیری نویدا ٠

کاکی نوسەر ٠ ئەو روژنامەو ئۆفارە کوردیانەی هەن بۆ گەشەپێدانە بەزمانی کوردیمان ٠ نەك بۆ شیوانی نۆکانیك خزمەتی نوسینی زمانەکەت دەکەیت نابیت چاوەنواڕی پاداش بیت زۆر کەس هەیە ئەنانەت بونی توی لا خوشنییە جا چۆن ئەبیت چاوەنوار بیت کە پاداش وەرگریت ٠

نوسەری پرۆشنبیر گومانی تیدانییە خۆی بەختەکات وە هەمیشە توکی قەلەمەکەی ئامادە دەکات بۆ نوسین نابی بەهیچ جورێ کول بدات ٠ چونکە نوسەری پرۆشنبیر تەنها بۆ خوی نییە بو گەلەکەیتی و ئەبیت لەم رێبازە کول نەدات وەهەر کولدەر خاوەن قەلەمە بەکری کیراوەکانن بەس ٠

- عەبدول قادر خەلیل -

Institut kurde de Paris

سۆشیالستی لە پەروەردەو فێرکردندا

کومان لەوەدا نیە کە پەروەردەو فێرکردن دەورێکی یەکجار بالایان هەیە بۆ بەدی هێنانی ئەو ئامانجانەی کۆمەڵ بڕوای پێیان هەیەو تەقەلایان بۆ ئەدا ، لێرەوە بۆمان ڕون ئەبێتەوە کە لەڕوی پەروەردەو فێرکردنەوە جیاوازیەکی گەورە هەیە لە نێوان ولاتانی ڕزگار-کراوو سەرمایەدارەکاندا ، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە ولاتانی ڕزگاربوودا پەروەردەو فێرکردن پەیوەندیەکی بتەویان بە ژیانی کۆمەڵو دواڕۆژی کەلەوە هەیەو بۆ بێگەیاندنی نەوەیەکی ڕۆشنبیرو خاوەن باوەڕ بەچارەنوسی گەل .. ئەو نەوانەی کە لەپێناوی ئامەزراندنی پێشکەوتن و بەدی هێنانی ئاواتەکانیاندا بێ ماندو بون قوربانی ئەدەن .

پەروەردەو فێرکردن لەسەر منداڵەکانیان بۆ خوێندن بنێرنە شێوەی سۆشیالیستی خاسیەتێکی بەبایەخی ولاتانی ڕزگار بووی ژێرچەپۆکی ئیمریالیزمەو لەم سوچەوە دەتوانین ڕێبازی سوشیالیستی شی بکەینەوە .

یەکەم : یەکسانی هەول و دەرفەت : لەولاتانی سەرمایەداریدا خویندن بۆ دەولەمەندو چینی (ئەرستۆکراتە)و چینە ڕەنجدەرەکان لە خویندن بێبەشن ، بەلام لەولاتانی ڕزگارکراودا خویندن و فێربون مافێکە هەمو نیشتمانێ بەروەرێك هەیەتی بێ هیچ جۆرە جیاوازیەکی نێوان ژن و پیاو ، ڕەش و سپی ، لادێ و شارستانی ، دەولەت قوتابخانەو ئەرەستەی پێویستی خویندن و مامۆستای دلسۆزو کارامە بۆ ئەو مەبەستە تەرخان ئەکات :

دووەم : بەڕۆژی پێ خویندن : نیشانەیەکی تری پەروەردەو فێرکردنی سوشیالیستی لە ولاتانی ڕزگارکراودا ئەوەیە دەولەت کارێکی وای کردوە کە دەبێ هەمودایك و باوکێك ئەم کەسە بێ توانایە .. ڕەنگە ئەم قوتابیە سەرکەوتن و توانای لەبەشێکی تری وەك کشتوکاڵو .. هتد) دا هەبێ .. جا بۆ ئەم مەبەستەو بێ گەیاندن و کەلك لێ وەرگرتنی توانا ، لەم ولاتە ڕزگارکراوانەدا پەنابۆ بەرزانستی هەمە چەشنە براوە ، بەتایبەتی دوای بڕینی قۆناخی خوێندنی ناوەندی کەلی قوتابخانەی جیا جیا کراونەتەوە وەك بەشی کشتوکاڵ ، پیشەسازی ، بازرگانی هتد .. ئەم ڕێکایەوە ئەتوانن وزەی مرۆڤ بەکار-بهێنن و بۆ سودی کەلی نیشتمان کەلکی لێ وەربگرن .

چوارەم : خایاندنی خویندن مەبەست لە خایاندنی خویندن ئەوەیە کە بەخویندنی قۆناخی سەرەتایی و ناوەندی و نامادەیی قوتابخانە خویندن و فێربون ئەواو نابێت .. بگرە تا دوا هەنگاوی مرۆڤ ئەبێت خەریك بێ ، بۆ ئەم نیازە لەولاتانی ڕزگارکراودا دەولەت زانکۆی هەمە چەشنەو دەوڕەی سێ و چوارو شەش ماڵکی کردۆتەوە بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە ئیشەکانیان پێویستی بە شارەزایی زۆرترو زانستی نۆیەوە هەیە .

پێنجەم : جیاوازی نەخستنە نێوان پیشەی دەستو بیر : ئەنجامی چەند بیرو باوەڕێکی کۆن و پوچەڵ .. لە ولاتانی سەرمایەداریدا .. هەلگرانی ئەم بیروباوەڕە بەچاوی سوکەوە ئەروانە ئیشی دەستو بیرەلەدوکردن .. کەچی ئەوەیش کە ئەمڕۆ لە ولاتانی ڕزگارکراودا بەرهەمی دەستو بیر بە بەهای ئابوری و کۆمەڵایەتی دەدرێ ، ئەوا بەزنجیرەیەك وەلامەکان پیشکەش بە خوێنەرانی بەڕێزمان ئەکەین .

لە بەشی ناوخۆیی قوتابیانی سلێمانی

بەڕێزی نزیك بونەوەی ناقی کردنەوەی کۆتایی ساڵەوە، جاوەمان بەهەندێك لەو براقوتابیانە کەوت کە لە دەورو-بەری شارەوە هاتون بوخوێندن لە قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەکانی سلیمانیدا . وەهەر یەکە لەبوارێکدا پرسیارمان لێکردو بەپێی باری سەرنج و بۆچونی خۆی وەلامی داینەوە ، ئەوا بەزنجیرەیەك وەلامەکان پیشکەش بە خوێنەرانی بەڕێزمان ئەکەین .

● قوتابی حەیدەر سالح ، باسی دەوری لیژنەی یەکێتی قوتابیانی کرد لەبەشی ناوخۆییداو پاشان سەرنجی خۆی خستە ڕوو بەرامبەر بە پێداویستیەکانی بەشەکە .. وتی :

لیژنەی یەکێتی قوتابیان لەبەشەکەماندا (تارادەیەك) توانیوێتی بەشێك لەو گیروگرفتانەمان چارەسەر بکا کە توشی قوتابیان هاتون ، لیژنە بەتەنیا ناتوانێ هەمو داواکاریەکانی ئێمە بێنێتە دی ، پێویستە ئێمەش بەدلسۆزیەوە ئەرکەکانی سەرشانمان جێبەجێ بکەین .. هەرچەند ئیستا لە چەند ڕویەکەوە کەموکورتیمان هەیە هیوادارم لەئایندەدا لەبەرڕوشنایی ئەو کەموکورتیانە هەموگیروگرفتەکانی قوتابیان چارەسەر بکرێ .

● کاك سابیر مستەفا وتی: بەڕاستی ئەگەر سەرنجی ساڵانی ڕابوردوی ئەم بەشە بدەین بزمان دەر ئەکەوێ ئەمساڵ گەلێك ئۆڕانی بەسەردا هاتوە کە شایستەی باس کردنە هیوادارم ساڵی داهاتومان لەسەر بنچینەی گۆڕین و پیشکەوتنی ئەمساڵمان پێشتر بکەوێ .. وەلە سایەی شورشی ١٧ی تەموزی پیرۆزدا دەسکەوتی زیاتر بۆ قوتابیان بێتەدی ..

● کاك محمد سلیمان حمد بەم جۆرە ڕای خۆی دەربڕی : ئەمەسێ ساڵە لەبەشی ناوخۆییم ، ئەوەی ئەمساڵ بۆ قوتابیان کراوە ساڵانی ڕابوردو نەبوو .. کەلوپەلی پێویستی ڕۆژانەو کەرەسەی ناو ژورەکانمان ئەمساڵ هەمویان تازە کراونەتەوە ئەگەر چەند پێویستیو کەموکورتیەکیش مابێ هیوادارین ساڵی داهاتو بنەبڕ بکرێن .

● کاك وەسفی ئەسرەدین بەم جۆرەی بۆ باس کردین : یەکێتی قوتابیان نەك هەر لە بەشی ناوخۆییدا بەڵکو لە هەمو قوتابخانەکاندا ئەرکی لێ برسینەوەی چارەسەرکردنی گیروگرفتی قوتابیانی لەئەستۆی خۆی گرتوە .. بەشی ناوخۆیی لای من باشترین مەڵبەندی چارەسەر کردنی دەردەکانی قوتابیە هەژارەکانە (بەتایبەتی) ئەوانەی لەدەرەوەی هاتون ، چونکە بواری خوێندن لەبەردەم قوتابیاندا خۆش ئەکات .

● کاك جەمیل محەمەد وتی: بەشی ناوخۆیی زۆر ڕێگای خوێندنی بۆ ئاسان کردوم ، پشتگیری لەو قوتابیە دەسکورتانە ئەکات کە بارمتەی خۆ بێ گەیاندنیان نیەو دەسەبەری تەواوکردنی خوێندنیان ئەکات .. لەم بوارەشدا یەکێتی سەرپەرشتی هەمو پیشکەوتنێکی باری خوێندنی قوتابیان ئەکات .

● کاك جەلال عوسمان لەبارەی کارگوزاری خوێندنەوە وتی :

کارەکانی خوێندنمان بەباشی ئەروات .. من لەم کاتەدا هیچ گیرو گرفتێکم نیە تاکو بیخەمە بەرچاو ، کە کاری کردبێتە سەر خوێندنمو ڕێگای لەبەردەم گرتبم ..

● کاك محەمەد ڕەشید ئەحمەد وتی :

قوتابی باش بەرهەمی مامۆستای باشە ، پێویستە ئێمەی قوتابی لە ئامانجەکانی گەل دورنەکەوینەوە ، بەشێك بین لە هۆیەکانی نەخشەی گەشە کردن و پێشکەوتنی وڵات .. ئەوەش ئەخەمە بەرچاو کە یەکێتی قوتابیان پاش کونگرەی ئیستیئنافی بەوپەڕی چالاکیەوە ئەوەندەی بۆی کرابێ کاروباری قوتابیانی بەرێوە بردوە .

● کاك ئاوات مەعسوم لە بارەی گیروگرفتی ساڵانی ڕابوردوی بەشی ناوخۆییەوە وتی :

کەلێك گیروگرفتمان لە ڕێگادا هەبو ، بەڵام ئەمساڵ بەهاریکاری نێوان لێپرسراوانو یەکیتی بەشێکی زۆری ئەو گیروگرفتانەمان چارەسەر کراوە ..

● کاك فەیسەل یوسف باسی دەوری لیژنەی یەکیتی کرد وتی :

یەکێتیمان دەورێکی تەواوی لەبەشی ناوخۆییدا گێڕاوە توانیویتی کەلیك کاری گرانی قوتابیان ئاسان بکات .. ئەوەندەی بە بەرپەوەبوبێ قوتابی لەبەشە ناوخۆییەکانا وەرگرتوەو هانی داون بچنە ناو ڕیزەکانی یەکیتیەوە .

کامانتی مۆنس ئەوەی

پەروەردە

لەژێر سیبەری داری زیرەفونەکەدا دانیشتبوم دەمەو ئێوارەیەکی بەهاریو . کاتی سەرم بەرز کردەوە لەبەر دەممدا ساکاری کچم بە جریە یەکی ساکاریەوە چریانی بەگوێمدا ووتی بابە تۆ لە هەمومانداً کامەیانت زۆر زۆر خوش ئەویت . بەڕاستی پرسیارێکی زۆر سەیرە هەمو منداڵی لەتەمەنی ٧ ، ٨ ساڵیدا ئەم پرسیارە زۆر مەبەستیەتی . منیش بۆ ئەوەی تاکە هیچ جیاوازیەك نەخەمە نیوان منداڵەکانەوە پێم ووت ساکار خوت ئەزانی من هەموتانم وەك یەك خوش دەوێت وە ئەمەش شتیکی ڕاستەو پێچو پەنای پێناوێت ساکار بەگەرمیەوە ووتی بابە بەڵێن بێت بەهیچ کەسێك نالیم دڵنیابە .

خوێندەواری خوشەویست . ساکار توانی وام لێ بکات کە بڵیم بەکەس مەڵێ من تۆم تۆزێ زیاتر خوش دەوێت لە وانی تر ساکار لەخوشیدا نەیدەزانی چ بکات لێم دورکەوتەوە بەدلیکی خوشەوە بەڵام من زۆر دڵ ناخوش بوم بەم جۆرە جیاوازیەی کە کردم . شەوێ لەگەڵ خوشکە گەورەکەی دانیشتبوم تەماشای هیندی لەو بەرنامانەم دەکرد کە لە ئەمەدا ساکاری کچم بە جریە جریە ڕۆیی ووتم بابە ئەزانی ساکار ئەمڕۆ چی ڕۆی ووتم ؟ . ووتم ئەوا ئەوەی کە ئەیهێنیم دەزانی کەوتە ڕوو . ووتم چی ڕۆ ووتیت . وەلامی دامەوە ساکار دەلیت ئەمڕۆ باوکم ڕۆی ووتم من تۆم لە هەمویان زۆرتر خوش دەوێت .. ووتم ڕاستە ئەکات . ئەو بلیمەتە توانی ئەمڕۆ وام لێ بکات کە وەها بڵیم .. ئەویش دەزانم کە شتیکی چاکم نەکردوە . کچە گەورەکەم ووتی ئەمڕۆ ساکار زۆر کەیف خوشبو تەنانەت ئەمڕۆ لە تاقی کردنەوەدا نمرەی چاکی وەرگرتوە ووتم لی بکەوێ باوا بزانیت . ووتی زور تکای لێ کردووم ئەم نهێنیە بە کەس نەلێم چونکە ئەگەر باسی بکەم ئەوا خوشەویستیەکەی کەم دەبێتەوە . لەبەر ئەوە سوینەدی داووم کە بەهیچ جۆرێ باسی نەکەم .

بەڵی خوێندەواری خوشەویست پەروەردەکردنی نوێ بناغەکەی لەسەر خوشەویستی وەراستی دارێژراوە . بەڵام هێندێ جار هەرچەندە زۆر پیش کەوتوبێ تەنانەت (جون دیویش) بیت لەپەروەردەدا هێشتا هەڵە دەکەیت . ئەمڕو منداڵ پەروەردەنەکریت وە گوش دەکریت بەراستی وخوشەویستی و ئازادی وچالاکیو نیشتمان خوشەویستی . دەبیت زۆری کاتمان تەرخان بکەین بۆ پەروەردەکردنیان . ئەمڕۆ لێدان کاریکی ئیجگار ناپەسەندە لەپەروەردەکردنی منداڵدا . ئەرکیکی زور گرنگ دەکەوێتە سەرشانی باوکانو دایکانو مامۆستایان . ئەرکی پەروەردەکردن لەسەر ڕژیمی نوێ پەروەردەکرندا . دەبێت زۆر بایەخ بدەین بە منداڵ چی دەوێت بۆی ئامادە بکەین ئەمڕۆ منداڵ پێویستی بەهەمو شتیك هەیە پێویستی بە خواردنی چاکە پێویستی بە بەرگی پاکە پێویستی بە پزیشکو چاودیری هەیە . منداڵ تێناگات دەستکورتی . منداڵ ئاواتی زۆری هەیە ئەبیت زۆری بۆ بکرێت . تا چاك پەروەردە ببیت . سامانێکی زور گرنگە وە دەستکەوتوە پێویستە بە فیرۆ نەچیت . ئەمڕۆ هەنگاوی نوێ دەنریت بۆ پێشەوە پێویستە هەنگاوی پەروەردەکردنی منداڵ لەهەمو هەنگاوێك گرنگتر بیت .

منداڵی ئەم چەرخە زۆر بەختەوەرو کامەرانە پێویستە لەنازی بەختەوەری نەرەنجی . گەشە بکرێت چرۆی نوێ ئەمدەمەیە دەبیت نازی لەهەمو نازێ زیاتربیت .

- باوکی بەختیار -

دانیشتنێك لەگەڵ ئەخۆل (پاشماوە)

کەمێ بەرهەم کە حەصیلەی (دەستکەوتی) چەند ساڵەمایە بە هەزارەها هۆنراوەی ئەپوو ، جگە لەوەش بەڵگەم ئەوەیە :-

ئەوەتەی هۆنراوەی تازە (حر) هاتووەتە کایەوە ئایە من ویا تۆ بیستوومانە هۆنراوەیەك لەبەر کرابێ ! وە یا گۆرانیەکی لەسەر وترابێ ویا بتوانرێ لە کۆڕێکا بخوێنرێتەوە ، لام وایە لەگەڵ منا تۆش ئەڵێی (نا) لەگەڵ ئەوەشا لەو شاعیرانە ، شێرکۆ بێکەس و جەمال شارباژێریو هی تریش کە کۆنو نوێیان تێکەڵ کردووە لام پەسەندە (ئەمانە تەنها ڕەئی خۆمنو بەس) .

ئێستاکە گەیشتینە ئەوراستیەی کە بروات بە شیعری تازە هەیە ، بەڵام بەو مەرجەی کە جەماهیر وەری گرێ ، دیارە منیش لەگەڵتام ، وە پێم وایە ئەمڕۆ ئەدەبی نوێ ڕەواجی هەیە و کۆمەڵێ شاعیری وەکو شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەتو عبدالله عباسو محمد حمە باقیو هەندێکی تر ، هەروەها جەمال شارباژێریش ، بەڵام بەنیسبەت ئەمەی دوایی یانەوە کارەساتی بێدەنگی باڵی کێشاوە بەسەریا وبەرهەمی بەرچاو ناکەوێ ... لێرەدا من ئەمەم زۆر بەلاوە گرنگ بوو ..

لە کۆتاییدا ئەمانەوێ چەند نموونەیەك لە شیعرەکانت کە هێشتا بڵاونەکراونەتەوە بە خوینەران بناسێنێ .

ئەمە نموونەیەکە لە تەخمیسی غەزەلکێی مەحوی کە تازە کردوومە :

کە واوەیلا ، بە دوی لەیلا ، لە دو حەیلا ، نەکەم چیکەم
بە ئەشکی دیدە لێشاوی خەمم ئیمحا نەکەم چیکەم
لە مەیخانەی ژیانا مەی بەسەر مەیدا نەکەم چیکەم
بە نووری بادە کەشفی زوڵمەتی تەقوا نەکەم چیکەم
بە شەمعێکی وەها چاری شەوێکی وا نەکەم چیکەم

ئەمەش نموونەی هۆنراوەیەکی کلاسیکیە لە شێوەی چوارینەدا :

لام بپرسن گەر لە حەشرا هۆی چەبوو زوو مردنت
تۆ ئەی زانی چیم وەڵمە ؟ سوێند بە چاوی شەرمنت

ئەی خەمە ئەستێرەو ئۆباڵی جوانیمو ئەڵێم

بێبەری بووم لە ماچی خاڵەکەی لائەردنت

ئەمەش نموونەیەکە لە (٦) دێڕی :-

١ - پشتی کۆماوەی وەك کەوان نوشتاوە
ترووسکەی چاوی دوا تەمەن جێماوە
هەردوو گوێی کپ بووی شێی پیری لێداوە
ئەشکو کۆنو نوێ لە سنگا تاساوە
ئەمانە هەمووی چەکەش ئەزانی
ئەپرسن لە کوێیت ؟ ئەی نەوجەوانی

٢ - نێرگس ، گوڵەباخ ، گوڵاڵەی بەهار
بەیبوون ، وەنەوشە ، چنوورو چنار
لە چیاو دەشتو مێرگو میرغوزار
تا چاو بڕ ئەکا هەزاران هەزار
لە مانەش جوانتر ، ڕووبارو کانی
ڕەنگیان لە تۆوە وەرگرت ئەی جوانی

ڕواڵەتی کارکردن لە ڕیزەکانی یەکێتی دا

لیژنەکانی یەکێتی یەکەم سەرکردایەتین کەڕاستەوخۆ لەگەڵ قوتابیاندا ئەدوێ و دەوری خۆی ئەبینێ و بەپێی توانا گیروگرفتەکانیان چارەسەر ئەکاتو ، وەلامی پرسیارو داخوازیو پیشنیارەکانیان ئەداتەوە .. جگە لەوەی کە هەمیشە هەول ئەدات شتی نوێ و کاری داهێنەرانە بەقوتابیان بکەیەنێ ..

ئەم کارتێکردنەی لیژنەکان خۆی لەخۆیدا گۆڕانێك بەسەر ژیانی قوتابیاندا دێنێت .. کەڕاستیو بوونی لیژنەکە ئەسەلمێنێ .. لەگەڵ ئەمەشدا ئەنجامی کارکردنی ڕۆژانەی هەر لیژنەیەك وزەو توانا و لێهاتوویی لیژنەکە زیاتر دەرئەکەوێ ..

لیژنەکانی سەرەوەی یەکێتی قوتابیان بڕوایەکی تەواویان بەدیموکراتیو کارکردن و دابەشکردنی توانا بەسەر لیژنەکانی یەکێتیدا هەیە .. کەئەم کارە زۆرتر ئەبێتە هۆی کەم کردنەوەی ئەرک لەسەر لیژنەکانی سەرەوە .. هەروەها ئەو کارانەی کە بەهۆی چاوەروانی کردنی لیژنەکانی سەرەوە ئەوەستن ئەوچاوەروانی کردنەیان نامێنێ و کاری لیژنەکان بەشێوەیەکی تەواو ئەکەوێتە جوڵانو کاری خۆیان بەتەواوی بەڕێوە ئەبەن .

بە یارمەتی ئێوە (پاشماوە)

ئەبێتەوە ، پەردەوامی سەریەشەش ، ناسەقامگیری لەڕووی تەندروستیەوە قوڵتر ئەبێتەوە .

- شارەزاو پزیشکەکان لایان وایە باشترین چارە :

- ئەسپرینو کلکەکانیە تی ، یان پشودانو هەڵدانی فنجانی قاوە .

- پیاسەکردن لە دەرەوە .

- خۆشتن لەکەرماودا ، کاریکی باشی هەیە .

- شێلانی شانو مل ، هەندی جار شێلانی توندو هەڵکلۆفتن سودی باشترە .

● بەڵام ، حەبی پشو نەکەن توخنی بکەون ، چونکە کاری وەختی یە ، لەجیاتی ئەوە پزیشکەکان وای بە باش ئەزانن ، سکاڵای خۆت لای یەکی بکەی لە « سەریەشاوەکان » بگات ، ئەمە چاکترین ڕێگایە بۆ چارکردنی « سەریەشە! »

● بەڵام پزیشکە نەفسیەکان ئامۆژگاریان ئەوەیە ، لە ئاڵۆزاندنی نەفسیو عاتفی دور بکەویتەوە ، ئەمە تەنیا چارەیکی بن بڕکردنی سەریەشەیە .

● بەڵام ، ئەم « چارەیە » وا بزانم ئێمە ، ئەمنو ئەتۆ پێمان ناکرێ !

پۆستەی قوتابیان

لەم هەفتەیەدا گەلێك نامەو پەرهەمی قوتابیە تازە نوسەرەکانمان پێ گەیشتوە .. هەروەکو پێیارمان داوە بەپێی توانا هەر پەرهەمێك یان هەرچەندەی شیاوی بڵاوکردنەوەیە پێ پیشکەش بە خوێنەرانی ئەکەین .. یان وەلامیان ئەدەینەوە .

● **قوتابی شەمال عەلی قادر لە سلیمانیەوە :**

پارچە شیعرێکی بۆ ناردوین ئەوەندەی کە بۆبڵاوکردنەوەشیا ئەمەیە :

ئەگریجەی پەشمی سروشت ئێوارە
لەگەل تارمایی داهاتنی شەو
جوانی وا ئەدەن بەوکوێ ڕوبارە
کە خۆشەویستی دڵی تیا دیارە

● **قوتابی (بێئارام) لەقەلادزەوە :**

نامەیەکی بۆ ناردوین ، برای بەڕێز ئەبوا ناونیشانی تەواوی خۆت بناردایە بۆ ئەوەی بتوانین قسەی لێوە بکەین .

● لە سلیمانیەوە نامەیەکی بێ ناوونیشانمان بۆ هاتوە کە سەردێڕەکەی (خەونێکی تر)ە .. ئەمیش لەبەر هەمان هۆی کاك بێئارام دەستمان لێ نەدا .

● **کاك ڕزگار ستار ..**

ئەگەر نەتەوێ شیعرەکانت بڵاوبکرێنەوە باشترین بابەتی شیعر زۆرتر بخوێنەرەوە بۆئەوەی هەستت شێلەی شیعر باشتر بمرێ .

● **خوشکە گەلاوێژ مەحمود :**

نامەکەت گەیشت

● **بۆ ئەم خوشك وبرایانە :**

سەردار محی الدین ، نازناز عەلی ، ئاوات بەکر ، شادان ئەحمەد ، شەونم جەمال ، ئەبوبەکر عارف ...

چاوەڕوانی بەرهەمی ترتان ئەکەین

- ڕوشنبیریو ڕاگەیاندن -

ئافرەتانی لوبنان (پاشماوە)

شەودا زاتم شکا ، کە لەگەڵچەند شۆڕشگێرێکی هێزە نیشتمانیەکانا چومەناوسەنگەرەوە ، بەرلەوە بڕوام نەئەکرد کچ بتوانێ بچێتەناوسەنگەرەوە ، لەناکاو ئەم ناقی کردنەوە دەستی پێ کرد ، دورەبەرێزەکان لە ناکاوشوێنی ئێمەیان گولەباران کرد ، بەڵام هەڤالی لێپرسراومان وەکو پۆلاراوەستا .. پێیوتین : ئاگاداربن ، ئەوانە ئەیانەوێ پەرەولای ئێمە بێن ، هەریەك لە ئێمە لەجێگای خۆی بمێنێتەوە ، هەرچی ڕونەدا با ڕووبدات ..

ئینجا هاواری کرد : ئاگر-بارانیان کەن .. کۆمەڵێك لە دورەبەرێزەکان لەناووارەکانەوە تۆپکمان بوبونەوە .. شەڕەکە دەستی پێ کرد ، لەکاتی شەڕەکەدا هەستم بە هیچ ناخۆشیەك نەئەکرد .. ئامانجم ئاشکرابو ، داکوکی کردن لە سەر لوبنانو مانەوەی بە ناوی عەرەبەوە .

Institut kurde de Paris

پەروەردەی منال

منال بۆ چیرۆکی دزی ئەبێ؟

زۆر جار هانـــدەری دزی راستەو خۆو ئاشکرایە ،چونکە زۆر جار منال لەبرسان یان بۆ پاروەنانیك ناچارنەبێ دزی بکا لەوانەیە هەندێك لەو منـالانە پارە یان کەلوپەل یـــان خواردەمەنی لەسەر عارەبانەکان یە چەشنیکی تر بدزن •

لە زۆر حالەتدا دزیەکە تەنیا بۆ تێربونی سکەو هیچی تر،جا ئایا ئەم منالە بۆ دایکە نـــەخۆش کەوتوەکەی ئەدزێ یا لە پیناوی چەند کەسیکی تردا کە باوکـی نەماوە ئەم جۆرە دزیانە لەهەمو جۆرەکانی تر ئاسان‌ترە•

لە هەندێك حالاتی‌ترا دزی تەنیا بۆ تێرکردنی حـــەزی منالەکەیە ، وەکو دزی‌کـــردن لەبەر سواربونی پاســـکیل یان سینەما یان لـــە پێنـــاوی خوشەویستی کچیکدا ، یـــان وەکو پولو وێنە کۆکردنـــەوەو کۆتربازی •• دیسان ئـــەم جۆرانەش چارەسەرکردنیان گران‌نیە •

یان هەندێ جار دزی بـــۆ ئەوەیە لە باربوی شـــتێکی‌ترا بدزێتەوە ، یان پیشکەش بـــە هاورێکانی بکات بـــۆ ئـــەوەی خۆشیان بوێ • هەنـــدی دزیش تەنیا بۆ تۆلە ســـەندنە، یان منال کە خۆشەویستی لای باوکو دایکی نـــەما ئەیەوێ شـــتێك لەجیـــاتی خۆشەویستیەکەی بەرێت •

ئەم جۆرە منالانە زیاتـــر لە گیرفانی باوکیانەوە دەست بەدزی ئەکەن •• چونـــکە ئەزانن گیرفانی باوکیان یەکەم سەرچاوەی پارە وەرگرتنیانە•• بەهۆی ئەمەوە زۆر جار لـــە گیرفانی باوکیانا شتی‌تریشیان بەردەست ئەکەوێ •

هەندی دزی‌تریش هەیـــە تەنیا بەمەبەستی مانـــەوەی یادگارە ، وەکو ئەو کـــوڕەی شتێك لە خۆشەویستەکـــەی ئەدزێ ، لەم کاتەدا ئەم کـــورە تەنیا لە یەکێکی دیاریکراو شت ئەدزێو شتێکی دیاریکراویش ئەدزێ •• جاری وا هەیـــە منالێك یارمەتی باوکی ئـــەدا لە کاروباری بازرگانیـــدا ، ئەم منالە رۆژێك ئەچێتـــە لای یەکێك لە مەعمیلەکانی باوکیو پێی ئەلی باوکم داوای پارەکەی ئەکات ، پارەکەی لێ ئەستێنێو دوای مەسەلەی منالەکـــە لای باوکی ئاشکرابوو خەبەریاندا بە پۆلیس دوای لێکۆڵینـــەوە ئاشکرابوو ، کە ئەم منـــالە منالی گەورەی ئەم خێزانەیەو ئەم باوکـــەش زۆر تورەو دڵرەقو خرابە لەگەل ئـــەم منالەدا •• ئەم باوکـــەش ئەوەندە خۆی بە ئاینـــەوە بەستۆتەوە کە لە هەمـــو سنورێك دەرچووە ئەنانـــەت وازی لە فەرمانبەری میریـــش هێناوە •

دوای لێکۆڵینەوەی تـــەواو دەرکەوتوە ئەم منالە ئەمـــە یەکەم جاری‌نیە دزی لە باوکـــی ئەکات دانی پیاناوە کـــە وا تا ئیستا تەنیا دزی لە باوکـــی کردوەو هەرپارەشی لێدزیـــوە چونکە زۆری رقی لێیەتی •

هەندی دزی‌تریش هەیە کـــە جۆرەکەی ئاسانە بـــۆ نمونـــە منال ئەیەوێ پارچە حەلوایـــەك بدزێ چونکە لە حەلوائـــەکا ، یان هەندێ جار باوکو دایـــك ئەیانەوێ زۆر بـــە وردی خوارده مەنیەك بشارنەوە ئـــەم منالە لێی ئەبێ بەگـــرێو هەوڵ‌ئەدا تاکو بیدۆزێتـــەوەو لێی‌بخوات بێ ئەوەی دایك‌و باوکی بێ‌بزانن •• جا ئەگـــەر لەمەدا سەرکەوت ئـــەوا زۆری بێ خۆشە کە توانیوێتـــی گەورەکانی دەوروبشـــتی بخلەتێنێو هەوڵ ئەدا دیســـان ئەمە دوبارە بکاتەوەو هـــەر لەمەشەوە فێری جورەکـــانی تری دزی ئەبێ •

لێکۆڵینەوە لە حالـــەتی دزی :

کاتێك لە حالەتێـــکی دزی ئەکۆڵینەوە ئەبێ بزانین ئایـــا ئەم دزی‌یە بۆ یەکەمجارە یـــان چەند جارێکی‌تر دو بـــارە بۆتەوە ، یاخود خاوەنی دزی‌یە جۆرە شتێکی دیاریکراو ئـــەدزێ یـــان هەمـــو جـــۆرە شـــتێك ئـــەدزێ، ئایا بەرێگایەکی رێك‌وپێـــك دزیەکەی کردوە یان نـــە، وەیان رێکەوت بوە •

ئایا دزیەکە بەتاقە کەسێك ئەکات یان بە کۆمەڵ ، ئایـــا لەژێر تەئسیری یەکێکـــی‌تردا نیە بۆ ئەم دزیە ، لەکـــاتی لێکۆڵینەوەدا لە دزی ئەبـــێ بزانین ئەم دزیـــە بـــە چ مەبەستێك کراوە ، ئایـــا هاندەری ئاشکراو هانـــدەری شاردراوەی ئەم دزیە چیـــە ؟ ئایا ئەو جۆرە سیفەتە عەقلی‌و سەلیقانەی تیایە کە باسمان کردن ؟ •

دواوتە :

ئەگەر دیت منالەکـــەت ئەمـــەی بۆ شتی یەکێکی‌تر دریژ کرد زۆر لەسـەرخۆ تێی بگەیەنە کە ئەو شـــتە مافی ئەوی نیوەنیە کاتـــێ منالەکەت جۆرێك‌لەم دزی‌یانەی کرد هیچ هەڵمەچۆ بەڵکـــو تێی‌گەیەنە کە کامـــە مافـــی خۆیەتی‌و کامە مافی خەڵکە • منال چێژ لە دزی وەرنەگرێ لەبەر ئەوەی سەرکەوتنیکی تیایە بەسەر ئـــەوەرەداو ، رێگایەکە بۆ تێرکـــردنی ئارەزوی خۆی •

لەبەر ئەوە ئەبێ لەو هۆیـــە وردبینەوە کەمنالەکەی هاندەوە بۆ دزی تاکو بتوانێ بەرێگای ئاسایی چارەسەری بکـــەین •

پزیشـــکێکی دەرون شوناس کتێبێکی تازەی داناوە :

چیرۆکی ئەفسانەیی منالان تەنیا بۆ ئارەزو شکاندن نیە!

چیرۆکی ئەفسانەیی یـــان خەیالی •• کە قەوارەی ئـــەمو ئەو دروست ئەکات بێ ئەوەی لە ئارادابن •• یان کیـــان لەبەری گەورە دێننە بەرچاو ، یان پیـــاوی زورکەلەکەتو کورتەبالا ئەمانە ئەناو چیرۆکەـ کەدا کۆئەکەنەوە هەروەکو بوە بەباو ••

هەندێك ئەم جۆرە چیرۆکانە بە زیانی منالان تێئەگەن ئەلین کار ئەکاتەسەر بیرولێکدانەوەی •• ئەیان خلەتێنێ ، لە دەرونی خۆیا کۆمەلە شتێکی هەلـــە قەوارەی هەمە جۆرەی دور لـــە راستیو جیهانی سەیر کە زۆر لە جیهانی واقیعی ئەم سەردەـ مەوە دورە دروست ئەکات •• لێ‌بکاتەوەو باوەڕی پێ بکات •

بۆ نمونەرویەکی ناخۆشـــی ئەهێنینەوە ، بە ئارەحـــەتی مامەلە کردن لەگەل دەستەمۆدا، لە وانەیە لەئەنجامی ئەمەداچەند شتێکی وا بخولقێ کە دوابەندی رویبـــدا ئارینەوە •• باوك دایکیو فەرمـــان ئەکات •• دیزە •• کورتە •• یان لەگەل مندا کەیا بەرویەکی خوســـەوە نابولێتـــەوە ، بەزەیی پیایانا دیتەوە •• رقی لێیان ئەبێتەوە •• ئاوالەم جۆرەشتانە • لەناو زورانبازی لیکدانەوەو قەوارەـ کانا منال ئەتوانێ ئاسۆی بیری خۆی بکاتەوەو فێـــربێ •• رەنجبێ ئەمانـــە رویدات •• بەلکو رونەدات ،بەلی لە واقیعی رۆژانـــەیا هەیـــە ، ئەبێ باوك چەربەزە دابێ ، دایك هێمن بێ چـــونکە سەرچاوەی بازەیی‌و ژشەریستی‌یە •

ئەم چیرۆکانە ئاشی بـــە منالان ئەبەخشێ ، چونکە باسی بانەوانیتی‌و شتی ئەندیشـــەیی ، کات هەروەکو باسی کیـــان (بەرو بالندە ئەکات یـــان کەتری ئێران کورســـی‌و داریردە ت‌و گیان لەبەرو •• ئەیك لەو نیشانانە ئەبینین کـــە زانایانی دەرون شوناسی لەناو ئۆمەڵێك قەوارو ســـۆزو بیرکردنەوەدا ئەوەدا کە لـــە دەرونی منالانا هەیە دای ئەنین وئەیان خەنە سەرزەوتی بیرکردنەوە•• هەروەکو لە چیرۆکی (بەفـــری سپی)و (کچە پاشـــاو حەوت کورتەبالا) کەدا هەیە •

بەڵکو لـــە مەبەستی سەرەکی رۆژنامە ـ ئەنیـــا بۆ ئارەزو شکاندن ـ نیە ، بۆ ئەوەشـــە بیر لەداهێنانو دەرچون لـــەو قەوارە کێشراوەی خـــۆی بکاتەوە •

چیرۆکی لە تەمەنی ٨٤ ساڵیدا



هتشکۆکی هونەرمەند لـــە گەڵ ئـــەوەی چۆتەتەمەنی ٧٤ ساڵی‌یەوە ، بەڵام هێشتا بـــە هیمەتی لاوێکەوە لە کاردایەو لە چالاکی نەکەوتوە لەو باوەڕەدایە کە مرۆڤ تەنیا مردن دەبێـــت لەکار کردنی بخـــات •• هیتشکۆك باوەڕی بە خانـــە نشینی نیە !

بەرای ئەو هونەرمەند دەبێت لەکار دابێت تانەو کاتـــەی دلی لە لیدان دەکەوێت ••

بیلانیکی ناو خیـــزان ، سێ عەمین فیلمی دەرهێنـــەری ئەمەریکایی بـــە ناوبانگی هتشکۆکە •• یەکێك لـــە کۆمپانیا تەلەفزیونیکانی ئـــەو ولاتە بۆ تەلەفزیون گفـــتو گۆیەکی لەگـــەڵ ئەو هونەرـ مەندەدا تۆمار کردوە •• لـــەو گفـــتو گۆیەدا هتشکوکیش وەك هەمـــو هونەرمەنـــدو نوسەرو رۆژنامە نوســـێکی‌تر ناتوانێ بیر لەخانە نشـــین بکاتەوە ، مەگـــەر نەخۆش بکەوێت ، یا بمرێت ••

ئەو هونەرمەندە بە تەمەنێکی ٧٤ ساڵی‌یەوە بەردەوام چالاکانە خەریکی دەرهێنانە •• دەڵێت : بۆ دەرهێنان دەژیمو دەســـرم هەم خەریکی ئەم پیشەیە دەبم•

هیشـــتکۆك ســـەبارەت چۆ‌بەچۆ کردنی کارەکـــەیەوە دەڵێت : کە یەکێـــك لـــە فلیمەکانم دەردەهینمو ئـــەو فلیمە رەزامەندی خەلـــکو سەرکەوتن وەردەگرێت مەپرسە دەکەومەچ خۆشی‌یەکەوەو لـــەچ کامەرانی‌یەکدا دەژیم •• بەڵام خۆ ئەگەر فلیمێك سەرکەوتنی بە دەست نەهینا وبەدڵی خۆمو خەڵکی نەبو ئەوکاتە مەپرسە حالم چی لێ دێ •• سەبارەت ئەکتەریش رای وایـــە •• ئەکتەر لە ٧٥٪ی کاتی خـــۆی وەك یەکێك لە شازنەکـــان لەبەر ئاوێنەدا بەسەر دەبات• یا لەگەڵ ئەوکەسانەی کـــە خزمەتیان دەکەن •• ئـــەو کەسانەش وەك منداڵیـــك سەیری ئەکەن‌و بـــەو جۆرە رەفتاری لەگەڵدا دەکـــەن کە نابی دڵی گـــەرد بگرێت •

سەبارەت بـــە هونـــەرمەندی‌و داهێنانیش لێیان پرســـیوە : دەڵێت : داهێنـــانو بەهرەمەندی لە شەقامێکی دور لـــە ئـــەم ستودیۆیەوە چنگ دەکـــەوێتو دەست پێ دەکات •

فرمێسك و یاد و بیرەوەری

سۆران مەحوی

کە پـــە ژوور سەری‌یەوە ،دادەنیشتم و دەمرواني •• ئەو پیاوە شۆخو شەنگ • و قسەشیرینو رەوانبێژە ••• لـــە زمان کەوت بوو و چەشـــنی‌ســـاوا ، پەڵو پۆی دەکوتا و نەفسی بۆ هـــەوا دەشنی ••• یەکســـەر ئـــەو هۆنراوەیـــەی مەحوی شاعیرم دەهاتـــەوە یادکە دەڵێ :ـ

لەپێ کەوتووم و نەفسم بـــۆهەوا دەشنێ وەکو منداڵ ،(١)
لـــەبەر پیری ســـەرم خۆی‌ناگرێتو و تازە پێدەگرم •

پێ‌گـــومان شـــاعیر لـــە وەرەنگینیە مایەوە :ـ هۆنینەوەی هۆنراوەکەی‌دا •••

دیارە مەبەستی دەرخستنی ئەو لایەنە دەرونی‌و سایکلۆژی‌یەیە •• کە مرۆڤ تا بە ساڵا بچێت‌و زۆرتر تەمەن بە سەربەرێت •• ئاوات‌و ئامانجەکانیشی ، لروت بەرەو زۆر دەنێت ، و دەیەوێت زیاتر چێژو خۆشی لە ژیان وەر بگرێت •••

بەهارێ بوو ، بە سوخرەی پایزی پیری‌ی(٥) •
بەسەر چوو ، باغو باقـــی ماوەوەی مشتێ چڵو چێوە

ئیتر نازانم کێ بێ ، لە پاش ئەو نازدارانە ؟! کـــۆرە ئەدەبی‌یەکان ساز بکـــاتو بـــە خەیالی ووردو بیرتیـــژی‌یان ، هۆنراوە جوانو پڕ مانـــاکانی « حەسنەوی » و « مەعـــری » و « خیام » و « بێدڵ »مان بـــۆ لێك بداتەوە ؟!•

ئیتر نازانم کێن ئەوانـــەی دوای ئەو نازدارانە ؟! ڕوو لـــە خانەقا دەنێنو چـــۆن چۆنـــی بەزمی زەوقو رابواردن گـــەرم دەکەن ؟!•

لە کۆتاییدا دەڵێم :ـ هەزار سڵاو •• بەڵێ هەزار ســـڵاو بۆ ئەو شوێنە پیرۆزەی خانەقاو گیانی پاکی « ئەسعەد مەحوی» نەمر •

ئەسعەد مەحوی مامۆستا !
ئەسعەد مەحوی مامۆســـتاو رابەر(٦) !
ئەسعەد مەحوی مامۆســـتاو رابەرو شاعیرو رۆشنبیر !

پەراوێزی ئەم باسە :ـ

١ ـ دیوانی مەحـــوی ساڵی ١٩٢٢ چاپی سلیمانی •

٢ ـ کوڕەزای مەحوی‌یەو کوڕی مەلا خالیـــدە •• بـــە زانایەکی ئاینی‌و رۆشنبیریکی مەزن ناسراوە •• وەك مـــن پێ‌بزانم ، تا ئیستا دوو کتێبی چاپ کراوی هەیە •• « عقـــائد الرحمانیە » و « بە شێك لـــە دیوانی ئەسعەد مەحوی » بەڵام ئەوەی لە چـــاپ نەدراوە بیرەوەری یەکانی خوا لێ‌خۆش بووە ، لەگەڵ ئەو هۆنراوانەی بە چاپی ئەگەیاندوون ••

٣ ـ لە دایك بووی گەڕەکی جوار باخە لە سلیمانی لە ساڵی ١٩٠٢ •• واتە لە تەمەنی ٧٤ ساڵانەدا ، بە هۆی نەخۆشـــی « شێر پەنجە »وە لە ڕۆژی یەك شەمەی رێکەوتی ٢٥ـ٤ـ١٩٧٦ دا کوچی دوایی کردو لە گردی سەیوان بە خاك سپێرا •••

٤ ـ مەبەست لە خانەقـــای مەحوی‌یە •• کە لەسەر دەمـــی مەحوی‌یەوە تا کۆتایی ژیـــانی ئەسعەد مەحویش •• جێگـــای کەڵ پیاوانی وەك شـــێخی ئەمرو مەحمود خانی کانـــی سانانو مستەفا یامولـــکی‌و ئەمین زەکی‌و رەفیق حلمـــی‌و ئەقیبو مەلای قزلجی‌و نـــاری‌و حەمدی بووە •• ســـەرەرای ئەوانەش لە مەیدانی هونـــەری دەنگ خۆشی‌دا •• یەحیا خانو ئەحمەدی ناصر و درویـــش عەبدوڵلاو ئەنانەت دیـــلانو حەمەی بەکریش هاتوو چۆیان کردوەو پێیان لێ‌ئەبڕیووە ••

٥ ـ دیوانی مەحوی ســـاڵی ١٩٢٢ چاپی سلیمانی •

٦ ـ بڕوانە رۆژنامەی ژینی ژمارە ٨٥ ، ٨٦ مانـــگی (٩)ی ساڵی ١٩٧٢ دەربارەی ئـــەو نووسینانەی لەسەر خوالـــێ خۆش بوو نووسراوە لە لایـــەن مامۆستای نووسەرەوە « کریم زەند » •

٥٥ بەرهەمی لاوانی « پاشماوە »

خەمبار مەبە ••
با گەرمایی دەس‌و پەنجات
لەناو دەستم ، لە ناو ••
دەنگی بێت‌و تێر هاوار کات
جا ئەو کاتە
ئەڵێم خانم خۆشم ئەوێی

جوانی

ـ کەوسەر ئەلانی ـ

خۆشەویستم ! کژتری بووی
لە فولایی کونجی دەروون
لیسی شادیت بنیات نابوو
بۆیە منیش ئیروەدت بووم
پەرەو سۆزی ئەمەکدارت بە بالاتا
قەد قەد هەڵچووم ••

●●●

بەڵێ گیانە من حەز دەکەم
خوێنی دڵم داری جوانی‌و
بەختەوەریت تێر تێر ئاوات
تۆش دڵنیا بـــە ئەنیا وەسڵی دڵداریە
ژەنگ‌و غەمی ریگای دوورری
ئەسرێتەوە ••
فریشتەکەم

بەرێ ئەهر... نی خوای شەڕ

عبدالواحد عزیز

چەند حەز دەکەم
لە ئەکت بم ••
دەم لە بازنەی مەچەکت بم ••
لە باوەشتا ئارام بگرم
قۆڵ هەڵبڕم •• رەز بڕنم
بهۆنەوە قژی پەخشی شانو ملت
داگیرسێنم چرای چاوی پڕ لە کلت
بلەوەڕێم لە کژماری (ماجیلە)دا
گڕی تامەزرۆ بشکێنم
لە پاوانی تاتی سینەت
خەونەکانی شەوی شوانی پدووزمەو •

✻⊙✻

فریشتەکەم
چەند حەز دەکەم
تابووری تاریکی رێگا
قەلاچۆ کەم
بڕۆت بکەم بە قیبلەگا
بالاکەشت بکەم بە خوا ـ
بۆ مەبەستم
بنبەرستم •

Institut kurde de Paris

کاروباری پەروەردە

چەند سەرنجێکی بنچینەیی ئەخەینە بەرچاو بەڕێوەبردنی پەروەردەو خوێندنی باڵا

ڕەئوف عوسمان

یەکێك لە هەنگاوە بیرۆژەکانی یانزەی ئازار بە کوردی خوێندنە لە پلە جۆربەجۆرەکانی قوتابخانەدا ، ئەم هەنگاوەش وەك تاقی کردنەوەیەکی نوێ هەردەم دورنەبوە لە کەمو کوڕی ، بەتایبەتی لایەنی وەرگیرانی کتێبە زانیاریەکان • بەڵام گرنگ ئەوەیە کە موکوڕێکان ببنە ئەزمونێکی کاراو جارێکیتر بە پارێزیانا نەچین •

ئەوەی کەرونە لە لامان بەرنامەی وانەکانی پۆلی شەشەمی زانستی خۆی لە خوێدا کەلێك قورس و ئالۆزە ، هەتا ئیستاش گەلێك لە پسپۆڕەکان رای خۆیان لەم بارەیەوە دەربڕیوەو پێشنیازی بەرنامەیەکی مەنتیقی و شیاویان کردوە بۆ گونجاندنی ئەو بەرنامەیە لەگەل ئاست و پلەی کاتی و ژیری قوتابیاندا ، هەروەها ئەوەش ڕەچاوکراوە تاچ ستوێك ئەو بەرنامەیە ئەتوانێ ببێتە بنکەیەك بۆ خوێندن لە کۆلیجەکاندا •

یاسای تاقی کردنەوەش لە عیراقدا خۆی لە خۆیدا بارێکی قورس و نالەبارەو چۆتە سەرشانی قوتابیان ، تەنانەت لیژنە باڵاکانی وەزارەتی پەروەردەو زانست هەمیشە لە پەیجۆری ئەوەدان کە چۆن یاسایەکی نوێی تاقی کردنەوە بهێننە کۆڕێ کە لەگەل ئاست و پلەو ڕێژەوی خوێندنی ئەمڕۆ لە عیراقدا بگونجێت •

ئەمەش بەهەرجۆر ، قوتابی کورد جگە لەمانەش ئەبێ بەدەست وەرگیرانی پرسیارە کانی تاقی کردنەوەوە بنالێنێ بەو شێوە لاوازو چەوتەی کە ئەیبینین ، بێ ئەوەی ئەو لیژنە وەرگێڕە سوود لە کەموکورتی ساڵانی پێشوو وەرگرن و گوڕێکی نوێ بدەنەکارەکە •

ساڵی پار لە هەمان ڕۆژنامەی خۆشەویستدا لاوازی وەرگێڕانی پرسیارەکانی پۆلی سێیەمی ئاوەندیم خستە پێش چاو لەوانەی (فیزیاء ـ کیمیاء)دا ، کە بوە هۆی دەرنەچون و ئیکمال بونی هەندێك قوتابی •

وەك ڕونە لای بەرێوەبەری پەروەردەو خوێندنی باڵای ناوچەی ئوتونومی ئەمساڵ یەکەم تاقی کردنەوەیە بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی (ئەدەبی ـ زانستی) کە بەکوردی خویندویانە ، ئەوەبو قوتابیان توشی گەلێك گیروگرفت بون ، وەك نە گەیشتنی هەندێك لە کتێبەکان لەکاتی تایبەتی خۆیدا ، یان ئەو وەرگیرانە نا کاملەی کە هەندێك لە کتێبەکانی گرتۆتەوە بەتایبەتی کتیبی (زیندەوەر زانی ـ شەشەمی زانستی) کە بەڵگەی یان کەمتەرخەمی و نەبوونی تەنسیق یان ئاستنزمی وەگێڕەکانێتی •

وەك وتم ئەمساڵ یەکەمین تاقی کردنەوەی بەکوردی خوێندنی پۆلی شەشەمی نامادەییە ، جا بۆ ئەوەی قوتابی وەکو پار دوچاری وەرگێڕانی ئیفلیج و لاوازنەبێ وای بە باش ئەزانم ئەم چەند خالە بخەمە پێش چاوی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە :

١ ـ ئەوە لە یاد نەکرێ کە قوتابیان سەرمایەیەکی ئیجگار گرنگی ئەم میللەتەن، هەتا ڕاژەیان لە کولیجو پەیمانگاکانا زۆربێ نیشانەی بڕینی چەند هەنگاوێکە بەرەو ئاسۆی پێشکەوتن و روناکی ، تەنیا نمرەیەکی (مجموع یان معدل) دەست نیشانی دوارۆژی قوتابیەکە ، یان ئەو تەنیا نمرەیە گەلێك جار قوتابی لە کولیجێکی باشەوە بۆی ئەداتە کولیجێکی بەتایبەتیو هەر وەهاش بە پێچەوانەوە ، یان زۆرجار ئەبونی ئەو تەنیا نمرەیە قوتابی بێبەش ئەکات لە خوێندن ، بۆیە هەر لە ئیستاوە پێویستە هشوربخوێنرێ و هەمو ڕێگایەکی بەبێ دەستنیشان کەین بۆ سەرخستنی ئەم تاقی کردنەوە پیرۆزە •

٢ ـ پرسیارەکان لیژنەیەك مامۆستای وانەکە وەری گێڕنە سەر زمانی کوردی کە لە ناو بۆتەی تاقی کردنەوەکەدا توابنەوە چونکە وەك عەرەب ئەڵێ : (صاحب الدار أدری بمن فیها) بەتایبەتی وانەی زینەدەوەرزانی کە بۆ یەك واتا دوو سێ زاراوەی جیاجیایان دانراوە •• یان بە پێچەوانەوە بۆ دو زاراوەی نامادەییە ، جا بۆ ئەوەی قوتابی وەکو پار دوچاری وەرگێڕانی ئیفلیج و لاوازنەبێ وای بە باش ئەزانم ئەم چەند خالە بخەمە پێش چاوی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە :

١ ـ ئەوە لە یاد نەکرێ کە قوتابیان سەرمایەیەکی ئیجگار گرنگی ئەم میللەتەن، هەتا ڕاژەیان لە کولیجو پەیمانگاکانا زۆربێ نیشانەی بڕینی چەند هەنگاوێکە بەرەو ئاسۆی پێشکەوتن و روناکی ، تەنیا نمرەیەکی (مجموع یان معدل) دەست نیشانی دوارۆژی قوتابیەکە ، یان ئەو تەنیا نمرەیە گەلێك جار قوتابی لە کولیجێکی باشەوە بۆی ئەداتە کولیجێکی بەتایبەتیو هەر وەهاش بە پێچەوانەوە ، یان زۆرجار ئەبونی ئەو تەنیا نمرەیە قوتابی بێبەش ئەکات لە خوێندن ، بۆیە هەر لە ئیستاوە پێویستە هشوربخوێنرێ و هەمو ڕێگایەکی بەبێ دەستنیشان کەین بۆ سەرخستنی ئەم تاقی کردنەوە پیرۆزە •

٢ ـ پرسیارەکان لیژنەیەك مامۆستای وانەکە وەری گێڕنە سەر زمانی کوردی کە لە ناو بۆتەی تاقی کردنەوەکەدا توابنەوە چونکە وەك عەرەب ئەڵێ : (صاحب الدار أدری بمن فیها) بەتایبەتی وانەی زینەدەوەرزانی کە بۆ یەك واتا دوو سێ زاراوەی جیاجیایان دانراوە •• یان بە پێچەوانەوە بۆ دو زاراوەی زانیاری یەك وشەیان داناوە ، یان وێنەیەکی ڕون کەوەوە (توضیحی)یان داناوە ، کەچی ئەوەی کە لەژێریا نوسراوە هەرباسی ئەوناکات ، ئەمانەو زۆری تریش کە بە هیوام لە دەرفەتێکدا لێیان بدوێم ، ئەبنە هۆی سەر لێشێواندنی قوتابی •

٣ ـ ڕێگاش بە مامۆستای تایبەتی وانەکە بدرێ پرسیارەکان بخوێننەوەو هەمو تەنگو چەلەمەیەك کە پەیوەندی بە ناستی وەرگێڕانەکەوە هەبێ لە سنوری یاهای تاقی کردنەوەدا چارەسەربکرێ چونکە زۆر نارەوایە قوتابیەکی پۆلی شەشەمی ئامادەیی زۆر لەکاتی تاقی کردنەوەکەی سەرف کا بەتەنگو چەلەمەی وەرگێڕانی پرسیارەوەو دواجاریش گورگان خواردووبێ

٤ ـ لیژنەی (تصحیحات)ی پرسیارەکان دراسەی چۆنیتی تەنسیری وەرگێڕانی پرسیارەکانو ئەو مادانەی کە باش وەرنە گێڕدراونەتە سەرزمانی کوردی بکەن ، بۆ ئەوەی قوتابی لە میانەی وەرگێڕ (مصحح)دا توشی زیان نەبێ •

٥ ـ بڕیارکردنی ئەو کەمو کورتیانە بۆ ساڵی داهاتو بەدانانی لیژنەیەکی باڵای تەنسیق ، بەمەرجێك لیژنەیەکی کارای لێزان بێت ، ئەگەر نا لە هەمان گێژاودا هەر جول ئەخوێن بەبێ ئەنجام •



ئیستێتیکای کوردی

محمود زامدار

ئەکەر مرۆڤ ـ بەکشتی ـ بەنرخترین بەهای مرۆڤایەتی سەرپشتی ئەرم و نۆڵو نیو قەمۆچکەی ترسناکی ئەم گەردونە لەندەهۆرە بێت •• دەئەوا ژن بەرزترین بەهای ئیستێتیکی ئەم مرۆڤە سەرسامەو ئەم گەردونە مێ ئاوسەیە •• ئاوازو ئیقاعی ڕێکو بێ بنی ژانەکانە ••• خۆت لە جەنگەی دوڕگەیەکی کپو یەجگار کپا بدۆزەرەوە ، لە لیواری ئەفسانەترین ئەستێرە یا لەئەکەر بکەرە •• ئەبێ چ جوانیەك لەم سروشتە بەرجوانەدا ، بەبێ ژن بەدی بکەیت •• ئالێم مەئەر هەر (مەرگ) ڕەواترو جوانتربێت•!

بێدرێژداڕی ، ئەم زمانە تینوارەی ئێمە ، شتێکی یەجگار سەیرو ناوداره ، توانایەکی ئەتۆمی وای لە دڵو لەشیا هەلگرتوە ، مەگەر هەرئەوانەتێی بکەن ، کە بە ئەلهاوە ئەیلاوێننەو کاکڵەی بەتامی ئەمژن ••• شۆخە فەرهەنگی ئەم زمانە ناسکە ، ـ لەبارەی ژن ـ کەرەستەیەکی زۆرو زەوەندی بەتامو جوانو کزك و کوڵەکە •••

کورد ئەڵێ :

(قژ ـ پرچ ـ زولف ـ پەرچەم ـ گێسوو ـ کاکزل ـ کەزی ـ لاجانك ـ بژ ـ بسك ـ ئەگریجە •••)

کورد ئەڵێ :

(ئۆنا ـ هەنیە ـ کولم ـ ڕومەت) •

کورد ئەڵێ :

(مەمك ـ مەم ـ مەمە ـ مەمۆلە ـ مەمیلە) •

کورد ئەڵێ :

(ئەرمەیان ـ ئولەیەران ـ شملەیان)

کورد ئەڵێ :

(چاو ـ دیدە ـ چەش ـ چەم ـ چەشم ـ چاف) •

کورد ئەڵێ :

(لێو ـ گەردن ـ لیك ـ لووت ـ برۆ ـ ناوك ـ بیبیلە ـ پووز ـ سینە ـ مەچەك ـ برزانك ـ باسك ـ قەمك ـ سەرپەنجە ـ پل ـ پاژە ـ •• تاد) •

کورد ئەڵێ :

(دا ـ دایە ـ خان ـ خانم ـ خاتون ـ کابان ـ کەیبانوو •• تاد) •

کورد ئەڵێ :

(نافەرەت ـ ژن ـ کچ ـ کچۆلە ـ کیژ ـ کەنیشکە ـ دوێت ـ کەنی ـ کناچە ••• تاد) •

کورد ئەڵێ :

(جوان ـ جوانتر ـ جوانترین ••• تاد) •

کە کورد لەمانە ئەدوێ (هەلاژن ـ پیوەژن ـ شینخەژن ـ پیرەژن ـ ئەزانێ شت چۆن ئەقەبلێنێو لە (جوانی) وردنەبێتەوە •• حەیتەژن ـ چەقەلەژن ـ هەندێ شتی دەکەم لە نێو شابەندەرەژن ـ نێردژن ـ زمانەکەمان‌دا ـ لەبارەی ژنەوە ـ بۆرەژن ـ شینەژن ـ گردەژن ـ دۆزیەوە بابمینێ بۆ کاتو وەستارژن ـ نالەژن ••• تاد) •

دەرفەتی خۆی •• باجاری تارایەکی تەرچکی بەسەردادرێ •••

کە کورد ئەم سیفەتانە ئەداتە پال ژنەوە ، زۆر باش

من بڕۆ پاکەنده بۆ (ژن) ئەزانێ مەسەلە کۆمەلایەتیو ناکەم ، ج (برازاوا)م ج (باخەسو) ، تاوەکو لاوانی (بەمێزو کوڕ)ی ئەم وڵاتە ، دەرونیو ئیستێتیکەکان چۆن بخەمە سەرهەوەسی ، یەکاڵاو شی ئەکاتەوەو کولك و (ژنخواستن) یا (هێنان) یا مووبان لەبن رانەکێشن ••• (دلداری)و مژەمژ •••! بۆیە منیش هاتمو هەر لەسەر ئەمە ئەمەیان هەرکەس و دۆخی ژیانو ئەم چێژو بنکەو ڕیبازەو لەبەر یادو چێژو جیهانی شەوانەی ڕونا کی قانونی (داروین)ی خۆی •• !؟ من ئەنیا لەبارەی مامۆستا، ئەم دەستە سیفەتانەم جوانیەوە ئەدوێمو بەس ••

خستەڕوو ـ لەبەر کەلێ هۆ ـ کورد ئەڵێ :

(شۆڕەژن ـ بەرزەژن ـ نیازخوازم یەك دوو نیشانەی شۆخەژن ـ ناسکەژن ـ دنیای (جوانی)م پێکابێ •••

کەرەژن ـ کەڵەژن ـ شێرەژن ـ ١ ـ لەنەژادی (ناژەل)دا رەسەنەژن ـ تەرەژن ـ ئەتوانییت بڵێیت :

تەنگەژن ـ سەرەژن ـ جوانەژن ـ شەکرەژن ـ ••• تاد) •

(هەنۆژن ـ ئاسکەژن ـ بەرخەژن ـ کەوەژن ـ ماسیەژن ـ پشیلەژن ـ سوێسکەژن ـ ماینەژن ـ پلنگەژن ـ تاوسەژن •• تاو •

هەروا لەبەر ڕۆشنایی سەرکەردانیو جوانی پەرستنی خۆیا ، بەردەوام ئەبێو ئەڵێ :

(شەماماژن ـ کنیرەژن ـ بنەوشەژن ـ ڕێواسەژن ـ چنارەژن ـ سێوەژن ـ بادامەژن ـ قارچکەژن ـ هانادەمەژن ـ پەرسیلەژن ـ فەریکەژن ـ مۆزەژن •• تاد) •

٣ ـ کەر لەباری شتی بێ کیانەوەیش ، زۆر بەوردی لەمەستی جوانی بازانەی خۆت ڕامێنیو بیریکەیتەوە ، ئەلوێ بڵێت :

(ئاسنەژن ـ شەڕابەژن ـ شەونمەژن ـ قەلاتەژن ـ زێڕەژن ـ شوشەژن ـ شیلەژن ••• تاد) •

ئینجا با زوی زەوق و جوانکارانەت بتر داچنەو روو لە چەشنە (پەلکەزێڕینە)یەکی تربکەو لەباری سەرنجی سایکۆلۆژی و هەندێ سیفەت و بیرو باوەڕی ئەخلاقی و فەلسەفی و کۆمەلایەتی و ڕەنگی لە ئەندازە بەدەرو مەعنەویش بڵێ :

(ئەژدەژن ـ بەهەشتەژن ـ خومارەژن ـ شنەژن ـ مزرەژن ـ ژانەژن ـ دایکەژن ـ ئەرەژن ـ باوانەژن ـ وێرانەژن ـ هاجستێرەژن ـ دلنەوازەژن ـ جرپنەژن ـ جەژنەژن ـ فرەیسکەژن ••• تاد) •

هەروا لەڕوی بەراوردا ، لەپێناوی نمونەی جوانی و بەرزیا، ئەتوانیت دینەمۆی جوانیبازی خۆت بخەیتەکارو ئەم ژنە ناودارانەی مێژوو جیهانی ئەمڕۆ بکەیتە پارسەنك و سەرشاری شاعیرانەت و بڵێیت :

(مۆنالیزاژن ـ نافرۆدیتەژن ـ خاتوزینەرن ـ فروزاژن ـ ئامکلشوەژن ـ ب• ب• ژن ـ ژین‌فۆندارژن ـ ئیلزاژن ـ سۆفیالۆرینەژن ـ فالنتیناژن ـ ئەنجیلاژن ••• تاد) •

● هەروەك چۆن ، بەپێی زمانو تیوری داروین و تیستێتیکاو باری سایکۆلۆژی و شارستانی ، ئەم سیفەتانەم بۆ ژن داناوە ، ئەناوایش پیاویش ئەگرێتەوە ••

● وشەی (ژن) لە کوردیدا ، شێوەیەکی موتلەقی هەیە ، بۆیە (ژن) بەکارهێنرا •• دەنا ئەکرێ (کج) یا (کیژ)یش بەکاربهێنرێ •

● هەندی ژن هەیە ، دوو بەش ، یا سێ بەش و چوارو پێنجیشە •• لەبەشی یەکەمیا (کۆترەژن)و لە دوەمیا (شیلەژن)و لە سێیەمیا (بەرخ)و لە چوارو پێنجەمیشا (ئاکژ)و (شەمامە)یە ••!

● لەنێو وولاتی ئێمەدا ، زۆر بە ئاسانی ئەتوانیت ئەم جۆرە ژنانە بەوردی دەرك پێبکەیت ، بۆیە ئەبێ بەوردیش تەماشای جۆری ژنانی ناولیستەکە بکەیت ••! دەنا لێم تێناگەی •• خۆگەرەزەوقت جولا ، ئەواتۆش بەپێی ئەندیشەی تەپڕت ، چیت بەدەما، مەترسەو مەشیرسە••!

● لەتەك ئەم لیستەیەدا ، گەلێ سیفەتی تری (ناشرین)م هێنابوەوە ، بەڵام لەبەر گەلێ هۆ ، پاشگەزبومەوە • بێگومان لێرەدا (خۆشەویستی)دەستگیرو رابەرم بوە ••!

جاکەر ئەمانە پەسەندکرا ، نازانم ئەدیبو هونەرمەندو شاعیرانی کورد ، بوارم ئەدەن تابێمو بڵێم :

ووشە ژن

شیعرە ژن

چیرۆکە ژن

شانۆیە ژن

ڕۆمانە ژن

حەیرانە ژن

لاوکە ژن

ناوازە ژن •• !؟

★ ★

ڕێگای ئەوین

ئازاد حەمە سور

ڕێم گرتەوە بەرو دۆڵاو دۆڵو لەسەرخۆ سەرەو خوار بومەوەو بەرێگاوە زۆرم بیر لێکردەوەو لە مێشکی خۆما هێنامو بردم سەرەو دەرەم لێ نەکرد ، زۆتریش بۆ زۆر لە دۆستانی خۆم باس کردوەو کەچی هەرکەسە بە ئاوازێك بە باسەکەی هەڵ دەگوت پیش ئەوەی بە گەسیشم وتبێ لام وایە گەستیکی نابینم کەپێی وابێ من لە گێژاوی گومان‌دامو لەو بیرو بۆ چونەمدا بەهەڵەدا چوویم کاتێ گوێ لە بەرنامەی گۆرانی دەگرمو گوێم بە گۆرانیە جۆر بە جۆرەکان ناشنا ئەبێ بۆ خۆشم نازانم بۆچی دەنگی ناسکی گۆرانی بێژی هەلکەوتو کاك ئیسماعیلی سابورو دەنگی کاك خەلیل وەندی هێندەم کارلێ ئەکەن و ئاوا بە تاسەوە سەرنجم ڕائەکێشن زۆر زیاتر لە دەنگی ئەوانەی کە دەنگیشیان خۆشە تۆ بڵێی ئاوازەکەیان ناوەڕۆکی گۆرانیەکە لەئەلبومی یادمدا بیرەوەریەکیان تۆمار کردبێ یان شتێکی پەیوەندی داریان هەبێ لەگەل هەستو سۆزی مندا •• ئەوە وایە بەڵام خەلکی دێکە زۆرن کە دەنگی مامی عەزیزی شاروخو ڕەسول گەردیان لا پەسەندە، هەشە بە دەنگی فەرید یان سۆسەنو عەهدیەیان تایەرتوفیق دەکەوێتە جیهانێکی خۆشەوەو بەوپێیەو زۆری واهەن وە هەریەکە بە نۆرەی خۆیان لە ڕاستیو سەرچاوەی ڕاستیدان •• لە گوندێکی بناری شاخ‌ڕا کە دێمە گوندێکی دەشت هەرسێو دوی ئەوەمە بۆچی ئەو بناری شاخی هەڵبژاردەو ئەم دەشتی پەسندکردو بڵێی کاریگەری سروشتی ئەوەی ڕێك‌خستبێ ؟ کە ئەوە وابێ ئەوی کۆچو کۆچ بارو کۆچەرو ڕەوەند ڕێڕەویان لە کوێوە وەرگرتوە ، مابوم لە هەورازەکە سەرکەووم کە لەدەستە چەپەوە بەلای هەڵدێرەکەدا ڕوانیم شۆڕەبی یەکو هەندێ سەوزاییم بەرچاوان کەوتو تێگەییم کە ئەوە کانیاوە هەربۆیە داکشامە خواری وەلەوێ ئافرەتێکم دی کە خەریکی جۆرگە هەلبەستن بوو وسلاوم لێ کرد •• زۆر بەرێزەوە وەلامی دامەوەو گوتی (خوا کارت ڕاستکا) •• ئاوی کانیەکەم لەبرسی وزانیم (کانیە شینکی)یە کە ئاوێکی زۆری لەبەر دەڕۆیی و یەکێك بوو لە هەوارەکانی هاوینانی گوندی بێوەکە ، چوار پێنج دەقیقەی دی ڕویشتم و سەرم لەسۆی ماڵانا تا گەیشتمە ناودێ ، بیوەکە گوندێکە کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی مەرگە لە ناحیەی بنگرد لە قەزای ڕانیەی پاریزگای سلیمانی •• ناوی دیی‌یەکە لەوە وەرگیراوە کە وەختی خۆی تەنیا یەك داربی لێبوە بە گوندی یەك بی ناونراوە وەتا ناوکەی گۆڕدراوە بۆ گوندی (بی‌یەکە) وتا دواجار بوە بە گوندی بی‌وەکە سنوری ئەم گوندە بەمشێوەیە ڕۆژ هەڵاتەوە دۆڵی سەراوەکە کاروانسەرای گوندەکانی ناوەژەو چنارنەو کانیتوە وە لە ڕۆژئاواوە دەشتی ئەسحابیو شاخی بەردە قلیشتە وە لە سەرەوە گردی دارەقوتیە وە لە خوارەوە داری حەمە خەجێیە•

ژمارەی خانوەکانی گوندی بیوەکە ئەگاتە ٣٣ خانو کە لە قوڕو بەرد دروست کراون وە خانوەکان بونەتە دو بەش بەشێکی بە بەری ڕۆژ هەڵاتیەوەیەو بەشەکەی دی لە بەری ڕۆژئاواپەو دەنواڕێتە بەشی ڕۆژ هەڵاتی کە جۆرگە ئاوێك ئەو نیوانەی دروست کردوە ، ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی ١٥٠ سەر خێزان ئەبێ •

سەرچاوەی ژیانی دانیشتوانی گوندی بیوەکە ڕاوەستاوە لەسەر کشتوکاڵو سەرداری کشتوکاڵەکەش تەنیا چەشنی دێمەکارە چونکە زەوی بەراویان زۆر کەمە ئەویش لەبەر نەبونی ئاو کە لەم گوندەدا تەنیا دو کانی ئاوی لێیەو ئاوێکی کەمیان هەیەو هاوینان هێندە کەم ئەبێ کەلکی نامێنێ ئەوە جگە لە کانی شینکێ کە کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی مەرگە کەوتۆتە ڕۆژ هەڵاتی گوندەکەو ئاوێکی زۆری هەیەو لەسەرەتای نوسینەکەم باسم کردوە وە بە دەوروپشتی ئەم گوندەوە چەند ڕەزی تری لێیە کە ئەویش هەر سەرچاوەیەکی ژیانیانە بەڵام مەرداری ئەم گوندە ئەگەر بەراورد بکرێ لەگەل کشتوکاڵەکە کەلکی یەکەمیان زیاترە وە لە پیشەی دەستیشدا بە ئەندازەیەکی کەم خۆیان خەریك ئەکەن بەچنینی گورەوەی ئەژنوو زەنگال و کڵاو •

دەستی ئاوەدانی تا ئیستا نەگەیشتۆتە ئەم گوندە نەگەرچی دانیشتوانی بەو ئاواتەوەن وەقوتابیانی ئەم گوندەش هەمو ڕۆژێ دەشتی ئەسحابی دەکوتن وە دەچنە قوتابخانەی مەرگە کە نزیکەی سێ چارەکە سەعات ئەبێ •• گەشتەکەم لێرە تەواوبو •

Institut kurde de Paris

دەربارەی چەند (پاشماوە)

ئەکات ، لەوانەیە برادەر ئەگەر [illegible] بینێ بڵێ : جا بۆچی لوللە چیە ؟! هەموو میللەت باسی کوللەیان بیستوە ٠٠

ئەمانە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە ئەتوانین بەبرادەر بڵێین : کە ئەو دوو چیرۆکە یاخود خراپ نین : کە بۆچی بەلاتەوە باشن یان مام ناوەندین لایەنی باشی و خراپیانت دەر ئەخستبو ٠٠ ؟!

وایزانم قووڵ بوونەوەی بەلای تۆوە یەکێکە لە مەرجەکانی بەرهەمی سەرکەوتوو ٠٠ ؟! بێ گومان یەکێ داوای قووڵبوونەوە ئەکات کە رەخنە کەیشی قووڵ بوونەوەی تیابێ ئەك بچێ ئەفاریزەو داش و کەوانە دەست بێ بکات ٠٠ جاتۆ وەك هونەر مەندێکی رەخنە ئەو کەوانانە لە جێی خۆیانا نەبوون باراستت کردنایەتەوەو هەتا جارێکی تر بەو هەلەیەدا نەڕۆشتینایە ٠٠ !! ٠

یان ئەڵێ :- پالەوانەکانی هەموو ناویان عەزەیە ٠٠ برادەر وا ئەزانی عەزە لای من رەمزی پیاو خراپە ٠٠ نازانێ عەزەیان تیایە ئەوپەڕی زۆر لێ کراوە ٠٠ عەزەشیان تیایە ئەوپەڕی زۆرداوە ٠ ئەمە لە لایەك لە لایەکی تریشەوە ئایا عەزە لە چیرۆکی سێ هەما هەمان عەزەیە لەچیرۆکی چوارەماو هەمان دەور نەبینێ !! ئەگەر بێتو لەبانی (عەزە جەمە) (سالەی فانە) دانێین هیچ لەمەسەلەکە ئەتۆڕێ ٠٠ ؟!

- (ئەوانی تر لەخستنەڕووی هەندێ (ئەناقوزات)ی زیان باری دوا کەوتوویی کۆمەڵایەتی زیاتر نین ٠٠)

برادەر : لێرەدا کەوتۆتە کێژاوێکی سەیر ترەوەو قووڵ بوونەوەی لە ئەناقوزاتی زیان جیا کردۆتەوەو وا ئەزانێ ئەو بەرهەمانەی کە قووڵ بوونەوەیان تیایە ، ئیتر پێویست ناکات باسی گیرو گرفتی زیانیان تیابێ !! وەك وتمان هەموو شت لای ئەو وشەی پیرکردنو هەڵدانەوەی لێزەی ڕەمزە ٠٠

ئەی برادەر دوو چیرۆکەکی باسی (ئەناقوزات)ی زیان نەکەن ؟!

برادەر : چیرۆکەکانی بەوە ناوانبار کردوون کە ئەناقوزاتی زیان ئەخەنە ڕوو ، بەڵام ئەمە بەلای منەوە زۆر ئیجابی و شانازی بەو چیرۆکەوە نەکەم کە باس لە ئەناقوزاتی زیان ئەکات و من هەرگیز لە تەل بەرەڵایی و تاك ڕەوی و دووزەبەرزیدا نیم و ئەو ئەدەبەیش زانەبێ بێ ئومان تەمسیلی ئۆنە بەرست ئەکات و لە هەل هەواو هەوەسی سەرمایە داری دا ڕەوت ئەکات و بەچاوی مرۆڤانە ناڕوانێتە مەسەلەی هەزارو چەوساوەو ڕێگە لە کزەڵ ئەکرێ و ناعێلی دەوری خۆی ببینێ ٠

لەسەرەڕای ئەمەیشا لەچیرۆکی (سەر سوڕمان)دا منی بە کۆنە پەرست ناوانبار کردوەو ئەڵێ ئەم چیرۆکە دری بیشکەوتنی ئافرەتە ٠٠ لەکن ئەوەشا من [illegible] دا بەهیچ جۆرێك باسی پشکەوتنی [illegible] ئافرەتم نەکردوە ٠ بەڵکو باسی دواکەوتنی ئەو بیرانەم کردوە لە کوێرانە لاسایی ئافرەت لە هەموو شتێکا ئەکەنەوە ، هەر [illegible] لێ کەریشمە هەموو بالەوانەکانی سەرسام کردووە !!

برادەر : ئەیەویت لەڕێی ناوی ئافرەتا بازێ باری لە هیچیەتی و بەرەڵایی بکات ، وا بزانم ئافرەتیش لە سەدا نەوەدو پێنجی دژی هیچیەتی و بەرەڵایی یە ٠٠

ئینجا دێتە سەر چیرۆکی « مەزاتخانە »و ئەڵێ : (پێنج شەش باس هەندێکیان هیچ شتێ نیە بەیەکەوە بیانبەستێ ٠٠) جارێ نازانم پێنجن یان شەشن ؟! هەق بوو وەك دروست کەرێك بتوتایە پێنج یان شەش کە هیچیان نین و لە کومانەدا نەت هێشتایەتەوە ٠٠ چونکە خوێنەر چاوەڕێی دەستی تۆیە ٠٠ جگە لە مەیش خۆی وەڵامی ئەداتەوەو ئەڵێ (جگە لە بێ ویژدانی و دوا کەوتوویی هیچ شتێ نیە بەیەکەوە بیانبەستێ ٠٠) ئەمە وەك ئەوە وایە ئەڵێ : « ماکایل شی » ٠

جابرادەر خەلك بەبەلگەیەك شت نیسبات ئەکات ، تۆ بەدوو بەلگەیش بڕوا ناکەیت ؟! و من هەر حەوت باسەکە کەبرادەر ئەڵێ ٠

- پێنج یان شەش - هەقی بوو بیشی وتایە یان حەوت بەشکم بیگرتایەتەوە ؟!

ئەیانبەستم بەیەکەوە بەو مەرجەی هەموو باسێکی مەزاتخانەی تیابێ و لە مەزاتخانە دەرنەچێ ٠٠ (١) لە چاخانە بیر لە مەزاتخانە کردنەوە (٢) سواربوونی ئوتۆمبیل بۆ مەزاتخانە ٠٠ (٣) گەڕان بە مەزاتخانەدا ٠ (٤) مەلاکە لەمەزاتخانەدا ٠ (٥) دەرکەوتنی خیانەتکاری ٠٠ (٦) سوالکەرێك کە لەوێ ئیشی کردووە ٠٠ (٧) دەرچوونی لەمەزاتخانەو ماتل بوونی بەهۆی مەزاتکراوێکی مەزاتخانەوە ٠٠

ئیتر نازانم بەستنەوەی بەلای برادەرەوە ئەبێ چی بێ ؟! وا دیارە برادەر ئەیەویت ئالو بەیتی مەزاتخانە ئەبەر چاوی شەتەك بدرێزو « جر الحبل » یان پێ بکرێت ٠٠!!

لێرەدا ڕەخنەگری ئەشارەزاو قسال ئەبووم وەك شەنکەرێکی ئەشارەزا دێتە پێش چاو کە شەن کردن ئەزانی و بێت کەنمەکەی بدات بەدەم بایەکی بەهێزەوەو کاو کەنمو دارو بەرد تێکەل کات و زیانێکی زۆر بگەیێنی بەڕۆژی خێزانەکەی لەو ساڵەدا ٠٠٠

بەڵام ڕەخنەگری زانایشم وەك شەنکەرێکی زانا دێتە بەر چاو کەکەنمەکەی بدات بەدەم شەماڵێکی هێمنەوەو بزانێ چۆن شەتەکە هەڵئەداو لە کوێوە دەست پێ ئەکات ٠٠ ئینجا خەرمانەکەی بەڕێك و پێکی سوور ئەکات ئەوساڵە خێزانەکەی لە ژێرسیبەریا ئەحەسێتەوە ٠

برادەر : لەبەر بین کورتی و ئیغلاسی فیکری ئەیتوانینوە درێژە بدات بەباسەکەی ، هاتووە ڕستەی کتێبەکەی نووسیوەتەوە لەبەر ئەوەی نووسینەکەی قەوارەیەکی هەبێ ٠٠ لەگەڵ ئەوەشا من دوای بڵاو بوونەوەی کتێبەکە جارێکم خوێندەوە ، ئەو خوێندنەوەیەدا زۆر ناتەواویم بینی بەڵام بەداخەوە برادەر بەهیچ جۆرێك بۆیان نەچوو بوو ؟!!

لەمانە هەمووی سەیر تر دواسەرنجی زانیاریانەی برادەرەکە ئەڵێ : ئەوا هەر بەئیملاکەی خۆیانەوە ڕستەکانم پێشکەش کردن ٠

منیش ئەڵێم : ئایا ئیملای کوردی هەتا ئێستا یاساو پێچینەیەکی بۆ دانراوە ٠ هەتا من و خەڵکی تر لەسەری بڕۆین ؟! ئەم ڕەخنەیە کاتێ ئەگیرێ کە یاسا هەبێ و بەپێوی نەکرێ ٠ برادەر ئەتوانی سەیری بەرهەمی ئەوانە بکات کە چەند بەرهەمیان لە بابەتی ئیملاوە هەیە جا بۆی دەر نەکەوێ کەوتەای واهەیە بە چەند ئیملایەك نوو [illegible] هەڵبستیم ، هەموو ئەنجامیان بەرزکردەوە :

تاڵان کردنی سامانی (پاشماوە)

دەڵێت ٠٠ سیاسەتیان لە ئەفەریقادا لەسەر قانزانچو بەرژەوەندی بنیات نراوە نەك لەسەر سیاسەتێکی مرۆڤایەتی ٠٠ چونکە ئەگەر ویستی دڵی ڕەشەکان ڕابگرێتو قایلیان کات ، سپی پیستە ڕەگەز-پەرستەکان دڵگیردەبنو لێیان زویر دەبن ، ئەگەر ویستیشی دڵی سپی پێستەکان قایل بکات ئەوە ڕەشەکان زویر دەبنو بەو چەشنە گیرو گرفتەکە هەر وەك خۆی دەمێنێتەوەو ناتوانرێت چارە سەرێکی بۆ بدوزرێتەوە ٠

● هۆی سەرەکی ئەم کێشەیە ٠

با لە نامیبیاوە دەست پێ بکەین ٠٠ بۆ دە ساڵ دەچێت کە ئەتەوە یەکگرتۆکان دانی بەسەربەخۆیی ئەو وڵاتەدا ناوە بەڵام حکومەتی سپی پیستە ڕەگەزپەرستەکانی بریتوریا جێبەجێ کردنی ئەو سەر بەخۆییەیان بەشت گوی خستوە لەگەڵ ئەوەدا کە ژمارەی سپی پیستەکانی ئەو وڵاتە تەنیا ٨٠ هەزار کەسن و ژمارەی ڕەشەکانیش ٦٠ هەزار کەسن ٠

با وای دابنێین کە ڕۆدیسیا بۆ ئەمەریکا ئەو گرنگیەی جارانی نەماوەو ، دوریش نیە کە لە مەودوا ئەمەریکا مەعدەنی (کروم)ی لێ نەگرێت ، بەڵام ئەمرۆکە نامیبیا بەیەکەم وڵاتی دنیادا دادەنرێت لەبەرهەم هێنانی ئەلماس و ئۆرانیومدا ، ئەمە بیجگە لە قورقوشم و تەنەکەو زۆر مەعدەنی تریش ٠٠ ئایا ئەوە شتێکی ئەوەندە ئاسانە وڵاتێکی ئاوا لەدەست ئەمەریکا دەرچێت ؟ ئەو کۆمپانیایانەی ئەو مەعدەنانە دەردە هێنن هەموویان سەربە خۆاروی ئەفەریقان کە ئەویش هەمو بەرهەمەکەی بۆ ئەمەریکا دەنێرێت ، زۆری داهاتی ئەو وڵاتە وای لە خۆاروی ئەفەریقا کردوە کەقایل نەبێت سەر ژمێری داهاتی نامیبیا بکرێت بەڵام هەر چۆنێك بێت تەنیا لە ساڵی ١٩٧٥دا بابی ملیارێك دۆلار داهاتی بۆ دەرەوە ناردوە ، بەڵام ڕۆدیسیا تەنیا بابی ٥٦ ملیۆن دۆلاری بۆ دەرەوە ناردەوە ، یەکەم نهێنی گرنگی سەردانەکەی کیسنجەر بۆ ئەفەریقا لەوەدایە ، کە تەماعی کردۆتە ئەوسامانە بێشومارەوە ئەویش نەك لەبەر نرخێکی ماددی ، بەڵکو لەبەر نرخێکی سەربازین چونکە نورانیوم شادەماری چەکی ئۆتۆمی یە ٠

لەبەر ئەوە کیسنجەر هیچ چینێکی بۆرژوازی وا نادۆزێتەوە کە ئارەزوی وڵاتەکەی لەسپی پیستەکان چاکتر لە نامیبیادا جێبەجێ بکات ٠

● پێستی ئەمەریکا لە ئەفەریقادا بێرەنگە ٠

کیسنجەر لاری لەوە نیە کە سەربە خۆیی بدرێت بە نامیبیا ، بەڵام بە چەند مەرجێك ، ئەو مەرجانەش بریتین لە

١ - نەهێشتنی بەرەی ڕزگاری خواز لەو وڵاتەدا ٠

٢ - ئەو سەرمایەیەی سەر بە خواروی ئەفەریقایە دەستی لێ نەدرێتو وەك خۆی بهێڵرێتەوە ٠

٣ - ماوەی سەرمایەی ڕۆژ ئاوایی و ئەمەریکایی بدرێت کە بەبێ گەڕەو گیرو گرفت لەو وڵاتەدا بکەوێتەکار ٠

٤ - ماوەی ئەمەریکا بدرێت کە سەرپەرشتی هەمو کەلوپەلی بەرهەم هێنانی نامیبیا بکات تا ئەفەریقایەکان فێری ئەوە دەبن کە خۆیان سەربەرشتی ئەو کەلوپەلی بەرهەم هێنانە بکەن کە ئیشی لەسەردەکەن !

بە پێی ئەم مەرجانە ئەمەریکا ئامادەی ئەوەیە کە یارمەتی ئەو وڵاتە ئەفەریقایەی بدات کە سەربەخۆی وەدەست بێنێت بە گوێرەی ئەم بۆچوونو لێکدانەوەیە کیسنجەر ئەوەی بڵاو کردۆتەوە کە لایەنی حکومەتە سپی پێستە ڕەگەز پەرستەکەی ڕۆدیسیا ناگرێت ٠

بەڵام دوای ئەم هەمو لێکولینەوەو شی کردنەوەو ڕەمل لیدانو هینانو بردنە کیسنجەر ئەوپرسیارەی کردوە ٠٠ وە بکرە ئەمەریکا ئەو پرسیارەی کردوە ، کە کێ گەوج ترین مرۆڤە لە دنیادا ؟

کەڕۆ ٠٠ (پاشماوە)

- کەڕۆ ، هەستە بنووسە !
+ چ بنووسم مامۆستا !
- بنووسە ئۆ سێی لێ بڕوا دەمێنی ٠٠٠

نووسی ئۆ (٩)و لە تەنیشت ئۆیەکەوە نووسی سێ (٣) و نیشانەی لێ دەرکردنی لە دواوە دانا (٣ ٩ -) ، چاوەکانی هەڵبڕیو تەماشای کردم ، دیتی زەردەخەنەم بەسەر لێوانەوەیە زانی هەڵەیەکی کردووە ، خیرا نیشانەکەی سڕیەوەو بردیە نێوان هەر دوو ژمارەکەوەو پاش ژمارە سێ نیشانەی یەکسانی دنا «٩ - ٣ = ٠٠٠»

لە دڵی خۆمدا بڕیارمدا تا شەنگ و تاقەتی لەبەر نەبڕێ دەهانایەوە نەکەمو ، چاوی وەك بزمار لە تەختە ڕەش چەقاندو تەختێ داما باشان هاوارێکی لێ هەستا :

« شەش مامۆستا شەش »
- زۆر باشە دە بینووسە

بوو بە چەبلە ڕێزان ، نووسیو هێدی هێدی بەرەو شوێنەکەی خۆی بڕۆیو لەگەڵ ڕێزنەی چەپلە ڕێزان دەلا بەتین لەگەڵ واقیعی گەلەکەیدا بیەستێت ، لە هەمو ڕوداوی سەرگەوتنو ئاڵو گۆڕو داشکانەوەیەکدا بەلای خیرو بەڕۆەوەندی مرۆڤو پێشکەوتنا ٠ »

لە کۆتایی گفتو گۆکەیدا هونەرمەندانی عیراق دەورێکی دیارو ئاشکرا لە پێشکەش کردنی بەرهەمێکی بەرزو ڕەسەنی وادا ببینن کە لەگەڵ خواستی ئەم سەردەمەدا بکونجێت ٠ »

هەروەها وتویەتی : پێویستە هونەرمەندە پەیوندیەکی قووڵو وەفدی هونەرمەندانی هندستان دا سەبارەت « بەرهەلست کردنی گیانی ڕەگەز پەرستی لە لایەن هونەرمەندانەوە » وتویەتی : هونەرمەندی تەشکیلی دەبێت بەردەوام دژی هەمو ڕەگەز پەرستیەکی ئەوەی دوبارە کردۆتەوە کە پێویستە هونەرمەندە بەپەرەندی خۆی لە گەڵ کۆمەڵدا بەپەستێت ، چونکە لە زیندوێتی ئەو پەیوەندیەوە فراوانی ما ای زبانی خۆی ئەدۆزێتەوە ٠

● هەروەها ئەو گفتو گۆکەی بەرێز گوبتا سەرۆکی وەفدی هونەرمەندانی هندستان دا سەبارەت « بەرهەلست کردنی گیانی ڕەگەز پەرستی لە لایەن هونەرمەندانەوە » وتویەتی : هونەرمەندی تەشکیلی دەبێت بەردەوام دژی هەمو ڕەگەز پەرستیەکی تارەوا بیمر [illegible]

زەکانی (پاشماوە)

هەیتو هوتەی کەوتبووە ناو ڕەخنەگرەکانەوە بەوە دامردەوە کە باوەڕی ئاپینیو پێوەری ڕەوشتیانە لێك بدرێن بەم جۆرە کە شێوەی یەکەمی ڕێبازەکە گیانیدا نەریتو ڕەگەزە کانی ڕیشەکێش نەبوون بەڵکو تا ئێستاش هەرماون ٠٠

بە کورتی دەتوانین زاراوەی (مرۆڤایەتی گاورانە Christian Humanist) بدەینە یەکێکی وەکو (تی ٠ ئێش ٠ ئیلیۆت)و گەلێ نووسەرو ڕەخنەگری دیکەی وەکو (ئەدموند فیلەر)و (هیات واکنەر)یش پێیان خۆشە بکەونە ژێر باڵی ئەم ڕێبازو ئەو زاراوەیە ٠

ڕێبازی ڕەوشتی بەروەری شتێکی بنچینەیی یەو ناتوانین لە ڕاستیدا تەنیا لەسەر تاقمو کۆمەڵێکی تایبەتی تاپۆ بکەین٠ بۆ نموونە (ف ٠ ر٠ لیفز - F.R. Leavis)ی ڕەخنەگری ئینگلیزو (یفۆر ونترز - Yvor Winters)ی ڕەخنەگری ئەمریکی ئەگەرچی ڕەخنەگری چالاکنو دەست بە هەموو کونێکدا دەکەن و ناتوانین ڕێبازی تایبەتییان دەست نیشان بکەین بەڵام سەرباری ئەوەش بایەخ بە ئامانجی ڕەوشت پەروەری ئەدەب دەدەن بۆ نموونە (ونترز) باسی ئەوە دەکا کە داکۆکی پێشان لە بەرهەمی کلاسی مەزن دەکاو پەنجەی تاوان لە چاوی شتی خودی نزمو نەشاز ڕادەکاو بایەخ بە پارسەنگی ڕەوشتو خووی بەرزی ئەدەب دەدا ٠٠

سەرەڕای ئەمەش زۆربەی ڕەخنەی مارکسی لە بنچینەدا ڕەخنەی ڕەوشت پەروەریە ، ئەگەرچی ئەوان بە چاوی لایەنگرانی ڕێبازی - مرۆڤایەتی نوێ - وە سەیری ئادەمیزاد ناکەنو روانینی تایبەتی خۆیان هەیە ٠٠ بەڵام لە بنەڕەتدا ڕەخنەکەیان لە ڕەوشتەوە هەڵدەقوڵێو پەیوەندی بە تیورێکی تایبەتییەوە هەیە دەربارەی هێزی مرۆڤایەتیو چاکتر وایە وەك نموونەیەکی ڕێبازی کۆمەڵایەتی تێیان بکەین ٠٠ بگرە گەلێ ڕەخنەگری شێوەخوازیش لایەنی ڕەوشت هەر دەپارێزنو بەپێزەوە سەیری دەکەن ٠٠

(تی ٠ ئێس ٠ ئیلیۆت) لە کتێبی (ئایینو ئەدەب)دا باسی دابەش بوونی حوکمو هەڵسەنگاندن دەکاو دەڵێ :

ئاتوانین کەوڕەیی ئەدەب تەنیا بە پێوەری ئەدەبییەوە دەست نیشان بکەین ئەگەرچی ناپێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە حوکم دانی ئەوە کە شتەکە ئەدەبە دەبێ بە پێی پێوەری ئەدەبی بێتو بەس ٠٠

ئەم دەستنیشان کردنو لێك ترازاندنە وای کرد هەندێ ڕەخنەگری وەك (تێت Tate و (جون کراو رانسم Ranson و ئەوانەی لە ڕوانگەی ڕەوشت پەروەریەوە بایەخ بە گەورەیی ئەدەب دەدەن لە کانی لێکۆڵینەوەو ڕەخنەی ئەدەبیدا هەر بە دەوری پێوەری ئەدەبیدا بخوڵێنەوەو هیچی تر ٠

بۆزانین

لە سەرۆکایەتی ناوچەی کشتوکالی پارێزگای سلیمانیەوە

لە ساعات ١٠ی سەر لە بەیانی ڕۆژی شەمەی ڕیکەوتی ٢٦-٥-١٩٧٦ (١٠) ئوتومبێلی نیوداشت وەکو لە خوارەوە پاس کراون بە مەزادی ئاشکرا ئەفرۆشرێن ٠٠٠ ئەو کەسانەی ئەیانەوێ بیان کڕن بەرلەوکاتە سەر لە گەراجی سەرۆکایەتی ناوچەی کشتوکالی پارێزگای سلیمانی بدەن لە پشت خانوی بەرێز پارێزگاری سلیمانیەوە ، تەماشای ئوتومبیلەکان بکەن ٠٠ وە هەریەکە (٧٠٠)حەوت سەد دینار تامینی سەرەتایی بدەن بۆ ئەوەی بتوانن بەشداری مەزادەکە بکەن هەهەر لەو گەراجەدا ئەکرێ٠٠ لیژنەی فروشیار لە مەزادەکە ئامادە ئەبێو فرۆشتن یەکجاریەو بارەکەش هەر لەوپا ئەدرێ ٠٠ هەرکەس تەئمینەکە نەدات ناتوانێ بەشداری مەزادەکە بکات ، هەرچی مەسروفاتێکی تری تێ بچێ ئەبێ کڕیارەکە بیدات ٠

ژمارە	جۆری ئوتومبێلەکان		
١	لوری دوج تانکەر	مودیلی	١٩٦٥
١	لاندروڤر پیکاب	مودیلی	١٩٥٦
١	لاندروڤر پیکاب	مودیلی	١٩٦٠
٤	گاز پیکاب روسی	مودیلی	١٩٦٨
١	گاز پیکاب روسی	مودیلی	١٩٦٩
١	لوری دوج تانکەر	مودیلی	١٩٥٦
١	لوری فورد تانکەر	مودیلی	١٩٥٥

لە جیاتی سەرۆکی ناوچەی کشتوکالی پارێزگای سلیمانی
احمد محمد غلام

• بۆزانین •

وەزارەتی ئەشغالو ئەسکان بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەشغال

موناقەسەی نهینی ژمارە (١٤٢/٧٤) بۆ دروست کردنی چەند عەمارێکی داودەرمان لە کرکوك / پارێزگای التأمیم

بەگوێرەی ئەم مەرجانەی خوارەوە ئەم موناقەسە نهینی یەی خوارەوە بڵاو ئەکەینەوە ٠٠

١- هەمو ئەو ئیستیمارانەی مەرجی موناقەسەکەی تیادایە لە بەڕێوەبەرایەتی ئەشغالی پارێزگای تامیم بە (٥) دینار دەست دەکەوێت کە نادرێتەوە لەسەر بەلینەدرەکە پێویستە کە مەرجو مواسەفاتە هونەرێکان وختی وەرگرتنی موناقەسەکە بکرێت ٠

٢ - دوا کاتی وەرگرتنی عەتاتاتەکان تاسەعات ١٢ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دوشەممەی ڕیکەوتی ٣١-٥-١٩٧٦یە عەتاتاتەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەشغال حقوق و عقود پێشکەشی سکرتیری لیژنەی عەتاتات کردنەوە دەکرێت ، ئیشەکە دەبێت لەماوەی (١٨) هەژدە مانگدا تەواو بکرێت ٠

٣ - ئەمانەش لەگەڵ عەتاتاتەکاندا دەبێت پێشکەش بکرێت ٠

أ - تامیناتێکی سەرەتایی (١٤٠٠) هەزارو چوار سەد دیناری بەشێوەی زامنی بانق کە بۆ شەش مانگ دوای تەواو بونی موناقەسەکە بڕ بکات ، یا چەکێکی باوەڕ پێکراو ٠

ب - هەویەی ڕوری بازرگانی لەگەڵ باوەڕ نامەیەکی بەریوەبەرایەتی زریبەی دەخل کە ئەمسال تازە کرابێتەوە ٠

ج - جەدوەلی چەندکارێکی هاوچەشن ٠

د ٠ هەویەی جۆری بەڵێندەرەکە ٠

٤ - هەر عەتاتاتێك لەکاتی خۆیدا پێشکەش نەکرابێت پشتگوی دەخرێت ٠

٥ - ئەم بەریوەبەرایەتی یە زامنی وەرگرتنی نزم ترین عەتاتات یا هەر عەتاتاتێکی تر نی یە ٠

٦ - لە ڕۆژی ناوبراودا لەبەر چاوی بەڵێندەرەکان عەتاتاتەکان دەکرێتەوە ٠٠ ئەنجامە سەرەتایەکانی لەسەر تەختەی ئاگاداری بڵاو دەکرێتەوە ٠

٧ - دواخستنی ئیشەکە سزای هەر ڕۆژێکی (٢٠) بیست دیناره ئەو بەڵێندەرەی موناقەسەکەی وەرگرت بۆ سەرپەرشتی ئەبێت ئەندازیارێك دانێت ٠

غانم شماس توما
ج بەڕێوەبەری گشتی و ئەشغال

بۆزانین

وەزارەتی کاروباری نیشتەجێکردن

بەریوەبەریتی کاروباری گشتی

موناقەسەی ژمارە (١٤/٧٦)ی نهینی سەبارەت فراوان کردنی قوتابخانەی پیشەسازی کەرکوك پارێزگاری تامیم بەم بۆزانینە ڕای ئەکەیەنین موناقەسەیەکی نهینی هەیە بەم مەرجانەی خوارەوە ٠

١ - ئەتوانرێ استمارەی مەرجەکانی موناقەسە لە مدیریەتی اشغال لە پارێزگاری تامیم وەربگیری بەڕامبەر بە (٥) دینار کە نادرێتەوە و لەسەر بەڵێندەرە مەرجو مواصفاتی فەنی بکرێ لەکاتی وەرگرتنی موناقەسەکەدا ٠

٢ - دواکاتی دانی عطائات پیش سەعات ١٢ی نیوەڕۆی دوو شەممە ٣١-٥-١٩٧٦ ئەدرێ بە سکرتیری لیژنەی کردنەوەی عطائات مدیریەتی اشغالی گشتی بەشی حقوق و عقود ماوەی تەواو کردنی کارەکەش ١٢ مانگە ٠

٣ - لەگەڵ عطائاتدا ئەمانە ئەدرێ ٠

أ - تامیناتی سەرەتای (١٣٠٠٠) دیناره لە شیوەی کەفالەتی بەکار بۆ ماوەی شەش مانگ ٠

ب ٠ هەویەی ڕوری بازرگانی لەگەڵ وەسیقەیەکی بەڕێوەبەرێتی باجی دەخل کە ئەمسال تازە کرابێتەوە ٠

ج - لیستەیەکی ئەوکارانەی لەمە ئەچن ٠

د - هەویەی قوتەراتچیتی ٠

٤ - هەر عەتاتاتێك لەکاتی دیاریکراودا پیشکەش نەکرێ وەر ناگیرێ ٠

٥ - ئەم بەریوەبەرایەتی یە ملزم نیە بە وەرگرتنی نزمترین عەتاتات یان هەر عەتاتاتێکی تر ٠

٦ - عەتاتاتەکان لەکاتی دیاریکراوا وە لە بەرچاو قوتەراتچیەکانا ئەکرێتەوەو ئەنجامە سەرەتاییەکانیان لە لوحەی ئیعلانات دا هەڵئەواسرێن ٠

٧ - بۆ هەر ڕۆژێك دواکەوتن (٢٠) بیست دینار سزایەتی ، وە پێویستە لەسەر قوتەراتچیەکە هەر قوتەراتەکەی وەرگرت ئەندازیاری سەرپەرشتکار دیاری بکات :

عبدالرزاق المفتی
بەڕێوەبەری گشتی اشغال

Institut kurde de Paris

بە یارمەتی ئێوە !

– راستۆ –

● هەموو توشی سەریەشە بوون ، هەندێ وای بۆ ئەچێ ئەم سەریەشەیە ، شتێکی تایبەتی‌یە بە خۆیەوە ، هەندێکی‌تر تا بەیانی ئێشکی بۆ ئەگرێ کە ئەکەوێتە خۆی ٠٠ هەست بەسەریەشە ئەکا ، ئەترسێ‌و لەدلی خویدا ئەلێ ٠٠٠ « وا دیارە مێشك بەرەو تێك‌چون ئەچێ !! »

● ئەوی راستی‌بێ لەهەزار جۆرا ، جۆریکی سەریەشە ترسی لێ ئەکرێ ، جۆرەکانی‌تری ، یان هوی نەفسیە ، یان عاتفی ٠

● ئەمە قسەی گیرفانی خۆم نیە ، تا « ئەخۆشەکان بەسەریەش ەی بێ دلنیا بکەم ٠ بەڵکو ناوەرۆکی نوێ‌ترین لێکولینەوەی زانستی جیهانیە سەبارەت بە « سەریەشە »و هوکانی ٠

● ئیستا ، سەریەشە دیاردەیەکی گشتی‌یەو ، هوکانی زۆرن ٠٠

● شارەزاکانو پزیشکەکان ، لەو باوەڕەدان ، زوربەی زۆری ئەوانەی توشی سەریەشە ئەبن ، ئەوانەن « لە ناکۆکی‌و بەربەرەکانی » دان ، یان ئەوانەی حەز لە « پایە » ئەکەن ، کەچی زۆرجار ساردوو سڕەکانیش توشی سەریەشەو « ناسەقامگیری » ناخی خۆیان ئەبن ٠

● بۆنموونە ٠٠ سکرتێرەکان ، بەڕێوەبەرەکانی کاروبار زیاتر لە خەڵکی‌تر توشی سەریەشە ئەبن ، ئەمەش چەند هریەکی هەیە ، وەك ئەوەی ناچارن بەرووی هەموو کەسێك دا پی‌بکەنن ، لەکاتێك دا لە ناخەوە حەزئەکەن بە سەریانا بقێڕێنن !

● ئێمە ، لەم کۆمەڵەدا ، بەناچاری گیرۆدەی سەریەشە ئەبین ، جا یا لە پێناوی پارەدا ، یا پایەو لەپێناوی ماڵداو هەڵچون وتوڕە بون بشارینەوە ٠٠٠ لە مانەوەدا ٠٠

● بەشی زۆر سەریەشە لە ئالۆزی نەفسیەوە یان عاتفیەوە یان تەندروستی‌یەوە دروست ئەبێ‌و کوتوپڕ پەیدا ئەبێ ، ئەبێتە هوی دەمارگیری‌و رەق‌بونی شان‌و مل !

● حالەتی دیاری‌کراویش هەیە بە هوی چاوو گوێچکەوە ، هیلاك بونی چاوو گوێچکە ، ئەبێتە هوی هیلاك‌بون‌و ئالۆزانی مێشك ٠

● مەسەلەکە بە هوی‌ترسەوە خەستر

بروانە ل –٨–

ئەدەبیات

کچە هونەرمەندێکی لێ هاتووە

هەر چەند پلەی هونەرو هونەرمەندان لە هەر گەلو نەتەوەیەکدا بەرزتر بێتەوە ئاستی هۆشیاری‌و باری کۆمەڵایەتی‌و دۆخی‌شارستانیتی ئەوەندە فراوانتر ئەبێ ٠٠ لەمەوبەرو تائیستاش لەناو کۆمەڵی ئێمەدا ئەو پلەو بایەخە بەهەونەرو هونەرمەندان نەدراوە کە شایستەی بەخشینە ٠٠

« سەیران » کچە هونەرمەندێکی لێ‌هاتوو سەربەستە ، بەکێکە لەوکچە پێشکەوتنخوازە هونەرمەندانەی کە کۆتی کۆنەپەرستی ئەشکێنێ‌و لەسەر شانۆ داوای چارەسەرکردنی هەمو ئێش‌و ئازارێك ئەکات ٠٠

لێمان پرسی :

● تەمەنت چەندەو خەڵکی کوێیت ؟

– ساڵی ١٩٦٠ لەقەزای مەخمور لەدایك بوم ٠

● یەکەمین جار ، کەی هاتیتە سەر شانۆ ٠٠

– چەند ساڵە من گۆرانی ئەڵێم ، بەڵام ٨ی شوبات هاتمە سەرشانۆ ٠

● گۆرانی کام گۆرانی بێژی کوردو عەربت بەدڵە ٠٠

– لە هەموو زیاتر دڵم بە گۆرانیەکانی هونەرمەند کەمال ئاکرەیی ئەکرێتەوە ، بەتایبەتی بەستەی (نێرگزێ) چونکە ئاوازەکەی زۆر کارم تێ‌ئەکات ٠٠ لەنێو گۆرانی بێژە عەرەبەکانیشدا حەز بە گۆرانی هونەرمەند سەعدون جابر ئەکەم ٠

● چ هیواو ئاواتێکت هەیە،

– هیوادارم هونەری میلەتەکەم پێش‌بکەوێ‌و بایەخی بێ‌بدرێ ٠٠

● چ گیروگرفتێکتان هەیە؟

– گیروگرفتمان زۆرە ، بەڵام ئەوەی کە زۆرتر ئازارمان ئەدات ئەوەیە زۆر کەس بەسوکیەوە سەیری هونەرەکانمان ئەکەن‌و بایەخی

بروانە – ل – ٦ –

جیهانی



(ووترگێت) لە فیلمێکداو کتێبێکی تازەش لەسەر نیکسون

ئیستا لە شاری لەندەن فیلمێك بە ناوی (هەمو پیاوێك سەرۆکە) نیشان ئەدرێ کە باسەکەی لە کتێبی هەمان ناونیشان وەرگیراوەو (بوب وود وارد) و (کارل بیرنشتاین) نوسیویانە ، کەدو رۆژنامەنوسن‌و ئەمینیەکانی رووداوی ووترگێتیان ئاشکرا کرد ٠٠ ئەو رووداوەی کە لوتایی بە سەرۆکی پێشوی ئەمەریکا ریتشارد نیکسون هێنا ٠

ئەکتەرە بەناوبانگەکان (روبرت ردفورد ، داستین هوفمان) لەناو ئەو هەمو ئەکتەرانەی تردا دەوری باڵەوانی چیروکەکەیان نەنواند ٠

فلیمەکە باسی کرداری چەتە ئەریانەی حزبی (کومەاری) نەکات کە چۆن دەستیان بەسەر بەڵگەنامەو نەخشەو بەرنامەی حزبی دیموکراتیاگرت بێ ەوەی لەهەژی چەنەکەریەکە بکۆڵێتەوە ٠

ئەوەی شایانی باسە هەر ەمان دوورۆژنامەنوس لەم دوایەدا کتێبێکی تازەیان بە ناوی (رۆژگاری درایی) وە لەسەر نیکسون دەرکردوە کەباسی ئەیتیەکانی ژیانی سەرۆکی پێشوی ئەمەریکا

شیرلی ماکلین
دژی سەرکەوتنی (رونالد ریگان)ە ٠٠

ئەکتەری ئەمەریکایی ناسراو شیرلی ماکلین لەم رۆژانەی دوایی‌دا جوە بۆ .لەندەن بۆ ئەوەی گەشتێکی هونەریانە بە هەمو ناوچەکانی بەریتانیادا بکات‌و چەند شانۆکەریەك بە ئەنیا پیشکەش بکات ٠

وەکو زانراوە ماکلین نوسین‌و سیاسەت شان‌بەشانی نیشەکەی خۆی کەشانۆکەریە ئەیزانێ ، ناوبراو قسەی بۆ رۆژنامەنوسە بەریتانیاییەکان کردوە وتویە : هەمو ئەو کەسانەی کە خۆیان بۆ سەرۆکایەتی وڵاتەیەکگرتوەکان پاڵاوتوە پەیوەندی‌یان پێوە کردوەو داوایان لێ کردوە کە لە پرویاگەندەی هەڵبژاردن‌دا یارمەتیان بدات ٠

هەروەها وتویە ئەگەر وەزع بەرەو ئەوەچو (رونالد ریگان) سەربکەوێ ئەوا ئەبێ من لە پێناوی سەر خستنی (جیمی کارتر)دا هەوڵ بدەم ٠

چاپکراوی نوێ

گۆڤاری ئۆتۆنۆمی

هەردوو ژمارەی ٢–٣ی گۆڤاری « ئۆتۆنۆمی » کە ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بە هەردوو زمانی کوردی‌و عەرەبی دەری ئەکات لەم رۆژانەدا دەرچو ، لەم ژمارەیەدا ، چەندان باس‌و لێکولینەوەو چالاکیەکانی دەزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بڵاوکراوەتەوە، لەم ژمارەیە ، دوو دانە بەدیاری پێشکەش بە « هاوکاری » کراوە ، زۆر سوپاسی هەڵسوڕینەرانی گۆڤاری « ئۆتۆنۆمی » ئەکەین ٠

لە بڵاوکراوەکانی زانکوی سلێمانی

لە بڵاوکراوەکانی زانکوی سلێمانی ، بەڕێوەبەریەتی‌سەرژماردەو نەخشە ، بڵاوکراوەیەك بەناوی « لێکولینەوەیەکی سەر ژماردەیی دەزگاکانی بەڕێوەبەریتی ئیش‌کەرانی زانکوی سلێمانی »یەوە دەرچوە ٠ بەڕێوەبەریتی ناوبراو ، دانەیەکی لەم بڵاوکراوەیە ، بەدیاری پێشکەش بەرۆژنامەکەمان کردوە سوپاسیان ئەکەین ٠

پیشانگایەکی هونەری لە بەغدا

رۆژی پینج شەمەی رابوردو پیشانگایەکی هونەری وێنەی دەسکردی هونەرمەندانی لاوبرایان ئازاد کەمال‌و فاضل محسن‌و عبدالحسین محمود لەبارەگای کۆمەڵی روشنبیری کورد کرایەوە ٠٠

ئەم پیشانگایە سێ رۆژهەمو رۆژێك لەسەعات پینجی سەر لە نیوارەوە تا سەعات‌هەشتی خایاند ٠

چەند تابلویەکی جۆربە جۆرلە هۆڵەکەدا هەڵواسرابون جگە لەروالەتە هونەریەکەیان‌هەریەکە ئەندێشەو سۆزی تایبەتی خۆی ئەنواند ٠٠

هونەرمەندانی ناوبراوقوتابی دوا قوناغی پەیمانگای هونەرە جوانەکانن‌و ئەمە یەکەم‌پیشانگای هونەری‌یانە ٠٠

دوا وشە

لە هەمو کاتێکدا روالەتی سیحراوی سروشت بۆنە سەر چاوەی هەستجوڵاندن‌و ئیلهامی شاعیران‌و ئەدیب‌و هونەر مەندان ٠٠

ئەگەر هونەرمەندێك بیەوێ نیگاری بەپکەرێك بکێشێ بە هونەرەکەی ئەی‌رازێنێتەوە ٠٠ ئەدیب‌و شاعیرەکانیش بە وشەی جوان‌و ناسك بەرگی ئاڵو والای بە بەردا ئەکەن ٠٠ ئینجا ئەو تابلۆیە بەجۆرێك دەرئەچێ کە هونەرمەند بە ئاسانی ناتوانی دروستی بکاتەوە ٠٠

ئەو رووداوە خۆشانەی کە شادی‌و بەختیاری ئەخەنە چاوو دڵەوە هەمان سیحرامێزی سروشتە ٠٠

ناوچەی ئوتونومی لە وڵاتە خۆشەویستەکەمانا گەلێك سیحری سروشت‌و بەختیاری ژیانی تیا یەکانگیر بووە ٠٠ شاعیرو ئەدیبەکان ئەم‌رووە جوانانەیان ئەوەندەی تر رازاندۆتەوە ، وەهەروەها ئەو خوشی‌و رووداوە گەورەیان فەرامۆش نەکردوە کە هەمو دڵو دەرونێکی خستۆتە جوڵە ٠٠

لە بەیاننامەی ١١ی ئازارەوە تا ژیانی ئاشتی‌و سەقامگیربونی ئاسایش لەهەمو ناوچەکانی ژوروی وڵاتدا کە تاقمە بەکێ گیراوەکەی تیا لەناو برا ، ئەوەندەی ئەدیب‌و هونەرمەندەکان لەبەرهەمە ئەدەبی‌و هونەریەکانیانا نیشانیان داوە ، دەرئەکەوێ کە ئەدیب‌و هونەرمەندانی ناوچەی ئوتونومی لەرەوتی کەژاوەی ئەدیب‌و هونەرمەندانی تر دواکەوتون ٠٠ وە ئەو بەرهەمە ئەدەبی‌و هونەریانەی نیشانیان‌داوە بەسەرپێیەکەوە رواڵەتی رووداوە خۆشەکانی تیا یەدی ئەکرێ ٠٠

هەرچەند تابلۆیەك لەناخی جەوهەری هونەری رووداویکدا ئەبینین کە ئەو رووداوە لەناودڵی هەمو رۆڵەیەکی وڵاتەکەمانا ریشەی داکوتاوە ٠٠ هەر لە ژوروەوە تاکو خوارو ، وە لە رۆژ هەڵاتەوە تا ئەگاتە رۆژئاوا ٠٠ وە ئەو خۆشیە سنوری وڵاتەکەمانی لە لێواری وڵاتە عەرەبیەکان‌و دەوڵەتانی دوست‌و برامانا دیاری کردوە ٠٠

نیگاری ئافرەتێکی کورد کە کۆرەبەکەی بەباوەشیەوەیەو گەڕاوەتەوە بۆ سەرژیانی ئاشتی‌و سەقامگیربونی ئاسایش ئەمە نمونەی ئەو خۆشیەنیشان ئەدات ٠٠ یان وێنەی کوردێك‌و عەرەبێك خەریکی کردنەوەی ئەو وێرانکاریەن کە رۆژگاری پڕ لە ناسۆرو کوشتار وێرانی کردبوو ، یان خەریکی ئیش‌و کاری کێڵگەکانن ٠٠ یان تابلۆی شوانێك لە قەد باڵێکدا رانەمەڕەکەی ئەلەوەڕێنێ‌و بەسۆزەوە شمشاڵ لێ ئەداو منالیك لەتەنیشتیەوە یاری ئەکات ٠٠ ئەمانە بەقەدەر شیعرو وتار سۆزیان تیایە ٠

ئەمانەو هەزارانی‌تر کە ئەدیب‌و هونەرمەندانی ناوچەی ئوتونومی ئەتوانن نیگاری بکێشن یان شیعری بیادا هەڵبدەن ٠٠

دەسکەوتەکانی شورش ١٧– ٣٠ی ئەموزی ئەتەوایەتی‌و پیشکەوتنخوازو سوشیالیستی گەلیك ماوەی بۆ ئەدیب‌و هونەرمەندان خۆش کردوە کە دەستەباچە دانەنیشن ٠٠

فاضل محمد

٣ هونەرمەندی جیهانی بۆ "هاوکاری" ئەدوێن

– یاسەمین بەرزنجی –

رۆژی یەك شەممەی‌رابوردو بەرێز وەزیری رانەیاندن لەژێر دروشمی« هونەرمەند بەشداری بنیاتنانی کۆمەڵ‌ئەکات » هەشتەم‌کۆنگرەی کۆمەکی هونەرمەندە ئەشکیلێکانی دەوڵەتانی کردەوە ٠

● بەرێز کاچ مایسکی‌سەرۆکی وەفدی هونەرمەندانی ڤاونیا سەبارەت سەردانەکەی عیراقی‌یەوە وتویەتی : من زۆر خۆم بەبەختیار دەزانم کەمۆڵەتێکی وام دەست کەوتبێ عیراق ببینم ، بە دڵنیایەوە ئەوەدەڵیم کە دەرگای وڵاتەکەتان بۆ هەموکەسێکی دڵسۆز هەمیشە لە سەرگازی پشتە ، ئێوە مادام لە رێگای پێشانگاوە کە لەبۆری هونەریتان‌و چالاکیتان لەگەڵ هونەر مەندانی جیهاندا نەپساندوە ، ئەو دەبێتە مایەی دڵنیایی نیوە کە خاوەنی بەهرەیەکی‌هونەری سەربەخۆن، ئەوکارەو بەرهەمە هونەریانەی لە پیشانگا هەمیشەیەکەی مۆزەخانەی هونەری نوێ نیشتمانیدا نیشاندراون دو دڵی لەوەدا ئەهێشتم‌و تەواو دڵنیای کردم کە گەلی عیراق خاوەنی بەهرەو سەلیقەیەکی داهێنەرانەیە ٠ » وە بو بە هوی ئەوەی کە لە کۆنگرەی قارنادا دەنگ نە سەر ئەوەبدرێت کە کۆنگرەی هەشتەم لە بەغدادا بگیرێت ٠ بەرێز کاچ مایسکی وتی :–

لە پێشدا وادەنگ بڵا بو بۆوە کە ئەم کۆنگرەیە لە عیراق یا لە ئەڵمانیای رۆژ ئاوادا ببەسترێت ، بەگوێرەی ئەو ئامۆژگاری‌یەی لە کۆمەکی وڵاتاندا کرابو ، کە نابێت بەردەوام‌و سەرومڕ کۆنگرە لە وڵاتە ئەوروپاییەکاندا ببەسترێت بویە عیراق دەست پیشکەری ئەوەی کرد کە ئەم کۆنگرەیە لە عیراقدا بگیری‌و ئەندامانی کۆنگرەی قارناش پشتگیری پیشنیارەکەی عیراقی‌یان کردو دەنگ لە سەر ئەوە درا کە کۆنگرەی هەشتەم لە بەغدادا ببەسترێت بە تایبەتی جمو جوڵێکی گومان لێکراو هەبو کە نەگەرە بخەنە ریگەی نەبەستنی لە بەغدا ٠

● هەروەها بەرێز مامۆستا صلاحوف لە یەکێتی سۆڤیەتەوە لەو گفتو گۆیەی رۆژ نامەی هاوکاریدا بایەخێکی نەواوی بە بزوتنەوەی هونەری نەشکیلی داوە لە عیراقدا بەوەدا لەو گفتو گۆیەیدا وتویەتی : « بێ گومان هونەری نەشکیلی لە عیراقدا رەگ‌و ریشەیەکی هێندە فراوان‌و بەتینی‌و بڵاوی هەیە ، کە زۆر چاك مەیدانی ئەوەو خۆش دەکات کە

بروانە ل – ١١ –

Institut Kurde de Paris

هاوکاری

التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەی کشتییە
لە دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی
کوردی دەردەچێ
لە « دار الحرية » چاپ دەکرێ
وزارة الاعلام
دار الثقافة والنشر الكردية
بغداد ـ شارع الجمهورية ـ ساحة الخلاني
تلفون (٦٨٣١١ ، ٦٨٣١٢ ، ٦٨٣١٣)

سالی ١٩٧٠ دامەزراوە — ژمارە (٣٢٠) ١٩٧٦/٦/٣ — « ١٢ » لاپەرە — « ٢٥ » فلس

ئەی جەماوەری کورد :

میژوو لە دوارۆژشدا شاهیدئەبێ کە گەلی کورد برایەتی و دۆستێکی هەمیشە دلسۆزی تری وەك گەلی عەرەبی نەبوە .

سەروك احمد حسن البكر

بەردەوامی لە سەرپێتەوکردنی پەیوەندی دۆستایەتی ئاسایی نێوان وڵاتەکەمان و یەکێتی سۆڤیەتدا

سەرکردەی دامەزرێنەر چاوی بە وەفدی بەرەی عەرەبی بەشدار کەوتوە

رۆژی سێ شەممەی رابوردو سەرکردەی دامەزرێنەر هەفال میشیل عفلق ئەمینداری کشتیی حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب لە جیگاکەی خۆی لە بارەگای سەرکردایەتی ئەتەوەیی حیزب پێشوازی وەفدی بەرەی عەرەبی هاوبەشی شۆرشی فەلەستینی کردوە وەفدەکە بە سەرۆکایەتی هەفال رغید الصلح ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب لە لبنان بوە .

لەوکۆبونەوەیەدا کە دەورو بەری سەعات ونیویکی خایندبو باسی دۆخی عەرەب بەگشتی و بەتایبەتی باسی دۆخی نێستای لبنان کراوە . لە کۆبونەوەکەدا هەردو هەفال قاسم السماوی بەرئوەبەری مەکتەبی فەلەستین و خەباتی چەکدار لە سەرکردایەتی ئەتەوەیی حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب و أبو وضاح ئەندامی مەکتەب ئامادەبون .

ئا.د.ع

سەرکردەی بەعس بە وەفدی بەرەی عەرەبی کەوتوە

رۆژی سێ شەممەی رابوردو هەفال احمد حسن البكر ئەمینداری نێنی سەرکردایەتی قوتری حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب و سەرەك کۆمار سەعات ١١ پێش نیوەرو لە کۆشکی کۆماری پێشوازی وەفدی بەرەی عەرەبی هاوبەشی شۆرشی فەلەستینی کردوە ، وەفدەکە بە سەرۆکایەتی هەفال رغيد الصلح ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب لە لبنان بوە ، لە کۆبونەوەکەدا بە دورو درێژی باسی دۆخی سیاسی لبنان کراوە ، لەگەل ئەو کارانەدا کە پەیوەندیان بە دەوری شۆرشەو حیزبەوە هەیە لە عیراقداو ئەوتوانایەی لە باریدا هەیە پیخاتەکار بۆ بۆچەل کردنەوەی ئەو پیلانانەی دژی بزوتنەوەی بەرگریی فەلەستین و هێزە نیشتمانیی پێشکەوتن خوازەکانی لبنان دەگرێت .

هەفال بەکر ئەوەی دووپاتەکردۆتەوە کە جەماوەری گەل و هێزە نیشتمانی پێشکەوتن خوازەکانی وڵات لە هەلوێستێکی مەبدەئیەوە پشت گیری و یارمەتی بەرەی پێشکەوتن خوازی لبنانی داوەو لە هەمان کاتدا پەردەی لەروی کۆنەپەرستان و کۆشەگیرو تایەفەگەری و دەستو دایەرەو لایەنگیرەکانیان هەلمالیوە .

هەفال ئەمینداری نێنی سەرکرادەیەتی قوتری داوای کردوە کە لە هەمو مەیدانێکدا بەردەوام پەردە لەروی ناوبیانە هەلمالرێت کە قوتری لبنان و شورشی فەلەستین و بزوتنەوەی نیشتمانی لەلایەن ئەمەریکاو زایونیزمەوە لیبیال دەکرێت و بەهۆی ئەلقە لەگوی کۆشەگیرەکانەو دەیانەوێت و جێ بەجێی کەن .

لە کۆبونەوەکەدا هەفال علی غنام ئەندامی سەرکردایەتی ئەتەوەیی و هەفال قاسم السماوی بەرئوەبەری مەکتەبی فەلەستین و خەباتی چەکدار لە سەرکردایەتی ئەتەوەییدا بەشداربون .. وەفدەکەی بەرەی عەرەبیش بریتی بون لە بەرێزان سمیر صبیح و ابو حاتم و الدكتور خليل احمد خليل و جمال فاخوری .

ئا.د.ع

بەرێ کردنی ڕەسمی هەفال کۆسیگین

عیراق و یەکێتی سۆڤیەت ئەوەیان ساغ کردۆتەوە کە ئاشتی یەکی عادیلانە لە ناوچەی عەرەبی دانایەتەدی بە بێ رزگار کردنی هەمووخاکی زەوت کراوی عەرەب و سرینەوەی هەموو شوێنەوارێکی دەست درێژی وسەندنەوەی هەموو مافێکی ڕەوای گەلی عەرەبی فەلەستین بە مافی تەواویەوە لە بریاردانی چارەنووسی خویدا .

هەردوو وڵات لە بەیانێکی دوو قۆلیدا کە بۆری لە بەغداو مۆسکوسەبارەت بە سەردانەکەی ئەلیکسی کوسیگین ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمونستی سۆڤیەت سەرۆکی وەزیرانی یەکێتی کۆمارە سۆشیالستەکانی سۆڤیەت پێخوشحالی خۆی دەر بری بەرامبەر سەردانەکەی بۆ وڵاتو سوپاس و ڕێزی دەربری بۆ هەفال احمد حسن البكر سكرتیری سەر کردایەتی قطری حزبی بەعسی سوشیالستی عەرەب سەرۆك کۆمارو هەفال صدام حسین جێگری سكرتیری سەرکردایەتی قطری جێگری سەروکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بەرامبەر بەو ڕێزەی لە خۆی و ئەندامانی وەفدەکە نراوە .

دیسان هیوای گەلی سوڤیەتی دۆستی بەرەو سەرکەوتن و دەسکەوتەی زیاتری بۆ گەلی عیراق خواست لە سەر ڕێگای کورانی کۆمەلایەتی و ئابوری بۆ سودی جەماوەر .

بروانە لاپەڕە ـ ٧ ـ

هەفال کۆسیگین مەدحی ئەو گۆڕانانەی کردوە کە وڵاتەکەمان ئەیبینێ

هەفال ئەلیکسی کوسیگین ئەندامی مەکتەبی سیاسی کومیتەی ناوندی حزبی کۆمونستی سوڤیەت سەرۆکی وەزیرانی یەکێتی کۆمارە سۆشیالستەکانی سۆڤیەت پێخوشحالی خۆی دەر بری بەرامبەر سەردانەکەی بۆ وڵاتو سوپاس و ڕێزی دەربری بۆ هەفال احمد حسن البكر سكرتیری سەر کردایەتی قطری حزبی بەعسی سوشیالستی عەرەب سەرۆك کۆمارو هەفال صدام حسین جێگری سكرتیری سەرکردایەتی قطری جێگری سەروکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بەرامبەر بەو ڕێزەی لە خۆی و ئەندامانی وەفدەکە نراوە .

دیسان هیوای گەلی سوڤیەتی دۆستی بەرەو سەرکەوتن و دەسکەوتەی زیاتری بۆ گەلی عیراق خواست لە سەر ڕێگای کورانی کۆمەلایەتی و ئابوری بۆ سودی جەماوەر .

بروانە لاپەڕە ـ ٧ ـ

بەعس لە سوریا :

ڕێژیمی حافظ أسد دەستی کەوتەپو

رۆژنامەی « التحرير » ئۆرگانی حزبی بەعسی سۆشیالستی عەرەب لە سوریالەدوا ژمارەیدا ئەوەی سەلماندوە کە ڕێژیمەکەی حافظ اسد ئیستا دەوری خۆی لە ناوچەی عەرەبدا بە ئاشکراو بێ پەردەئەبینێ .

رۆژنامەکە لە وتارەکەیدا ئەلی : « ڕێژیمی حافظ اسد لە لوبنان دەستی کەوتە روو وەوەك دۆستێکی هیزەخوپەرستەکان کە دەستیان بە داوێنی زایونیزم و ئیمپریالی ئەمەریکاوەیە گرتوە دەرکەوت »

دیسان ئەلێ : « ئەوەی سەرنجی رووداوەکانی سالی رابوردووی داپێ بۆی دەرئەکەوێ گەرم بوونی شەر لە لوبنان بەر لە دوای هاتنی ماوەی مانەوەی هیزکانی دەولەتانەوە بوە بۆ خەریك کردنی هیزە شۆڕشگێڕەکانی فەلەستین لە لایەك و بۆ ئەوەی عەرەبیش خۆیان خەریك نەکەن بە مەسەلەی درێژ کردنەوەی ماوەی مانەوەی ئەو هیزانە ئەمەش بۆ ئەوە بوە تا بیانوی عەسکەری و ئاسایش و سیاسی وا دروست بکا هوبن بۆ موافقەت کردن لەسەر درێژکردنەوەکە » .

هەروەها ئەلی : درێژ کردنەوەی نوێی ماوەی هیزەکانی دەولەتان بێ دروست کردنی ئەو بیانوە پێشەکیانە بوو کە ڕێژیمی سوریا فێر بو لە هەمو درێژ کردنەوەیەکی ترا دروستی ئەکرد ، چونکە ئیتر توانای ئەماوە لە هیچ شوێنێ کار بکاتە سەر هاوولاتیانی عەرەب .

رۆژنامەکە دوایی بە

بروانە ـ ل ـ ٧ ـ

عیراق داوای کردوە کە حەوتەم کونگرەی بەرزی وڵاتانی بێ لایەن لە بەغدا ببەسترێ

دکتۆر سعدون حمادی وەزیری دەرەوە رۆژی سێ شەممەی رابوردو لە کۆبونەوەیەکی کۆنگرەی مەکتەبی کونجانی وڵاتانی بێ لایەن کە رۆژی یەك شەممەی رابوردو لە جەزائیر کەوتۆتەکار وتارێکی خوێندۆتەوە .. وتویەتی : کۆماری عیراق هەستی بەوەکردوە کە زۆربەی ئەندامەکان دەیانەوێت زیاتر برەو بە بزوتنەوەی بێ لایەنی بدەن ، تاکو لە ئیشەکانیدا بەکار تربێت و بە چاکی ئەرکەکانی سەرشانی هەلسورێنێ .

هەروەها وتویەتی .. بیروباوەری بێ لایەنی داواکاری ئەوەیە کە واز لە تاقم کاری بهێنرێت بەلام ڕێکانادات کە بەدورەبەرێزی یەوە سەیری کێشەی نیوان تاقمەکانی تر بکەن و لیبیان بێ دەنگ بین .

هەفال صدام حسین سەری لەوەزارەتی نەوت و کۆمپانیای نیشتمانی نەوت داوە

سەر لەبەیانی رۆژی سێ شەممەی رابوردو بەرێز ماموستا صدام حسين جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش سەری لە وەزارەتی نەوت و کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی داوەو پیروز بایی بیرەوەری چوارهەم سالی بریارە مەزنەکەی میللی کردنی نەوتی ای جۆزەیرانی سالی ١٩٧٢ی لە کارگیران کردوە .

هەفال صدام حسین هەرکە گەیشتە بارەگای وەزارەتەکە لەوێ بەرێز حکمت العزاوی وەزیری بازرگانی دەرەوەو جێگری وەزیری نەوت و بەرێز عبدالمنعم السامرائی جێگری وەزارەتی نەوت و فەرمانبەرە کەورەکانی وەزارەت پێشوازیان لی کردوە .

بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بە بەشەکانی وەزارەتدا گەڕاوەو لەگەل کارگیرانی ئەوبەشانەدا سەبارەت گرنگی میللی کردنی نەوت و ئەو کارانەی لەبارەی ئابوری و کۆمەلایەتی و ستراتیژی و نەفسی یەوە دەیکاتە سەر دوارۆژی گەل دواوە .. وتویەتی : رۆژ بەرۆژو سال لە دوای سال ئاسۆی بەختەوەری دوارۆژمان زیاتر دەردەکەوێت ، لەگەل سەیری هەر توژژالێکی ئەم کۆمەلەمان بکەین ، کەچەند بەباوەرێکی قایمەوە کاردەکات ، لەو پاشە ڕۆژە ڕوناکەمان زیاتر دلنیا دەبین . هەروەها ئەو زروفە کۆمەلایەتی یە ناقۆلاو نالەبارەی دەست نیشان کردوە کە کۆمەلە کەمان پێش شۆرشی ١٧ـ٣٠ تەممووزی ئەتەوەیی سۆشیالیستی تیایدا دەژیا ، هەروەها وتویەتی : هەنگاوەکانی شۆرش لە ماوەی ئەم هەشت ساڵەدا لە دۆخو زروفێکی وادا گەورەیی و بایەخی ئەو دەستکەوتانەمان بۆ دەردەخات کە ئیستا وەدی

بروانە ـ ل ـ ٦ ـ

بەرێ کردنی ڕەسمی هەفال کۆسیگین

عیراق و یەکێتی سۆڤیەت ئەوەیان ساغ کردۆتەوە کە ئاشتی یەکی عادیلانە لە ناوچەی عەرەبی دانایەتەدی بە بێ رزگار کردنی هەمووخاکی زەوت کراوی عەرەب و سرینەوەی هەموو شوێنەوارێکی دەست درێژی وسەندنەوەی هەموو مافێکی ڕەوای گەلی عەرەبی فەلەستین بە مافی تەواویەوە لە بریاردانی چارەنووسی خویدا .

هەردوو وڵات لە بەیانێکی دوو قۆلیدا کە بۆری لە بەغداو مۆسکوسەبارەت بە سەردانەکەی ئەلیکسی کوسیگین ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمونستی سۆڤیەت سەرۆکی وەزیرانی یەکێتی کۆمارە سۆشیالستەکانی سۆڤیەت پێخوشحالی خۆی دەر بری بەرامبەر سەردانەکەی بۆ وڵاتو سوپاس و ڕێزی دەربری بۆ هەفال احمد حسن البكر سكرتیری سەر کردایەتی قطری حزبی بەعسی سوشیالستی عەرەب سەرۆك کۆمارو هەفال صدام حسین جێگری سكرتیری سەرکردایەتی قطری جێگری سەروکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بەرامبەر بەو ڕێزەی لە خۆی و ئەندامانی وەفدەکە نراوە .

دیسان هیوای گەلی سوڤیەتی دۆستی بەرەو سەرکەوتن و دەسکەوتەی زیاتری بۆ گەلی عیراق خواست لە سەر ڕێگای کورانی کۆمەلایەتی و ئابوری بۆ سودی جەماوەر .

بروانە لاپەڕە ـ ٧ ـ

هەردوو ولات لە بەیانیکی دوو قولیدا کە بۆری لە بغداو مۆسکوسەبارەت بە سەردانەکەی ئەلیکسی کوسیگین ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمونستی سوڤیەت سەرۆکی وەزیران دەرچوە هەردوولا پشتگیری تەواویان بۆ بزوتنەوەی بەرگری فەلەستینی تیکوشەر سەلماندوە لە پێناوی بەدی هێنانی ئامانجەکانیا .

بەیانە درو قۆلیەکە باسی باری ئالۆزی لوبنانی کردوەو هەولدانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان بۆ دەستخستنە ناوکا روباری ناوخۆی لوبنان بەمەبەستی تیکدانی یەکیتی ریزی هیزە پێشکەوتنخوازەکانی و لێدانی بزوتنەوەی بەرگری . وەسەلماندویانە کە عیراق و یەکیتی سوڤیەت بەردەوام ئەین لە یارمەتی داندا بۆ وەستاندنی خوین ڕشتن لە لوبناندا بە زوترین کاتی ، بۆ

بروانە ل ـ ١١ ـ

Institut Kurde de Paris

میللی کردنی نەوت

بەردی بنچینەی دامەزراندنی سۆشیالیستی یە

غەفور

پاسای سەرمایەداری و [illegible] ، بۆ جێگرکردنی دامو دەزگاکانی [illegible] وەو [illegible] دەست کردنی گەلان ، لەپێناوی [illegible] ئلاویانا ، سودێکی یەکجار گەورەیان لە نەوتو [illegible] ئەم سامانە نرخ دارە ، ئەم [illegible] لەبن نەهاتوەی ئەم چەرخەیان کردوە بەچەکی دەستیان ، بۆ بەهێزکردنو دەولەمەندکردنو بەردەوامی دەسەلاتی ریژیمی پیسو چەپەلیانو بۆ هەلگیرساندنی شەرو نانەوەی ئاژاوە لەم جیهانەدا بەمەبەستی توند کردنی زنجیری دیلیەتی ، لەیەو گەردنی گەلانی هەلچوی خەبات کەردا •

لە دەوری پیسی دەشی بۆگەنی ئیمپریالیزمو نوکەرەکانیدا ، حکومەتەکانی عیراق ، یەك لە دوای یەك ، تەمەنی فەرمانرەوایی کورتو دریژی مانەوەیان لەسەر تەختی حوکم ، بەرەزامەندیو هەوەسو ئارەزووی کومپانیاکانی نەوتەوە بەند بوو ، هەر حکومەتێك بەقەدەر ناڵە مویەك سەرپێچی ، یا سەر ڕیژی بکردایە ، یا تەگەرەو کۆسپێکی بچوکی بخستایەتە سەر ڕێگای بەرژەوەندی بەرزی ئەو کومپانیا چاوچنۆکانەوە ، کاتێ بەخۆی ئەزانی لەفەرمان رەوایی هینراوەتە خوارەوەو دەستو بردەدستەیەکی تری ئەلقە لەگۆیی کومپانیاکان ئەخرانە جێگایان ، بەمانایەکی تر ، کومپانیاکانی نەوت یاریان بە چارەنووسی عیراق ئەکردو کوشتەو بردەو دەستەلات دار هەر خۆیان بوون •

بەپێچەوانەی ئەم راستی یەوە ، میللی کردنی نەوت کە بە بڕی بڕەی پشتی ئابوری نیشتمانی دائەنرێ ، بەکارهێنانی بەرووبوومی لە ولاتێکی وەك و عیراقدا دەورێکی یەکجار گەورەو دەستێکی بالا لە خۆش کردنی ئاگری خەباتی شۆرشگیرانەی گەلەکەماندا ئەگێرێو زیاتر رێ رەوی شۆرش قوڵ ئەکاتەوە ، لە ئالۆگۆرکردنی بنچینەی کۆمەلایەتی نوێدا ، لە بردنی کۆمەلگای عیراق لە قۆناغێکی دواکەوتو وە لە هەموو رویەکەوە ، بۆ پلەیەکی بەرزتر لەژیاندا ، لەبارێکی لێکەوتوی دەستە پاچەوە ، بۆ پێشکەوتنێکی نەوەستاو تاولات لەکاروانی بەجێماوی شارستانیەتو زانستی دەرچێو زنجیری هەژاریو تەخۆشی بپسێنێو لەدەریای [illegible] ی ئابوریو گیروگرفتی کۆمەلایەتی رزگاری بێ و بنانە سەر ڕێگای راستو رەوان بۆ دامەزراندنی بنکەی سۆشیالیستی ، تا گەل ، تامی بەری رەنجی چەندسالەی خەباتی پر قوربانی بچێژیو لەپال بەکارهێنانی نەوتو سود وەرگرتن لەم سەروسامانە هیچگار گەورەیە سینێتو پشویەکی ئاسودەی بەرەو پێشەوە بدات و دەست ئبکاتە ملی بەختیاری کامەرانیو هیوا •

پاش بەرپابوونی شۆرشی ١٧ ـ ٣٠ تەموز ، عیراقی شۆرش وەك وەستایەکی داناو بە وردبینیەوە بۆ ئەم راستیە چو بۆیەکا لەدوای خۆ کۆکردنەوەو ئامادە بوونێکی بۆ هاوتای سیاسی ، هیرشی بردە سەر قەلای ئیمپریالیزمو بنکەی کومپانیا چاوبرسیەکان لە عیراقدا ، بۆ روخاندنی ریژیمی پیسی نابوری یان ، وە بۆدەست گرتن بە سەر سامانی نەوتداو میللی کردنی ئەم گەنجینەیەی کەوتە بە دروشمی سەرەکی خۆیو بە پێویستیەکی هەرە گەورەی نیشتمانیو ئەرکێکی پیرۆزی سەر شانی خۆی دانا، بۆیەکا ، دەمو دەستو چاپوکانەوە لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٢دا گورزی گرانی خۆی وەشاندو مورکەی پشتی ئیمپریالیزمی شکاندو بانگی میللی کردنی نەوتی راهێشتو گەلی عیراق لە سەرانسەری ولاتدا بەجارێ راپەریو گیانی شۆڕشگێرانەو بەربەرەکانی دژی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرست ، جارێکی تر لە دلو دەروونیا زاخاو درابەوەو هاتەوە کۆری مەیدانی خەباتی سەرومری بۆ سەقام گیرکردنی ئەم ئامانجە گەورەیەو مسوەگەر کردنی ئەم سەرکەوتنە پیرۆزەی کە ساڵەهای ساڵە بێزووی پێوە ئەکاو قوربانی بۆ ئەداو خوێنی لە پێناودا ئەرشت •

بێگومان ، رۆژگار ، تایەت بۆ گەلی عیراقی نیشان ئەدا کە ناچ رادەیەك ئەم سامانە کارئەکاتە سەر هەموو رویەکی ژیانیو ئەبێتە هوی دامەزراندنی بناوانێکی قایمو پتەوی پەرەو سۆشیالیستی ئایندەو بۆ گورینی هەموو وێنەو روخساریکی کۆمەلایەتی لەولاتدا ، بۆ دانانی بنکەی مادی ئەکنیکی ئەوتۆ کە نیشتمان لە قوناغێکی کۆنو رزیوی دوا براوەوە بخاتە بنەرەکی پیشەسازی پێش کەوتووی دامەزراو ، دانانی بودجەکانی ئەم ساڵانەی دواییو نەخشەو پلانەکانی شۆڕش بە پشتبەستن ئەبەسەلمێنو ساغی ئەکەنەوەو بەلگەی ناشکران کە میللی کردنی نەوت ، ئەمرۆ چەکێکی گەورەی کاریگەرە بەدەست شۆڕشەوە بۆ پێشخستنی رەورەوی میرووو بۆ گەشە کردنو بنیاتنانو ئاوەدان کردنەوە ، رێگەو بان کردنەوە تا ولاتەکەمان بێتە ولاتێکی پیشەسازیو کشتوکالی ئەوتۆ ، جێگای شانازیو مایەی شانازی گەلی بێو چقلی چاوی ئیمپریالیزم بێ •

ئەوت ، ماکی هەموو گورانێکی کۆمەلایەتیە، چەکی دەستی شۆڕشە بۆ پێش کەوتنی هەموو شوێنە واریکی دواکەوتوی کون ، بۆ چارەسەرکردنی هەموو گیروگرفتێکی کۆمەلایەتی ، بەروە دەو زانستی ، بو ساریژکردنی هەمو بریندێك و هەموو زامێکی ئەم نیشتمانە ، تا ئاواتو ئامانجی نزیك و دوری گەل بێتەدیو بنکەیەکی [illegible] ئەز دیمەزری کە ماوە بۆ [illegible] قوناغێکی تر [illegible] بکا •

[illegible] ئەم بەرو دۆخەی ئیستادا ، زەمینە گەلێك خۆشە تا سەرکردایەتی سیاسی حزب لە جاران زیاتر نەوت بەکاربهێنێ بۆ دژی دواکەوتنو هەژاریو نەخوێندەواریو نەخۆشیو بۆ راماليتی جیاوازی لەنێوان دیهاتو شاردا، بۆ پساندنی زنجیری کویلەیی و رزگارکردنی ئافرەتانی عیراقو یەکسانی کردنیان لەگەل پیاوداو بۆ بتەو کردنی برایەتی هەتا هەتایی کوردو عەرەبو کەمایەنیەکانی تر ، تا ولات بەدلنیایەوە ملی رێگای دانانی بناغەی سۆشیالستی بگرێتە بەرو سەرکەوتن لەدوای سەرکەوتن بەدەست بهێنێ، تاکۆمەلگایەکی سۆشیالستی یەکگرتوی توندو تۆل دابمەزرێ •

ئەمرۆ ، هەموو ، رێگایەك کراوەتەوەو هەموو مەرجێك لەبارە ، تاکو عیراق ببێتە ولاتێکی ناونیشانداری دیار ، لە نێوان ولاتە عەرەبەکاندا ، تا دەوری پێشەنگی خۆی لەگۆڕی خەباتی ئەمرۆی نەتەوەی عەرەبدا بگێڕێ و ببێتە ئومێدو ناواتی هەموو بزوتنەوەی شۆڕشی عەرەب ، بۆ پوچ کردنەوەی نەخشەو پیلانەکانی ئیمپریالیزمو ریژیمە خۆبەدەستەوە دەران کە مەبەستیان ئەوەیە مەسەلەی فەلەستین بە سودو قازانجی دوژمن بەلادا بخەن ، ئەمرۆ شورش لەعیراقدا لێ پرسراوە کە هەروەکو جاران دەست باتەوە بالی بزوتنەوەی شۆڕشی عەرەبو دەست پیش کەری خۆی بنوێنێ بۆ کۆکردنەوەی هیزی لەبن نەهاتوی عەرەب دژی هەموو سیاسەتێکی خۆ بەدەستەوە دەرانەو مل شۆڕ کردن بەرامبەر دەست تێوەهەلکوتاندنی ریژیمی سوریا بۆ کاروباری ناوخۆی لوبنانو بەرزکردنەوەی ئالای شۆڕش لەناوچەکەدا •

ئەمرۆ بارو دۆخێکی وا هەلکەوتوە کە عیراقی شورشی بە جستو چالاکی دەوری خۆی دیاری بکا ، وە لە ئوردوگای خەباتکەری کە، [illegible] وەکو ولاتێکی رزگاریخوازی پێشکەوتو لەسەرکردایەتی پێشەوە دژی ئیمپریالیزمی جیهانی بوەستێ بۆ جیگیرکردنی ئاشتی • ئێمە دلنیاین کە سەرکردایەتی سیاسی زۆرباش لەتوانایدا هەیە لەم هەلو مەرجەی ئیستادا وەکو وەستایەکی زانا گورزی خۆی بوەشێنێ و گەل لەسەر کەوتنێکە وە بۆ سەرکەوتنێکی تر بەرێ •

لە بەر رووناکی دۆستایەتی عیراق وسۆڤیەتدا

لەم چەرخو دەورەدا کە گەلانی دنیای پیاتێ ئەیەرێ، رۆژ لەدوای رۆژ ، خواستوویستی میرۆو وسوودی باشە رۆژی ئەو گەلانە ، دروشمی برایەتیو دۆستایەتیو نزیك بوونەوەو دەست لەناو دەست تانیان بە بالا ئەبرێ ، ئەم جیهانە تایەت ، لایەنگیری برایەتیو دروست کردنی بردی هاوکاری زیاتر ئەکاو بەیەك بوونو هەستی لەیەك نزیك بوونەوە زیاتر ئەرژێتە ناودەریای بێ بایانی خەباتی گەلان ، ئەم دیاردەیە بەجۆرێکە تەنگی بەئیمپریالیزمو نوکەرانی هەلچنیوەو لەئەنجامدامەیەستی بەرزو ئاواتو ئامانجی پیرۆزی گەلان لە یەك نزیك بو نەوەو دۆستایەتیان ئەبێتە خۆری هەتا هەتایی •

ماوەیەکی زۆربوو ، مەبەستی گەورەو ئامانجێکی ئیمپریالیزمو دەستە نۆکەرەکانی هەولو تەقەللای ئەوەیان ئەدا کە گەلی عیراقی نەبەز لە دۆستایەتی و برایانی خەباتی بپچڕنو بە هەموو رەنگ خەریك بون کە شورایەکی پولایینی گوشەگیری بەدەوریا بگرنو نەیان ئەویست لە چوار چێوەی سنوری عیراق دەرچێو هەر بە دیلو کویلەو بێ پشتو بەنابمێنێتەوە ، تا لەو رێگەوە خۆیان بتوانن فەرمان رەوای خۆیانی بەسەرا بسەپێنن و بەهەوەسی خۆیان خوینی بمژنو سەروسامانی بەتالان بەرن •

گەلی عیراق هەمیشە لەتێکوشانی بێوچاندا بوە بۆ دامالینی ئەم کۆتو زنجیرە لە دەستو پێوو گەردنیو دەستە دەستە رۆڵەکانی ئەکردە قوربانی رێگای ئازادی تاخواستو ئارەزووی خۆی بەدی بهێنێ ، ئیمپریالیزم لە ولات دەرکات ، دەرگای ئاشتیو برایەتی بخاتە سەر گازی پشت تا تێکەڵ بەدریایی برایەتی گەلان بێت وبردی دۆستایەتی نێوان خۆیو گەلانی تر بە بازووی تێکوشانو قوربانیدان دروست بکات •

شورشی ١٧ی تەموز بەسەرکردایەتی حزبی بەعس سۆشیالستی عەرەب ، بانگی برایەتیو دۆستایەتی لەگەڵ گەلانی دۆستا راهیشت ، دەستو بردو بێ چەندوچونو بە ئاشکرا دۆستو دوژمنی گەلی لەیەك جیاکردەوە ، جاریدا کەولاتە سۆشیالستیەکان دۆستی هەتا هەتایی گەلنو لەبەر رووناکی ئەم راستیەدا پەیوەندی لەگەل هەموو ولاتە سۆشیالستەکاندا یەك لەدوای یەك دامەزراندو هەموو ئەو کەندو کۆسپانەی رامالکرد کەلە رێگای ئەم دۆستایەتیەدا بوون •

سەرکردایەتی شورش هەمیشە ئەیسەلمێنێو ساغی هەکاتەوە کە پەیوەندی شورشی ١٧ی تەموز لەگەل سوفیەتدا بارێکی رۆژانەو بەگویرەی کاتو قازانجی رۆژانەی وەرنەگرتوە ، بەلکو شێوەیەکی ستراتیجی هەتا هەتایی وەرگرتوەو لە چوارچێوەی بەرژە وەندی هەردوو گەلدایە، ئەمەش لەو راستیەیەوە هاتوە کە هەردوو گەل ، روو بەرووی یەك دۆژمن وەستاون هەردوولا دەزگایە خۆیان لە کارگردن کێشاوەتەوە لەسەرو هەموپانەوە « بیار لاردینوا » کە بە گەورەی هەمو ئەوروپا ناوبانگی دەرکردبو ، هەروەها «کریستوفر سوامس » لێبرسراوی دایەرەی بەپوەندی دەرەوەی دەزگاکە لەبەر ئەوەی بەوە قایل نەبوە لە پرۆکسلدا بمێنێتەوە •• وەزۆر کەمی تر کە دەیانەویت خۆیان لە دەزگاکە بکێشنەوە ، بەڵام جاوەنواری فەرمانی ولاتەکانیانن لەوانە « ویلهیلم هافر کامب »ی ئەڵەمانی کە لێبرسراوی مەکتەبی دارایو ئابوری دەزگاکەیە •

● دوارۆژی بازارەکە تا ئەوەیە کە ئەم مەبلەغە سێیەکێکی ئەو پارەیە کە کومپانیای جیهانی ـ پروکتێرو گامبێل ـ بۆ پروپاگەندەی بەرهەمەکانی خۆی خەرجی دەکا •

بۆدیجەی رێکخراوی خواردەمەنیو کشتوکالیش ئەمسال لە ٨٥ میلیۆن دولار تێنەپەڕیوە بودیجەی رێکخراوی ـ یۆنیسیف ـ لەوە زیاتر نیە کە تەنیا ژەمەنانێکی لێبدرێ بەمندالانی جیهان ئەگەر بۆ هەر منداڵێك یەك فرانکی فەرەنسەیی دابنرێ

کەوابو ئەم ناوبانگە لە گویوە هاتوە ؟

ئەگەر بزانین رێکخراوەکانی دەزگای نەتەوە یەکگرتوەکان چۆن پروپاگەندە بۆ یارمەتیەکانی خۆیان دەکەن ، تێدەگەین هۆی ئەم هەراو هوریایە چیە کە لە هەمو شوێنێك لەناو خەڵکدا بلاوبۆتەوە •

● ماوێتی ●

رێکخراوی بنەبڕەوە یەکگرتوەکان

پەردەیەکە بۆ شاردنەوەی چاوچنۆکی دەولەتە روژئاوایی و کۆمپانیا جیهانیە گەورەکان

پرۆفسۆر ـ هێنری دویان ـ بەیارمەتی سەرژمێریو بەلگەزانستیەکان لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر ئەو یارمەتیانە کردوە کەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ مەسەلەی خواردەمەنیو کشتوکاڵو رزگارکردنی لێقەوماوان دەیانکا • ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی پروفسۆر شتێکی زۆر جێگای داخ دەرچوە •

دەوڵەتە گەورەکانی رۆژئاواو کومپانیا گەورەکانی سەرمایەداری ئەو دەزگایە بۆ پروپاگەندەی بەرهەمەکانیان بەکاردەهێنن و وا نیشان دەدەن کە گویا ئەمە یارمەتیەکی ئینسانیە کە دەدرێ بەدەوڵەتە دەستکورتەکانو ئەوانەی پێیان دەڵێن جیهانی سێیەم •

ئەم بیاوە مەزنە بەناهەق کەمی تاوانبار ئەکردوە ، بەڵکە چەند بەڵگەو سەرژمێری بەنرخی نیشان داوە کە لە ژمارەی ئەم هەفتەیەی گۆڤاری ـ جون ئەفریك ـدا بڵاوی کردوەتەوە • ئێستا دەقی لێکۆڵینەوەکە :

بیروڕای خەڵك لەگەڵ راستەقینە لیك جیایە

بیروڕای خەڵکی جیهان یارمەتیەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بەکارێکی ئینسانی دادەنێو لای وایە لقەکانی ئەم دەزگایە پارەیەکی زۆریان هەیە کە هەمو وەختێك یارمەتی ولاتە دەستکورتو نەدارەکانی لێ دەدرێ • ئەوەی زیاتر ئەو چەشنە بیرکردنەوە دەباتە مێشکی خەڵکی دنیاوە سەرۆکانی دەوڵەکانی رۆژئاوان کە بەدەوڵەتی گەورە ناودەبرێن وەك فەرەنسەو ئەمریکاو بەریتانیا • تەنانەت دەزگاکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانیش بۆ خۆڕاناندو ناوبانگ دەکردن یارمەتی فریودانی خەڵك دەدەن •

بەڵام راستەقینە شتێکی ترە• با ئەژمارەکان بژمێن بدوێن • بودیجەی رێکخراوی لەش ساخی جیهانی ئەمسال تەنیا ١٣٧ میلیۆن دولارە • ئەمە یەك لە شەستی بودیجەی دیفاعی ساڵێکی فەرەنسەیەو نۆ لە سەدی ئەو بودیجەیە کە ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ شەڕی داناوە • سەیرتر ئەوەیە کە ئەم مەبلەغە سێیەکێکی ئەو پارەیە کە کومپانیای جیهانی ـ پروکتێرو گامبێل ـ بۆ پروپاگەندەی بەرهەمەکانی خۆی خەرجی دەکا •

بازاڕی هاوبەشی ئەوروپا

رێکەون •

● فەرمانبەرانیش دڵنیانین یەکێك لەفەرمانبەرانی ئەو دەزگایە بە سکاڵاوە دەڵێت : کۆتایمان هات •• دوای ١٠ ساڵ جالاکیو ئیشو سەرکەوتن ئاوا دوچاری ئەم ڕۆژە ڕەشە هاتوین ، ئەمە کۆتایی رێکەوتی ولاتانی ئەوروپایە • کۆشکی (پرلایمونت) بەهەر سیازدە نهومەکەیەوە کە جێگای دایەرەکانی ئەو بازاڕەیە ، یەکی کەوتوە وجوولەی لێبراوە فەرمانبەرەکە دەڵێت •• تا ساڵی ١٩٧٣ شتی وای لێرونە دا بوین ، لەگەڵ تەنگوچەلەمە کوشندەکەی ئەوروپادا هەر لە کاردابوین ، سەرەڕای گیروگرفتەکانی شەڕی تشرینو لیرەی ئیتالیاوو لیرەی ئەسترلینی کە زۆر ترخیان شکابو ورەمان بەرنەداو جلەومان لە دەست دەرنەچوبو ، بەڵام ئێستا ٨ مانگە لە پشەوەیە کە نازانین چیان بەسەر دێت ، ئەگەر [illegible] دوارۆژمان ڕون نیە •

● [illegible] گرنگەکان •

لەوانەیە یەکێك لەم [illegible] گرنگەکان ئەوەبێت کە لە ١٢ی مانگی تەموزی ڕابوردوەوە (ڕۆی جنکنز)ی بەریتانی کرابێت بە بەڕێوەبەری بازاڕەکەو یا (فەرانسۆ ئۆتۆلی) ئیتالیال لە یارمەتی دەری بەڕیوە بەرایەتی بازاڕەکە دور خرابێتەوە • ئەم کردەوەیە زۆر شتێکی سەیرو سەر سور هێنەربو ، هەمولایەك ئەیان ویست هەر نۆ ئەندامەکەی بازاری ئەوروپا ئەم کارەیان بۆچی کردوە بەڵام کەس نەیتوانیوە بگاتە ئەنجامو شتێك هەلسکرێنێت ، دوو دژی سەرەکیان بۆ ئەم کارە داناوە •

١ ـ دژی یەکەم : هەوڵو تەقەللای ولاتە ئەوروپایەکان بۆ ئەوەی بەرلەمانی ئەوروپایی لە جێگای بازاڕی هاوبەشی ئەوروپا دابنێن •• ئەمەش شتێکی چاکەو خێری هەمو لایەکی تیایە •

٢ ـ دژیەکی تر ئەویە •• هەولی ئەوە دراوە کە ئەوەدەزگایە بکرێت بەسکرتاریەتێکی گشتی ی ولاتانی ئەوروپاو کۆمەلەی ئەوروپایی •• کە ئەمیان هۆی تەنئو چەلەمەو ناکۆکیەکەیە وەك دەرکەوتوە •• یا وەك خەڵکی ترئی گەیشتوە •

وە یەکێك لە هویە گرنگەکانی تریش ئەوەیە کە زۆر لە بسپۆرەکانی ناو ئەو دەزگایە خۆیان لە کارگردن کێشاوەتەوە لەسەرو هەموپانەوە « بیار لاردینوا » کە بە گەورەی هەمو ئەوروپا ناوبانگی دەرکردبو ، هەروەها «کریستوفر سوامس » لێبرسراوی دایەرەی بەپوەندی دەرەوەی دەزگاکە لەبەر ئەوەی بەوە قایل نەبوە لە پرۆکسلدا بمێنێتەوە •• وەزۆر کەمی تر کە دەیانەویت خۆیان لە دەزگاکە بکێشنەوە ، بەڵام جاوەنواری فەرمانی ولاتەکانیانن لەوانە « ویلهیلم هافر کامب »ی ئەڵەمانی کە لێبرسراوی مەکتەبی دارایو ئابوری دەزگاکەیە •

● دوارۆژی بازارەکە تا دێت تەلخ تر دەبێت •

لەم هەشت مانگەی داهاتوەدا دەزگاکە بەردەوام بەرەو نابوتیو روخان دەچێت ، تا ئێستاکە زۆر لە بەرێوە بەرایەتیکانی بەتەواوی بەکیان کەوتوەو لەکار کردن راوەستاون ، ئەوانیش بریتین لە •• بەرێوەبەرایەتی کاروباری دارایی ، بەرێوە بەرایەتی پارە ، بەرێوەبەرایەتی پیشەسازی ، بەرێوە بەرایەتی وزە •• بەم پێیە دەزگاکە ڕوی کردۆتە نوشوستی •• وە سەبارەت بە بەرێوە بەرایەتی گومرکیو بەرێوە بەرایەتی

بروانە ل ـ ٩ ـ

Institut kurde de Paris

بەبۆنەی سەردانەکەی بەڕێز ئەلیکسی کۆسیجینەوە

چەند بەڵگەیەکی ئاشکرای

پەیوەندیەکانی نێوان عێراق و سۆڤیەت

پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب لەدانانی سیاسەتی دەرەوەی شۆرشی ١٧ ـ ٣٠ تەموزی نەتەوایەتی و سوشیالیستیدا چەند ناوەروکێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی بۆسەر بەخێوی سیاسی لەبەرچاو دەگرێ کەشۆرش شان بەشانی سەربەخێوی ئابوری بەئامانجێکی سەرەکی داناون • هەروەها چوار تێبینی بنەڕەتی لەبەرچاوە کە راپۆرتی سیاسی کۆنگرەی هەرێمایەتی هەشتەم پەسندی کردون و بریتین لەمانەی خوارەوە :

١ ـ پێویستیەکانی خەباتی رزگاریخوازی عەرەب و مەسەلە ناوەندیەکانی عەرەب و لەپێش هەموویانەوە مەسەلەی فەلەستین و خەلیجی عەرەبی •

٢ ـ پێویستیەکانی یاراستنی شۆرشی عیراق کە بەبێگەیەکی بزوتنەوەی شۆرشگێری عەرەب دادەنرێ و بۆ وەدیهێنانی ئامانجی یەکیەتی و ئازادی و سۆشیالیزم تێدەکۆشێ •

٣ ـ بڕواهێنان بەوە کە بزوتنەوەی شۆرشگێری عەرەب بەشێکە لە بزوتنەوەی شۆرشگێری جیهان و پێویستە لەخەبات دژی ئیمپریالیزم و دەستدرێژی و داگیرکەری و جیاوازی رەگەزایەتی داو لەپێناوی دابین کردنی ئازادی و ئاشتی و پێشکەوتن دا ئەو دوبزوتنەوە ببنە هاوکارو هاوپەیمانی یەکتر • هەرلەوکاتەدا دەبێ هەول بدرێ بۆ یاراستنی سەربەخۆیی بزوتنەوەی شۆرشگێری عەرەب و سروشتە تایبەتیەکانی •

٤ ـ بڕواهێنان بەپێویستی دامەزرانی پێوەندی دۆستانە لەنێوان گەلی عەرەب و ئەلان و دەولەتانی جیهان دا بەجۆرێك کە لەگەل بەرژەوەندو پێویستیە نەتەوایەتی و نیشتمانیەکانمان بگونجێ و لەتەل بیروباوەڕمان دەربارەی برایەتی و هاوکاری نێوان ئەلان دا رێك بکەوێ •

لەلێکدانەوەی بەلگەکانی گەشەکردنی پێوەندی عیراق و سۆڤیەت لەپاش شۆرشی نەتەوایەتی و سۆشیالیستیدا ١٧ـ٣٠ تەموزدا پێویستە باسی ئەوەش بکرێ کە هەول و تەقەلایەکی زۆردراوە بۆ بەدیهێنانی ئەو بەڵگانە ، ئەویش لەسایەی ئەشەکردنی پێوەندی نێوان دوولات لەماوەی ئەم چەند ساڵەی مێژوی عیراق دا کە بڕە لەدەستکەوت و ئالوگۆڕ بەرەو ساشیالیزم • ئەو هەول و تەقەلایە بریتیە لە هاتوچۆی نێوان پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب و پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت لە هەمو بلەیەك دا و هەروەها پێوەندی هاوکاری نێوان ئەنجومەنی ئاشتی و هاوکاری هەردو وڵات و کۆمەڵی دۆستایەتی و بەرەی نیشتمانی و نەتەوایەتی پێشکەوتنخوازو یەکیەتیەکانی پیشەیی و گەلی کەچەند رێکەو تننامەیان لەگەل یەکیەتی ورێکخراوەکانی سوفیەت دا مۆرکردوە •

رێککەوتننامەکانی تری هاوکاری هەمو مەیدانەکانی نەخشەکێشان و ئابوری و بازرگانی و گواستنەوەو (مواصلات) و کشتوکال و بەکارهێنانی سامانی نیشتمانی و روشنبیری و راگەیاندن و کاروباری کۆمەلایەتی و فێرکردن و بارهێنانی پیشەیی گرتۆتەوە •

گەشەکردنی پێوەندی دۆستایەتی و هاوکاری نێوان عیراق و یەکیەتی سۆڤیەت لەم رودواوانەی خوارەوە دەردەکەوێ :

٢١ی حوزەیرانی ١٩٦٩

کومپانیای نیشتمانی نەوتی عیراق و دەزگای ماشینو ئیکسپۆرتی سۆڤیەت پەیمانیکیان لەبارەی رەنێوهێنانی راستەوخۆو نیشتمانی نەوتی رومێلەوە مۆرکرد • بەگوێرەی ئەوپەیمانە ماشینو ئیکسپۆرت دەستەبەر بو کە مەکینەو کەرەستەو دەزگای پێویست بدا بەکومپانیای نیشتمانی نەوت و یارمەتی فەننی بدا بۆ دامەزراندن و وخستنەکاری ئەو دەزگایانەو دە دەزگای جۆربە جۆری هەلکەندن و کۆمەلێکی تەواو بۆ پێنج تیپی جیۆفیزیایی و جیۆلۆجی لەگەل هەمو پێداویستیەکانی تری کار •

٢٣ حوزەیرانی ١٩٦٩

پەیمانێکی هاوکاری لەنێوان عیراق و یەکیەتی سۆڤیەت دا مۆرکرا لەبارەی ئیزگەو تەلەفزیۆنەوە • بەپێی ئەو پەیمانە هەر دوولات بسپۆرو پرۆگرام و فیلمی ئیزگەو تەلەفزیۆن دەگۆڕنەوە •

٤ی تەموزی ١٩٦٩

عیراق و سۆڤیەت پەیمانیکی هاوکاری ئابوری و فەننیان بۆپەرەپیدانی پیشەسازی نیشتمانی نەوتی عیراق مۆرکرد کە بریتی بو لە ئامادەکردن و وەکارخستنی کانگای نەوتی رومیلە بۆ بەرهەم هێنانی ٥ میلیۆن تەن لە ساڵدا لەگەل دەرەتانی زیادکردنی بۆ ١٨ میلیون تەن لە ساڵدا • هەروەها راکێشانی هێڵی بۆری نەوت گوازتنەوە لە رومێلەوە بۆ بەندەری فاو •

بەگوێرەی ئەوپەیمانە سۆڤیەت دەستەبەردەبێ کە پرۆژەی بەرهێدان و (مسح و تصمیم) بۆ ئامادەکردن و خستنەکاری کانگاکانی نەوتی جنوبی عیراق (نهران عمر ، لحیس ، راجی ، دجیلە وحلفایە) ئامادە بکا و یارمەتی فەننی بدا بۆ ئامادەکردن و وەکارخستنی کانگای نەوتی (الرطاوی) و کاروباری (مسح)ی جیۆلۆجی و جیۆفیزیایی و هەلکەندن بۆ دۆزینەوەی نەوت و غاز بگرێتە کۆنترۆلی ئەوەی کە راپۆرتەکەیدا ئەلێ :

گەلانی یەکیتی سۆڤیەت زۆر بە پەرۆشەوە دەنوارنە ئەو کارە گەورە کۆمەلایەتی و ئابوری و سیاسیانەی بەسەر کردایەتی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب بۆ جاکەی گەلی عیراق و سەرفرازی وڵات یەکیتی نیشتمانی لە عیراقدا جێبەجێ دەکرێن •• وەنەبێ ئەمە تەنها بایەخ پیدان بێ و لەو پلەیەدا بیرنێتەوە ، بەلکو گەلی عیراق خۆی زۆر بەچاکی لەو نۆڤۆستی لە راپۆرتەکەیدا ئەلێ :

ئەستۆ •• بۆجێبەجێ کردنی ئەوکارە یەکیەتی سۆڤیەت قەرزێکی ٦٠ میلیۆن روبلی دا بەعیراق کەسودی ساڵانەی ٥ر٢٪ دیاری کراوەو قەرزەکەش و سودەکەشی بەنەوتی خاو دەدرێتەوە •

٢٣ی تەموزی ١٩٦٩

لیژنەی وزەی ئەتۆمی عیراق و لیژنەی گشتی بەکارهێنانی و زەی ئەتۆمی سۆڤیەت پرۆتۆکۆلێکیان مۆرکرد بۆ هاوکاری زانستی و فەننی لەمەیدانی بەکارهێنانی ئاشتی خوازانەی وزەی ئەتۆم دا •

٣١ی ئابی ١٩٦٩

پرۆتۆکۆلی پەیمانێکی هاوکاری مۆرکرا لەمەیدانی سامانی ماسی دا بەو جۆرە کە یەکیەتی سۆڤیەت لەنیوەی دوهەمی ساڵی ١٩٦٩دا کەشتیەکی لێکۆڵینەوە لەسەر حیسابی خۆی بنێرێ بۆکاردکردن لە ئاوەکانی عیراق دا کە هەمو دەزگایەکی پێویستی بۆ لیکۆڵینەوەی راوی ماسی تێدابێ و بێجگە لە تاقمی کەشتیەکە چەند بسپۆرێکی عیراقیشی تێدابێ کەیەکیەتی سۆڤیەت ئەرکی ئەوانیش وەئەستۆ دەگرێ •

لەو پرۆتۆکۆلەدا دامەزراندنی پرۆژەیەکی تەواو بۆ ناردنە بازاری ماسی و پرۆژەیەکی تەواو بۆراوی ماسی لە ئاوەکانی هەرێمایەتی عیراق و ئاوەکانی ئیتونەتەوەیی خەلیجی عەرەبیش دا گونجاوە • ئەو پرۆژەیە چەندکەشتی جۆربەجۆری ماسی گرتن و چەند پسپۆرێك بۆ فێرکردنی عیراقیەکانی تێدایە •• هەر لەو پرۆتۆکۆلەدا پەرەپێدانی راوگەکانی ماسی (مصائد الاسماك) لە ئاوەکانی ناوچەیی دا باس کراوە •

٤ی ئابی ١٩٧٠

بەریز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش سەردانی خۆی لە مۆسکۆ بەسەرۆکایەتی وەفدێکی حیزبی ورەسمی دەست پێکرد کەهەتا ١٢ی ئاب درێژەی کێشاو لەو ماوەیەدا لەگەل رابەرانی سۆڤیەت وتوویژی کرد •

١٤ی ئابی ١٩٧٠

پروتوکولێکی بازرگانی مۆرکرا کە بەگوێرەی ئەو یەکیەتی سۆڤیەت تاساڵی ١٩٧٣ ئاسن دەدا بەعیراق بەمەرجێك کە ساڵی لە سەد هەزار تەن زیاتر نەبێ و هەروەها سۆڤیەت دەستەبەردەبێ کە دەزگاو مەکینەی کشتوکاڵی و مەکینەی دروستکردنی رێگاو دامەزراندنی کارێزی ئاو لە قەزای مسیبی سەر بەپارێزگای بابل ، بدا بە عیراق •

٨ی نیسانی ١٩٧١

پەیمانیکی عیراق و سۆڤیەت بۆبەرەپێدانی هاوکاری ئابوری و فەننی مۆرکرا بۆدامەزراندنی پالێوگەی نەوت لە موسڵ (پاریزگای نەینەوا) لەگەل هێڵێکی بۆری نەوت کەلە کەرکوکەوە نەوتی خاوی بۆبەرێ • ئەو پروتوکولە هێڵی بۆری بەغدا ـ بەسرە بۆ بەرهەمەکانی نەوت و دوئیزگەی (کهرومانی) لە سەر سەدی دوکان و سەدی دەربەندیخان لەگەل هەمو ئامرازێکی گوازتنەوەی گارەبای تەوژمی بەرز بۆ تێکەل کردنی ئەو ئیزگەیە لەگەل رایەلکەی نیشتمانی و هەروەها کانی فۆسفات لەمەلبەندی عکاشات و کارخانەی زبلی فۆسفات و چەند پرۆژەیەکی پیشەسازی ماسی و دامەزراندنی دوکارگەی شیرەمەنیشی تێدایە •

١٩ی تشرینی دوهەمی ١٩٧١

نەخشەیەك بۆهاوکاری رۆشنبیری و زانستی بۆ ساڵەکانی ١٩٧١ ـ ١٩٧٢ مۆرکرا کە بریتی بو لە پەرەپێدانی پێوەندی عیراق و سۆڤیەت لەمەیدانی فێرکردنی ئانوی و پیشەیی و علوم و رۆشنبیری و هونەرو راگەیاندن دا •

١٠ی شوباتی ١٩٧٢

بەریز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش سەردانی دوهەمی خۆی بۆ موسکۆ بەسەرۆکایەتی وەفدێکی حیزبی و رەسمی دەست پێکرد کە هەتا ١٧ی شوباتی خایاندو لەو ماوەیەدا وتوویژی لەگەل رابەرانی سوڤیەت کرد •

١٢ی شوباتی ١٩٧٢

پروتوکولی گۆڕینی شەهادەی کاندیدای سۆڤیەت بەشەهادەی دوکتورای فەلسەفە •

٦ی نیسانی ١٩٧٢

بەڕێز ئەلیکسی کۆسیجین ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت و سەرەك وەزیرانی یەکیەتی سوڤیەت لەلامەربانگ هێشتنی پارتی بەعسی سوشیالیستی عیراق دەست پێکرد کەهەتا ١٠ی نیسان درێژەی لیستی عەرەب و حکومەتی عیراق سەردانیکی رەسمی بۆ هەبوو ، لەو سەردانەیدا لە ئاهەنگی دەست پێکردنی بەرهەم هێنانی نیشتمانی و راستەوخۆی نەوتی رومیلەو ئاهەنگەکانی بیرەوەری بیست و پێنجەمی دامەزرانی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب دابەشدار بو •

٩ی نیسانی ١٩٧٢

پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری کە لەبەغدا لەلایەن سەرۆك احمد حسن البکرو سەرەك وەزیرانی سۆڤیەت ئەلێکسی کۆسیجینەوە ئیمزا کرا •

ئەمە پەیمانیکی دۆستایەتی بەردەوام و هاوکاری تەواو بو لەمەیدانی سیاسی و ئابوری و بازرگانی و زانستی و فەننی و رۆشنبیری دا کەماوەکەی ١٥ ساڵە و دوایی هەر پێنج ساڵ جارێك تازە دەکرێتەوە •

سەرۆك بەکر دوای ئیمزای پەیمانەکە وتی : ئەم پەیمانە بناخەیەکی لە بارو پتەوە بۆپێوەندی هەردو وڵات لەداهاتودا •

٩ی نیسانی ١٩٧٢

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری لەگەل یەکیەتی سۆڤیەتی بەسندکرد •

١٣ی حوزەیرانی ١٩٧٢

ئەنجومەنی بەرزی سۆڤیەت بریاری لەسەر پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری دا •

٢٠ی تەموزی ١٩٧٢

لە مۆسکۆ بەلگەکانی بریار لەسەردانی پەیمانەکە پێك گۆڕرانەوەو لەوکاتەوە دەست بەجێبەجێکردنی پەیمانەکە کرا •

٥ی ئەیلولی ١٩٧٢

پروتوکولێکی تر بۆپەرەپێدانی بەرهەمی نەوتی رومیلەی ژورو مۆرکرا •

١٤ی ئەیلولی ١٩٧٢

سەرۆك احمد حسن البکر لەسەربانگ هیشتنی کومیتەی ناوەندی حیزبی کومونیستی سۆڤیەت و ئەنجومەنی بەرزی سۆڤیەت سەردانی رەسمی خۆی لە موسکۆ بەسەرۆکایەتی وەفدێکی حیزبی و رەسمی دەست پێکرد کە ماوەکەی ١٥ ساڵە و دوایی هەر پێنج ساڵ جارێك تازە دەکرێتەوە •

سەرۆك بەکر دوای ئیمزای پەیمانەکە وتی : ئەم پەیمانە بناخەیەکی لە بارو پتەوە بۆپێوەندی هەردو وڵات لەداهاتودا •

٩ی نیسانی ١٩٧٢

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری لەگەل یەکیەتی سۆڤیەتی بەسندکرد •

١٣ی حوزەیرانی ١٩٧٢

ئەنجومەنی بەرزی سۆڤیەت بریاری لەسەر پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری دا •

٢٠ی تەموزی ١٩٧٢

لە مۆسکۆ بەلگەکانی بریار لەسەردانی پەیمانەکە پێك گۆڕرانەوەو لەوکاتەوە دەست بەجێبەجێکردنی پەیمانەکە کرا •

٥ی ئەیلولی ١٩٧٢

پروتوکولێکی تر بۆپەرەپێدانی بەرهەمی نەوتی رومیلەی ژورو مۆرکرا •

١٤ی ئەیلولی ١٩٧٢

سەرۆك احمد حسن البکر لەسەربانگ هیشتنی کومیتەی ناوەندی حیزبی کومونیستی سۆڤیەت و ئەنجومەنی بەرزی سۆڤیەت سەردانی رەسمی خۆی لە موسکۆ بەسەرۆکایەتی وەفدێکی حیزبی و رەسمی دەست پێکرد کە هەتا ١٧ی شوباتی خایاندو لەو ماوەیەدا وتوویژی لەگەل رابەرانی سوڤیەت کرد •

١٦ی ئەیلولی ١٩٧٢

پروتوکولێکی هاوکاری مۆرکرا بۆلێکۆلینەوەی ئامۆژگاری ئابوری و فەننی دەربارەی چەند پرۆژەیەکی ئاوی کە بریتیە لە ئیسکی موسل کە سەر روباری دیجلەو بەخمە لەسەر زێی گەورەو لێکۆلینەوەی دروست کردنی سەدیك لەسەر فورات و نوێ کردنەوەی سەدی هندیە •

٢٠ی ئەیلولی ١٩٧٢

پەیمانی کرینی نەوتی خاوی عیراق لەلایەن یەکیەتی سۆڤیەتەوە •

٤ی تشرینی دوهەمی ١٩٧٢

پەیمانی تەواو کردنی پرۆژەی کانگای نەوتی رومیلە بە هەرسێ قۆناخیەوە لەگەل پرۆژەیەك بۆ دروست کردنی پالێوگەی نەوت لە موسڵ و پرۆژەی فۆسفات لە عکاشات و پرۆژەی رەنیوهێنانی کانگای نەوتی نهران عمر و پرۆژەی راکێشانی بۆری بەرهەمەکانی نەوت لەنێوان بەغداو بەسرەداو پرۆژەی دامەزراندنی معهدێك بو (تصمیم)ەکانی نەوت •

٢٩ی تشرینی دوهەمی ١٩٧٢

پەیمانێك مۆرکرا بۆ ئەوەی عیراق ٣٠ هەزار تەن خورما بدا بە یەکیەتی سۆڤیەت •

٢٤ی شوباتی ١٩٧٣

نەخشەیەکی هاوکاری روشنبیری و زانستی بۆ ساڵەکانی ١٩٧٣ ـ ١٩٧٤ بۆ گورینەوەی تیپی هونەری و پیشانگاو تیپ و پێشانگای سینەمائی و شانۆیی و ئیزگەو تەلەفزیۆنی و هاوکاری لە نێوان ئاژانسی دەنگ و باسی عیراق و نۆڤۆستی سۆڤیەت دا و گورینەوەی ماموستا و پسپۆرو کورسی خوێندن بۆ خوێندنی بەرزو بارهێنانی پیشەیی و گورینەوەی سەردان لەمەیدان فەننی و هەندەسەو رۆژنامەگەری و ئەنجومەنەکانی دۆستایەتی دا •

٢١ی ئازاری ١٩٧٣

بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بەسەرۆکایەتی وەفدێکی حیزبی و رەسمی چو بۆ یەکیەتی سۆڤیەت • ئەو سەردانە دو رۆژی خایاندو لەوماوەیەدا لەگەل رابەرانی سوڤیەت وتوویژی کرد •

٣٠ی ئابی ١٩٧٣

چەند پەیمانیکی هاوکاری ئیمزا کرا بۆ ریکخستنی بەکارهێنانی ئاوی دیجلەو فورات بەمەبەستی بەراوکردنی پێنج میلیۆن دۆنم زەوی کشتوکاڵی •

٢١ی ئەیلولی ١٩٧٣

ئیمزاکردنی (راپورتە)کانی کۆبونەوەی خولی چوارەمی لیژنەی هەمیشەیی عیراق و سۆڤیەت بۆ هاوکاری ئابوری فەننی کە بریتی بون لە پەرەپێدانی بەرهەمی کانگای نەوتی رومیلەو دامەزراندنی پالێوگەی موسڵ و راکێشانی بۆری نیوان بەغداو بەسرە بۆ بەرهەمەکانی نەوت و پرۆژەی فوسفاتی عکاشات و دروستکردنی دو ئیزگەی بەرهەم هێنانی کارەباو پەرەپێدانی کارگەی پیشەسازی میکانیکی لەئەسکەندەریەو دروستکردنی کارگەی چیمەنتۆ بەوزەی بەرزەوەو دامەزراندنی سەدی حەدیثە بخمەودانی مەکینەکانی کشتوکاڵ و دامەزراندنی معهدەکانی پێگەیاندنی فەننی و دەسکاری کردنی رادەی گۆرینەوەی بازرگانی بەقازانجی زیادبونی صادراتی عیراق بۆیەکیەتی سۆڤیەت •

٢٥ی شوباتی ١٩٧٤

پەیمانیك لە نێوان کومپانیای نیشتمانی نەوتی عیراق و دەزگای ماشینو ئیکسپۆرتی سۆڤیەت بۆ کاروباری (مسح زلزالی) بۆ دۆزینەوەی نەوت لە خانەقین و دیالی •

٢٧ی شوباتی ١٩٧٤

بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لە موسکۆ گەڕایەوە پاش ئەوەی بەسەرۆکایەتی وەفدێکی حیزبی ورەسمی وتوویژێکی سێ رۆژەی لەگەل رابەرانی سوڤیەت ئەنجامدا •

٢٣ی ئازاری ١٩٧٤

مارشالی کۆچ کردو ئەندریە گریشکۆ وەزیری بەرگری پێشوی سۆڤیەت سەری لە عیراق داو هەتا ٢٦ی ئازار مایەوەو لەگەل سەرۆك احمد حسن البکرو بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش و وتوویژی کرد •

بڕوانە ل ـ ٩ ـ

پێ کرد •

سەرۆك بەکرو وەفدە هاوڕێیەکەی لەگەل بەڕێزان لیونید بریژنیف و نیکولای پادگۆرنی و ئەلیکسی کوسیجین لەبارەی پێوەندی دوقۆڵی و باری ناوچەی عەرەبی و مەسەلەی خەبات دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزمەوە وتوویژیان کرد •

١٦ی ئەیلولی ١٩٧٢

پروتوکولێکی هاوکاری مۆرکرا بۆلێکۆلینەوەی ئامۆژگاری ئابوری و فەننی دەربارەی چەند پرۆژەیەکی ئاوی کە بریتیە لە ئیسکی موسل کە سەر روباری دیجلەو بەخمە لەسەر زێی گەورەو لێکۆلینەوەی دروست کردنی سەدیك لەسەر فورات و نوێ کردنەوەی سەدی هندیە •

٢٠ی ئەیلولی ١٩٧٢

پەیمانی کرینی نەوتی خاوی عیراق لەلایەن یەکیەتی سۆڤیەتەوە •

٤ی تشرینی دوهەمی ١٩٧٢

پەیمانی تەواو کردنی پرۆژەی کانگای نەوتی رومیلە بە هەرسێ قۆناخیەوە لەگەل پرۆژەیەك بۆ دروست کردنی پالێوگەی نەوت لە موسڵ و پرۆژەی فۆسفات لە عکاشات و پرۆژەی رەنیوهێنانی کانگای نەوتی نهران عمر و پرۆژەی راکێشانی بۆری بەرهەمەکانی نەوت لەنێوان بەغداو بەسرەداو پرۆژەی دامەزراندنی معهدێك بو (تصمیم)ەکانی نەوت •

٢٩ی تشرینی دوهەمی ١٩٧٢

پەیمانێك مۆرکرا بۆ ئەوەی عیراق ٣٠ هەزار تەن خورما بدا بە یەکیەتی سۆڤیەت •

٢٤ی شوباتی ١٩٧٣

نەخشەیەکی هاوکاری روشنبیری و زانستی بۆ ساڵەکانی ١٩٧٣ ـ ١٩٧٤ بۆ گورینەوەی تیپی هونەری و پیشانگاو تیپ و پێشانگای سینەمائی و شانۆیی و ئیزگەو تەلەفزیۆنی و هاوکاری لە نێوان ئاژانسی دەنگ و باسی عیراق و نۆڤۆستی سۆڤیەت دا و گورینەوەی مامۆستا و پسپۆرو کورسی خوێندن بۆ خوێندنی بەرزو بارهێنانی پیشەیی و گورینەوەی سەردان لەمەیدان فەننی و هەندەسەو رۆژنامەگەری و ئەنجومەنەکانی دۆستایەتی دا •

٢١ی ئازاری ١٩٧٣

بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بەسەرۆکایەتی وەفدێکی حیزبی و رەسمی چو بۆ یەکیەتی سۆڤیەت • ئەو سەردانە دو رۆژی خایاندو لەوماوەیەدا لەگەل رابەرانی سوڤیەت وتوویژی کرد •

٣٠ی ئابی ١٩٧٣

چەند پەیمانیکی هاوکاری ئیمزا کرا بۆ ریکخستنی بەکارهێنانی ئاوی دیجلەو فورات بەمەبەستی بەراوکردنی پێنج میلیۆن دۆنم زەوی کشتوکاڵی •

٢١ی ئەیلولی ١٩٧٣

ئیمزاکردنی (راپورتە)کانی کۆبونەوەی خولی چوارەمی لیژنەی هەمیشەیی عیراق و سۆڤیەت بۆ هاوکاری ئابوری فەننی کە بریتی بون لە پەرەپێدانی بەرهەمی کانگای نەوتی رومیلەو دامەزراندنی پالێوگەی موسڵ و راکێشانی بۆری نیوان بەغداو بەسرە بۆ بەرهەمەکانی نەوت و پرۆژەی فوسفاتی عکاشات و دروستکردنی دو ئیزگەی بەرهەم هێنانی کارەباو پەرەپێدانی کارگەی پیشەسازی میکانیکی لەئەسکەندەریەو دروستکردنی کارگەی چیمەنتۆ بەوزەی بەرزەوەو دامەزراندنی سەدی حەدیثە بخمەودانی مەکینەکانی کشتوکاڵ و دامەزراندنی معهدەکانی پێگەیاندنی فەننی و دەسکاری کردنی رادەی گۆرینەوەی بازرگانی بەقازانجی زیادبونی صادراتی عیراق بۆیەکیەتی سۆڤیەت •

٢٥ی شوباتی ١٩٧٤

پەیمانیك لە نێوان کومپانیای نیشتمانی نەوتی عیراق و دەزگای ماشینو ئیکسپۆرتی سۆڤیەت بۆ کاروباری (مسح زلزالی) بۆ دۆزینەوەی نەوت لە خانەقین و دیالی •

٢٧ی شوباتی ١٩٧٤

بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لە موسکۆ گەڕایەوە پاش ئەوەی بەسەرۆکایەتی وەفدێکی حیزبی ورەسمی وتوویژێکی سێ رۆژەی لەگەل رابەرانی سوڤیەت ئەنجامدا •

٢٣ی ئازاری ١٩٧٤

مارشالی کۆچ کردو ئەندریە گریشکۆ وەزیری بەرگری پێشوی سۆڤیەت سەری لە عیراق داو هەتا ٢٦ی ئازار مایەوەو لەگەل سەرۆك احمد حسن البکرو بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش و وتوویژی کرد •

بڕوانە ل ـ ٩ ـ

نۆڤۆستی

بەعس لە بیناوی سودی کەل و بتەو کردنی دەسەلاتی وڵات و یەکیتی نیشتمانی داکارئەکا

لەم دواییەدا ئاژانسی دەنگوباسی نۆڤۆستی راپورتێکی بڵاو کردۆتەوە کە تیایدا سەبارەت بەپەرە سەندن و پتەو بونی پەیوەندی دۆستایەتی نێوان عیراق و یەکیتی سوڤیەت دواوە •

هەروەها باسی رێزو بایەخی دۆستایەتی هەردوو گەلی عیراق و سوڤیەتی کردوە لەگەل ئەو گۆرانە سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتیەی لە عیراقدا بە سەرکردایەتی حزبی بەعسی سۆشیالستی عەرەب بەدی هاتون •

مەبەستانەدا کە دەبێت بۆ پێشخستنی نیشتمانەکەی هەست بە کۆمەکیدا یارمەتی و پشت گیریی یەکیتی سۆڤیات دەکات •• سەرجەمی ئەو پرۆژانەی کە دوێنێ و ئەمڕۆ لەعیراقدا جێبەجێ دەکرێن و ژمارەیان دەگاتە ٩٠ پرۆژە لەوە بەشێکی کەمی هاوکاری گەلی سۆڤیاتە بۆ بنایات ئانی عیراقێکی نوێ لەگەل گەلی عیراقدا دەیکات •

لەیەکیتی سۆڤیات بایەخێکی گەورە بەراستی ی ئەو گۆرانە گەورانەدا کە جەماوەری عیراق لە مەیانی ئابوری و کۆمەلایەتی وسیاسیدا لە ولاتەکەیدا شان بەشانی هەمو هێزە نیشتمانی یەپیشکەوتن خوازەکان لەبەرەیەکی یەکگرتوی پتەودا بەدی ئەهێنیت •• گەلی سۆڤیات یەکیتی نیشتمانی بەزامنکاری بارێزگاری ئەو دەست کەوتە مەزنانە دەزانێت کە گەلی عیراق لە ژیر سایەی شۆرشی ١٧ی تەموزا وە دی هێناوە •

⊙

Institut Kurde de Paris

راز و سیازیەکی سەبارەت بە هەلەشەرەت و خۆشەویستی و بە شیعر

شنە ئامادەی کردوە

مەدهۆش زۆر جار ، دیوانەکانی ئەو شیعرە-ناسکانەی کە لە سەر لاپەڕەی رۆژنامەکاندا بڵاوی ئەکاتەوە مەدهۆشی کردوین ، ئەمانە هانی داین ڕوبەڕو ئەنزیکەوە بچین لەگەڵی بدوێین .

بەیانێکی هەفتەی ڕابردو لە بینای (هاوکاری) دەرجوین بەنیازی چاوپێکەوتنی شاعیری بەرگدرو « مەدهۆش» ، دوای گەڕانێکی کەم جێگاکەمان دۆزیەوەو سەرکەوتینو چوین بۆلای .

بەچاوپێکەوتنی زانیمان لەگەل کچە جوان جوانە-کانی مامیلی بەرگ دروندا سەری قالە .. داوامان لێکرد کە ئەختێك دەستی بەتال بکات بۆ ئەوەی چەند پرسیارێکی لێبکەین .. زۆر بەڕوخۆشیەوە لەئەڵمان دانیشتو کچە جوانەکانیش هاتنەلامانەوەو گۆڕان بۆ پرسیارو وەلامەکان رایەڵکرد .. مەدهۆش لە سەرەتادا وتی :

ناوم محمد علی مەدهۆشەو لەسالی ١٩١٩ لە سلیمانی لەدایك بوم .

- زۆر گەورە نیت کەچی لەتەمەنت ئەورەتر دیاریت .

● چی بکەین رۆژگار وای لێ کردوین .

- چۆن ئەم نازناوەت بۆ خۆت هەڵبژاردوە ؟

● لەسەرەتای تەمەنی لاویم شیعری فۆلکلۆریم زۆر ئەوت ئەوسا جارێ خۆم بەشاعیر دانە ئەنا تەنیا شیعرم بۆ هەوەس و ئارەزو ئەوت رۆژێکیان دیوانی « تایەربەگی جاف »م لەبەر دەستا بو ئەم دێرەم لێخوێندەوە :

دڵ ئەمرۆ ماتو مەدهۆشە
خوا فەسلی کولان بابێ

هەر ئەو رۆژە ئەم ناوەم زۆر بەدڵ بو کەدەستم بەشیعرو تن کرد ئەم ناوەم کردە ناز ناوی شیعریو هەر بەم ناوەش ئەناسرێم .

- سەرەتای شیعر وتنت بۆکەی ئەگەڕێتەوە ؟

● سەرەتای شیعر وتم سالی ١٩٣٩ بو .. شیعرەکانم پیشانی پیرەمێرد ئەدا ئەویش زۆر پەسەندی ئەکردن .

- ئافرەت لەشیعرەکانتا خۆشەویستیە ، یا خۆشەویستی ئافرەتە ؟

● سەیری کردمو تێڕکری وەك ئەوەی بێ ئەوەی لەمەبەست بکات وتی : ئافرەت خۆشەویستیە .

- چۆن سەیری خۆشەویستیو ئافرەت ئەکەیت ؟

● ئافرەت لەلام شتێکی بەرزە ، خۆشەویستیش لەلام پیرۆزە وابزانم بەم دێرە .

زۆر بەرزە لای تێکەیشتو
نامەرد بێی ئەلێ ئارەزو
پیرۆزی خۆشەویستیم تیادا دەر بڕیوە .

- ئەو شیعرانەی بۆ خۆشەویستیت وتون هەوەی هی ئەنجامی تاقی کردنەوەی خۆشەویستی خۆتە ؟

● ئەو شیعرانە سێ سەرچاوەیان هەیە

× هەندێکیانم لە ئەنجامی دڵداریەکانی خۆمم وتون .

× هەندێکی تریشیان بۆ تاقی کردنەوەی خۆشەویستی برادەرانم وتون .

× ئەوانی تریان هی ئەنجامی خوێندنەوەن .

- وانا ئەتوانم بڵێم سەرچاوەی یەکەمیان لەوانی تر کاریان تێکردوی .

● نەء چونکە جاری وابوە تاقی کردنەوەی برادەرێك کاری تێکردوم وام زانیوە خۆم لەناو تاقی کردنەوە کەدام .

- باسمان هەر باسی خۆشەویستیە کەوابو ئەتوانین بزانین ژنەکەت لەئەنجامی تاقی کردنەوە خواستوتە یا ..

● ئەو سالەی من ژنم هێنا چەند جارێ ژنەکەم دیبوو خۆشم ویستبو بەلام بێم ئەوتبو خۆشەویستیە کە تەنیا هەر لەیەك لاوە بو .

- بۆ ترسای پێی بڵێی ؟

● هاها ئەوەلا مەسەلە ترسان نەبو ، کۆمەڵی ئەوسا لەئێستا زۆر دواکەوتوتر بو منیش ترسام لەوەی قسەی خەڵکی پێنە سەر .

- ئەی باشە ڕات بەرامبەر پەیوەندی دڵداری ئەمڕۆی کورو کچ چیە ؟

● خۆشەویستی سەرەتای تەمەنی لاوی ئەوە منلاانەیەو بە دڵم نیە ئەوەیانم پێباشە کە کورو کچ هەردوکیان لەیەلەیەك دابن بتوانن خێران پێك بهێنن .

- ئەتەوی لەقسەکانت وادەرخەی بەرەری خۆشەویستی کورو کچ ناکەی هەتا ئەگەر کچەکەشمت خۆشەویستی بکات ، لێرەدا کتو پڕی ڕاستەقینەی دەربڕی وتی .

● ئەمن ڕێگەی کچم نادەم چونکە زۆرکەس لای عەیبە ئەمەش بەگوێرەی ڕۆژ ئەچوێنینەوە .

- بۆ بویت بە بەرگ درو ؟

● دایکم حەزی نە ئەکرد بیمە فەرمانبەر بۆیە کردمی بەشاگردی خەیات .

- باشە بەرگ درۆکان بەناوبانگن بەوەی قسەیان لەرۆژی خۆی ناهێنێتە جێ نازانم تۆ چی ئەڵێی ؟

● من ئەڵێم من لە هەمو کەس خراپترم بەدرۆزایی تەمەنم مەوعدم تەواو نیەو ئەوەشم لە دێرێکدا دەرخستوە .

ئەو سەیرە خۆشە لای دۆستو دوژمن

مەشهورە خەیات دزەو درۆزن

ئەم دێرە سەرەتای پارچە شیعرێکە بەدرۆزی باسی خەیاتیم تیاکردوە .

- باشە زیاتر حەز ئەکەیت بەرگی ژنان بدروی یان می پیاوان ؟

● ئەوەی پارەی زیاتر بێت .

- کە شیعر ئەنوسیت کێ یەکەم جار ئەبینی ؟

● هەمو شیعرێکم یەکەم جار بۆ مالو منداڵم ئەخوێنمەوە .

- ڕایان چیە ؟

● زۆریان پێخۆشە .

- حەز ئەکەیت منداڵەکانت ببن بەشاعیر ؟

● حەزئەکەم یەکێکیان ببی بەشاعیر بەڵام جاری ئەوەیە دیار نیە .

- وادیارە بەرگ درۆیتی هەمو کاتی ئرتوی .. ئایا کاتی خویندنەوەت هەیە ؟

● بەردەوام رۆژنامەو گۆڤار ئەخوێنمەوە وە لە پالیشمیان کتێبێك ئەخوێنمەوە .

- ئێستا چ کتێبێك ئەخوێنیتەوە ؟

● شیرینو خەسرەوی خانای قوبادی .

- بەرهەمی شاعیرە تازەکان چۆن ئەبینی ؟

● زۆر بەدڵمن وە من خۆم ئەگەر بمتوانیایە وەکو ئەوان شیعرم ئەنوسی ، بەڵام بەداخەوە زۆر باش بۆ مەرام ناچنو مەبەست بەدەستەوە نادەن .

- وەك ئەزانین چیرۆکی چاپکراوت هەیە لە باڵ شیعر بەڵام بەردەوام نیت لە چیرۆك نوسین دا .. بۆ ؟

● من خۆم زیاتر بە شاعیر دانەنێم لە چیرۆك نوس جا بۆیە ئەو مەبەستەی هەمە بەشیعر دەری ئەبڕم لە جیاتی چیرۆك .

چەند پرسیارێکی تریشمان هەبو لێی بکەین بەڵام سەرقاڵیو بەلەکردنی مامۆستا مەدهۆش ڕێگای ئەدابن لێی پرسین بۆیە بەم چەند پرسیارە کۆتاییمان بەچاو پێکەوتنە کە هێناو بەخێرایی دوعا خوازیمان لێکرد .

ماوە لەکۆتایی دابڵێین مامۆستا مەدهۆش ئەم بەرهەمە چابکراوانەی هەیە .

بەرهەمی شیعری
دلی کوڕان ، دلی کچان ، شیرین .
بەرهەمی چیرۆك
هەمیشە بەهار ، سەرگول ، دلوگل ، ئەریمان .

دووەم : ریبازی سایکۆلۆجی

عزیز گەردی
کردویە بە کوردی

زۆریەی هەرە زۆری نووسەرەکانمان **لەگرێی دووەمی ئەم** سەدەیەدا ئاگاداریان لەبارەی **بیروڕاکانی** (فرۆید)ەوە پەیدا کرد و پایەخێکی زۆریان بەرهەمەکانی وەکو کلێلێ - تاقەکلیلێ - وا بوون بۆ تێ گەیشتنی بەرهەمی هونەری و مەبەستی ناهوشیاری هونەرمەندانو هوروژمی هەڵسو کەوتی پاڵەوانی ڕوایەتان ..

بە ئاشکرا دیارە چۆن نووسەری داهێنەرو هەڵکەوتوو لادەکەن بە لای تیورو بیرو باوەڕەکانی فرۆید ، ڕێبازی سروشتی لە سەدەیدا بەو چاوەوە سەیری ئادەمیزادی دەکرد کە بەرات و بەلاکێشی دیراسەو مەلبەندو دەوروبەرە ، کە بیرو باوەڕی (فرۆید)یش چەکەرەی کردو سەری هەڵدا ئەم باوەڕەی سروشتیەکانی باشتر چەسپاندو زاراوەی زانستی وای خستە بەردەست کە بتوانین ئەوەی پێ روون بکەینەوە کە چۆن بنیادەم بەندەی لبیدۆ - شەهوانیەت - یەو چۆن کۆیلەی ئەو خواستو تاسە خنکاوانەیە کە کۆمەڵ سەرکوتیان دەکاتەوەو ڕێگەیان نادا دەر ببڕێن.. (فرۆید) کە دەڵێ بنیادەم زۆڵو خوێری نییە بەڵکو نەخۆشە ، ئەم قسەی لەگەڵ هەڵویستی سروشتیەکان یەك دەگرێتەوە کە قایل نابن هیچ نادەمیزادێك کاوانبار بکرێ کە وەك کۆ وایە لە بەردەم قاشۆی هێزی سروشتو هێزی سەرووی مرۆڤایەتیدا بێ .

هەروەها سایکۆلۆجی دان بەو ئارەزووە زۆمانیانە دادەنیت کە مرۆڤ بۆ گوزارشت دانەوەی خودیو یاخی کەری هەیەتی ، جا ئێستا دەتوانین زۆربەی « شێتایەتی » ڕەمزیە فەرەنگەکانو تەچریبی یەکانی دوای ئەوان بە جۆرە بەرەللابوونێکی ناهوشیاری - لاوعی - دابنێین .

بەم جۆرە بە هۆی بڵاوبوونەوەی تیورەکانی (فرۆید)و زاراوە نوێیەکانی سایکۆلۆجی نووسەرە ڕۆمانسیو ریالیزمیەکان توانیان بتر لە شی کردنەوەی باری مرۆڤایەتیدا قووڵ بنەوە ، پاش ماوەیی وای لێ هات کە سایکولوجی کاریکی زور گەورە لە ئەدەبی داهێنەرانە بکا بەتایبەتی پاش ئەوەی کە (ئەدلەر) مەسەلەی « **گرێی کەمو کورتی** » **هێنایە** پێشەوەو (یەنگ young)یش تیوری « **ناهوشیاری ئشتی** - Collective Unconsciousness پێشکەش کرد بەڵام ئاوا ئەوەمان لە بیر بچێ کە یەکەم کاریکەری ئەورە لە (فرۆید)ەوە سەری هەڵدا ..

(ئێف . جی . هۆفمان) سالی ١٩٤٥ لە کتێبی (**فرۆیدیزمو هۆشی ئەدەبی**) ئەم چەشنە کارتێ کردنەی لە بەرهەمی چەند نووسەرێکی وەکو (لورنس)و (مان)و (شیروود ئەندرسن) و هی تر روون کردەوە ، ئەگەر ئەحتن وورد بینەوە زۆر بە چاکیو بە ئاشکرایی دەوری سایکۆلوجیمان لە بەرهەمی (می سەنکلیر)و (جویس)و (کاترین مانسفیلد)و (گریام ترین)و (دیلان ئۆماس) بۆ دەر دەکەوێ .

ئیدی بوو بە ئەرکێکی پێویستی سەر شانی نووسەرو ڕەخنەگران کە زوو بکەنە مەیدانی ئەم زانستە نوێیەو سوودی لێوەربگرن ...

ئەنجامی یەکەمیش ئەوە بوو کە زانستێکی نوێ هاتە مەیدانی چەتەنەوەو دری کۆنو بە تایبەتی کەلەپوری ڕۆشنبیری پاکیزەکانی ئەمریکاو فیکتۆریەکانی ئینگلتەرە کەوتە مل ملانێ ، نیتر داب و نەریتی قالب ترتووی ئەم دوو کەلەپوورە کەوتە بەر زەبری ئەو چەکە نوێیەوە .

ئەگەر پەردە لە رووی پەسند کردنی خۆخواردمەوەو داوێن پاکیو نەرم هێمنیو ویقارەوە هەلدەینەوەو بۆمان بەدەر بکەوێ کە ئەمانە نیشانەی جوامێریو ریزو پیرۆزی نین ، بەڵکو سەرکوت کردنەوەیەکی بەردەوامی ئەو خەیمو تاسەو مکیزو ئارەزووە تیژانەیە کە لە خانەی ناهوشیاریەوە دەبزوون .. بێگومان دەتوانین بە قەناعەتەوە بەنجەی تاوانبار کردن لە چاوی ئەو کەسانە را بکەین کە چ لە ئەزانی بێو چ لە کۆنەپەرستی بێ دەیانەوێ ئەم داب و نەریتو رەسمو ڕەوشتە عەر وەکو خۆی بمێنێو نەرووخێنرێ ، ووتارەکەی (راندلف بورن)یش کە بە ناوی « **خواستی هێز بەلای پاکیزەکانەوە** » نووسیویە نموونەیەکە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی سایکۆلوجی بۆ ڕماندنی ئەو ڕەوشتە سواوانەی ڕێبازی (**مرۆڤایەتی نوێ**) دەستی پێوە کرتبوونو دەویست رزگاریان بکا ..

بە کارهێنانی سایکۆلوجی بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا یەکەمجار لە کتێبەکەی (کونراد ئیکن)ەوە دەستی پێ کرد کە سالی ١٩٤٩ بە ناوی « **دیدۆنك : چەند سەرنجێك لە بارەی شیعری هاوچەرخەوە ... (ماکس ئیستمان)و** (فلۆرید دیل) کە دوو نووسەری ڕۆژنامەی جەماوەر بوون . ئەگەرچی ئەرزووبان لە چەسپاندنی ڕێبەوی کۆمەڵایەتی بوو ، بەڵام لە گەل ئەوەشدا دەورێکی پیاوانەیان هەبوو لە پەرەپێدانو بلاوکردنەوەی ڕێبازی سایکۆلوجی .

لە ئینگلتەرەش « **ڕۆبەرت گریفز** » لەم ڕوانگەیەوە شتی دەنووسی ، بەڵام شتی تایبەتی خۆی ، چونکە دەیەویست تیورەکەی « **دەبلیو . بیچ ، ریفز** » - کە دەربارەی کێشەی باڵەوانەکانی جیهانی ناهوشیاریە - بە ئار بێنێ .. (**هربرت رید**)یش سالی ١٩٤٦ لە کتێبی « هۆش و ڕۆمانسیزم » داوا دەکا کە ئەم ڕێبازە نوێیە لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا بخرێتە کار .

بێگومان ئەو خوێنگەرمی-یەی لە سەرەتاوە هەبوو بووە هۆی ئەوە کە زۆر ڕەخنەگر لە سەرەتاوە ئەتوانن کەرەستەی سایکولوجی ژیرانە بەکار بێنن و هەندێکیان ئەنیا ئاگاداری-یەکی کەمیان لە سایکولوجی هەبوو دەشیانەویست خۆیان لەو دەریایە بدەن و ئەو شارەزاییە کەمە بۆ دۆزینەوەو دەرهێنانی خەیمی جنسی لەپەنا پەرهەمی هونەریەوە بە کار بێنن ، ئەم هەلەیەش ئەنجامی ئەم جورعە شیرینو بێباکانەیەبوو کە سەرەتا قوتیان دابوو ، بەڵام کاتێ کە ڕەخنەگرەکان بە تێگەشتنەوە ئەرکی بەکارهێنانی ئەم ڕێبازەیان کرتە ئەستۆو وازیان لە پێڵێهەڵبڕین هێنا سایکولوجی بوو بە تیشکێکی زۆر کەش بۆ روون کردنەوەی ئەدەب ..

بە کشتی ، بەکارهێنانی ڕێبازی سایکولوجی سێ جۆرە روون کردنەوەی تێدایە :

یەکەم : هەروەکو (ئای ، ئێی ، ویچارۆز) روونی کردۆتەوە سایکۆلۆجی زمانێکی وورد تری بۆ مسۆگەر کردین کە بتوانین کردەوەی داهێنانی هونەری بێ بڕەسێنینو تاووتووی بکەین ، (ریچاروز) لە کتێبی (سەرەتای ڕەخنەی ئەدەبی -١٩٢٤)دا ڕەگەزەکانی تاقی کردنەوەی ئیستاتیکی - جوانناسی - ئی دەکاتەوەو لەسەر ئەو ڕێو شوێنە دەپڕا کە ببە خۆیو بە هەردوو برادەرەکەی « ئۆگدن»و «وود» دایان ڕشتبوو ، ئەویش ئەوەیە کە « جوانی - لەنگەری ئاوێتەیی دەستپەء - دەکا - » واتە ئەو هەڵویستە ڕێگەی خوێنەر پێشانی دەداو بەرهەمە هونەریەکەی بۆی ببە یەیدا دەکا ..

ئەگەرچی زۆر کەس لەم هەندێ بەشی ئەم دیبیدا لەگەڵ (ریچاردز) لێ کزلینەوەی بلاوکردۆتەوە ڕەخنەی لە بەبووە بێ لەبەر چاوکرتنی پیروڕاتانی ئیش بکا ..

چۆنیەتی بەکار هێنانی ئەم شی کردنەوەیەمان لەو نامەیە بۆ دەردەکەوێ کە (ئینت بێرك) لە بارەی شانۆنامەی « مەنترنیسۆو کلیۆپاترە »ی نووسیوە و پەیوەندی ناهوشیاری - لاواعی - نێوان نووسەرو خوێنەری روون کردۆتەوە .

دووەم : بە قسەی « مەدمرید ولسن » بە کارهێنانی دووەمی سایکۆلۆجی بۆ (**ژینامەی ئەدەبی** - biography)دە چێتەوە ، واتە پشکنینو تۆژینەوەی ژیانی هونەرمەند بۆ تێگەیشتنی هەموو لایەنێکی هونەرەکەی . جا بە هۆی شارەزابونی سایکۆلۆجی یەوە ژینامەنووس دەتوانێ لە کەلێ لایەنی ناوەوەو داپۆشراوی ڕیسان وورد بێتەوە و تێی بڕوا . ئەو ڕەخنەی کە ئەم جۆرە ڕیبازە دە ڕێتە بەر وان بۆ دەبێ لە زۆربەی پەیوەندی نێوان (**هونەرو هونەرمەند**) ، وەکو پەیوەندی نێوان (**خوێن ، ئەخۆش**) **وایە** .. هەروەها ئەم جۆرە ڕیبازە - بەقسەی دی . بیچ . لورنس - وا دادەنێ کە نووسەر (**ئەخوشی یەکانی هەتەدەژێتە ناو بەرهەمەکانی**) بەم چەشنە ڕەخنەگر دەکەوێتە بەر شی کردنەوەی بەرهەمی هونەری و زۆر نامەو خواستی داپەلۆساوی ناهوشیاری ی

بروانە - ل - ١٠ -

Institut Kurde de Paris

مریشك و مرۆڤ

چیرۆکی عەزیزنەسین — محمد حسن — بەدەستکاری لە فارسی یەوە — وەریگێڕاوە

فەرەیدوون بەك ئەمرۆبەیانی کاتێ کە بۆ سەرلێدانی مریشکەکانی هات تەنیا سێ دانە هێلکەی بینی ، ئەو لە ناوخانوویەك لە شوێن ئیشەکەیەوە دوور بوو پانزدە مریشك و سێ کەلەشێری بەخێو دەکرد ، هەموو رۆژێ بەیانیان پێش ئەوەی بۆ دوکانەکەی بڕوات سەرێکی لەمریشکەکانی ئەداو دانو ئاوی ئەدانێو هێلکەکانی ئەبرد ٠

لەپێشا ئەم مریشکانە رۆژی دزە بین ٠؟

دەنك لەکەرووی مریشکەکانەوە بەرز بۆوەو یەکێکیان ووتی :

ـ ئێمەی مریشکی بێ دەسەلات چیمان دەدەست دێ !!

مریشکێکی چیس چینی دەستی بەناخ هەلکێشان کردو ووتی :

ـ راستە ئێمە بە هیچ جۆرێ ناتوانین رو بەرووی ئەو دزە بوەستین ٠٠ لەبەر ئەمە ئەبینە ژێر قەرزی « فەرەیدوون بەکەوە » ٠ پێویستە ئێوە لە خۆ بوردن پیشان بدەن ٠

بەچی جۆرێ ٠٠٠ بەچی جۆرێ ٠٠٠ بەچی جۆرێ ٠

کەلەشێر هەناسەیەکی قوولی هەلکێشاو بە لەخۆبایی بوونێکەوە درێژەی پێدا ٠

ـ پێویستە بۆیەك رۆژ واز لە زەریتی چەند ساڵەتان بهێنن و لەبەرێ هێلکەیەك هەبەر یەکەتان دوو هێلکە بکات ٠

مقۆ مەزی زاری بوونو سەر پێچی کردنی مریشکەکان نێکەل بە ئاسمان بوو ٠

بەلام کەلەشێر قیراندی بەسەریاناو هەمووی لێ بڕد !

ـ بڕیار وایە ٠ هەمووتان دەبێ سبەینێ ئەم کارە ئەنجام بدەن ٠

ئەو شەوە تابەیانی مریشکەکان لەکولانەکانیان ژان ئەیگرتن چونکە ئەیان ویست هێلکە بکەن ٠ هەنگاوێکی زۆر سەیرو بوو ٠ هەرکاتێ یەکێ لە مریشکەکان لە دوای ئالەو هاوارێکی بەرز هێلکەی ئەکرد ، دەنگی بەژەو گۆڕانی ئەوانی ترگویی ئاسمانی کەرئەکرد بەلام سبەینێ دیسان هەموو رەنجەکەیان چووە کیسەی (ئەحمەد ئەفەنی) یە وە ٠ قیرە قیری تۆزەیی مریشکەکان نەیتوانی ئەم دزە بێ ویژدانە رابگرێ !٠

کاتێ (فەرەیدوون بەك) بەخۆیی و کیسەیەکی گەورەی پڕ لەدانەوە هات ٠ دانەکەی بۆ هەڵرشتنو خۆی چوو تاهێلکەکان هەلگرێ ، دیسان تەماشای کرد تەنها سێ هێلکەیە ٠

فەریدوون بەك کەمی خەفەت دای گرت ، تەماشایەکی مریشکەکانی کرد هەریەکەی لە قوژبنێك خۆی کز کردووەو تاقیان نزیك دانەوێلەکە نەبوو نەتەوە ، زۆر سەری سوڕما ٠

« واتەی چی ، بۆچی مریشکەکان هیچ ناخۆن ٠ ؟ »

لە پڕ گوێی لە دەنگە دەنگێك بوو ، زۆر ترسا ، کەمی مابوو کەشکە بیکرێ ٠ بەدەم ترسو لەرزێکی زۆرەوە تەماشای دەورو بەری خۆی کرد ، کەسی لێ نەبوو ٠ گومانی لەوە کرد کە تووشی ئەندیشە هاتووە ٠ بەلام نە ٠ ئەمجارە بەئاشکرا گوێ لەدەنگە کە بوو ٠

ـ فەرەیدوون بەك

فەرەیدوون بەك کە سەرتا پا نەلەرزی دەستی بەدۆعا خوێندن کردو ڕستی رابکات بەلام کەلەشێرەکە پێشی لێ کرتو ووتی :

ـ هنم مەترسە ، ئەوێ بکرە بزانەچی ئەلێم ٠

فەریدوون بەك وەك بەرد لە شوێن خۆی چەقی

ـ چی یە ؟

ـ سەرت سوڕ ئەمێنێ کە من قسە ئەکەم ٠٠

ـ شتێکی سەیرە ئەتەوێ چی بڵێی » ؟

ـ خۆم بە بەختیار ئەزانم لەلایەن مریشکەکانەوە داوا کاری یەکت پێ را بکەیەنم ٠

فەرەیدوون بەك وای ئەزانی دوچاری دیو ودرنج بووە بەترس و لەرزەوە پرسی ٠

ـ رەنگە داوا کاریەکەتان لەبارەی خواردنەوەیێت ٠

ـ ئەخێر ٠ بەپێچەوانەوە ئەو بارەیەوە سواست دەکەین ٠٠ ئێوە زۆر خزمەتی ئێمە بکەن ، بەلام ئێمە ناتوانین مافی خۆتت بدەینێ ٠

هەر چەندە کەم تەرخەمی لە ئێمەیشەوە نیە ، مریشکەکان رۆژی دەپانزدە هێلکە ئەکەن٠٠ بەلام ئەم هاو سێیە نەفرەت لێ کراوە ئەیبات ٠

ـ راست ئەڵێی ؟

ـ سوێند ئەخۆم ٠ ئەو پیاوێکی بەدەو دزێکی بێ وێنەیە ، هەموو رۆژێ دێ لێرە خۆی ئەشارێتەوەو ٠٠٠ فەرەیدوون بەك زۆر تووڕە بوو یەکسەر چووە پۆلیس خانەو باسەکەی گێڕایەوە ٠

بەریوەبەری پۆلیس کە پیاوێکی ئەزموون دار بوو وماوەیەکی درێژیش بوو بەم جۆرە کارانەوە خەریك بوو ووتی :

ـ ئەفەنی ئەمرۆژانە دانە وێلە گرانەو مریشکەکان تێر نابنو هێلکەی باش ناکەن ٠

فەرەیدون بەك بەم تانەیە زۆر دل گران بوو ، وەلامی دایەوە ٠

ـ ئەخێر من دلنیام مریشکەکان هێلکەئەکەن بەلام هاوسێ کەم ئەی دزێ بەریوەبەری پۆلیس پرسی ٠

ـ ئەتوانی قسەکانت بچەسپێنی

ـ بەلێ بەلگەم هەیە ٠

ـ چۆن بەلگەیەك ٠

ـ مریشکەکانی من قسە ئەزانن و ئەتوانن کەواهی بدەن٠

ـ ئەگەر مەسەلەکە وابێ لق و پۆپی تری لێ ئەبێتەوە ٠

لەراستیشدا لق و پۆپی تری لێ بزوە بەرێوەبەری پۆلیس فەرەیدون بەگی لەژێر چاودێری پۆلیسدا بۆ نەخۆشخانە نارد ٠

شیعر دەرمانی دەردانە

خالد جوتیار ئامادەی کردوە

ئێستاش هەر بەین نا بەینە کە غەریبیمان هەلدەستێو یان کە رۆژێك لە رۆژان بەرامبەر تەلیسمی دلداری هەناسەی بێ کەسیو زیز بوونی خۆمان دەخەینە ڕوو ، دوور ناڕۆینو ئەو پارچە شیعرەی دڵمان دەهەژێنێو لە بیابانی ئەو تەنیاییە دەرمان دێنێ ئەجارێکو ئەدوو دەیخوێنینەوەو لەبەر خۆشمان هەندێ وردە گازاندە دەکەینو هەناسە هەلدەکێشین پە نامەو بەدوو قۆلی گەیشتنە یەکی دوو دلداریش ئەبووە سەرەتاو بنەتانەکەی دێڕە شیعرێکی ئەفینی تێدا ئەبووبێ جا هەر کەسەو بەپێی باری دەروونی خۆی ، ئەو پارچە شیعرێکیش بۆ ئەم مەبەستە هەلدەبژێرێ ، وادەزانێ خۆی شاعیرەکەیەو لەوەش دڵنیایە کە ئەم دێڕە شیعرە دەبێتە مایەی هەوێنی دل ئەرم کردنی کچەو سۆزی زیاتریش هەلدەستێ ، ئەویش ناحەق نیە ،هەر ئەو ووشانەی کە لەزمانی عادەتی رۆژانەمان بەکاریان دێنین ئەهەر بوو بە شیعر وەزنێکی تری دەبێو ئەو خەلکەش بە چاوێکی تر سەیری دەکەن٠ چەند جاریش لە بەرایی کۆچو کۆچبارو شەڕو بووك گواستنەوەو سەر دولکەو نا لە تەکیەو خانەقاکانیش شیعر دڵی خەلکی داوەتەوە جا بەرەو سۆزی بردبن یان هەلچوون کە هەلچوونەکەش لە هەندێ شێوەی سەری سۆرەکانە ٠ بۆیە لێرەدا دەلێین شیعریش بەقەدەر حەبێکی ئەسپرۆو دەرزیەکی بەهێزیو هەر فلە فیتامینێك یان وەك هەر داوو دەرمانێکی تر دەوری خۆی دەبینێ : پیرۆزی دەورەکەش لەوە دایە کە دەروونی مرۆڤ ئەوەدان دەکاتەوەو جیهانێکی تر لە بنەوە هەلدەکا ٠ هەمومان لە تاقی کردنەوەی رۆژانەمان رەنگە بەلای کەمی سەربردەیەکی وامان هەبێ ، چەند جار هەر لە خۆمانەوە کە دڵمان تەنگ دەبێو ئاوەیدی دامان دەگرێت بە برادەرێکی ئەنیشتە خۆمان گوتووە « تو خوا شیعرێکی دل تەزێنم » بۆ بخوێنەوە ، بێ سێو دوو برادەرەش شیعرەکەی خوێندو وتەوەو ئەو کەسەش کەوتووتە جێی سانتیکی تر کار لێ کردنی شیعریش بۆ مرۆڤ لەوەدایە « بە تایبەتیش کە کەسێك بۆ دڵدانەوەی خۆی پارچە شیعرێکی هەلدەبژێرێ کە ئەو سۆزەی لەو شیعرە دایە هەمان سۆزو کەسەری ئەوو کەسەشە ٠ چەندیشمان رۆژێ بەرامبەر ئەوانەی لە دڵمانەوە خۆشمان دەوێنو ڕووبە ڕوویان ناوێرین فزە بکەین ئەم شیعرەی (هەردی) مان وەبیر دێتەوە ٠

چەند کەرەت هاتم لەلا ئاخی دەروونی پڕ گرم
بۆتی هەرێزم سەکلای ناسکی ئەرمو کوڕم
داخەکەم ئەمما کە دێم بە دەست وافی وڕم
وام ئەشێوێنی بە جاری ناهێلی هیچ دەزبرم

دە تۆبێ ئەوەی لە نامەی یەکەمتدا کە بۆ هەر کچێکی دەنووسی وەرە ئەم چەند دێڕەی سەرەوە بنووسەو بۆی ئەڕێ ٠ ئەو کچە یەك سەر دەزانێ تۆ مەبەستت چی یەو بایی خۆشی تێت دەکات ، چونکە ئەو هەستەی لای شاعیر هەیە هەستی زۆربەی لاوا نیشە لە لەحزەیەکی ژیانیاندا ٠

دەهیچ دوورنی بە ئەم شیعرە لە حەبێکی « ئەسپرۆ » بەهێزتر بێ بۆ سەر ئێشەی کە سێکی ناشقو بێ دەسەلات دەئەگەر مەسەلەکە والێك بدەینەوە بۆ شیعر دەرمان نەبێ بەلام دەرمانێکی ئەفسی چەند جاران (نالی) کە بۆ « حەبیبەی مالیاوا » دەجۆشاو غەریبی هەلدەستا بەغەزەلێکی بەرز دڵی خۆی دەدایەوە ، «وەلی دێوانەش ئەگەر رازەکانی بە شیعر بۆ « شەم » نە کردبایەوە دەبوا ببێ بە شتێکی تر ، بەلام چونکە شیعر کارێکی نەمرو دیارە هەر دەبوا لە چۆلەوانیەکی وا هەروای لێ بێ ٠ نەك هەر ئەمانە تا شیعرە سیاسیە کانیش مادام گرو گلپەی ناوەوەی شاعیرە نەویش بۆ لێکدانەوەی باری سیاسی هەمان ڕێوچێ دەگرێت ٠ هەر ئەو شیعرانەش کە کەسێکی نەك هەر گۆرانی بیژ بگرە تا ئەوانەش کە بۆ مەرامی خۆیان بە ئاواز دەیلێنو بەرامبەر دۆستان بەدەنگ دەدوێن بۆ دڵدانەوە لە خەم بە دوور کەوتنەوە دەوریان هەیە ٠ چەند جاران دەنگ خۆشو شیعرەکان کەسێکیان بۆ یەکێك دل تەرم کردووە کە رەنگە ساڵەهای ساڵ عەودالی بووبێ، حەیران بێژو ئەوانەش لە دروێنەو هەلبەرکی گۆرانیو حەیران دەلێن بە هەوەنتە کەرووی خۆیان شل ناکەنو بەو ووشە کوردیەی پاراوو بەو وەسفە جوانە ناکەونە پێدا هەلگوتنی نازداریك ئەگەر ئەزانن بایی خۆی کار لە دەروونی دەکاتەوە ، خۆ هەر هیچ نەبێ کچە کوێی لێیە ، مەبەستیش لە گوێ لێ بوونەکە هەر بیستنی ڕووت نیە بەلکو هەم رازێکی ئەم کابرایەی دەکاتێو هەم کچەش لەلای خۆیەوە دەکەوێتەوە بەر بیاری لێکدانەوەو قوول بوونەوە لە ووشەی شیعرەکە کە لەزاری کابرا دەرچووە ٠

نەك هەر کوڕان ، کچانیش با هەستیشی بێ نەکەنو لەبنەوانیشی نەگەن کەم جار لەم دەشتو بنار چیایانە بەللۆرەیان بۆ کوڕان هەلداوە٠٠ دیارە ئەم بەللۆرانەش قەت لە شتە بزرەکانی ناوەوەی کچان دوورنیە و لێرە بێ هۆشانە رازەکان دەکەنەوە ٠ ئەوەندەم بەسەرە تایەکی کورتیلە زانی تایێی بچمە ناو ئەو باسەی لە گۆڤاری « الدوحە » وە کردووە، بەکوردیو هیوادارم سوودێك ببە خشێ ٠

ئەم لێکۆلینەوەیە قولایی شتە بزرەکانی دەروونی مرۆڤ سەراو دەکاو زۆر شت ئاشکرا دەکات ٠ هەر لەم رێگەیەشەوە ئرێو تەمو مژو بووبی تارمایی- یەکانی دلی مرۆڤمان بە ئاسانتر بۆ ڕوون دەبێتەوە ، تا باری شێتایەتیو دوورە بەرێزیو زیز بوونو نارەحەتیو هەموو ئازارو ژانەکانی دیوی ئەو دیوو بخانە ڕوو ٠

بەلام ئەم دیراسەیەش بە هەوەنتە ئەهاتووتە بەر هەم بەلکو زیاتر لەبیست ژانەو تێگەیشتووی ئەمرۆ بە شداریان تێدا کردووەو بەتایبەتیش ژانایانی، پزیشکی، دەروونی، پزیشکی نەخۆشیە- کانی مێشك ، فەیلەسوف ، سایکۆلۆژی ، رەخنە گری ئەدەب ، وە « د٠ جاك لیدی » بەڕیوەبەری بنکەی چارەسەر- کردنی بەشیعر لە (نیویۆرك) سەرپەرشتی ئەوانەی کردووە ٠ با لە بەرایی یەوە بزانین کەی هەست بەوە کرا کە شیعر بۆ چارە سەری نەخۆشی نەفسیو سۆز بەکاربێت ؟! بۆ ئانە کۆنەکان کە لە بواری « حیکمەتەوە » ئۆر بێشکەوتوو بوون یەکەمین جار دەستیان بەوە کرد کە شیعریش هێزێکی بەتینی هەیە بۆ دەروونی مرۆڤو رۆژیش کاری تێ دەکات ٠ بەلام پاشی چەند سەدان کە جیهانی ٠ ناهۆشی « لاوعی » بەیسبەت شاعیران دۆزرایەوە ئەو حەلە مەسەلەی لێکدانەوەو چارە سەر کردنەکە ئاسانتریش بوو ٠ چەند کەسێکی تریش وەك « نادلەر ، یۆنگ ، مۆرنیز رایك » ئەوەیان سەلماند کە شاعیران رەسەنانە بە دوای ڕێگەیەکدا دەڕۆن کە خەلك لە دوای ئەوان پێی دادەڕوات ، چ عەنتیکەش نیە ئەگەر « ئەرستۆ » پێش هەموویان باسی چارە سەرکردنی بەشیعری کردبێ ،کاتێ بەنجەی بۆ تراژیدیا ڕاکێشاو باسی کرد ٠ بەلام پاشی زەمانێکی زۆرو دوای لێکداونەوەو خۆماندوو کردنی زۆرکەسی تریش لە نیوەی سەدەی بیستەم « سمیث »و« تویفورت » کە دوو ژانای « ئەلمانی » بوون سەلماندیان کە دەبێ ئەدەبیش بۆ چارەکردنی نەخۆشی بەکار بێت ، بابۆ نموونەش لە خوارەوە ئەم کۆپلە شیعرەی « رۆبرت فرۆست » بخەمە بەر چاو ٠

دوو ڕێن ٠٠ لە دارستانە زەردە کە لێك دەبنەوە
بە داخەوە ناتوانم بەسەر هەر دووکیان دا بڕۆم
چونکە تەنها ڕێبواریکمو ٠٠ زۆریش وەستام
چەند توانایم هەبو سەیرم کرد
تا چاو بڕکا هەر سەیرم کرد
تاوام لێ هات هەر ڕێگەیەکیان
بگرمو بڕۆم

هەموو شیعرەکە باسی ئەولە حزەیە دەکات کە کابرا خۆی سەرەنجامی بڕیارێك لەدووڕێگە یەکێکیان دەگرێو دیارە ناشتوانێ بەسەر هەر دووکیان دابڕوات لە لە حزەیەکدا بۆیەلە خۆی دەپرسێ بۆ بەڕێی دووەمدانە چووم یان کە چوم ئەدی ئەوی تریان لە بنکەی چارەسەرکردنەکە ژووری دانیشتنە کە پزیشکەکانی تەرتیبی دەکەن ، دوایی کە هەموویان ئامادە دەبن پارچە کاغەزێکیان دەدەنێ کە سێ چوار کۆپلە شیعری لێ نووسراوە ، دوایی

پروانە ل ـ ٨

پارە

شیعری شاعیری ئینگلیزی :
ولیەم هێنری دیفیز
١٨٧١ ـ ١٩٤٠

کاتێ کە خاوەنی پارە بووم ، پارە ٠٠ ئۆو !!
تا ئەکەونمە ژێر باری هەژاری خۆشیم نەدی ٠٠
کەلێ پیاوی درۆ بە ناوی برادەرەوە
هاتنو بە درێژایی رۆژ لە دەرگای ماڵەکەیان دام

●●●

جا ئەو ساتە هەستم کرد وەك منالێکم
زۆرنایەکی بە دەستەوە بێو نەکرێ فووی لێبکا
چونکە پیاوێ مرد بوو ٠٠ قەت ئەم وێرا
هیچ بدرکێنم و ئەم دونیا درۆیە ئاگادار بکەم

●●●

زۆر سەرنجی قوولم لەم ژیانە داو دیم چۆن
دڵی هەژارەکان هەردەم پڕە لە روناکی ، و
چۆن ژنە هەژارەکان لە بەیانیەوە تا نیوەشەو
بە دەم ئیشو کارەوە گزەگزیانە ٠٠

●●●

بۆیە کە گوێم بە تریقەی پێکەنینی ئەم هەژارانە ئەزرنگێتەوە ، و
ئەشبینم دەولەمەندەکان بە ساردی روو گرژ ئەکەن ـ
بڕوام وایە ، هەژارەکان پێی ناوێ هێندە هەلکشێن
بە قەد ئەوەی کە دەولەمەندەکان دەبێ دابکشێن

●●●

کاتێ کە خاوەنی پارە بووم ، پارە ٠٠ ئۆو !!
هاوڕێکانم سەلماندیان کە هەموو درۆن
بەلام ئێستا کە خاوەنی هیچ پارە نیم ٠٠ ئۆو !
هاوڕێکانم ئەگەر چی کەمیشن بەلام هاوڕێی راستەقینەن راستەقینەن

●●●

شێرزاد حەسەن
لە ئینگلیزیەوە کردوویە بە کوردی

بە بۆنەی دەرچوونی هۆنراوەکانی بریخت)

رەخنەگرەکان کەوتنە سرودای شانۆگەریەکان و لە بەلغەی شیعری نزگریشتن

بریخت باسی ـ کارل کراوس ـ دەکاو دەڵێ : « **ئەو دەستە بوو کە سەردەمەکەی بەرزی کردەوە جاڕی کۆتایی هاتنی دا ٠٠** » بە مەوەش نیشانەکانی بڕانەوەی سەردەمی ئەدەبی کلاسیو دەستپێکردنی سەردەمێکی نوێ دیار دەکا، بەلام (شتاینەر) لەو بڕوایە دایە کە تەنیا (کارل کراوس) و (بریخت) و (مایاکوفسکی) و (ماوتسی تونك) پێشەنگی راستەقینەی بزووتنەوەی نوێخوازین کە هەموو پەیوەندیەکین نەگەل شتی کۆن بچڕاند ٠٠ بێ گومان وەرگێڕانی هەموو بەرهەمەکانی بریخت بۆ زمانی ئینگلیزی لەلایەن (جون ویلیت) و (رالف مانهایم) و بە یارمەتی (ئیریك فرایید) و سی ٣٠ وەرگێڕی تر بەلگەیەکە بۆ راستی ئەم قسەیەمان ٠

(شتاینەر) لە ووتارێکدا بە ناوی (دۆزنیەوەی شاعیر) کە لە کتێبی **(لە دوای بابل)**ەوە بلاوی کردۆتەوە دەڵێ :

برتولد بریشت

« ـ بریخت ـ ی (شاعیر) پاش ئەوەی کە ساڵی ١٩٥٦ کۆچی دوایی کرد وەکو قوبەیەك بوو کە لە دونیای ئەدەب دانرابێتەوە ، و بەرهەمە خەستو زۆرە شانۆگەری- یەکانی شیعرەکانیان داپۆشی بوو ٠٠ »

رەخنەگرەکان بە سەرسامی- یەکی زۆرەوە باوەشیان بۆ هۆنراوەکانی بریخت کردەوە ، چونکە بەم هۆنراوانەوە شاعیرێتی بریخت بە درەکەوتو شیعرەکانی شان لە شانی شانۆگەریەکانی دەدەن ، دوور نیە لێشیان تێبیەڕێنن ، بریخت کە لە بارەی (شانۆ- گەری مەلحەمیەوە) دەیگوت دەبێ « تاپۆی شانۆگەری ئەرەستۆیانە » تێك شکێنرێو ئەکەتەر لە دەوری خۆی بترازێو راستەوخۆ لەگەل هۆشو سۆزی دانیشتوان بدوێ ، ئەم قسەیە هەراو هۆریایەکی زۆری نایەوەو رەخنەگرەکان لە هەموو لایەکەوە لەسەر بەرهەمە شانۆگەریەکانیان نووسی و ئەمەش بوو بە هۆی ئەوە کە رووی شاعیرێتی بریخت لە ژێر پەردەی بەرهەمە شانۆ گەریەکانیان نووسی و ئەگەرچی بەهرەی شیعری جار جار لە بەرهەمە شانۆگەریە- کانیش سەر هەلدەدا ٠٠

کتێبی (هۆنراوەکانی برتولد بریخت ١٩١٣ـ١٩٥٦) پێنج سەد یان پتر بۆ جاری یەکەم بە زمانی ئینگلیزی بلاو دەکرێنەوە و تا بریخت مابوو زۆربەی هەرە زۆری ئەم هۆنراوانە بنکوم بوونو کەس

پروانە ل ـ٨ـ

Institut Kurde de Paris

میوانداری کۆشکی کۆماری

دوێنێ دوکتور محمد صادق مهدی بەڕێوەبەری شـــتی دەزگای ئابوری لـــە وەزارەتی دەرەوە لـــە کۆشکی کۆماری ئامـادەبوو وە لەدەفتـەری میوانداری سەرۆکی کۆماری بۆ سەرۆك تۆمار کرد بەپێنـــ دانانیەوە لەسەر ئەرەوی کەی.

هەروەها گاك حسن مصطفی نقیب [illegible] ئەسپانیا بەپۆتەی تـەواویونی [illegible] نووسی.

دیسان : دوکتور احمد زیور میندری [illegible] ناوچەی ئۆتۆنومی ، شـاطی تودە بەڕیوەبەری پرۆژەی رەی دوکتور سامال مجیـد فرج ئەندامی ئەجوە [illegible] کشتوکال خۆیان لە دەفتەری میوانداریا ناونووسی کـرد بەپێنـەی هاتنیەوەیان لـە دەرەوەی وڵات.

پیـك هێنـانی یەکـەم ئەنجـومەنی نـەوجـوانو لاوانـی وڵات

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بریاری پیك هێنانی یەکەم ئەنجومەنی نەوجوانو لاوانی دا.

بە پێی مەرسومیکی کۆماری کە رۆژی دووشەممەی رابوردو لە رۆژنامەی رەسمیدا پلاو کرایەوە هەفال نعیم حداد ئەندامی سەرکردایەتی قطری حزبی بەعسی سوشیالستی عەرەب وەزیری لاوان ئەرکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنەکەی پی سپێردراوەو بەڕێز کریم محمود الملا سەروکی مەکتەبی ئەنفیزی یەکیتی گشتی لاوانی عیراق جێگری وەزارەتی لاوان ئەرکی جێگری سەروکی سپێردراوە.

ئەندامانی ئەنجومەنی بریتین لە : محمد دبدب سەروکی مەکتەبی ئەنفیزی یەکیتی نیشتمانی قوتابیانی عیراقو کاظم ترکی جمیل بەڕیوەبەری گشتی ناو خۆ و سالم الجسار بەڕیوەبەری گشتی پەروەردەی وەرزش و عمید رکن بەڕیوەبەری لقی ئەوجوانان لە وەزارەتی بەرگری و ولید بدری نوێنەری وەزارەتی لاوان کە بو بە سکرتیری ئەنجومەنە کە.

هەفال نعیم حداد وەزیری لاوان رۆژی یەك شەممەی رابوردو سەرۆکایەتی یەکەم کۆبونەوەی ئەنجومەنی ناوبراوی کرد بۆ لێکولینەوەی نەخشەی ئیش کردنی ئەنجومەنەکەو سیستەمەکەی.

جوتیارانی ولات سەرلەنوی دڵسوزیان بۆ سەرکردایەتی شورش ئەسەلمێنن

لە سەرانسەری ولاتدا جەماوەری جوتیاران ستایشی ڕێبازی سەرفرازانەو هەلوێستی شۆرشگێرانەی شۆرشی ١٧ی تەمموزی نەتەوەیی سۆشیالیستیان کردوە ، لەگەل ئەو دەستکەوتانەی بەسەرکردایەتی حیزبی بەعسی سۆشیالستی عەرەب هاتۆتە دی.

ئەنجومەنی مەرکەزیی یەکێتیی کشتیی کۆمەلەی جوتیاران لەو بروسکەیەدا کە رۆژی دووشەممەی رابوردو بۆ سەرۆکی فەرماندە احمد حسن البکرو هەفالی تیکۆشەر صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشیان ناردوە پەیمانیان بەسەرکردایەتی سیاسی داوە کە هەمیشە لە خەباتیکی بەردەوامدابن لەپێناوی بەدی هێنانی ئامانجی نەتەوەکەمان ، لەیەکێتیو سەربەستیو سۆشیالیستیدا.

وەك ئاشکرایە رۆژی دوو شەممەی رابوردو لە هـولی الحصری لە مۆزەخانەی عیراق کۆبونەوەکانی هەشتەم خولی ئەنجومەنی مەرکەزیی یەکێتیی کشتیی کۆمەلەی جوتیاران بەڕیوەچوون کە بەشداری تیایدا کرا ، لە کۆبونەوەکە هەفال لطیف الدیمی جێگری ئەمینداری ئەنجومەنی مەرکەزیی جوتیارانی عیراق و هەفال دکتور حسن فهمی جمعە وەزیری کشتوکال و ئەندامانی مەکتەب و سەرۆك و ئەندامانی یەکێتیی ناوخۆیەکانی کۆمەلە جوتیارانکانی وڵات بەشدار ببون. لە کۆبونەوەکەدا هەفال دلیمی ئەوەی دوو پاتەکردەوە کە جوتیارە شارەزاکانی دەورێکی بایەخداریان هەیە لە

بروانە – ل – ١٠ –

جەماوەری گەل یادی «٤» بیرەوەری میللی کردنی نەوت ئەکاتەوە

رۆژی سێشەممەی رابوردو جەماوەری گەل بەپۆنەی بیرەوەریی چوارهەم سالی بریارە گرنگە مێژوییەکەی **میللی کردنی نەوتە لەسەرانسەری وڵاتدا ئاهەنگی گێراوە، ئەوبریارەی فەرماندەی گەل سەرۆکی تیکۆشەر احمد حسن البکر لە رۆژی ١ی مانگی حوزەیرانی سالی ١٩٧٢ دا بۆ دنیای ئاشکراکرد.**

بەو بۆنەیەوە لەهەمو بارێزگاکانی وڵاتدا ئاهەنگ کراوە.

● **بەغدا** .. بەپۆنەی بیرەوەری چوارهەمی میللی کردنی نەوتەوە بەڕێز عبدالمنعم السامرائی جێگری وەزارەتی نەوت بەشێکی تری پالاوتنی لە پالاوتنخانەی دۆرە کردۆتەوە ..

کردنەوەی ئەم بەشە نویە دەوری بالای شارەزایانی عیراق دەردەخات لەمەیانی پالاوتنی نەوتدا ، بێش کەوتنی ئەوبسپۆرانە لەومەیدانەداو پشت نەبەستن بەشارەزایی بسپۆرانی بیگانە.

● **التامیم** .. وەلە بارێزگای تامیمدا بەڕێز ولید الخشالی بارێزگاری تامیم دووهەم پێشانگای سالانەی نەوتی کردۆتەوە پێشانگاکە مەکتەبی راگەیاندنو بلاوکردنەوە لە وەزارەتی نەوت لە هۆلی یەکێتیی گشتیی لاوانی عیراق لقی تامیم پیکی هێناوە.

بروانە – ل – ١٠ –

لە جیاتی سەرۆکی فەرماندە :

لە هەفال حمدانی پێویستی بەیەکەوە بەستراوی نێوان ستراتیجیەتی سیاسی و ئامانجەکانی گەشەکردنداە سەلمێنێ

لە جیاتی سەرۆکی فەرماندە احمد حسن البکر رۆژی سێشەممەی رابوردو هەفال عدنان الحمدانی ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبو وەزیری ئەختەکەیان سەرهەم ئەوەی جیهانی لە بەغدا کردەوە .. بە بۆنەی هەو [illegible] لەژێر دروشمی «[illegible] رو رفقە [illegible] ئەختەکانی پرەیدانو تیکۆشان لە پێناوی رژێمکی [illegible] گرابۆ لە نقابەی [illegible] ئاهەنگدا بەرزان عزة مصطفی [illegible] ئەندامی سەرکردایەتی شەرد رووەزیری کارو کاروباری کۆمەلایەتیو عەزیز شەریف [illegible] و هاوکاری لە کۆماری عیراقدا بەشدار بون ، هەروەها بەڕیزان ئەندامانی [illegible] رانی ئەنجومەنی ئاشتی جیهانیو ریکخراوی هاوکاریی «ئەفرو – ئاسیاو» لە گەل [illegible] یەکانو سەرۆکی زانستگاکان وهەندێك لە فەرمانبەرە گەورەکان لەو ئاهەنگدا بەشداربون

● **وای هەفال الحمدانی** .. لە سەرەتای کۆبونەوەکەدا هەفال عدنان الحمدانی ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبو وەزیری ئەختەکەیان وتاریکی خوێندەوە . وتی : سەرکەوتنی گەلی عیراق لە کێشەی میللی کردنی نەوتدا بە سەرکردایەتی حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبو ئەو وەزیرو بەیوەندیە تازانەی بە هۆی ئەو میللی کردنەوە هاتۆتە مەیدانەوە .. بە بەلگەیەکی رون وناشکرا ئەوەی سەلماند ، کە گەلانی کۆلەدەر ئەوەیان لە باردایە کۆتایی بە دەسەلات و خۆشەپاندنی ئیمپریالیزم بهێنن و کۆمەلەکانیان لەسەر بناغەیەکی زانستیانەی نوێ دابمەزرێنن . هەروەها وتی : رزگار کردنی ئابوریی نیشتمانیو دەست گرتنیکی تەواو بە سەر سامانی نیشتمانیو ئەتەوەیداو خستنە کاری لە پێناو ئامانجی بەرەپیدانو سیاسیدا ئەوە دەبێتە بنچینەیەکی ماددی ئەوتۆ کە دەتوانین سەربەستی سیاسیمانی پێ بپارێزینو ئەوەمان بۆ زامن دەکات کە جەبری [illegible] دی کۆنەپەرستیو نیستعمار بە تینتر کەین . میللی کردنی نەوت لە عیراقدا مەرجی ئەلی سەرکەوتنی بایەخداری بۆ هێنایە دی ، کە ئەنجامی ئەو سەرکەوتنانە لە زیانی کۆمەلەکەماندا بە چاکی دەرکەوتوە .. هەروها وتویەتی : چارەسەر کردنی گیروگرفتە سەختەکانی پەرەپێدانو خەبات لە پێناوی دانانانی رژێمێکی ئابوری عادیلانە لە جیهاندا بریتیە لە کردەوەی شۆرشگێرانە کە بە هۆیەوە دەبێت بە شێوەیەکی بنەرەتی چەند پەیوندیەکی ناو خێزانی دەولەتان بگۆڕرێت . لە بەر ئەوە چارەسەرەی ئەو گیروگرفتە ئالوزانەو دانانی لەو رژێمەی مەبەستە پێویستی بە ئالوگوری رای یەکترو شارەزایی هەمو لایەك هەیە بە مەرجێك بزانین تواناو وزەی مادیو مەعنەویمان چەندە بۆ هێنانە دی ئەو مەبەستە ئێمە لە کۆماری عیراقدا وەك بەشێك لە کۆمەلگای وڵاتان .. وە لە بۆچونی شۆرشگێرانەمانەوە وە لەو خاسیەتی نیشتمانیو ئەتەوەیە جیاوازەی کە نە روکەشیو ناوەرۆکا هەمانە ، نە راپۆرتی سیاسی هەشتەمین کۆنگرەی حیزبی فەرماندەدا .. حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب بە دوربینیی یەوە هەمو نەخشەیەکی نێستاو دوارۆژمان کێشاوەو هەمو ئەو مەرجانەمان دەست نیشان کردوە کە لە رێگای وەدی هێنانی ئاواتە دورەکانی گەلو ئەتەوەکەمان دورمان ئەخاتەوەو وزەو توانای ئابوریمان وا پتەو کات کە بتوانێت لەرزگاری و سەربەخۆیی ئابوری ولاتانی عەرەبدا دەوری پێشەوایی بگێڕێتە دەست . بەو پێیەی وێنەی ئابوریی یەکی پیشکەوتوانەی ناوچەکەیە ، وە تاقی کردنەوەیەکی بەرزی گەلانو وڵاتانی تازە گەشەکردوە .. ئەمەش بەلگەیەکی نوی دەدات بە گەلانی دنیا کە گەلانی وڵاتانی تازە گەشەکردو لە باریدا هەیە بناغەیەکی شارستانیو پێشکەوتنی وا بۆ خۆی بنیات بنێ کە مرۆڤایەتی گەلکی لێ وەرگرێت ..

ئەمڕۆ وەزیری پیشەسازی کارگەی شەکری سلێمانی ئەکاتەوە

بەڕێز فلیح حسن الجاسم وەزیری پیشە سازیو کانەکان لەگەل ئاهەنگەکانی وڵات لە بیرەوەری میللی کردنی نەوتدا ئەمڕۆ لە شاری سلیمانی کارگەی شەکرەکە دەکاتەوە .

وزەی بەرهەمی سالانەی شەکری ئەو کارگەیە دەگاتە ٨٠ هەزار تەن ، لە بەرهەمهێنانی شەکر بە کار دەهێنێت ، سەرەرای ئەو شەکرە خاوەی لە دەرەوەی وڵات بەشێوەیەکی ئەبالیو راوی دەیهێنێت . ئەوەی شایانی باسە ئەو کارگەیە ١٧ ملیۆن دیناری تێچوە .

گفتوگۆی دەربارەی پەیوەندی عیراقو فەرەنسا

بەڕێز عزة الدوری ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشو سەرۆکی ئەنجومەنی بەرزی کشتوکال لەگەل بەڕێز (رمون بار) وەزیری بازرگانی دەرەوەی فەرەنسادا باسی ئەو پەیوەندیە بەتینەیان کردوە کە لە نێوان هەردو وڵاتدا هەیە .

رۆژی یەك شەممەی رابوردو بەڕێز عزة الدوری لە ئەنجومەنی وەزیری بازرگانی دەرەوەی فەرەنسادا لە بارەگای ئەنجومەنی کۆبۆتەوەو باسی ئەوەیان کردوە کە چۆن بەرەبەرەن بەو پەیوەندیەوە لە مەیانی کشتو کالدا زیاتر گەشە بکات بە جۆرێکی ئەوتۆ

بروانە – ل – ١٠ –

لێکولینەوەی باری دەزگاکانی ئەندروستی ناوچەی ئۆتۆنۆمی

هەفتەی رابوردو ئەنجومەنی ئەنفیزی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بە سەرۆکایەتی بەڕێز سعاد ادیب جێگری سەرۆکی ئەنجومەنو ئەمینداری گشتی ئیدارەی کاروباری ناوخۆ کۆبونەوەیەکی بەستو دوو بریاری ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەولێرو سلیمانی سەبارەت بە پارەی پرکردنەوەی پێویستیەکانی هەردوو پارێزگاکە پەسەند کرد .

دیسان ئەنجومەن لەباری دەزگاکانی خزمەت گوزاری ئەندروستی کۆلایەوە دوای ئەوەی پزیشکو دەرمانخانەکانی ناوچەکە چونە پال « عیادە میللی »یەکانەوە ، وە لەو رێگاو شوێنە کۆلانەوە کە پەرە بەو دەزگایانە ئەدات و خزمەت گوزاری ئەندروستی بۆ هاووڵاتیەکان فراوانتر ئەکا .

هەفتەی ئاوێکی ورشەگێرانە بۆ سودی جوتیارانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی

رۆژی ٢٥ی مانگی نایاری رابوردو بیروەری یەکەم سالی دەرکردنی یاسای ژمارە (٩٠)ی سەر بە ریکخستنی ملکداری کشتو کالی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بو .. دەرکردنو جێ بەجێ کردنی ئەو یاسایە دیاردەی زۆر لەو دەست کەوتە کەورانە بو کە سەجەمی ولات بەگشتیو ناوچەی ئۆتۆنومی بە تایبەتی بەخۆی دیبو .. ئەوە بەو جەماوەری گەلەکەمان لە ژێر سایەی شۆرشی ١٧ی تەمموزدا یاخی بونە کۆتە بەرستانەکەی زۆری تەفرو توناکرد ، بەوە خواستو ئامانجی یەکێتی نیشتمانیو ئاشتیو دلنیایی هێنایە دی و رێگای بۆ ئەو خۆش کرد لە دەستورێکی کشتو کالی شۆرشگێرانەی وا دابنرێت کە ئەو پەیوەندیە کشتو کالیە کۆنە پەرستانە دواکەوتوەی ناوچەی ئۆتونۆمی نەهێلێت .

سەرکردایەتی یاخی بونە کۆتە پەرستانەکە زۆر کەرەتو بەهەمو شێوەیەك کۆسپی دەنایە سەر رێگای رێکخستنی ملکداریی کشتو کالییەوە ، چونکە دەیزانی بە کردنی کارێکی وا ئیتر ناتوانێت جەماوەری جوتیارانی کورد بچەوسێنێتەوە .. لە بەر ئەوە شتێکی زۆر ئاسایی کە لە گەل لەناوچونی ئەودا یاسای ژمارە (٩٠) لە ناوچەکەدا جێبەجێ بکرێت . وە لە لایەکی ترەوە دەرکردنی ئەو یاسایە رێبازی سۆشیالیستیانەی شۆرشی ١٧ی تەمموز حیزبە سەرکردەکەی دەردەخات ، عەروەك راپۆرتی هەشتەم کۆنگرەی قوتری حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب بە ئاشکرا ئەوەی رون کردۆتەوە ، کە دەبێت مەسەلەی کشتو کالی چارەسەر بکرێت تا ئابوریەکی بەهێز لەوێدا دابمەزرێتو ئەو جیاوازییە فراوانەی لە نیوان شارو لادێکاندا هەیە نەهێنێت ، تا لەو چوار چیوەیەدا کۆمەلگای یەکی هاوچەرخ پەروەردە بکرێت بتوانێت دەوری خۆی لە بنیاتنانی شارستانێتی مرۆڤایەتیدا بەچاکی ببینێت . لەم دوورواڵگەیەوە ..

سالی رابوردو بۆ جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە هەولو تەقەلایەکی لە سنوور بەدەر درابو .. لە جێبەجێ کردنی ئەو یاسایەدا هەزاران خێزانی جوتیاران کەلکیان لێ بینیوە ، بۆیە کە جەماوەری کورد بەتشتیو جوتیاران بەتایبەتی لە کاتگای دلەوە پشت گیری یاساکەیان گرتو لە پێناو جێبەجێ کردنیدا هەمو کۆسپ و تەگەرەیەکیان خۆش کرد .. کە ئەوش شتێکی سەیر نییە چونکە یاساکە بە هەمو بارێك بەرژەوەندی جەماوەری جوتیارانی تیدایەو بۆچاکی ئەوان هاتوتە گۆڕێ .

بۆیە دەرکردنو جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە نیشانەیەکی ڕشنگداری شۆرشەکەمانە ، شۆرشی ١٧ی تەمموزو حیزبە سەرکردەکەی ، حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبە .. بۆ گومان جەماوەری کوردیش بە باوەرێکی قایمەوە هوشیارانە رێگەی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە بەرنادەن .

– باوکی شیرین –

گفتوگۆیەك لەگەل بەڕێز سیروان جاف‌دا :

هەولی بێ وچان بۆگەشەپێدانی گەشت لەناوچەی ئۆتۆنۆمی

ئەمڕۆ زۆر لەوڵاتانی دنیا بایەخێکی گەورەیان بەمەسەلەی گەشت کردن داوە ، لەبەر ئەوەی گەلێك روی چاکی هەیە .

راپۆرتی هەشتەم کۆنگرەی قوتری حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ئەوەی دووپاتە کردۆتەوە کە سەرکردایەتی سیاسی لە روانگەیەکی مەبدەئیەوە دەروانێتە ئەو لایەنە گرنگەی ژیان بەدرێت ئەویش ئەوەی کە [illegible] کردنو پوراندەو پیشکەوتنی بۆ ئامادە بکرێت .

ئالەم پوانەوە شۆرش هەولو تەقەلایەکی زۆرو جانی بۆ پۆژانەوەو گەشەکردنی بزوتنەوەی گەشت ئەرخەسان کردوە ، بە شێوەیەکی ئەوتۆ گەشتو گوزار کەران لە هەمولایەکەوە رو بکەنە ئەم وڵاتە خۆشەویستەمان بەو بۆنەیەوە پارەیەکی زۆر بۆ بنیاتنانو پەرەپیدانی سەیرانگاکان تەرخان کراوە تا ئەو جێگایانە بتوانن بەشێوەیەکی پیشکەوتوانە خزمەتی میوانو ئەوەمان کردوە بە عادەت کە هەمو ساڵێك لەم رۆژەدا یەکێك لە ئەندامانی سەرکردایەتی سیاسی سەرتان لێ بدات ، تا ئەو پەیوەندیە زندوەی نیوان رابوردو ئێستا [illegible] ئەو [illegible] بریاری ١ی حوزەیرانی دەرکراوە .

لەدوایدا بەڕێز صدام حسین بە بەشەکانی کۆمپانیا کەدا گەڕاو بیرۆزبایی بیرەوەریی میللی کردنی لێ دەکردنو ئامۆژگاری دەکردن کە ئەو رۆژە بە رەنەدەن کە بریاری ١ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٢ بۆی دەرکراوە . ئەو سەردانەی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش کە داوێتی لە وەزارەتو کۆمپانیا نزیکەی سەعاتو نیویکی خایاندوە ..

ئا.د.ع

هەفال صدام « پاشماوە » هاتون ، وەمایەی شانازیمان بەو دەستکەوتانەوە دەردەخات ، بەڵام هێشتا رێگامان دورە ، چونکە هیواکانمان ئەوەن ، بۆ ئەوەی ئەمە لە [illegible] ئەوەمان کردوە بە عادەت کە هەمو ساڵێك لەم رۆژەدا یەکێك لە ئەندامانی سەرکردایەتی سیاسی سەرتان لێ بدات ، تا ئەو پەیوەندیە زندوەی نیوان رابوردو ئێستا [illegible] ئەو [illegible] بریاری ١ی حوزەیرانی دەرکراوە .

لەدوایدا بەڕێز صدام حسین بە بەشەکانی کۆمپانیا کەدا گەڕاو بیرۆزبایی بیرەوەریی میللی کردنی لێ دەکردنو ئامۆژگاری دەکردن کە ئەو رۆژە بە رەنەدەن کە بریاری ١ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٢ بۆی دەرکراوە . ئەو سەردانەی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش کە داوێتی لە وەزارەتو کۆمپانیا نزیکەی سەعاتو نیویکی خایاندوە ..

ئا.د.ع

لە بیرەوەری میللی کردنی نەوتدا

سهیله البناء

بیری بیرەوەریی چوارهەم ساڵی رۆژی یەکی حوزەیران بو .. رۆژی میللی کردنی نەوتو کۆمپانیا نەوتە ئیحتیکاریانەی کە زورەبەی زۆری چالاکی کۆنەپەرستانو جمو جۆلو پیلان گێرانی ئەم ناوچەیە لەژێر سەری ئەوابو ..

میللی کردنی نەوت یەکێك بو لە ئامانجە گەورەکانی شۆرشی ١٧–٣٠ تەمموزی ئەنەوەیی سۆشیالیستو لەیەکەم رۆژی بەرپابونیەوە هەولو تەقەلایەکی بێوچانی بۆ هێنانەدی داوە ، هەروەك لە بریارەکانی هەشتەم کۆنگرەی قوتری حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبدا بە شێوەیەکی ئاشکرا ئەوە دەست نیشان کراوە کە پێویستە هەمو ساماناێکی ئەم وڵاتە میللی بکرێتو لەجنگی ئیحتکارە بیگانەکان قوتار بکرێت .

بریاری میللی کردن یەکێك بو لەو بریارە مەزنە مێژوویانەی رێبازی ئابوریی وڵاتی لەژێر بارەوە گۆری .

میللی کردنی نەوت بوە هۆی زیادبونێکی گەورەی داهاتی نەوتو ئەوەش بلەی ژیانی جەماوەریی لەجاران زیاتر بەرزکردەوەو وزەیەکی فراوانتری کرینی پێدان ، لەلایەکی ترەوە هەلی ئەوەی خستەپێش وڵات کە بتوانی نەخشەیەکی پەرەپیدانی گەورەو تاراماناە دابنێت . هەروەها پارەیەکی زۆر بۆ بازەپیدانی [illegible] کال زامن کراو نەخشەی ئەوە کێشرا کە جوتیارانی وڵات لەبازەی ئابوریو رزشبیری و کۆمەلایەتیەو بەرەوپێش بەرن و ئەو پەیوەندیە دەرەبگایەتیانە نەهێلن و هەمو دیاردەیەکی نەزانیو دواکەوتن لە ناو جوتیاراندا لەناوبەرن . لەگەل ئەوکارە گەورانەدا بایەخێکی زۆر ئەوورە بە مەسەلەی دامەزراندن و بنیات نانی پیشەسازی یەکی گەورە لەوڵاتدا دراو بناغەی پیشەسازی پترو کیمیاوی دامەزراو لەمەیدانی پالاوتنی نەوتدا بەردەوام هەولو تەقەلا دەدرێت بۆ زیادکردنی بەرهەمی نەوت تا داهاتی لەجاران زیاتر بێت بۆ ئەو مەبەستەش هێلی ستراتیژی دامەزرا کە نەوتی خوارو ژوری بیادا دەروات . عەروەها دروشمی (نەوتی عەرەب بۆ عەرەب) جێبەجێ کرا کە ئەویش وەك ئاوینەیەکی بێگەرد روی ئەتەوەیی سیاسەتی عیراق دەردەخات بەرەی وڵاتانی عەرەب لەروی دارایی یەوە دەستی یارمەتی بۆ یەکتری راکێشن تا لەو رێگەیەوە جوتیارانی وڵاتی عەرەب دوا کەوتن لە ناو بەرن . لەگەل ئەوکارە گەورانەدا بایەخێکی زۆر ئەوورە بە مەسەلەی دامەزراندن و بنیات نانی پیشەسازی یەکی گەورە لەوڵاتدا دراو بناغەی پیشەسازی پترو شەرانەدا دژی زایونیزمی دوژمن بەکارهێنرا .. سەبارەت بە وڵاتانی دەرەوە میللی کردنی نەوت لەعیراقدا لە هەمو دنیادا دەنگی دایەوەو بەرەی ئازادیو وڵاتانی پیشکەوتنخواز لەیەکەم رۆژەوە پشتی عیراقیان گرتو لەو شەپە سەختەیدا کە لە گەل کۆمپانیا ئیحتکاریکاندا توشی ئەو پشتیان بەرنەدا .

هەمو ئەمانە هێزو تواناو باوەری سیاسی وا لێ کرد ، کە زیاتر سوربێت لەسەر ئەوەی روبەروی هەمو تەنگو چەلەمەو گیروگرفتیکی سیاسیو ئابوری بوەستێت چونکە لەو کێشە سەختو گرانەیدا پشتی بەو جەماوەرە رەشو رونە بەستوە کە بەرژەوەندی تەواوی ئەوانە کە سەرکەوتن ودەست بهێنێت .

هەفتەی ئاوێکی ورشەگێرانە بۆ سودی جوتیارانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی

رۆژی ٢٥ی مانگی نایاری رابوردو بیروەری یەکەم ساڵی دەرکردنی یاسای ژمارە (٩٠)ی سەر بە ریکخستنی ملکداری کشتو کالی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بو .. دەرکردنو جێ بەجێ کردنی ئەو یاسایە دیاردەی زۆر لەو دەست کەوتە کەورانە بو کە سەجەمی ولات بەگشتیو ناوچەی ئۆتۆنومی بە تایبەتی بەخۆی دیبو .. ئەوە بەو جەماوەری گەلەکەمان لە ژێر سایەی شۆرشی ١٧ی تەمموزدا یاخی بونە کۆتە بەرستانەکەی زۆری تەفرو توناکرد ، بەوە خواستو ئامانجی یەکێتیی نیشتمانیو ئاشتیو دلنیایی هێنایە دی و رێگای بۆ ئەو خۆش کرد لە دەستورێکی کشتو کالی شۆرشگێرانەی وا دابنرێت کە ئەو پەیوەندیە کشتو کالیە کۆنە پەرستانە دواکەوتوەی ناوچەی ئۆتونۆمی نەهێلێت .

سەرکردایەتی یاخی بونە کۆتە بەرستانەکە زۆر کەرەتو بەهەمو شێوەیەك کۆسپی دەنایە سەر رێگای رێکخستنی ملکداریی کشتو کالییەوە ، چونکە دەیزانی بە کردنی کارێکی وا ئیتر ناتوانێت جەماوەری جوتیارانی کورد بچەوسێنێتەوە .. لە بەر ئەوە شتێکی زۆر ئاسایی کە لە گەل لەناوچونی ئەودا یاسای ژمارە (٩٠) لە ناوچەکەدا جێبەجێ بکرێت . وە لە لایەکی ترەوە دەرکردنی ئەو یاسایە رێبازی سۆشیالیستیانەی شۆرشی ١٧ی تەمموز حیزبە سەرکردەکەی دەردەخات ، عەروەك راپۆرتی هەشتەم کۆنگرەی قوتری حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب بە ئاشکرا ئەوەی رون کردۆتەوە ، کە دەبێت مەسەلەی کشتو کالی چارەسەر بکرێت تا ئابوریەکی بەهێز لەوێدا دابمەزرێتو ئەو جیاوازییە فراوانەی لە نیوان شارو لادێکاندا هەیە نەهێنێت ، تا لەو چوار چیوەیەدا کۆمەلگای یەکی هاوچەرخ پەروەردە بکرێت بتوانێت دەوری خۆی لە بنیاتنانی شارستانێتی مرۆڤایەتیدا بەچاکی ببینێت . لەم دوورواڵگەیەوە ..

سالی رابوردو بۆ جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە هەولو تەقەلایەکی لە سنوور بەدەر درابو .. لە جێبەجێ کردنی ئەو یاسایەدا هەزاران خێزانی جوتیاران کەلکیان لێ بینیوە ، بۆیە کە جەماوەری کورد بەتشتیو جوتیاران بەتایبەتی لە کاتگای دلەوە پشت گیری یاساکەیان گرتو لە پێناو جێبەجێ کردنیدا هەمو کۆسپ و تەگەرەیەکیان خۆش کرد .. کە ئەوش شتێکی سەیر نییە چونکە یاساکە بە هەمو بارێك بەرژەوەندی جەماوەری جوتیارانی تیدایەو بۆچاکی ئەوان هاتوتە گۆڕێ .

بۆیە دەرکردنو جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە نیشانەیەکی ڕشنگداری شۆرشەکەمانە ، شۆرشی ١٧ی تەمموزو حیزبە سەرکردەکەی ، حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبە .. بۆ گومان جەماوەری کوردیش بە باوەرێکی قایمەوە هوشیارانە رێگەی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە بەرنادەن .

– باوکی شیرین –

Institut Kurde de Paris

دەقی بەیاننامەی دووقۆلی نێوان عیراق و یەکێتی سۆڤیەت

لەسەر بانگ‌راهێشتنی سەرکردایەتی حیزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب‌و حکومەتی کۆماری عیراق هەڤال ئەلیکسی ٠ ن ٠ کۆسیجین ئەندامی مەکتەبی سیاسی کومیتەی ناوەندی پارتی کومونیستی یەکیەتی سوڤیەت‌و سەرەك وەزیرانی یەکیەتی سۆڤیەت لە ٢٩ی ئەیارەوە تایەکی حوزەیرانی ١٩٧٦ بە سەردانێکی رەسمی‌و دۆستانە هاتە کۆماری عیراق ٠

هاوڕێ کۆسیجین‌و وەفدە هاوڕێیەکەی لە عیراق پێشوازیەکی گەرم‌و دۆستانەیان لێکرا ، ئەمەش نیشانەی دۆستایەتی‌و خۆشەویستی قولی گەلی عیراق بو بەرامبەر بەگەلانی یەکیەتی سۆڤیەت‌و بەرێوەبەرایەتی ئەو وڵاتە ٠

هاوڕێ احمد حسن البکر ئەمینداری سەرکردایەتی هەرێمایەتی پارتی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب وسەرۆکی کۆماری عیراق چاوی بە هەڤال ئەلیکسی کۆسیجین کەوت‌و وتووێژێکی دۆستانەی لەگەڵ کرد ٠

هەروەها هاوڕێ صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەمینداری سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی سوسیالیستی عەرەب وجێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عیراق لەگەڵ هاوڕێ ئەلیکسی کۆسیجین دا وتووێژی کرد ٠

لەم وتووێژانەدا لە لایەن عیراقەوە ئەم راتانە بەشدار بوێ :

هاوڕێ علی غنام ئەندامی سەرکردایەتی ئەتەوەیی حیزبی بەعسی سوسیالیستی عەرەب دکتور عزة مصطفی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش‌و وەزیری دەرەوە بە وەکالەت ٠

بەرێز عدنان حمدانی وەزیری نەخشەکێشان ٠

بەرێز حکمت عزاوی وەزیری بازرگانی دەرەوە ٠

فەریقی یەکەمی روکن عبد الجبار شنشل سەرۆکی ئەرکانی گشتی هێزە چەکدارەکان ٠

بەرێز محمد صبری حدیثی جێگری وەزارەتی دەرەوە ٠

بەرێز ابراهیم ولی بالیۆزو بەرێوەبەری گشتی دایرەی سیاسی لە دیوانی وەزارەتی دەرەوە ٠

لە لایەن سۆڤیەتیشەوە ئەم زاتانە بەشداربون ٠

بەرێز ئیس ٠ نی ٠ سکلەتشکۆف سەرۆکی لیژنەی دەولەت بۆ پێوەندیە نابوریەکانی دەرەوە لە ئەنجومەنی وەزیرانی یەکیەتی سۆڤیەت‌دا ٠

بەرێز فی ٠ فی ٠ کۆزنتسۆف جێگری یەکەمی وەزیری یەکیەتی سۆڤیەت ٠

بەرێز جی ٠ یی ٠ سکۆریکۆف سەرۆکی ئیدارەی گشتی [illegible] هێزە چەکدارەکان ٠

[illegible] بەرکز [illegible] بالیۆزی یەکیەتی سۆڤیەت لە عیراق ٠

خۆشحالی لەو ریبازە سیاسیە کە پەیمانی دۆستایەتی‌و هاوکاری دایناوە

لە وچاوپێکەوتن‌و وتووێژانەدا کە پڕبوں لە راشکاوی‌و خۆشەویستی‌و تێگەیشتن هەردولا بەدرێژی باسی وەزعی ئیستاو پەرەسەندنی داهاتوی هاوکاری عیراق‌و سۆڤیەتیان کرد ولەباری دامەزراندنی حیزبی ودەولەت دا بیروڕای بەکەلکیان گۆریەوە ٠ هەردولا سەلماندیان کە پێویستە پێوەندی دۆستایەتی عیراق یەکیەتی سۆڤیەت بەهەمو ڕێگایەك‌و بەقازانجی هەردو گەل‌و هەردو وڵات پەرەی پێ بدرێ‌و بەو بگرێ ٠

هەردولا بەخۆشحالیەوە سەیری ئەوەیان کرد کە ئەو ڕێبازە سیاسیەی کە پەیمانی دۆستایەتی‌و هاوکاری نێوان دو وڵات لە ساڵی ١٩٧٢دا دیاری کردو بەردەوام بو بە سەرکەوتنەوە جێبەجێ دەکرێ چونکە ئەو پەیمانە بناخەیەکی پتەوە بۆ دۆستایەتی‌و هاوکاری عیراق‌و سۆڤیەت کە لە سەر بناخەی بەرامبەری دامەزراوەو هەروەها هۆیەکی گرنگە بۆ خەبات دژی ئیمپریالیزم‌و ئیستیعماری نوێ‌و زایۆنیزم‌و بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی‌و دابین کردنی ئاشتی‌یەکی تەواو ٠ لە ئەنجامی هەوڵ‌و تەقەلای هەردولادا پێوەندی عیراق‌و یەکیەتی سۆڤیەت بەردەوام بەهێزترو قوڵتر دەبێ ٠

هەردولا باسی ئەوەیان کرد کە چاوپێکەوتنەکانی نێوان حیزبی بەعسی سوسیالیستی عەرەب‌و پارتی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەت کە لەم ساڵانەی دوایی‌دا پتەوتر بون ، دەورێکی گەورە لە پەرەپێدانی پێوەندیەکانی عیراق‌و سۆڤیەت لە هەو مەیدانیك‌دا یاری دەکەن ٠ بایەخی خۆیان بۆ قوڵکردن‌و بەرەپێدانی هاوکاری نێوان دو حزب‌و لەهەمو پلەی‌یەك‌دا دەبڕی ٠

هەردولا خۆشحالی خۆیان لەو بەرهەمانە دەبڕی کە هاوکاری نێوان هەردو وڵاتی ٠

دۆست لە هەمو مەیدانەکانی نابوری‌و بازرگانی‌و ڕۆشنبیری‌و زانستی‌و فەننی‌دا بەدەستی هێناون‌و رایان گەیاند کە بەردەوام بۆ بەرەپێدانی ئەو هاوکاریە تێدەکۆشن ٠

لەو سەردانەدا پەیمانیك بۆ پەرەپێدانی هاوکاری ئابوری‌و فەننی لەنێوان کۆماری عیراق‌و یەکیەتی سۆڤیەت‌دا ئیمزاکرا ٠

کۆڕبەندەی بیروڕا لەسەر وەزعی ئێستای نێو دەولەتان

هەردولا بەدرێژی لە بارەی مەسەلە سەرەکیەکانی وەزعی ئیستای نێو دەولەتانەوە بیروڕایان گۆڕیەوە‌و خۆشحال بون بە هاوکاری لەخەبات دژی ئیمپریالیزم‌و ئیستیعماری نوێ‌و ڕەگەزایەتی‌و لە هەوڵدان بۆ وەدی هێنانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی‌و ئاشتی‌یەکی بەردەوام دا کە لەسەر بناخەی دادپەروەری لە جیهان‌دا دابمەزرێ ٠

هەردولا مەسەلەی چەك داماڵین وەك یەکێك لە مەسەلە بنەڕەتی‌یەکانی ڕۆژگاری تازەو پێوەندی نێو دەولەتان‌دا سەیر دەکەن‌و داوا دەکەن کە هەنگاوی کاریگەر باوێژرێ بۆ وەستاندنی مل بەملەی خۆ چەکدارکردن‌و چەك داماڵینێکی ئشتی‌و هەمولایەنی وبەتایبەتی چەکی ئەتۆمی ٠ پێك هاتنی کۆنفرانسی جیهانی چەك داماڵین بەزورترین کات‌و بەبەشداری هەمو دەولەتان دەتوانێ ئەو مەبەستە وەدی بێنێ ٠ هەردولا باسی ئەو بریارانەیان کە لەکۆبونەوەی گشتی ئەتەوە یەکگرتوەکان‌دا بەدەست پێشخەری یەکیەتی سۆڤیەت وەرگیراون‌و لەو باوەڕەدان کەجێبەجێ کردنی‌ئەو بریارانە ئێستا کەوتۆتە سەرشانی کۆمەڵی دەولەتان ٠

تاوانبارکردنی سیاسەتی دوژمنکاری‌و داگیرکەری قەوارەی زایۆنی

لەباسی وەزعی ناوچەی عەرەبی‌دا هەردولا لەسەر ئەو رایە بون کە وەزعەکە هێشتا مەترسیدارەو لەوانەیە بتەقێتەوە ٠ ئەمەش بەرهەمی سیاسەتی دوژمنکاری‌و مەزنی‌ـ زانی‌و داگیرکەری قەوارەی زایۆنی‌و هێزە پشتیوانەکانیەتی ٠٠ ئەم هێزانە زۆر هەول دەدەن کە دەولەتە عەرەبیەکان لێك پەرش‌و بلاو بکەن‌و بەگژ یەکتریان‌دا بکەن ٠ هەردولا باوەڕیان بەوە هەیە کە بێ رزگارکردنی هەمو خاکە عەرەبیە داگیرکراوەکان‌و لابردنی هەمو شوێنەواوێکی دەستدرێژی‌و دانەوەی هەمو مافە رەواکانی گەلی فەلەستین بە مافی دانانی چارەنوسیشەوە، گەیشتن بە ئاشتی‌یەکی دادپەروەرانە لەو ناوچەیەدا سەرناگرێ ٠٠ لەو بارەوە هەردولا پشتیوانی پتەوی خۆیان لە بزوتنەوەی بەرگری فەلەستین لە خەبات بۆ وەدی هێنانی ئەم ئامانجانە دا دەردەبڕن ٠

هەردولا لەو باوەڕەدان کە یەك‌گرتنی دەولەتە عەرەبیەکان لەسەر بناخەی دوژمنایەتی ئیمپریالیزم‌و پتەوکردنی هاوکاری لەگەڵ دۆستەکانیان‌و لەپێش هەمویانەوە یەکیەتی سوڤیەت‌و وڵاتە سوسیالیستیەکانی تر ، شەرێکی گرنگە لەخەبات دژی ئیمپریالیزم ودەستدرێژی زایۆنیزم‌دا ٠ هەردولا نیازی خۆیان دەردەبڕن کە بەردەوام دۆستایەتی کۆنی نێوان یەکیەتی سۆڤیەت ووڵاتانی سوسیالیستی‌و بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی عەرەب بەهێز بکەن ودژی هەر هەوڵی‌و تەقەلایەك بوەستن کە زیان بە ودۆستایەتیەکە بگەیەنێ ٠

نیگەرانیەکی قوڵ لە وەزعی پر مەترسی لوبنان

هەروەها هەردولا نیگەرانی قوڵی خۆیان لە وەزعی پر مەترسی لوبنان‌و هەوڵ‌و تەقەلای ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزم بەرستی بۆ دەست تێوەردانی کاروباری ناوخۆی لوبنان دەدەبڕی ، کە دەیانەوێ یەکیەتی ڕیزی هێزە پێشکەوتوەکان‌و تێك بدەن‌و زەبر لە بزوتنەوەی بەرگری فەلەستین بدەن ٠ ئیراق‌و یەکیەتی سۆڤیەت هەوڵ دەدەن کە بە زوترین کات خوێنڕێژی لە لوبنان کۆتایی پێ بێ ، بۆ ئەوەی یەکیەتی‌و سەربەخۆیی لوبنان بپارێزرێ‌و هێزەکانی بەرەو ڕوی دوژمنکاری یەکبارچەترو بەهێزتر لە تەنگ‌و چەلەمەی لوبنان بێنەدەر ٠ هەردولا لەسەر ئەوە سورن کە چارەسەری ڕاست‌و لەباری تەنگ‌و چەلەمەی لوبنان دەبێ هەر بەهۆی خەلکی لوبنانەوە بکرێ ٠

خۆشحالی لەو سەرکەوتنە سیاسیانە کە بزوتنەوەی بەرگری فەلەستین وەدەستی هێناون ٠

هەردولا بەخۆشحالیەوە سەیری ئەو سەرکەوتنە سیاسیانەیان کرد کە لەم دواییانە بزوتنەوەی بەرگری فەلەستین وەدەستی هێناوز وەك دان پێدانانێکی بەربڵاوی ناو دەولەتان بەخەباتی ڕەوای گەلی فەلەستین‌و ئەو دەورە کە دەولەتە ئاشتیخوازەکان‌و دۆستەکانی عەرەب‌و لەپێش هەموانەوە وڵاتانی سوسیالیستی گیراویانە ٠ هەروەها سورن لەسەر پشتگیری بزوتنەوەی بەرگری فەلەستین وەك بەشێك لە بزوتنەوەی نیشتمانی عەرەب‌و جیهان ٠

عیراق وپەکیەتی سوڤیەت خوشحالن بەو سەرکەوتنە مێژوییانە کە گەلانی خەباتکەری ڤیتنام‌و لائوس‌و کەمبۆدیا لە خەباتی خۆیان‌دا بۆ رزگاری وسەربەخۆیی وەدەستیان هێناون ٠ ئەم سەرکەوتنانە ڕێگای بەهێزکردنی سەربەخۆیی نیشتمانی ودیموکراتی‌و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی‌یان بۆ گەلانی ئەو ناوچەیە کردۆتەوە ٠

هەردولا بەخۆشیە چاو لەو سەرکەوتنە بەرچاوانە دەکەن کە گەلی ئەنگولاو هێزە نیشتمانی‌و پێشکەوتوەکانی بەسەرۆکایەتی بزوتنەوەی گەلی بۆ رزگاری ئەنگولا لە خەباتی ڕەواو قارەمانانە دژی دەستتێوەردانی چەکدارانەی ئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستی نارخۆ ، وەدەستیان هێناون ٠ هەرلەوکاتەدا هەردولا دۆستایەتی‌و خۆشەویستی خۆیان بۆ گەلانی موزەمبیق‌و گینیا ـ بیساو ودورگەکانی ڕأس الاخضر دەردەبڕن کە پاش خەباتێکی دوورودرێژ توانیویانە رزگاری‌و سەربەخۆیی وەدەست بێنن ٠٠ هەردولا بشتی لەو خەباتە ڕەواو پەرەگرتوە دەبن کە گەلانی نامیبیاو زیمبابۆی‌و خواروی ئەفریقا بۆ رزگاری لەدەستەلاتی ئیستعمارو جیاوازی ڕەگەزایەتی دەستیان داوەتێ ٠

پێویستە پاشماوەی سیستەمەی ئیستیعماری لەناوبڕێ

هەردولا لەکاتیك‌دا زۆر بەپێویستی دەزانن کە پاشماوەی سیستەمەی ئیستیعماری لەناو ببرێ ، بنەڕەتی سەر بە خزی نابوری وڵات‌و زیادکردنی خۆشی بۆ گەلی عیراق‌و بە خۆشیەوە دەست بۆ ئەوە ئەکێشین کە کونکرەی هەشتی‌سەرکردایەتی قطری حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب کە بەرنامەیەکی تێکەڵ‌و فراوانی نابوری‌و کۆمەڵایەتی دانا وەسەرتنی ڕێزەوی پتەوکردنی پەیوەندیەکانی عیراق‌و سوڤیەتی دیاری کردوە و ئەمەش باوەری ئەکۆراوی سیاسەت‌و ئایدۆلوجیەتی ئێمە شەو لەم باوەڕەوە پشت‌گیری تەواوی خەباتی گەلی عەرەب لە خەباتی بۆ سرینەوەی شوین پێی دەستدرێژی ئیسرائیل ٠

هەڤال ئەلیکسی کوسیگین وتی : ئەخشەی درندانەی هێزەکانی ئیمپریالی بە ئاشکرا لە رووداوەکانی لوبنان‌دا دەر ئەکەوێ ، ئیمپریالیزم لە پشت پیلانەکەیەوە مەبەستی ئەوەیە عەرەب لەخەباتی دژی دەستدرێژی ئیسرائیل دور بخاتەوەو دریژەی هەڤال ٠٠ (پاشماوە)

کانی ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزم‌و کۆنەپەرستان ٠

ئەو سەرکەوتنانەی کە عیراق لە بنیات نانی ژیانی نوێ‌دا بەدی هێناون‌و دامەزراندنی بەیوەندی‌یەکانی دۆستایەتی‌و هاوکاری لەگەڵ یەکیتی سوڤیەت‌و وڵاتە سۆشیالستەکانی تردا ئەرکیکی دوەلی گەورەی زامن کرد ، بەیوەندیەکانی سوڤیەت‌و عیراق نمونەیەکی دیاری دۆستایەتی نێوان وڵاتانی سۆشیالستی‌و هیزە رزگاریخوازە نیشتمانیەکانە ٠

وە ئێمە لەگەڵتانایە کە پتەوکردنی ئەم دۆستایەتیە ئەرکیکی ستراتیژی گرنگی شۆڕشی‌ئەتەوەی دیموکراتی‌یە ٠

وەك ئەزانن هاوکاری نێوانمان بە مەبەستی بە کارخستنی گرنگترین سامانی عیراقە کە نەوت‌و بەرهەمی زەوی‌یەو ئاوی‌و بە هیزکردنی بیشەسازی نیشتمانی لە سەر بنەڕەتی سەر بە خزی نابوری وڵات‌و زیادکردنی خۆشی بۆ گەلی عیراق‌و بە خۆشیەوە دەست بۆ ئەوە ئەکێشین کە کونکرەی هەشتی‌سەرکردایەتی قطری حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب کە بەرنامەیەکی تێکەڵ‌و فراوانی نابوری‌و کۆمەڵایەتی دانا وەسەرتنی ڕێزەوی پتەوکردنی پەیوەندیەکانی عیراق‌و سوڤیەتی دیاری کردوە و ئەمەش باوەری ئەکۆراوی سیاسەت‌و ئایدۆلوجیەتی ئێمە شەو لەم باوەڕەوە پشت‌گیری تەواوی خەباتی گەلی عەرەب لە خەباتی بۆ سرینەوەی شوین پێی دەستدرێژی ئیسرائیل ٠

هەڤال ئەلیکسی کوسیگین وتی : ئەم بی‌گەیشتنە لە لایەن ئەوەی داوین سلاوی گەرمی کومیتەی ناوندی حزبی کۆمنستی سوڤیەت‌و سکرتیری گشتی لیونید ئالیتش بریجنیڤ‌و حکومەتی‌سوڤیەت‌و گەلی سوڤیەت تێکڕا بکەیەنین بە گەلی عیراقی دۆستت‌و هیوام بۆ گەلی کۆماری عیراق سەرکەوتنی زیاترە لە بنیات نانی ژیانیکی نوێ‌دا ٠

ئەو سەرکەوتنانەی کە عیراق لە بنیات نانی ژیانی نوێ‌دا بەدی هێناون‌و دامەزراندنی بەیوەندی‌یەکانی دۆستایەتی‌و هاوکاری لەگەڵ یەکیتی سوڤیەت‌و وڵاتە سۆشیالستەکانی تردا ئەرکیکی دوەلی گەورەی زامن کرد ، بەیوەندیەکانی سوڤیەت‌و عیراق نمونەیەکی دیاری دۆستایەتی نێوان وڵاتانی سۆشیالستی‌و هیزە رزگاریخوازە نیشتمانیەکانە ٠

هەروەها وتی : تێکۆشانی گەلی عیراق‌و خەباتی لەپێناوی خێری وڵات‌و باشە ڕۆژیدا بۆ ئەوە هوی یەکگرتنی هیزەدیموکراتیەکان‌و بەرەی نیشتمانی‌و ئەتەوەیی پێشکەوتو خواز ئە دایك بوو ٠ وە حزبی بەعسی سوشیالستی عەرەب‌و حزبی کۆمونستی عیراق‌و هیزە نیشتمانیەکانی تر لە بەرەی پێشکەوتوخوازدا هەولێکی دلسۆزانە ئەدەن لەپێناوی‌بەدی هێنانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی‌و ڕۆشنبیری‌و گورانی وڵات لە روی ئەبوری‌و ڕۆشنبیری‌یەوە وە تێکوشانی دژی دەسیسە کانی ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزم‌و کۆنەپەرستان ٠

هەڤال کوسیگین (پاشماوە)

ئەمەش لەو دوانەدا بوە کە ئیوارەی دوو شەممەی رابوردو هەڤال کوسیگین دا بوی بە تەلەفزیونی بەغدا ٠

هەڤال کۆسیگین لە دوانەکەیدا مدحی ئەو گورانە کۆمەڵایەتی‌و ئابوریانەی کردوەکە لە عیراقدا بەدی هاتون وەك میللی کردنی تەواوی نەوت‌و دامەزراندنی پیشەسازی نیشتمانی نەوت‌و فراوان کردنی کەرتی ئشتی و دەرچونی باسای چارە سەرکردنی گشتوکاڵ‌و بەوەی باس کردون کە گۆڕانی میژووین‌و نیشانەی بنیات نانی عیراقێکی نوێیە ٠

هەروەها دەستی بۆ ئەو گفتوگویانە کیشاوە کە لەئەل کار بەدەستانی وڵاتدا کردویەتی‌و وتویە : لە کۆرێکی لە یەك گەیشتن‌و هەڤالانەدا بوە کە لە نێوان دۆستەکانمان هەڤال سەرۆك احمد حسن البکرو هەڤال صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش‌و لێپرسراوەکانی تردا دروست بوە ، وە سەلماندنی مەبەست‌و ئەنجامی گفتوگوکان پتەو کردنی دۆستایەتی سوڤیەت‌و عیراقە ٠

هەروەها وتی : تێکۆشانی گەلی عیراق‌و خەباتی لەپێناوی خێری وڵات‌و باشە ڕۆژیدا بۆ ئەوە هوی یەکگرتنی هیزەدیموکراتیەکان‌و بەرەی نیشتمانی‌و ئەتەوەیی پێشکەوتو خواز ئە دایك بوو ٠ وە حزبی بەعسی سوشیالستی عەرەب‌و حزبی کۆمونستی عیراق‌و هیزە نیشتمانیەکانی تر لە بەرەی پێشکەوتوخوازدا هەولێکی دلسۆزانە ئەدەن لەپێناوی‌بەدی هێنانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی‌و ڕۆشنبیری‌و گورانی وڵات لە روی ئەبوری‌و ڕۆشنبیری‌یەوە وە تێکوشانی دژی دەسیسە کانی ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزم‌و کۆنەپەرستان ٠

ئەو سەرکەوتنانەی کە عیراق لە بنیات نانی ژیانی نوێ‌دا بەدی هێناون‌و دامەزراندنی بەیوەندی‌یەکانی دۆستایەتی‌و هاوکاری لەگەڵ یەکیتی سوڤیەت‌و وڵاتە سۆشیالستەکانی تردا ئەرکیکی دوەلی گەورەی زامن کرد ، بەیوەندیەکانی سوڤیەت‌و عیراق نمونەیەکی دیاری دۆستایەتی نێوان وڵاتانی سۆشیالستی‌و هیزە رزگاریخوازە نیشتمانیەکانە ٠

وە ئێمە لەگەڵتانایە کە پتەوکردنی ئەم دۆستایەتیە ئەرکیکی ستراتیژی گرنگی شۆڕشی‌ئەتەوەی دیموکراتی‌یە ٠

وەك ئەزانن هاوکاری نێوانمان بە مەبەستی بە کارخستنی گرنگترین سامانی عیراقە کە نەوت‌و بەرهەمی زەوی‌یەو ئاوی‌و بە هیزکردنی بیشەسازی نیشتمانی لە سەر بنەڕەتی سەر بە خزی نابوری وڵات‌و زیادکردنی خۆشی بۆ گەلی عیراق‌و بە خۆشیەوە دەست بۆ ئەوە ئەکێشین کە کونکرەی هەشتی‌سەرکردایەتی قطری حزبی بەعسی سۆشیالستی عەرەب کە بەرنامەیەکی تێکەڵ‌و فراوانی نابوری‌و کۆمەڵایەتی دانا وەسەرتنی ڕێزەوی پتەوکردنی پەیوەندیەکانی عیراق‌و سوڤیەتی دیاری کردوە و ئەمەش باوەری ئەکۆراوی سیاسەت‌و ئایدۆلوجیەتی ئێمە شەو لەم باوەڕەوە پشت‌گیری تەواوی خەباتی گەلی عەرەب لە خەباتی بۆ سرینەوەی شوین پێی دەستدرێژی ئیسرائیل ٠

هەڤال کوسیگین لە دوایدا وتی : ئەم بی‌گەیشتنە لە لایەن ئەوەی داوین سلاوی گەرمی کومیتەی ناوندی حزبی کۆمنستی سوڤیەت‌و سکرتیری گشتی لیونید ئالیتش بریجنیڤ‌و حکومەتی‌سوڤیەت‌و گەلی سوڤیەت تێکڕا بکەیەنین بە گەلی عیراقی دۆستت‌و هیوام بۆ گەلی کۆماری عیراق سەرکەوتنی زیاترە لە بنیات نانی ژیانیکی نوێ‌دا ٠

وتارەکەی هێناوەو ئەلی : ئەم ئەنجامانە سەلماندیان کە بۆ چونی حزب‌و هێزە شۆڕشگێڕەکان بەرامبەر لیك دانەوەی سروشتی ئەو ڕیژیمە لە سوریا ڕاست بوەو هەبوو بەردەیەکی لەرووی هەلمالی کە لەوەبیش بۆ شاردنەوەی پیلان‌و نەخشە گومان لێکراوەکانی یەکاری ئەهێنان‌و ئەوەشی یارمەتی دەرخستن‌و سەلماندنی ئەم راستی‌یەی‌دا هەلویستی توندی هیزە نیشتمان پەروەرەکان‌و بزوتنەوەی بەرگری فەلەستین ئەم ڕۆژگارە نوێیەدا بکرن بەرامبەر بەو پیلانەی دژی یەکیتی خاك‌و گەلی لوبنان‌و بزوتنەوەی بەرگری فەلەستین ئەکرێ ٠

دوکتور رافعی لە دواییدا وتویە : ڕیژیمە خۆ بە دەستەوە دەرەکان ئەنیا بە خیانەت کردن وازناهێنن بەلکو هەولی ئەوەش ئەدەن هەمو ئەوانە بکرن کە نایەوێ خیانەت بکات بەعسی سۆشیالستی عەرەب لە لوبنان شەوی دووشەممەی رابوردو رای‌گەیاند کە ئەو لایەنانەی هەولی ئالۆزانی باری عەسکەری ئەدەن خەریکی دابەش کردنی ئیشو کاری نێوانیانن‌و دوا ئامانجیان ئەوەیە بیانوی زیاتر بدۆزنەوە بۆ هاتنی هیزی زیاتری ڕیژیمی سوریا لە لوبنان ٠

هەر وەها وتی : لە هەر هێزە نیشتمان پەروەرەکانە بەرگەی ئەرکی سەرشانی خۆیان لەم ڕۆژگارە نوێیەدا بکرن بەرامبەر بەو پیلانەی دژی یەکیتی خاك‌و گەلی لوبنان‌و بزوتنەوەی بەرگری فەلەستین ئەکرێ ٠

دوکتور رافعی لە دواییدا وتویە : ڕیژیمە خۆ بە دەستەوە دەرەکان ئەنیا بە خیانەت کردن وازناهێنن بەلکو هەولی ئەوەش ئەدەن هەمو ئەوانە بکرن کە نایەوێ خیانەت بکات

لەبەرێکەیە

گازینۆی ناپلیون

لە گازینۆیەکی شاری براغ دانیشتبوم پێان دەووت گازینۆی ناپلیۆن ٠ کۆمەڵە مێزی پاکو تەمیز کە ئامادە کرابو بۆ دانیشتوانی گازینۆکە زۆر کەسی وەکو منی لەسەر بو رووم کردە هاورێ ئەم پێم ووت بەراستی جێگە یەکی خۆشە جۆرە بیرەیەکی تیادە فرۆشرێت رەنگەکەی رەشە نازانم بۆچی بیرەی ئەم گازینۆیە جیاوازی هەیە ومەبەست لەم رەنگە چی‌یە ؟

هاورێ کەم لەشاری براغدا نزیکەی ١٣ ساڵی بردۆتە سەر بە پێ‌کەنینەوە ووتی برا ، ئەم گازینۆیە شۆینیکی مێژویی کاتی خۆی کە ناپلیۆن هاتوتە ئەم وڵاتە خۆیو ناوە لە کانی هاتونەتە ئەم گازینۆیەوە لیرە بیرەیان خواردۆتەوە وەبویە ئەم هەمو مرۆڤەی لێرەیە هەمو سەر گەرمی خواردنەوەی بیرەن زوربەی دانیشتوانی ئەم شوێنە ئەو کەسانەن کە بۆ هاوینە هەوار یا دیدەنی شاری براغ هاتون ٠ وە ئەم گازینۆیە شەوی یەك دو هەزار کەس هاتوچۆی ئەکات وە ئەو کەسانەی دێن بۆ بیرە خواردنەوە یادی ئەوشەوە دەکەنەوە کە ناپلیون هاتۆتە ئەم گازینۆیە ٠ وەلێرە زۆربەی ئامشۆ کەری ئەم شوێنە بێگانەن بە تایبەتی فەرەنسی‌و ئەلمانین ٠ هەر لەم کاتەدا بو کو مەلی لاووکیژی جوان خویان کرد بە گازینۆکەدا و بە سروود ووتنەوە هاتنە نزیك میزەکەی ئێمەوەو ئێمەش وەکو دانیشتوانی گازینۆکە چەپڵەمان بۆ لێدان و پەردا‌خەکانمان بەرز کردەوە لە گەڵ پەردا‌خەکانی ئەواناو بیرەی رەش گازینۆی ناپلیونمان خواردەوە لە دوایدا زانیم کە ئەمانە خەلقی فرەنسان وە بەیادی ناپلیونەوە هاتون بو سەردان لە براغ ، بو ئەوەی لە بیرەڕەشەکە بخونەوە ٠ هەموکەسی لە دانیشتوانی گازینۆکە خوی بەیەکیك لە ئاوەلەکانی ناپلیون ئەزانی تەنها ئێمە ئەبێ لە بەر خواردنەوەی بیرە رەشەکە چوبوینە گازینۆکە ٠ لە وکاتەدا بو هونەرمەندێکی ئەلمانی چەند دیمەنێکی رەشو سپی وە هەندێکی رەنگاو رەنگی هینایە سەر میزەکەمان ووتی ئەم وینانەم بۆ فروشتنە خوتان و مەیلی خوتان ئەگەر ویستتان بیکرن بە های هەر وینەیەك نزیکەی (٧٠٠) فلسی عراقی‌یە ٠ دیارە ئەم لاوە هونەر مەندە بە هۆی هونەرەکەیەوە کە شت لە جیهاندا ئەکات وە پارەی وینەکانی ئەدات بە خەرجی گەشتەکەی وئەمەکانی ڕۆژ جوان بو دوانم لێ پەسندکرد ودلیم کری لیم پرسی تۆ دیارە فوتابیت ٠ وەلامی دامەوە ووتی من فوتابی کولیجی هونەرم لە ئەلمانیا ٠ نیازم هەیە لەم هاوینەدا گەشتیك بکەم بۆ ڕۆژهەلاتی ناوەراست ٠ جا ئازانم ئایا دەتوانم بچم بۆ ناووچەی ڕۆژهەلات ٠ وەلامم دایەوە بوچی نا ٠ لێی پرسین دیارە ئێوەش ڕۆژهەلاتین وەلامەکەمان دایەوە وەلێ ئیمە خەلقی عیراقین ٠ عراقیش وەلاتیکی ئاسراوە ٠ وە ئەگەر ڕێگەت کەونە وەلاتی ئیمە زۆرت پێ‌خۆش ئەبێت ٠

ووتی من وەلاتی ئێوەد دەناسم وەلاتی خومینی برایەتی‌یە زۆر هاوڕێی عیراقیم هەیە ئێوەیشم خستە ناویان کە ڕۆیشتنەوە سەلاووم بگەیەنن بە هونەر ندانی عیراق ٠٠

باوکی بختیار

Institut kurde de Paris

لاوان و وەرزشگەی

– عبدالقادر خلیل –

بۆ گومان ئامادە کردنو پەروەردە کردنی لاویکی وەرزش کار شتیکی کرتوبڕی نی‌یەو ئابێ • دەبێت پیش هەمو هەنگاویک ئەو لاوەی دەست نیشان دەکرێت بو یەکیك لە یاری‌یەکان هیندێ هەنگاو هەیە بۆ‌ویستە بنرێت تا کار بەچاکی وەخەملاوی بێت •

پیشەکی داوا دەکەم ئەو کەسانەی کە مەشقی یاریەکانیان پێ سپێراوە هیندی هەنگاو هەیە ببینن بۆ ئەوەی کوشش و رەنجیان بەفیرۆ نەچیت • ئەو هەنگاوانەش ئەمانەن •

١ – هەڵبژاردنی لاویکی رێکو کورج •

٢ – بردنی بۆ بەردەمی پزیشکی کە لەوەرزشدا شناسی هەبێت • بۆ ئاقی کردنەوەی لە بارەی تەندروستی‌یەوە •

لەباش ئەوەی پزیشك راپورت دەدات کە ئەم لاوە بۆ ئەو یاریە پەسندە لە بارەی تەندروستی‌یەوە • ئینجا روەو کوری یاری دەبرێت •

٣ – جلو بەرگی یاری‌و پێ‌ویستی تری ئەو یاریەی کە ئەو لاوەی بو هەل دەبژێرێت دەبیت ئامادە بکرێت وە بی‌ی بدرێت •

٤ – کاتی مەشق کردنی بۆ دیاری بکرێت وە ئەو ماموستایەی کە مەشقی پێ سپێراوە دەبێت یاد نامەیەکی پێ بێت هەموکاتی چاوی پێدا بخشێنێ وە ماوەی پیش‌کەوتنو چالاکی ئەو لاوەی تیدا بنوسێت •

٥ – خوراکی ئەو لاوە دەبیت خوراکی چاك بێت وە هەمە جورە فیتامیناتیکی تیدابیت • بۆ ئەوەی ماسولکەکانی پتەو بکاتو وە لەشی ئامادە بکات بۆ ئەوەی بە چاکی سود وەربگرێت لە مەشقەکەی •

٦ – مەشق کردن هەرگیز لە سەختیەوە دەست پێ ناکات دەبیت مەشق لە سوکی‌یەوە دەست پێ بکات تا بەشێنەیی ئەو لاوە کەرم دەبیت وە ئامادە دەبێت •

٧ – لەکاتیکدا کە تیمێك ئامادە دەکرێت دەبێت هەمان هەنگاو بنرێت بو مەشق کردنو ئامادە کردنیان وە پێ‌ویستە شوێنێکی چاك ئامادە بکرێت وەکو ئوردوگایەك تا ئەو تیمە ئامادە دەبێت •

٨ – ماموستای وەرزش دەبێت زۆر بایەخ بدات بەرێکیو ئاکو ئەمیزی چونکە ئیشانەی ماموستای وەرزش ئەواو پاکیزە • دەبێت هەمیشە ئەو لاوە تیبانەی پێ‌ی سپراوە ئەندامیان رێکو پاکو خاوین بن پاش هەمو مەشقێك کەلو پەلو پێ‌ویستی تیبەکەی بەسەر بکاتەوە وە کەموکوری ئەندامەکانی تەواو بکات • وەدەبیت بایەخ بدات بە هەمو شتیك کە پەیوەندی هەبیت بەو مەشقەی کە بە لاوەکانی دەکات •

٩ – ووشەی رێکو جوان بەکار بهێنێت لەگەل لاوەکانیدا بو ئەوەی هەمیشە وەك براکەورەو بچوك بن لەگەل‌یەکدا وابزانم ئەمەش کارێکی یەکجار گران نی‌یە زور زویش وەدەست دەهێنرێت •

١٠ – ئەوکاتانەی دادەنرێت بۆ مەشق دەبێت بکونجێ لەگەل کاری ئەو لاوانەدا وە نەبێتە هۆی سەر لێ‌شیوان زۆر بە بی‌ویستم‌زانی ئەو ئاموژگاریانەی سەرەوە بخەمەوە یادی برا ماموستاکانو ئەو کەسانەی کە مەشقی تیبی یانە وەرزشیەکانو تیبە هەل بژیراوەکانی رێك، خراوەکانیان پی‌سپێراوە • لە هەفتەی داهاتودا باسی لاوی وەرزشکار دەنوسم هیوادارم بتوانین بەهەموان خزمەتیکی راستی وەرزش بکەین •

ڕواڵەتی کارکردن لە ریزەکانی یەکێتی دا

لە کاتێکا گرنگی کارکردن لە لیژنەکانی یەکێتی ، بەچەند بنچینکەیەکی مەبدەئی و یاسایی دارێژراوە بەسترا‌وەتەوە ، هەروەها داناپێان و کارکردن لە سەر ریبازێکی تەواو ، لە هەقولاوی باروچونێتی کار کردنە لە ریزەکانی یەکێتی دا •

لەو روەوە باسی جۆرێکی تری ئەو نەخۆشیە سامنا نانە ئەکەین کە لە پەرێزی کەسانی ناو لیژنەکانی یەکێتیدا خۆیان حەشاردداوەو ، کارێکی تەواو ئەکەنە سەر دەرون و هەلسەنگاندی ئەو قوتابیەو لیژنەی یەکێتی لە ناو قوتابیاندا •

ئەوەش رواڵەتی « خۆدەرخستن » (حب الظهور لدی البعض) لە لایەن هەندێکەوە ••

هەموو مرۆڤێ ئەیەوێت و بۆی هەیە رێزی بگیرێ ، هەموو قوتابیەك کە ئەچێتە سەر شانۆ بۆ ئەوەی دەورێ ببینێ ، حەز ئەکا لە لایەن خەلکی و جەماوەری بینەرانەوە رێزی لێ بگیری •

بەڵام خۆدەرخستن کە خۆی نەخۆشیەکی غەریزی سایکۆلوژیانیەیە لە کەمی هەست بەبوونی خۆە دێت • کە رێکخستنی شۆڕشگێڕانە زۆر جار ئەم شیوەیە دروست‌ئەکاو، جێگای راستەقینەی خۆی‌ئەداتێ لە بەرێوەبردن کارپێوەکردنی ، لەلایەن هەندێ لە کارگیرانی لیژکانەوە ، کە ئەم نەخۆشیە لە راستیا ئەبێ دوربێ لە هەموو مرۆڤێکی خاوەن باوەرو شۆڕشگێڕ •

چونکە ئەم غەریزەیە زۆرجار وا لە قوتابیەك ئەکا ، کە ئەیەوێتە ئەوبەری ؟ کە ئەو ئەنها ئەندامێکی لیژنەیە کەچی جێگای پرسێنەوەیەکی زۆر نەگرێتە ئەستۆی خۆی ، کە لە سەرو دەسەلاتەکانی خۆیەوەیەتی لە شوێنی پێش کردنیا • کە زۆر جار خۆی لە هەندێ‌مەسەلە هەلئەقورتێنێ کە پەیوەندی بەوەنیە و لە تایبەتێتی ئەویشدا نیە •• یان زۆر جار هەلئەسی لەگەل دەزگا بەرزەکانی دەولەت ئەدوێ راستەوخۆ ، بەبێ ئەوەی لە کارکردنو رێکخستنا ئەو جۆرە کارە بەو سپیرابێت یان پێی‌ووترابێت •

کە ئەم هەلەیە یەکێتی ئەخاتە ناو هەلەیەکی کەورەترەوە بۆ ئەوەی لەگەل ئەو دەزگایانە بدوێ •• ئەمەش لەراستیا پیشەی قوتابی رێکخراونیەو ئەبێ بە هەموو شێوەیەك هەولی ئەوەبدەین لەم جۆرە کارانە خۆمان دور خەینەوە کە خۆشمانو یەکێتیش ئەخاتە هەلەوە •

پۆستەی قوتابیان

● نامەیەکمان لەلایەن خوشێکی دلسۆزە پێکەیشتوە لەکەل نامەکەیدا پارچە پەخشانێکی ناردوە بۆ بلاوکردنەوە ••

– خوشکی بەرێز « چاوەروانی بەرهەمی‌ترتان ئەکەین ••

● بۆ خاوەنی پارچە هۆنراوەی « دەنگی یەکەم » •

– خۆزگە بەخەتێکی جوان هۆنراوەکەت بنوسیایە ، قسەی خۆمان بێت هیچی ئەوتۆی لێ‌ئەکەیشتین چاوەروانی بەرهەمی ترین •

● بۆ قوتابی ئاگرین باپیر •

– بەرێز ئەو پەرتوکانەی تۆ داوات کردوە لای ئێمە دەس‌ناکەوێ داوای لێ‌بوردن ئەکەین •

● خوشکە تانیا محمد حسن •

– بۆ وەلامی پێش نیازەکەت پەیوەندی بکە بە نقی سلیمانیەوە ئیتر سوپاس •

– قوتابیان‌و لاوان –

لەگەل لیپرسراوی لیژنەی روشنبیری و راگەیاندن

لیژنەی روشنبیری‌و راگەیاندنی لقی سلیمانی تاوەکو ئێستاو بەردەوام توانیوێتی دەوری کاریگەرانەی خوی ببینی ، لەهەموو قوتابخانەکاندا ، کەرتی لیژنەی روشنبیری تایبەتی هەیە ، بۆ جێ‌بەجێ کردنی بریارەکانی کە پەیوەندی راستەوخۆیان هەیە بەلقەوە ••

ئەوەی بەزۆری لە ئەستۆی ئەم لیژنانە کۆکراوەتەوە ، جێ‌بەجێ کردنی بریارەکانی لقەو بلاوکردنەوەی پەخش‌نامەو سەرپەرشتی کردنی جموجۆڵە هونەرەیەکانی‌و لەزۆربەی ئەو پەخشانامانەی تا ئێستا بلاومان کردۆتەوە دەوری‌شۆڕشگێڕانەی ١٧ تموزی بیرۆزیان تیا باس کراوە ، جگە لە دەسکەوتەکانی یەکێتی بۆ قوتابیان لەدوای

لیپرسراوی لیژنە

سالی ١٩٧٤وە ، ئەم راستیەش قوتابیان دەری ئەبڕن ••

رۆژنامەی هاوکاری‌و لایەنەی قوتابیان‌و لاوان ئەم لایەنە ئاشکرانەکا •• هەروەها ئێمە هەمیشە هەولمان داوە بۆ ئەوەی دەنگی خۆمان لەئیستکەو تەلفزیون‌و رۆژنامەکاندا بلاوبکەینەوە بەهۆی دەنگی قوتابیانەوەو بەرنامەی تایبەتیمان•• هەمیشە هەولمان داوە تەنگ‌و چەلەمەی قوتابیان بخینە پێش‌چاو چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە ••

پاشان کاك صباح :

دەربارەی ئەونامانەی لەلایەنەی لاوان‌و قوتابیان وەلامیان ئەدرێتەوە یان نامەکان ئەگاتە لقی سلیمانی ووتی :

زۆر لە قوتابیان راستەوخۆ تەنگ‌و چەلەمەکانیان ئەنێرن بۆ لیژنەی رۆشنبیری‌و راگەیاندن لەبەغدا •• ئەمەش راستیە چونکە ئەو قوتابیەی لەهەر شوێنێکە لەهەر لقی لەلقەکانی یەکێتی ئەگەر بەیوەندی راستەوخۆ بکا بەلقەوە زۆتر کارکەی بۆ ئەنجام ئەدرێ‌و وەلامی ئەدرێتەوە ، ئەوەکو بەنامە بنێیری‌و لەوێوە بکرێتەوە بۆ ئێمە •• لەگەل ئەوەشدا ئەلێرەو نە لەبەغدا درێغی ناکرێ ، لە چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەی دێتە رێگای قوتابیان •• بەلام بەداخەوە تائێستا زۆر قوتابی وەلامیان ئەدرێتەوە کە بەیوەندی بکەن بەلقەکانیانەوە•• کەچی چاومان بینایی ئەو قوتابیە نابینێ ، کە بێت لە گیروگرفتەکەی خۆی بکۆلیتەوە •• لەهەمان کاتدا زۆر قوتابی پەیوەندیان کردوە بەو پەڕی رێزو تواناوە هەولمان داوە ، بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتەی هاتۆتە رێگای •

ئینجا دەربارەی میهرەجانی شیعر خوێندنەوەی قوتابیان لە هەولێر دواو ووتی :

ئەو میهرەجانەی یەکێتی قوتابیان ئامادەی کرد بەبۆنەی لەدایك بوونی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبەوە ، یەکەم میهرەجان بوو بەوشێوە فراوانە قوتابیان تیایدا بەشداریان کرد •• لە سلیمانیەوە حەوت (٧) برای شاعیر، لەوانەسێی‌زانکۆو ٤ی نامادەیی‌و دوان لە نامادەییەکانی کچ بوون •• لەو میهرەجانەدا قوتابیان توانیان دەری بڕن کە توانای نوسینیان هەیە ، هەروەها سلیمانی لە دووهەم‌و چوارهەم بلەدا خەلاتی وەرگرت ، ئەوەی شایەنی باسە زۆر بەی شیعرەکان هەستی خاوێنی شاعیرەکان بو ، بۆ ئەو رۆلە فەلەستینانەی کەخاکیان زەوت‌کراوەو دەربەدەرن •• یەکێ لەشیعرەکانیش پێش‌کەش بەسەرۆکی فەرماندە کك احمد حسن البکر کرا بوو • کە هەستی هاونیشتمانیەکی راستی تیا دەربڕیبو بەرامبەر سەرکردەی گەلەکەی •

لەکۆتایی ئەم گفتوگۆیەدا ، ئاواتە خوازم کەوا بەردەوام کۆری هونەری‌و ئەدەبی بۆ قوتابیان سازبکرێ •• کە بەراستی بەشدار بوونی‌لقەکانی دهۆك‌و هەولێرو سلیمانی لەسەر شانۆیەك‌و بەیەك گەیشتنیان زیاتر سەرنجی منی راکێشا چونکە پێناسەی قوتابیانی کرد لەرووی ئەدەب‌و یەکێتی‌دا •

جێگای رێزە مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیان ، خەلاتی تایبەتی پێش‌کەش کرد بەو قوتابیە شاعیرانەی بەشداریان کرد ، ئەمەش رویەکی راستی یەکێتی دەرئەخا بۆ هاندانی خاوەن بەرهەم‌و لێ هاتوو •

لێردا بەناوی لقی‌سلیمانی‌و لیژنەی رۆشنبیری‌و راگەیاندنەوە زۆر سوپاسی ئەو خوشك‌و ئەرا شاعیرانە ئەکەین کە بەشداریان لەبەغدا کردین ، هیوادارین‌سەرکەوتوین لەژیانی رۆژانەیاندا‌و هەمیشە بەشداریمان لەگەل بکەن ••

ئەمەوێت لێرەدا ئەو هەلە لەکیس‌خۆمان نەدەین کەداوا لەهەموو قوتابیە هونەرمەندو خاوەن توانایەك ئەکەین بەیوەندیمان پێوە بکەن •• بۆ ئەوەی گفتوگۆیان لەگەلدا بکەین بۆ هاندانیان‌و ناسینیان لەلایەن جەماوەری قوتابیان‌و گەلەوە لە رۆژنامەو ئەلەفزیون‌و رادیودا •• و پێشکەش کردنی بەرهەمەکانیان‌چونکە ئامانجمان خزمەتی قوتابیانە •

رەخنە گرەکان‌کەوتنە (پاشماوە)

ئەیدەزانی هەر هەن تا پاش‌مردنی لە شەستەکان‌دا هەندێکیان لێ بلاوکرایەوە ••

رەخنەگرەکان رۆژ لایەنی‌وێکچوون لە نێوان شیعری برێخت‌و شیعری (ماوتسی تۆنگ) بەدی دەکەن ، هەردووکیان سەرباری ئیش‌زۆری‌و باری ناخۆشی ژیان بۆ ماوەی چل سالی بە رێژنە شیعریان هۆنیوەتەوە ، جگە لەوەی کە هۆنراوەکانیان رازاندنەوەی تێدا نی‌یەو لە هەموو کۆت‌و بەندێکی شیعری ئازادن و ئەو جەوراییەتیەیان تیدا نی‌یە کە (عزرا پاوند) بەوورێنەو قسەی پەتال ناوی دەبا ، ئەمەش سەبارەت بەوەیەکە برێخت‌و ماوتسی تونگ شتاقیان ئەو ماوەین نەبووخۆیان بە رازاندنەوەی شیعرەکانیانەوە خەریك بکەی ، بۆیەدەبینی شیعرەکانیان رووت‌و راستەژن ••

برێخت بۆیەش درەنگ وەك شاعیرێکی گەورە ناسرا چونکە مەیلێکی چەپڕەوی هەبوو و لەسەردەمی هیتلەردا ئەلمانیای بەجێ هێشت، ئیدی نازی‌یەکان‌بەلپیان بە بەرهەمەکانی گرت‌و یەکەم دیوانە شیعری پاش‌شەش حەوت سال وا بزربوو دەتگوت هەر نەبووەو نی‌یە •• کەچی کتێبی دووەم‌و سێ‌یەمی لە کاتی دوورخرانەوەدا زمارەیەکی کەمیان لێ بلاوکرایەوەو بەس ، تا پاش سالی ١٩٤٥ نەدەبوو بەرهەمەکانی برێخت توخنی ئەلمانیا بکەون ، چونکە پەڕوبالیان دەسووتاو سەریان نێ‌دەچوو •

پاش ئەوەی کە ئاتری شەڕدامردەوەو برێخت گەڕایەوە نیشتمانی دێرینی خۆی وشانۆی بە ناوبانگی « بەرلینەر ئینسامبل »ی لە بەرلینی‌دیموکراسی دامەزراندو هەموو کاتی بۆ شانۆکەری تەرخان‌کردئیتر نەیەرژایە سەر کۆکردنەوەو بلاوکردنەوەی هۆنراوەکانی •

شیعر دەرمانە (پاشماوە)

پزیشکە چارە سەرکەرەکە ئەو قەسیدانە بە دەنگێکی مەیلەو بەرز دەخوێنتەوە ئەو شیعرانەش مادام بۆ کارێکی وا قورسە بە هەوەنتە هەڵنابژێردرێن ، جارێ دەبێ ئەوەندە گران نەبن نەتوانن تێیان بگەن ئەو حەلە ئەگەر پزیشکە کە خۆی بۆی شەرح کردن تامی جارانی نامینێ •

تەوجا کە ئەم قەسیدانە بەجوانی خوێندرایەوە دەبێ تەوەندە ئاگات لێبێ کە بارێکی نەفسی ڕاست بێنیتەدی • دیارە کە لە خوێندنەوەی شیعرەکەش‌دەبیتەوە تۆزێك خەلکە کە قوڕ قەپ دادەنیشن ئەو کاتی تەماشاکەو بپرسە ، ئەو قەسیدانە جۆن بوون ؟! پێت‌خۆشە یان نا !؟ڕات بەرامبەریان چی‌یە ؟! ئەو پرسیارانە وای لێ‌دەکات کە ئەو گرێیانەی لەنەفس داهەن بەهۆی ئەو شیعرە ئاشکرا بێت ، دەشبێ لە رێی تەماشاو چاو چاوانێ‌تی‌ی بگەی •

هەنگاوی یەکەم لەوەوەدەست پێ دەکات کە ئایا ئەم قەسیدەتان خۆش دەوێ یان نا ؟! دوایی کە دەرگای قسان دەکرێتەوە گەلێ شتی تریش‌ڕوون دەبێتەوە خۆ ئەگەر دوو سێ دانیشتنی لە سەریەکی بۆ بکرێت وای لێ دێ حاجەت ناکا هەموو جارێ هەر پرسیاریان‌لێ بکەیت ، خۆی لە خۆی قسە دەست‌پێ دەکات‌دیارە مەبەستیش‌ئەوە نی‌یە وایان لێ بکرێت شیعر یان خۆش بوێ چونکە ئەرکی پزیشکی نەفسی جودایە لەگەل مامۆستایەکی ئەدەب •لە گەرمەی ئەم لێدوان‌و راوێژ کردنەش لە هەندێ لایەنە پزرەکانی ئەو قەسیدانە شارەزاتر دەبن‌و هەندێکی‌تریش زیاتر بە ناویدا قووڵ دەبنەوە ، لێرەش دەبێ ئەوەپزانین کە مادام چارەسەرکەر مەیەستی‌خەم‌و پەژارەی ئەوانەیەدەبێ زیاتر بڕەو بەدانیشتنەکان یدات نەك هەر بەتەواوەتی‌ڕوو بکاتە قەسیدەکە • شێوەی چارەسەر کردنەکەش بە هەرجۆرێك بێ دەبێ وا لە کەسەکە بکرێت کە دڵی بەلای‌قەسیدەکە دا بچێت • با نەوانەش لەلایەك دابنێین شیعرچۆن ئەم دەورە لە چارەسەر کردنی نەفسی دەبینێ !؟ ئەم پرسیارە ڕەنگە بەلای هەندێ وەك مەتەلێك وابێ ، خەون‌لە ژیانی مرۆڤ ئەرکی خۆی لە چارەسەرکردنێکی نەفسی‌دەبینێ بەڵام ئەی شیعر چ دەورێك دەگێڕێ ؟! شیعروخەون لە یەك جێی ناهۆشی دێنەدەر ، هەر دووکیان‌سەرەنجامی ئەو هەستە پڕبووەن کە لە ناهۆشەوە پەیدا دەبن، دیارە لەبەینی شیعرو خەونیش هەر ئەو هێزە « ماکنزماتە زەڕی‌یەیە » کە بۆ هەر دووکیان بەکاردێت • ئەم کوپلە شیعرەی‌خوارەوە لەیەکێ لە دانیشتنەکان بەکار هاتووە ••

لە ناو ئەو هەموو میوەجاتەی‌لێم‌کردنەوە
بۆ ئەوەی برسیە تیمی‌پێ‌دا بخەم
ئەو خۆخەی لێم‌نەکردەوە لەهەموویان
بەنام تر بوو
ناسك ترین ماچیش ئەوەیە
تا ئێستا تامم نەکردووە
کە ئاهەنگی ئەمجارە سازدەکەم
برسیەتی شایستەترین خواردنم دەبێ
تێنوێتیش دڵگیرترین شەراب •

چارەسەرکردنی بەشیعر وای‌لە نەخۆشەکان کردووە کە لاتەرازووی ترازاویان بێننەوەجێی‌خۆی وایان لێ‌دەکات کە دوودڵی‌یە سۆزدارەکەیان ئاسان تر ببێت‌و یاریدەشیان دەدات بەو مەشقەی کە بە لاوەکانی دەکات •

٩ – ووشەی رێکو جوان بەکار بهێنێت لەگەل لاوەکانیدا بو ئەوەی هەمیشە وەك براکەورەو بچوك بن لەگەل‌یەکدا وابزانم ئەمەش کارێکی یەکجار گران نی‌یە زور زویش وەدەست دەهێنرێت •

١٠ – ئەوکاتانەی دادەنرێت بۆ مەشق دەبێت بکونجێ لەگەل کاری ئەو لاوانەدا وە نەبێتە هۆی سەر لێ‌شیوان زۆر بە بی‌ویستم‌زانی ئەو ئاموژگاریانەی سەرەوە بخەمەوە یادی برا ماموستاکانو ئەو کەسانەی کە مەشقی تیبی یانە وەرزشیەکانو تیبە هەل بژیراوەکانی رێك، خراوەکانیان پی‌سپێراوە • لە هەفتەی داهاتودا باسی لاوی وەرزشکار دەنوسم هیوادارم بتوانین بەهەموان خزمەتیکی راستی وەرزش‌بکەین •

زووتر چاپبنەوەو بەقوڵتریش هەست بکەن‌و مەودای سۆزو نەفسی خۆیان دوور تریش ببینن ، شیعر وا وەسف‌کراوە کە بچووکترین ماوەی سۆزە لەبەینی دوو خاڵدا ئەو دووخاڵەش شاعیرو خەلکەکەن لەبەر ئەوەشە دەببینین « د• سمیلی بلانسون » ماوەی چل‌ساڵان شیعری بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشان بەکار دەهێنا بۆیە دەڵێ : شیعر دەتوانی ووردی بە نەخۆش بەرزکاتەوەو بیهێنێتەوە سەر ئەو وەزعەی کە هەست بە بزربوونو تاوانەوە نەکەن یان کە خەویان لێ‌هەڕەدەمێنێ •• یان کچێکیان‌خۆش دەوێ دەوێ‌و کەلەکەیان ناکەوێتە عەردی ، لێرە دەبێ ئاکامان لەوەبێ‌و بزانین نەخۆشەکە وەزعی دەروونی چی‌بەسەر دێت • نەخۆشێکیان دەڵێ •••

وەرە هەندێ شیعرم بۆ بخوێنەوە
شیعرێکی سادەو لە دلیشم بمێنتەوە
تا ئەو دوودڵی‌یەم نەمێنێ‌و
وایکدانەوەی رۆژێم لێ‌دوورکاتەوە
شیعری شاعیرێکی رووح‌سووکم بۆ بخوێنەوە
کە شیعرەکانی لەبن بەرەی‌دڵی
هەلقولابن •

ئەم کتێبە واتا « چارەسەری‌یە شیعر » هەوڵ دەدات شیعر لە چارەسەری نەفسی‌و ئاقڵ‌و لەعیادەکان‌و نەخۆشخانەو قوتابخانەو ••• هتاد بەکاربهێنرێت •••

ئەم کتێبە بۆمان ڕوون‌دەکاتەوە چۆن شیعر لە بواری هەندێ چارەسەری تایبەتیش بەکاردەهێنرێت ئەوانەی ئەم کتێبەیان داناوە زانای‌دەروونی‌و چارەسەرە ئەکلینیکی‌یەکان‌و رەخنەگری ئەدەب‌و فەیلەسووف هەندێ پرۆفیسۆری زانکۆکانن هەر لەم کتێبە دەڵێ : نەخوشەکانی نەخۆشخانەی « ابەنسلفانیا » هەر لە ساڵی (١٨٤٣)وە گۆڤارێك بە ناوی « ڕووناك کەرەوە » لە نەخۆشخانەکەیان بڵاودەکەنەوە ئەم نەخۆشانەخۆیان نووسەرو دەرهێنەرو هەموو ئەرکی بڵاوکردنەوەی لەسەر خۆیانە ، بۆیە زۆر باس‌و بابەتی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و بەرهەمی ئەدەبی‌و •• هتاد تێدایە نەك هەر ئەوەندەش نەخۆشخانەکە وای‌لێ‌هاتووە ببێ بە دەزگایەکی نموونەیی‌و وای لەنەخۆشەکانی کردووە بەرهەمەکانیان وەك بەرهەمی ئەدەبیاتی هاوچەرخ حیسابی بۆ بکرێت •

یەك لەو قەسیدانەی لەو گۆڤارە بڵاوکراوبۆتەوە ئەوەیە کە (دۆڵی مامزان) دەدوێنی••

بۆ ئێوە ئەی گیاندارەجوانکیلەکان
تۆ هەموو شادیەکی پێشانم بە بیر دێنیەوە
ئەوەی هەتا هەتایە لە دەستم‌چوو
تۆ لەم دنیایە بەختیاری

بەو گیایە سەوزو پاراوە
بەو ئاوە ڕووتەی لە کانیاوی بەهار
هەڵدەقولێن
بە تیشکی ئەو خۆرەی دیمەنەکانتان
دەنەخشێنێ
بەلام ئێمە بەندەی ئەم دیوارانەین

گرنگی‌و پڕ سوودی ئەم کۆپلە شیعرە لەوەدایە کە نەخۆشێك ، پێچارەیەك ، لێقەوماوێکەو هەستی ناوەوەی خۆی باس دەکات‌و ژانەکانی دەهەژێنێ •

• سەرچاوە : گۆڤارەی « الدوحة » ی پاریس •

Institut Kurde de Paris

پەروەردە

رەفتاری دایک و باوکەکان و منال

گۆڕینی : نوری سعید قادر

لیکۆلینەوەیەکی هەیدانی جیهانیەو سێ ساڵی خایاندووە ، زیاتر لە سەدهەزار منالی تەمەنی لە ١٤ ساڵ کەمتر • لە ١٢ وولاتی جیهانە وە تیا بەشدار بوون • دانەری باسەکە پروفیسۆر « ر• ف• هیرتز » بوو ، وە لە پەراوەکەی فرجینیا فرنش ئالان ـ خەلکی لە نێوان ڕاستی و خەیال ـ دا بلاوکراوەتەوە •

لیکۆلینەوەیەکی جیهانی کراو سەد هەزار منالی تەمەنی لە ١٤ ساڵ کەمتر ، لە ١٢ وولاتەوە هاوبەشیان تیا کرد• پرسیارەکان لەلایەن زانایانی دەروون و پەر وەردە و مامۆستایانی قوتابخانەکانەوە ئامادە کرابوون • وولاتەکان ، هیند ، ئوسترالیا ، ئەمریکای لاتینی و وولاتانی ئەوروپای ئەنگلترەو ئەمەریکا بوون • باوکی منالەکانیش ، هەمەجۆر کاری جیاوازیان هەبوو • ئیش و کاری پیشەیی •• کرێکارانی کارگە ، خزمەتکووزاری کارەکشتیەکان •• هوونەرمەند ، مامۆستا و پزیشک ، تەنانەت بێ کاریش بوون ••

کارەکە ، ئاسان بوو ، مامۆستا و لێ پرسراوانی باسەکە پرسیارەکانیان بۆ منالەکان و تەمەنەکان شێ ئەکردەوە و داوایان لێ ئەکردن بەوپەڕی سەربەستی و وێرانەوە وەلام بدەنەوە و وەلامەکانیش نهێنی ئەبێ و ئەبارێزرێت •• لەو سەد هەزار وەلامەدا بەناسانی دەرئەکەوێ کە چ جۆرە پیاوێک حەز بە دەسەلات ، تەمەلووک ئەکات • یا کامانە زۆر شەڕانی و دل ڕەقن و هەمیشە حەز بە ئالۆزی و پشێوی ئەکەن ، کامیان زیاتر حەز لە کوڕ یا کچ ئەکات ••• یا کامیان گرێی نادەنە پرووە ردەی منالەکانیان و لەو ئاکارەدا کەم تەرخەمن •••؟

کە دەستم بەجیاکردنەوەی وەلامەکان کرد ، هەستم کرد کە بەپوەندی لەنێوان دایک و باوک و منالەکانیانا هێجگار زۆر و بەربڵاوە • لەسەرەتای وەلامەکانیانا ، ئەیان وریستروە چی لە دەروونیانا هەیە هەلی بڕێژن ، باسی ئەشکەنجەو ئازارەکانیان بکەن • لەبەر ئەوە وەلامەکان ئەرەمەکی بوون • بەلام کە ئەیشتوونەتە پێنجەم و شەشەم ، بەگوول لەو ئەشکەنجەو ئازارانە دووان و دەردە دلیان کردووە !

ئەوەی زاناکانی سەرسام کردووە ، لەیەکچوونی وەلامەکانیان بووە ، لەگەل ئەوەو هەزارەها کیلۆمەترەی لەنێوان وولاتەکانیانایە •• هەمو یەک ئازار •• یەک ئەشکەنجەو یەک سەرچاوە بۆ بەستی و تووڕبوونەکانیان ••

ئیغلین تەمەنی ١١ ساڵ بوو ، لە لەندەن ئەژیا ، نووسیبووی : « خوایە ، داوات لێ ئەکەم کە دایک و باوکم واز لە شەڕ کردن بێنن ! » •

جینی تەمەنی ١١ ساڵ لە پاریسەوە نووسیبووی : « کەدایک و باوکم شەڕیان ئەبێ ، پێویستە زووبەزوو یەکێکیان واز بهێنێ ! » •

ئەهرۆش کە تەمەنی ١٠ ساڵ بوو لە هیندەوە نووسیبووی : « پێویستە دایک و باوک شەڕ نەکەن ، بەلایەنی کەمەوە لەبەرچاوی منالەکانیان ! » •

هەرچەندە ئەو ئاکۆکیە لەنێوان دایک و باوکەکەدا زۆر ناخایەنێ ، بەلام هەرکیز لەدەروونی منالەکانیانا سارێژ نابێ و شوێنەواری بۆ هەمیشە هەر ئەمێنێ و هەست بە پەژارەو ناعێمنی ئەکەن !!

لەمەوە ، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە بۆچی منالەکان لە ویست و ئاواتە کانیانا چوون یەک بوون و داوایان ئەکرد باوک و دایکیان لەشەڕ کردن بوەستن » چونکە بەمە ئەو ترسە شاراوەیە ئاشکرا ئەکەن کە ڕۆژێ لەڕۆژان ئەم شەڕو شۆڕە سەربکێشێ بۆ جیابوونەوەیان و لەسۆزو خۆشەویستی لایەکیان بێبەش بن و لایەنی لێ نەشبێوێ •••

دروای « دژایەتی نەکردن » زۆرترین دەردەلێک کە منالەکان کردبوویان « سەیر نەکردنی چۆن یەک » یا « بەیەک چاو سەیر نەکردن » بوو ، لەلایەنی دایک و باوکەکانیانەوە ••• لەم بازەیەوە منالێک کە تەمەنی ١١ ساڵ بوو لە ئوستراليا وە نووسیبووی :

« پێویستە دایک و باوک منالەکانیان وەک هەرە بچووکەکەیان خۆشبوێ ! »

مارگریت نووسیبووی : « پێویستە منالەکان وەکوریەک سۆزو خۆشەویستی و ڕێز لەدایک و باوکەکانیانەوە وەربگرن » •

منالێکی تر ووتبووی : « ئابێ ئەو هیچ شتێکا منالێک لە یەکێکی تر بەزیاتر سەیر بکرێت » •

ئەو ڕاستیە سەرنج ڕاکێشەرەی لەم لیکۆلینەوە جیهانیەدا ، دیاردە دەکرێ ، ئەوەیە کە « ناسینی کۆمەلایەتی ، یا سایکۆلۆژی » خێزانەکە ، بەبیسیەت منالەکەوە گرنگ نیە •• وە سەرمایەو پایەی باوکە ئەش کارێکی ئەوەی نیە ، چونکە « بارە » یەتەفەسا بەختیاری ناخانە دلی منالەوە ، گرنگ ئەو « مالەیە کە خۆشی و هێمنی و خۆشەویستی بالیسان بەسەرا کێشاوە ••

هەروەها لە پەراوەردکردنی ڕەلامەکانا ، بەبەلەی خوێندن و ناسینی زانیاری منالەکانا بۆمان دەرئەکەوێ کە ئەو « منالانەی ناسینی زانیاری منالەکانیان ئەکەن ، منالی ئەو خێزانانەن کە کەمترین ناسینی خوێندەواریان هەیە • بەلام هەر منالانەی کە ئەخراونەتە شتگەوێ و جاودێری کراون و سۆزو خۆشەویستیان پێدراوەو لە مالیکا ئەژین کە پڕ لەخۆشەویستی و هاوکاری و لەیەکتر بوردن ئەو منالانە ئامادەی هێمنایەتی و بلەی وێدەواری یان بالایە » •

ئەوانە کردەوەی دایک و باوک ئەکەن لەگەل بەسەر منالەوە هەر ، بۆیە « زانا و مامۆستاکان ئەو ئەنجامەی کە ئەگەر « بێ ڕووبەڕوو » بێتوانن ئەو باوکەکانەکان ئاراستەو ئامۆژگاری کەن ، وە هەرچی ناهەمواری لەنێزان هەیە ئەتوانرێ بەرەبەرە یا زال بین » ئەمەیان کردو ئەنجامەکەی زۆر بەباشی دەرکەوت و سوود بەخش بوو •

هەرچۆزێک بێت دەردەدلو گالای کچان لە لیکۆلینەوەکەدا لە کوڕان زۆرتر بوو • لەو ئاماژانەی نەیوان ئەو سەدهەزار وەلامەدا ، منالەکان وا ئەزانن دایک و باوکە کانیان چۆن ئەبرون :

٤٠٠ منال دایک و باوکیان زۆر تەواوا بوون

بڕوانە ـ ل ـ ١٠ ـ

ژانستو تەندروستی

بۆ سەر دەڕوتێتەوە؟

ئاژانسەکانی دەنگوباس هەواڵێکی بچوکیان بڵاو کردۆتەوە کە بۆتە مایەی ترس و پەستی لاوان •• خەبەوە کە ئەوەی سەماندوە کە دەستەیەک لە زاناکان ماوەیەکی دوورو درێژە خەریکی لیکۆلینەوەی ئەو هویەن کە بۆچی لەم سەردەمەدا سەری لاوان وا زو دەروتێتەوەو سەریان توکی بیوە نامینێت ؟ لە ئەنجامدا گەیشتونەتە ئەوەی کە ساڵی ٢٠٠٠ هەزار بەهۆی گیرو گرفتی ژیانەوە لاوان تالە مویەک بە سەریانەوە نامینێتەوە !

● ئەخۆشی پێست •• سەر ، هەندێ کات بە تایبەتی بۆ ئەوەی کە مرۆڤ کە بەتەمەندا چو سەری توشی هەندێک ئەخۆشی دەبێت کە خوێن بە چاکی ناکاتە بن توکەکانی و لەبەر ئەوە ئیتر قژ بەرەو بەرە دەکەوێت و لێی دەروتێتەوە بەم جۆرە مرۆڤ ئەسڵەغ دەبێت •• هەروەها پەستی و ماتەمینیش دەوری هەیە لە روتانەوەی موی سەردا بەوەی مرۆڤ لەو کاتانەدا بۆری یە وردەکانی خوێن لە سەریدا کرژ دەبێت و ماوەی ئەوە نادات کە خوێن بگاتە بن توکەکانی سەری بەو چەشنە لەو موانە لاواز دەبن و ڕۆژ بەڕۆژ دەروتێتەوە ••

● ترس و خوربە ••

زۆر جار ترس و خوربە •• وەک لەبر پێزانینی بە مردنی کەسێکی ئیجگار خۆشەویست یا خوربەی کارەساتێکی گران دەبنە هۆی ڕوتانەوەی سەر بۆ ماوەیەک یا بەردەوام ئەمەش بە زۆری توشی ئافرەتان دێت •

بێ ئومان پاک ڕاگرتنی قژو خواردنی ڕێک و پێک لە کەل دلنیایی و بیر نەکردنەوە ئەوڕێکی گرنگیان لە ڕوتانەوەی سەردا هەیە •• ئەوە بێجگە لەو سەر ڕوتانەوەیەی بە میرات بە جێ دەمینێت ئەو تا ئیستا چارەسەری بۆ نەدۆزراوەتەوە •

لیکدانەوەیەک (پاشماوە)

جاف » نامەیەکی بۆ ناردوین تیایدا گلەییمان لێ ئەکات ، کە ئیمە چۆن ئەبێ ئافرەت ئیتری جوانی پاراستن بکەین ، بەو لەوەی لە چەوساندنەوە رزگاری ببێ ؟! ، وە داوا ئەکا : (ئیمە جارێ بۆ بەسەربەستی ئافرەت ئێ بکوشین ، جا کەی ئەم مەبەستە هاتە دی ، ئەوسا شت بۆ جوانی بنووسین !!) •

● لێرەدا من لایەنی بەردەوامی تێکوشان بۆ سەربەستی ئافرەت ، لەقسەکانی خوشکە « ڕیواس » دا بەسەند ئەکەم و بەهیوام کە زوربەی خوشکانی تر وەک ئەو ئەم ڕێگایە بگرن ، بەلام هەولدانێکی خۆی دا ، وەکو جاف » نامەیەکی بۆ ناردوین تیایدا گلەییمان لێ ئەکات ، کە ئیمە چۆن ئەبێ ئافرەت ئیتری جوانی پاراستن بکەین ، بەو لەوەی لە چەوساندنەوە رزگاری ببێ ؟! ، وە داوا ئەکا : (ئیمە جارێ بۆ بەسەربەستی ئافرەت ئێ بکوشین ، جا کەی ئەم مەبەستە هاتە دی ، ئەوسا شت بۆ جوانی بنووسین !!) •

● لێرەدا من لایەنی بەردەوامی تێکوشان بۆ سەربەستی ئافرەت ، لەقسەکانی خوشکە « ڕیواس » دا بەسەند ئەکەم و بەهیوام کە زوربەی خوشکانی تر وەک ئەو ئەم ڕێگایە بگرن ، بەلام هەولدانێکی خۆی دا ، وەکو

بەنجا ساڵ دوای داهێنانی تەلەفزیۆن

ئەمسال تەمەنی تەلەفزیون دەبێتە ٥٠ ساڵی تەواو •• نیوە سەدەیەک لەمەوبەر ، ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ ئەندازیارێکی ئسکۆتلەندەیی (جۆن لوجی بیرد) تاقمێک لە زاناکانی کۆکردەوەو داوای لێ کردن کە لە گەلی بچنەکارگە بچوکەکەیەوەو تەماشای ئەو شتە عەنتیکەیە بکەن کە دایهێناوە •• ئەوەی ئەو زانایانە بینیان بەیەکەم نیشاندانی تەلەفزیون دەژمێردرێت ••

ئەمڕۆ لە گەل یادو بیرەوەری تێپەڕ بوونی ٥٠ ساڵ بەسەر داهێنانی تەلەفزیوندا •• هەمان پرسیار کە دەیان ساڵە دەیکات ، دوبارە دەبێتەوە کە گۆایە •• تەلەفزیون چ کارێکی کردۆتە سەر ئەو کۆمەڵانەی سەیری تەلەفزیون دەکەن ؟ کاتێک سەرجەمی وەرامەکانی ئەو پرسیارە هەڵدەسەنگێنین و لێکیان دەدەینەوە ناگەینە هیچ ئەنجامێک و هیچمان نادات بەدەستەوە ! ئابێت بەمە سەرمان سوربمێنێ ، چونکە ئەو لێکۆلینەوەو ڕاپورت و سەرژمێریەی لەو بارەیەوە کراوە هیچ وەرامێکی ئەوتۆمان ناداتەوە کە پێی بگەینە ئەنجامێک •• بەلکو ئەوی سەرسوڕ دەهێنی ئەوەیە کە زوربەی خەلکی ڕاستی ئەوە نالێن کە حەزیان لە چ پرۆگرامێکی تەلەفزیونە ••

ئەوانەی حەزیان لە پرۆگرامێکی هیچ و پوچە کە لێیان دەپرسیت حەزت لەکام پرۆگرامە ؟ لە وەرامدا دەلێن حەزمان لە پرۆگرامی ڕوشنبیریە چونکە بلەی زانستی بینەر زیاددەکات وەئەوانەی سەیری پرۆگرامێکی هیچ و پوچ و بێ کەلک دەکەن کە سەبارەت ئەو پرۆگرامانە پرسیاریان لێ دەکەیت ، ڕەزامەندی خۆیان نیشان ئەدەن لەترسی ئەوەی نەک تەلەفزیون لەوەو دوا پرۆگرامی بێ کەلک تریان نیشان بدات ! وەک دەرکەوتوە ئەو بەریتانیایانەی کە هێرشیان بردۆتە سەر پرۆگرامی (رامیاری دەرەوە) ساڵی تەنیا جارێک ئەوپڕۆگرامەیان بینیوە •• لەوە سەیرتر ئەوانە ناوی وەزیری دەرەوەی خۆیان نازانن ••

تائیستا خەلکێکی زۆر لەسەر ئەو باوەڕەن کە بەهۆی تەلەفزیونەوە تاوانکاری و ناکوکی نیوان ژن و میردو ، منال لەباربردن و زۆلفریدان و لاساری قوتابیان و ڕەوشت نزمی زۆر بوە ••

ڕۆژنامەکانی بەریتانیا کە بە هۆی گرانبونی کاغەزەوە توشی تەنگوچەلەمە هاتوە ، ئەویش ڕقی لەتەلەفزیون دەبێتەوە چونکە خەلکی ئاگاداری یەکانیان (اعلانات) لە تەلەفزیوندا بلاودەکەنەوە •• بۆیە ناچار خاوەن ڕۆژنامەکان ترخی ڕۆژنامەکانیان گران دەکەن ، ئەوەش دەبێتە مایەی ئەوەی کە ئەو ڕۆژنامانە ژمارەیەکی کەمیان لی بفرۆشرێت یا ڕۆژنامەکان دێن بە زمانێکی زۆرساکار لە ڕۆژنامە کانیاندا دەنوسی ، بەهیوای ئەوەی ژمارەی خوێنەرانیان زیادبکەن ، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی پلەی زانستی ئەورۆژنامانە زۆر نزم ببێتەوە ئەم قوڕاوەی ڕۆژنامەکانی بەریتانیای تێ کەوتو ، ڕۆژنامە نووسەکان هۆکەیان خستۆتە ئەستۆی تەلەفزیونەوە •• لە مەیانی سیاسەتیشدا ، پارتە سیاسیەکان لە ڕێگای تەلەفزیونەوە پروپاگاندە بۆ خۆیان ئەکەن •• دیمەنێکی شیرینی بۆشتاخی و قۆزی لە تەلەفزیوندا ئەو سەنگەیە کە کارامەیی سەرکردەیەکی سیاسی پێ دەکێشرێت •

لە ساڵی ١٩٥٦دا حیزبی محافزینی بەریتانیا هەر لەبەر ئەوە سیر ئەلیک دوگلاس هیوم سەرکردەی خۆیانیان پاڵپیوەنا چونکە لە تەلەفزیوندا ڕەزای قورس بو » •

*

کاروباری دەروونی

ئەتوانی تۆڕە نەبی؟

رارایی یەکەم دوژمنی جوانیە •• ئالۆزی ژیان وا لە مرۆڤ دەکات کە هەمیشە مێشکی گرژو هیلاک بێت ئادەمزاد والێبکات کە تۆڕەبێت •• مرۆڤ لە کاتێکی وادا چۆن خۆی لە تۆڕەیی و رارایی دەپارێزێت ؟ زاناکانی زانستگای کالیفۆرنیا ماوەیەک لەمەوبەر لەوبارەیەوە لیکۆلینەوەیەکیان کردوە کەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی ، کە مرۆڤی دلناسک لە هەمو کەسێک زیاتر تۆڕە دەبێت و توشی رارایی دەبێت •• کە ئەمەش وا لەو کەسە دەکات کە هەڵسوکەوتی بکورێت و ڕادەی زیرەکی بێتە خوارەوە •

هەروەها بەلیکۆلینەوەیەکی تردا زاناکان ئەوەیان ساغ کردۆتەوە کە هەندێ ئاژەڵ وەک مەیمون هەیە کە بە تۆڕەیی ناسراوەو لە زۆر کردارو هەڵسوکەوتیدا لە مرۆڤ دەچێت •• ئەو ئاژەڵانە وا ڕاهاتون بەیەکەوە یاری بکەن و لەکۆمەڵ کات بەنەسەر کە زۆر کەم جوڵەیەوە وەک مرۆڤ توشی مانەوەی رارای دەبن •

وە بۆ ئەوەی بیتە خاوەنی دلنیایی و لە رارای دورکەوێتەوە دەبێت لە گەل خەلکیدا خۆت بگونجێنیت و وەک ئەوان بژیت تا لە گەرداوی ونبون و رارایی خۆت قوتارکەیت •• ئەمەش پێوانەیەکە کە بۆرادەی بەهێزی و بەئارامی مێشک دانراوەبە ئایا ئەوەلامی بدەرەوە لە ئەنجامدا لەسەرخویی خۆتت بۆ دەر دەکەوێت ••

● کاتێک شەو دەنوێت قاپو قاچاغ دەشۆیت یابە پیسی بەجێیان دەهێلیت ••؟

● کە بەتەنیا دەبیت مەبەستتە کە گوێ لەرادوی بگریت یا تەماشای تەلەفزیون بکەیت ؟

● ئەو شتانە فرێ دەدەیت کە لەوانەیە ڕۆژێک لەڕۆژان بەکاریان بهێنیت ؟

● کە تەلەفۆن لەگەل هەندێک لە دەستە خۆشکە کانتا دەکەیت • حەزدەکەیت لە قسە کردنەکەدا درێژەی پێ بدەیت ؟

لە چیشتخانەکە نان دەخوێت هەمو جارێک هەریەک جۆر چێشت دەخۆیت ، یا هەر جارە حەز دەکەیت جۆرێکی تر تاقی بکەیتەوە ؟

● کردوتە بەخو کە هەمیشە باسی ئیشوکارەکەی خۆت بکەیت ؟

ئەگەر وەرامی زوربەی ئەم پرسیارانەت بە (ئا) دایەوە ئەوە خاوەنی میشکیکی لەسەر خۆو توندی ، خۆ ئەگەر وەرامەکانت بە (نە) بو ئەوپێویستە کە زیاتر جلەوی هێمنیت بگریت تا توشی رارایی نەبیت •

چەند بەڵگەیەکی ـ پاشماوە

٢٥ی حوزەیرانی ١٩٧٤

پروتوکولێکی ئالو گۆری بازرگای بۆ ساڵ ١٩٧٤ ئیمزا کرا کە بە گوێرەی ئەو ، عیراق ٣٠ هەزار تەن خورماو ١٣٠ هەزار جوت کەوش و فەرش و ریس و ئیشەسازی گەلی و جگەرەی دا بەسۆڤیەت بێجگە لە نەوتی خاو •

عیراقیش مەکینەو ئامرازو ئاسنو دارو کەرەستەی سەرەتایی پیشەسازی لەیەکیەتی سۆڤیەت کڕی •

لە ١٥ی کانونی دووەمی ١٩٧٥دا

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش قانونی پەسند کردنی پروتوکولی هاوکاری وەرزشی نێوان عیراق و سۆڤیەت بۆ ساڵی ١٩٧٥ی پەسند کرد •

لە ١٦ی ئازاری ١٩٧٥دا

پروتوکولێک بۆ هاوکاری فەننی نێوان هەردو ولات لەبەغدا ئیمزا کرا •

هەروەها عیراق بەیمانێکی لەگەل دەزگای تیکنۆ بەدۆم ئیکسپورتی سۆڤیەت ئیمزا کرد بۆ دامەزراندنی ئیزگەیەکی بەرهەم هێنانی کارەبا لە ناصریە کە ٨٨ میلیۆن و ٦٧٣ هەزار دیناری تێدەچێ •

١٨ی ئابی ١٩٧٥

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش پەیمانی هاوکاری بۆ بەکارهێنانی ئاشتی خوازانەی وزەی ئەتۆمی لەنێوان عیراق سۆڤیەتیدا پەسندکرد کە ئەو پەیمانە لە ١٥ی نیسانی ١٩٧٥دا لە موسکۆ ئیمزا کرابو •

ئەمرۆژانەش کە پەرز ئەلیکسی کۆسیجین ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمونیستی سۆڤیەتو سەرەک وەزیرانی سوفیات لەسەر بانگ هێشتنی پارتی بەعسی سوسیالیستی عەرەبو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەتی عیراق سەر لەوڵاتەکەمان دەدا ، ئەم سەردانە زیاتر لە بەڵگەیەک ئیشاندا بۆ ئەوەک پێوەندی دۆستایەتی و هاوکاری نێوان وڵاتی ئیمە و یەکیەتی سوفیەت ڕۆژ بەڕۆژ لەبەرەسەندندایەو دەبێتە هێزی پشتیوانی خەباتی ئەتەوەی عەرەب دژی زایۆنیزم و ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی •

ئامادەکردنی « هاوکاری »
لە تا•د•ع وە

بازاری هاوبەشی (پاشماوە)

هۆکاری کشت و کاڵ ئەو بەلەبەرەو پوچەڵ بونەوەی ئەم بونەوە دەڕۆن • سەبارەت ئەم زوداوانە لێ پرسراوی یەکێک لەو دەزگایانە وتویەتی :

« بەهەمو توانایەکمانەوە هەول ئەدەین ئەو شوێنەی دڕاوە پێنەی بکەینەوە ، بەلام بێ سودە •

● دوا دەرمان •

وڵاتانی ئەوروپا ، تاکو بەچاکی بتوانن ئەو دەزگایە لە تیاچون ڕزگار بکەن ڕێویستە دەست لە شەر هەڵگرن بەرامبەر لیزەی ئیتالیو ئیستەرلینی ، چونکە ڕۆژبەڕۆژ زیاتر هاوار لەگری کە ئەو بازاڕە ڕێویستە خۆی لە نوشوستی بازرگانی جیهانی ڕزگار بکات •• وە لە هەمو دەنگێک بە هێزتر دەزن « جۆزی بیدغانە » کە داوای کردوە یارمەتی بەریتانیا ئیتالیا بدرێت ، بۆ ئەوەی واز لە جمەوجوڵ بێنن لەمەیانی شت گرپندا بەمیوان ئارژگاری بەرهەمەکانیان •

« بیدغان » دەڵێت : وڵاتانی ئەوروپا وەک دورتر فوتبوالێن وان ، بە هەمو ئاناو وزەیانەوە دژی یەکتر یاری دەکەن •

ئافرەت ، ئەمەیال هەمو شتێکی « غەریزی ئینسانی » حەز بە جوانی ئەکاو ناتوانی وازی لێ بێنێ و ئەمەش مافێکی ڕەوایەو ئەبێ واش بێ ، هەرچەند بچێتە گژی ئیش کردن و لێپرسینەوەوە ، ئەبێ زۆرتر بایەخ بە لایەنی جوانی خۆی (وەک ئافرەت و ئینسان) بدات ، چونکە خۆ ئیمە کە داوای یەکسانی نێوان پیاو ژن ئەکەین ، لەنرخی جوانی کەم ناکەینەوەو ئەمیان ئابێ بە قسوربانی ئەو ، بەلکو سەربەستی و جوانی پێکەوە بەستراون و مافی « ئینسانی » ئافرەتەو وەک یەک ئەبێ ڕێزی دیسان « ئینسانی » لێ نبرێ •

Institut kurde de Paris

[لیلیان هیلمان]

باسی « رۆژگاری پووچ » ئەمەریکادەکالە

ماوەیەك لەمەوبەر (نووسەری شانۆگەری)ی ناسراوی ئەمریکی خاتوو (لیلیان هیلمان) کتێبێکی بە ناوی « **رۆژگاری پووچ** »ەوە دەرکرد کە (کاری ویلز) پێشەکی بۆ نووسیوەو دەزگای (**لیتل و براون**) بڵاوی کردۆتەوە ... (هیلمان) لە کتێبەکەیدا باسی ئەوە دەکا چۆن لە سەرەتای پەنجاکانەدا لە ئەل (**مەکارینە**)ی ئەمریکی بە شەڕ هات و چۆن سالی ٩٥٢ ـ ٩٥٣ نووسەرەپێشکەوتنخوازەکانی ئەمریکا بە بیانوی « **دوژمنداری کردنی** ئەمریکا »ی . خرانە بەردەم دادگا .

(لیلیان هیلمان) تەوەرەترین **کارێی زەمرۆناز و بێدەنگ** بەر بوو ، زۆر جار ئەوزگاری قوربانی دەری نەو سەردەمە **بێ ئابڕوانیە** .. **من ناتوانم** دەکردو دەیهێناوە سەرخۆر بەلام رەشە بوو کە کۆنە پەرستی **پەیوەندی لەگەل نیهادی خۆم** دادی نەدا .

ئەوەش بڵێین باشە کە هیلمان لەم سالانەی ئەم دوایی یە دوو کتێبی دەربارەی ژیانی خۆی بڵاوکردەوە ، بەلام ئەوە یەکەم جارە کە باسی رووداوەکانی ئەو سەردەمە رەشەی ژیانی دەگێڕێتەوە .

بینا بە قسەی رەخنەگران ئەو کتێبە رۆو کین و توورەیی نووسەر هەڵدەتۆقێنێ بەلام وە کتێبە توورەیی یەکە رووی لە ئەدامەکانی لیژنەی (دوژمنداری کردنی ئەمریکا) بێ لە کۆنگرێسی ئەمریکی ، بەڵکو بە پلەی یەکەم رووی لەو ترسنۆکو زەندەقدراوانەیە کە لەبەر دەم رەشەبای جەزرەبەو تۆقاندنی (ماکارتی)دا کورژەیان کردو کشانەوە ناو قەپێلەکو کەچاویان لێزەق کردنەو پێیان لە هەموو شتێ ناو برادەرەکانی خۆیان تووشی زیندانو ئەشکەنجەو جەزرەبەدان کرد .. هەروەها تووڕەیی کە رووی لەو بەرەڵلایانەیە کە سەبارەت بەوەی رقیان لە ستالین دەبزوە بڕو بیانویان بۆ کونەپەرستانی ئەمریکا دەدیتەوە کە لە جەڵەکان و پەنجاکانەدا بەو جۆرە هێرشیان دەبردە سەر ئازادیو سەربەستی خەلکی بێتاوان و زۆرلێکراو ، جا لێرەدا هیلمان وەك نموونەیەك باسی (ئیلیاکازان) دەکا کە چەپڕەویکی هەڵشاخاو بوو .. کە دیتە سەر باسی ئەو بەرەلایانەش کە پشتگیری هێرشی (ماکارتی)یان دەکرد دەڵێ .

« **ئەوانە هیچیکیان نیستەش لەگەڵ دابێ هەستیان بێ نەکردووە کە دەبێ بە دیار نیهادی خۆیانەوە دانی پێدا بنێن کە دوژمنایەتی کردنیزم لە سەردەمی شەڕی سەردا بووە هۆی داگیرسانی کلاوەی شەڕی قیتنامیو پاشان داتنە کایەی سەردەمی بۆنەنی نیکسۆن کە دەبوایە هەر بێتە کایەوە** » .

لیلیان هیلمان

لەژمارە (٣١٨)ی رۆژنامەی هاوکاری بەرێزدا وێنەی پیرە پیاوێکی هەژارم بەرچاوکەوت ، هەر کە سەرنجمدا ناسیمەوە ، هەر بەسەرو سورەت بەڵام نەم ـ دەزانی ناوی چیە . کە تەماشام کرد نووسرابوو (سمایلی مامە حەمە) بێ ئەوەی کە ووتارەکە بخوێنمەوە دەست بەجێ زانیم مەسەلە چیە . گوتم بێ ونەبێ بەهۆی لاساکردنەوەی کەوەوە ناوی کەوتۆتە رۆژنامەی هاوکاریەوە .

نوسەری وتارەکە بەناوی ئەسلی خۆی ناردبووی دیارە کە ئەو نوسەرە مامۆستا جەزا علی یە ، وزۆر خۆی ئەزیەت دەدا لەپێناو بوژانەوەی ئەدەبو زمانی کوردیو چیرۆکی جوان جوان بۆ منداڵانی قوتابخانە دەنوسێو پێنووسەکەشی بە متمای دلی خۆی لووسو لێکە .

مامۆستا جەزا علی ئەم باسەی پیشکەشی خوینەر وارانی هاوکاری کردوەو مامەی پیری بەجێماوەر ناساندوە بەڵام بەداخەوە لە ناساندنەکە بەلەی کردوە . نازانم بۆچی لەسەر ئەو هەمو ناوەرۆکە جوانەی کە لە بەردەستیدا بوون تەنیا شتێکی لەمامی پیر دەست نیشان کردوە . ئەویش لاسایی کردنەوەیە . لەکاتیکدا مام سمایل هەتا سەیری بکەیو لێی وورد وەبی زیاتر کەرستەی نوسینت دەست دەکەوێ . کەسێك یەکێك دەناسێنێ پێویستە بە نیوە چڵی وازی لێ نەهێنی .

من لە « چاپخانەی مامۆستا یان » لەقەڵادزەدا نیشتبووم لەگەل برادەریکی سەرگەمی قسەبووم مام سماعیل بەرەو تێشە دەهات . دوو گۆچانی بەدەستەوە بوون ، یەکی داری خواروخێچو یەکی ناسن کە بەبالای خۆی دریژایی هەبوو . داوای بارەی لێ کردم منیش بارەم دایە وگوتم خالە گیان دانیشە چایەکیش وەخۆ . گۆتی ناخر نامەدەنێ .

گوتم من بۆت دەکەرم . دانیشت ، بەیەنێك سەیرم کردو چاوم تێبڕی ، هەموو بەدەنی (پرێسکە) بوو . گوتم خالە گیان ئەوە چن ئەو هەمو گرێو گۆلە ؟ سەیری خۆی کردو گوتی .. شەکرو چایە وکیسە تووتنەو نوشتەیەو خۆیەو چوار پینج پەتی لەقویچەکانی قایم کردبوون گوتم ئەی ئەوانە چن ؟ گوتی یەکیان زنجیری چەرخە ، یەکیان هی چەقۆیە ، یەکیان هی باسقەنئەیە ، وئەوەش هی کیسە تووتنەکەمە) چایەکەی خواردەوە خەریك بوو بڕوا ، برادەرەکەی رفیقم گوتی: وەك کەو دەخوێنێ) (دا خالە بخوینە) دەستی پێ کرد ٢ـ٣ بانگی خوینەو بەسی کردو ئاخێکی هەڵیکشاو گوتی : حەیف !! ددانەکانم نەماوون بۆم ناکەڕێتەوە) رفیقەکەم دیسان گوتی وەك نیرەکەو وەك ماکەو بخوێنە) بێدڵی نەکردو خویندی . بەڕاستی دەنگی هەر لەدەنگی کەو دەچوو بەڵام زاری خوار ببوو هێندەی لاسای کەوان بکاتەوە .

سمایلي مامه حمه

سەرنجێك لە نووسینەکەی مامۆستا جەزا علی :

سعید رحمت

سەری هەڵبڕیو گوتی : ئەمن زۆرم تفەنگ لەسەر هاوێڕ ـ راوون لەبنە کەوێدا) گوتم چۆن ؟ گوتی میراودەلیان دەیان بردم بۆ بنە کەوو کەویان لەسەر دەکوشتم) .

ئەوە زیاتر ناساندنی مام سمایل بوو بۆ خوێنەرانی بەڕێز بەڵام زیاتر مەبەستم ئەوەیە کە باسی ئەوە بکەم مامۆستا جەزا علی مام سمایلی بە مرۆڤێکی دۆستی کەو لە قەڵەم داوەو نوسیویەتی : « زۆرم لا سەیر بوو کەوەکان نەیان ئەزانی کە مرۆڤیکی دۆستیان وەڵامیان ئەداتەوە بەزمانی خۆیان ئەیاندوێنێ » ..

بەباوەری من مام سمایل دۆستی کەو نیە هیچ بەلکوو دوژمنێکی راستەقینەی کەوە . چونکە دۆست ئەو دۆستەیە لەتەنگانەدا فریاکەوێ . خۆ مام سمایل نەك فریای دوستەکەی ناکەوێ بەلکوو تاقەکەسێکی کە دەبێتە هۆی لەناوچونی ئەو کەوە جوانە ، مام سمایل دۆستێتی وئەم بەزمان زانینەی مام سمایلە پەڕو بۆی لی هەڵدەوەرێنێ ولەشی بەباڕوت ناور دەگرێ ، بۆ بەوە دەڵین دۆست . ئەوەی کە چۆتە کەولی کەوەوەو سەنگەری سەرلووتکەی چیای لی گرتونو لەبەرەبەیاندا شەبەیخوونی لی داون هەمان مام سمایلی دۆستیان بووە . هەرمام سمایل نا بەلکو بەشی نادەمیزاد دوژمنی کەوە . لەوکاتەدا کە مرۆڤ کەوی خۆش دەوێ هەر لەهەمان کاتدا دوژمنێتی . کەسیکی بەخوینی سەری تینوەو گوشتەکەی پێ لەگۆشتی شتی تر خۆشترە چۆن دۆستی کەوە ؟!

کەوی کێوی کە چاوی بە مرۆڤ دەکەوی لەترسانی باسکەوباسک دەفڕێ کەوی دەستەمۆو حەمایەتیش دیلێکی نامرادەو لەزیندانی خوشەویستەکەی دا (شەوگاری تەنیا) بەسەر دەبا . ناوێری نزیکی ناوەدانی کەوێ یادەیکوژن ودەیگرن یاتەنانەت ماڵەکەشی لی ویران دەکەن ، هیلکەکانی دەردێنن و کەو باپە نەخشینە جوانەکانی لێ بەدیل دەگرن . دوستێکی سەرسینگی کەوی لە هەموی پێ بەتامتر بێ ناوی دەنی چی ؟

هەر بەوەندەی کە مام سمایل دەزانێ بەزمانی وان بدوێ نابێتە ئەو مرۆڤە دۆستە بۆ کەو . بەداخەو مامۆستا جەزا هەر ئەوەندەی بەبیردا هانوە کە چونکە بەزمانی کەو دەزانێ ئەوە هونەرەو ئەوەی نەنوسیوە کە کەویشی خۆش دەوێن بەڵام گوشتیشی زور خواردون . لێرەدا دەردەکەوێ کە کەسێکیوا ناتوانێ خۆ بەدۆست لەقەڵەمدا بۆ کەو . مرۆڤ کە چاوی بە کەو کەوت لەکێوی هەوڵ دەدا بیگرێ یا بیکوژێ جا ئەو گوشتە بەتفەنگ بێ یا بە بەردو دارو پلار .

لەزستاندا کە بەفری ناردەڵووك دەباری و ئەو رۆژە وەك قرانی کەو وایەو بە هەزاران کەو لەو روژە رەشە رزگاری نابێ . بۆ زۆرکەس رۆژێکی خۆشە چونکە یا بەزیندویی دەیگرێو لەقەفەسی دەکا یا دەیکوژێ وگۆشتی دەخوا ..

ئەگەر دۆستایەتیوایێ توخوا نە بوونی باشتر نیە ؟!

لەگەل رێزو سلاو بۆ مامۆستا جەزا علی لەقەڵادزە .

لە سلیمانیە

رێبوار نامادەی کردوە

هەوای بۆوەن (پاشماوە)

بەرنوەبەرایەتی شارەوانیکانو هاوینە هەوارەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی وتویەتی : « شۆرش هەستی بەوپەیوەندیە کردوە کە لە نێوان خزمەتگوزاری هاوینە هەوارەکانو شارەوانیکاندا هەیە لەبەر ئەوە لەیاسای ئۆتۆنۆمیدا ئیشوکاری شارەوانیو هاوینە هەوارەکانی داوەتە دەست ئەمیندارێتی یەك یا بتوانی بەچاکیو چالاکانە نیشوکاری هەردولا ببات بەرێوە .. » بەرێز سیروان جاف هەروەها دەڵێت : تا نیستا زۆر نەخشە بۆ ئەشەکردنی سەیرانگاو هاوینە هەوارەکان دانراوە ، تا ئەو شوێنانە بتوانن لەپێشکەش کردنی خزمەت گوزاریدا هاتوچۆکەرانی رەزامەند بکەن . بەوپێیە لە شوێن گەشتەکاندا گەلێك خانوبەرەی گەشتو گوزاری بنیات نراوە ، وە پێنج ملیون دیناری تر تەرخان کراوە بۆ دروست کردنی خانوبەرەی گەشتو گوزاری و گازینۆو شوێنی رابواردن لە هاوینە هەوارەکانی پارێزگای هەولێرو دهۆکدا ، لەگەل دامەزراندنی کۆمەلێك دەواری گەشتو گوزاریی لە پارێزگای هەولێرو سلێمانیو دهۆکدا .

ماوەیك لەمەوبەر لەهەولێر دەست کراوە بە بنیاتنانی کۆمەلێك خانوبەرەی گەشتو گوزاریی حازر بەدەست ، ئەو خانوبەرانە جێگای ٩٠٠ قەرەویلەیان تیادا دەبێتەوە ، ئەوە سەرەرای دەوارگەیەکی گەشتوگوزاریی کە لە هاوینە هەواری سەلاحەدین بنیاتنراوە کە دەوروبەری ١٠٠ دەوار دەبێت وە لە شەقلاوەو جوندیانو حاجی هۆمەرانیش سێ دەوارگە دامەزراوە کە هەریەك لەو دەوارگانە ٩٠ دەواردەبن وە لە هاوینەهەوارەکانی دهۆکیش ٥٠٠ دەواری تر هەڵدراوە .. بەدەستیشەوەیە کە لە سەیرانگای سەرچناری پارێزگای سلێمانی دەوارگەیەکی ١٠٠ دەواری دابمەزرێت .. لە وتەکانیدا بەرێز سیروان جاف .. ئەوەی سەلماندوە کە هاوینە هەوارو سەیرانگاکانی وڵات هاوەی سەیرانکردنیان لە جاران زیاتر تیادا دەست دەکەوێت و لە جاران زیاتر جێگای سەیرانگەرانی تیادا دەبێتەوە .. ئەوە لە لایەکی ترەوە دەزگاکانی تری دەوڵەت هەوڵو تەقەلای ئەوە ئەدەن کە خزمەتگوزاری لەو ئاوەدانەدا فراوانتر بکەن بەوەی شەقامەکانی نێوان شارەکانو ئەو هەوارو سەیرانگایان قیرتاو دەکەنو ئاوو کارەبایان بۆ دەبەنو خەریکی بنیاننانی چەند سەیرانگایەکی ترن لە چەند شوێنێکی تردا ، بۆ ئەو مەبەستە ٤ ملیون دیناریان تەرخان کردوە .. وە بۆ ئەوەی ئەو هاوینە هەوارانە جێگای خەڵکیان زیاتر تیادا بێتەوە ، لە (سەرە رەش)ی سەر بە پارێزگای هەولێر ٨١٠ پارچەزەوی بۆ بنیاتنانی خانوبەرە بەسەر هاووڵاتیاندا دابەش کراوە .. وە ئەو ناوچەیە لە دایەرەکانی تۆمار کردن خانوبەرەدا بەناوی شارەوانی سەلاحەدینەوە تۆمار کراوە . تا لەمەوپاش بەناوی ئەو کەسانەوە تۆمار کرێن کە ئەو پارچە زەویانەیان بێدراوی .

ئا.د.ع

جوتیارانی وڵات (پشماوە)

چەسپاندنی ئەم سۆشیالیستی یەدا کە وڵات لەژیر سایەی شۆرشی ١٧ی تەممووزی نەتەوەیی سۆشیالیستیدابەدی دەهێنێت . لەسەرەتای کۆبونەوەکەدا بەرێز کریم الجاسم سەرۆکی ئەنجومەنئەو کارانەی دەستنیشان کرد کە لێیان بکولدرێتەوە .

هەروەها هەفاڵ حسن فهمی جمعە دەوری وەزارەتی کشتوکاڵو ئاشکرا کردوە لەمەیانی بەرێ کردنداو داوای لە کۆمەڵە جوتیارێکان کردوە کە زیاتر ئاکاداریی بەرێکردن بکەن .

جەماوەری جوتیاران بروسکەیەکیان بۆ سەرۆکی رژێمی سوریا حافظ اسد ناردوە ، لە بروسکەکەدا نارەزایی خۆیان تیا دەر بڕیوە بۆ ئەو دەست تێوەردانەی لە لبنانەدا دژی هێزە نیشتمانیکان ئەیکات .

دوای ئەوە لەو مەسەلانەیان کۆلێوە کە پەیوەندی بەراپورتی یەکێتیی یە ناوخۆیەکانی کۆمەڵەی جوتیارانی پارێزگاکانەوە هەیە لەگەل بڕیارو ئامۆژگاریەکانی پینجەم کۆنگرەی سالانەی کشتوکاڵو نیشوکاری دروێنەو ناردنە بازاڕەوە هەروەها لە کۆبونەوەکەدا لەمەسەلەی دارایی و رێوشوێن دانان بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی بەغدای قەلاچوکردنی نەخوێندەواریو فراوان کردنی کشتوکاڵی هاوین لە پارێزگاکاندا کولراوەتەوە .

ئەنجومەنی مەرکەزی لە کۆبونەوەکانیدا هەندێك بڕیارو ئامۆژگاری دەرکردوە ، ئەوی دوپاتە کردۆتەوە کە پێویستە ، ئەو نەخشەیەی کۆنگرەی چۆارهەمی کۆمەڵە جوتیارێکان داینناوە جێبەجێ بکرێت لەگەل چارەسەری ئەو گیروگرفتانەی کە دەبنە کۆسپ لە رێگای جوتیاراندا . وەك ئاشکرایە رۆژی دوو شەممەی رابوردو ئەنجومەن کۆبونەوەیەکی تایبەتی کردوە لێکولینەوەی بارو دۆخی عەرەبو ئەو چارە سەرە خۆ بەدەستەوە دەرانەیەی لە مەیدانی عەرەبیدا لەگوریدان لەگەل ئالۆزبونی دۆخی لبنانو دەستتێوەردانی رژێمی سوریا لەکاروباری ناوخۆی لبنانو پشتگیریی کردنی لەگەل هێزە کۆنەپەرستەو کۆشەگیرەکاندا .

لەبیرەوەری (پاشماوە)

● **میسان** .. وەلە پارێزگای میساندا یەکێتی ناوخۆی نیقابەی کرێکارانی پارێزگاکە بەوبۆنەیەوە ئاهەنگێکیان رێکخستوە ، لەئاهەنگەکەدا گەلێك وتاریان تیا خوێندۆتەوەو بایەخیان بەو رووداوە مێژوویی یە داوە لە ژیانی گەلی عیراقدا .

● **نەنبار** .. لەپارێزگای نەنباردا بەرێز ولید الاعظمی پارێزگاری نەنبار لقێکی دەزگای نیشتمانی بڵاوکردنەوەی کردۆتەوە کە ٢٠ هەزار کتێبی تیادایە .

● **دهۆك** .. لە پارێزگای دهۆکیشدا بەو بۆنەیەوە پێشڕەوی لاوانی سەر بەیەکێتی گشتی لاوانی عیراق خۆپیشاندانێکیان کردوە دوو وێنەی گەورەی سەرۆکی فەرماندەو هەڤاڵی تێکوشەر صدام حسینیان تیادا بڵند کردۆتەوە .

● **نینوی** .. لە پارێزگاری نەینەوادا کۆمپانیای عیراقی پشکنینی نەوت ئاهەنگێکی گەورەیان بەو بۆنەیەوە کردوە .

● **المثنی** .. لە پارێزگای المثنی بەرێز ماجد عبدالستار فاضل سەری لەو پێشانگا هونەریە داوە کە نیقابەی مامۆستایان لقی المثنی بەو بۆنەیەوە کردویانەتەوە .

● **النجف** .. لە نەجەف بەرێز جاسم محمد الرکابی پارێزگاری نەجەف پێشەنگایەکی وێنەی فوتوگرافی کردۆتەوە کە لەژیر دروشمی « میللی کردنو پەرەپێداندا » بەرنوەبەرایەتی مالی رۆژشنبیری جەماوەر پێکیهێناوە ..

● **کربلاء** .. لە پارێزگای کەربەلادا بەرێز عزیز صالح الخفاجی پارێزگاری کەربەلا بەم بۆنەیەوە پێشەنگای سالانی نیشی دەستکردی بەرنوەبەرایەتی پەروەردەی پارێزگاکەی کردۆتەوە .

گفتوگوی .. (پاشماوە)

کە چاکەی هەردو ولاتی تیادا بێت .

وەلەلایەکی ترەوە بەرێز فلیح حسن الجاسم وەزیری پیشەسازیو کانەکان لەگەل بەرێز ریمون بار وەزیری بازرگانی دەرەوەی فەرەنسادا سەبارەت پەیوەندی پیشەسازی نێوان هەردو وڵات گفتوگۆیان کردوە .

لەو گفتو گۆیەدا کە پاش نیوەروی هەمان رۆژ لە بارەگای بەرێز وەزیری پیشەسازی لەگەل بەرێز وەزیری بازرگانی دەرەوەی فەرەنسادا کراوە ، لەسەرجەمی ئەو پرۆژانە کۆزلراوەتەوە کە کۆمپانیاکانی فەرەنسا لە وڵاتدا جێبەجێیان دەکات لەگەل چونیەتی نەهێشتنی ئەو کۆسپانەی دێنە سەر رێگای جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژانە . وە لەلایەکی ترەوە رۆژی یەك شەممەی رابوردو لە بارەگای وەزارەتی دەرەوە کۆبونەوەی لیژنەی هاوبەشی هاوکاری ئابوریو هونەری نیوان عیراقو فەرەنسا دەستی پێکردوە .. لە کۆبونەوەکەدا لەو هۆیانە کۆزلراونەتەوە کە دەبنە مایەی پەلە کردن لە جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژانەی لە سەری رێککەوتون .

هەروەها بەرێز وەزیری بازرگانی دەرەوەی فەرەنسا لەگەل بەرێز عبدالمنعم السامرائی جێگری وەزارەتی نەوتدا کۆبۆتەوەو بامی پەیوەندی هەر دو وڵات کراوە لە مەیانی نەوتدا .

هەڵسەنگاندنێکی رێبازی ـ پاشماوە

شاڵاوێکی توندی کرایە سەرو نووسەرو رەخنەگر ساغ هێرشێکی سەختی برایە سەر . بکەنەوە ..

دوا سەرنجمان ئەوەیە کە دەڵێین

دووەم : ئەم رەخنەیە لە وەی یەکەم خەستترە ، ئەمەیان دەڵێ خەون و هونەر ناشبێنەیەك ، جیاوازیان ئەوەیە کە هونەرمەند لە کاتی نووسینیدا ئاگای لە خۆیەو دەستی بەسەر بەرهەمەکەیدا دەشکێ کەچی کابرای خەون دەبینی وا نییە ، نە ئاگای لە خۆیەو نە دەسەڵاتیشی بەسەر خەونەکەوە هەیە .. بۆی هەیە خەون خورتە ئینترافێك بێ ، بەڵام هونەر وا نییە ، هونەر بەرهەمی هونەرمەندە .. (لایونیل ترلنك)و (کنت بیرك) هەردووکیان لەم جیاوازیەیان کۆلیەوەو هەولیاندا بە ووتارنووسین سوودو بایەخی سایکۆلۆجی بۆ شاعیر دابنێن لە کاتی نووسینی ئەو ووتارەیاندا ئەو بابەتە بەرچاو بکەن کە ئەو کاتە ئەو شاعیرە ئەیکا ، ئەو کاتە ئەو شاعیرە ئەیکا ، ئەو کاتە ئەو شاعیرە ئەیکا ،



لەدەروەی سنور

«ڤیدریکو ڤیللینی» ریبازی ژیانی «کازانۆڤا» ئەکاتە پەیرەوی سوریالیانەی خۆی

دەرهێنەری گەورەی ئیتالیایی «ڤیدریکو فیللینی» ، خەریکەلە وێنەی گرتنی تەواوی فلیمەچاوەروانکراوەکەی ببێتەوە ، کە بە ناوی «کازانوڤا»وەیە ، لەمبارەیەوە بە ڕۆژنامەگەرەکانی وتوە :

(دەرهێنانی ئەم فلیمە ، بەلامەوە ، وەکو سەفەرێك بوو بەئاسمانا ، لە کاتی دەرهێنانیا ، وەکو یەکێك وابووم کە بیەوێ بە زووترین کات لە نەخۆشیەکەی رزگاری بێ) •

لە ڕاستیشدا «فیللینی» جێرا لە نەخۆشیەکەی رزگاری نەبوو» چونکە ئەمە نۆ مانگە خەریکی کازانۆڤایەو هێشتا ئیشی تیا تەواو نەبوەو ، تووشی زۆر گێرەو کێشەی کردوە •• وەکو دزینی چەند بەشێك لە سەرەتاکانی فلیمەکەو ، گوناهبارکردنی «فیللینی» لە لایەن وەبەرهەم هێنەری (منتج) فلیمەکەوە «ئەلبرتو گریمالدی»

بە دەس بلاوی و زۆر خەرج کردن کە ئەمەش بووبە هۆی راگرتنی وێنەگرتن لە گەرمەی کارا ، بەلام ئەوە بوو «فیللینی» خۆی گەیاندە دادگاو دەستە باجە رانەوەستاو لە دواییدا توانی بەسەر ئەبەرهەم هێنەری فلیمەکەدا زال بێو دەس بکاتەوە بە وێنەگرتن •

چەند ساڵێکە فلیمی کازانوڤا جێنۆمێدی ئەم دەرهێنەرە گەورەیەیەو ئەمە یەکەم فلیمیەتی کە بە زمانی ئینگلیزی دەری ئەهێنێ ، «فیللینی» ژمارەیەکی زۆری ئەکتەری فلیمەکانی تری خۆی بۆ ئەم فلیمەی کۆکردۆتەوە ، بە تایبەتی ئەوانەی لە فلیمی «ساتیریکون»ی ساڵی ١٩٦٩ی دەوریان بینیبوو ••• زوربەی قارەمانەکانی کازانۆڤا لە هەندێ کەسی ناڤاسایی بێك هاتوە ••

«فیللینی» پێشوازیەکی گەرمی بۆ ئەم فلیمەی لە بایەختی ئیتالیادا مسۆگەر کردوە ، چونکە قارەمانەکانی کە لە سەدەی هەژدەهەمدا ژیاون ، لە ڕاستیا ڕەمزن بۆ خەڵکی ئیتالیای ئەم سەردەمە• بەڵام •• ئەو کازانوڤایە کێیە کە بۆتە نارنیشانی ئەم فلیمە ؟

کازانۆڤای ڕاستەقینە ـ کە لە فلیمەکەدا ـ دونالد سوژلاند ـدەورەکەی ئەبینێ ـ ڕۆشنبیرێکی ئارام نەگەرتووی بەرەڵای خەڵکی ڤینیسیا بووەو لە گەشتەکانیا بە ئەوروپادا خۆی لە سەدان خانم نزیك کردۆتەوەو باش ئەوەی کاری پێیان نەماوە بە جێی هێشتون، یادداشتەکانی کازانوڤا لە سەرگوزەشتە ژاتیە کلاسیەکانی سەدەی هەژدەم ئەژمێردرێ ، بەڵام فیللینی لە گەڵ ئەم ڕایەدا نیەو دان بەوەدا ئەنێ کە لە باش خوێندنەوەی یادداشتەکانی کازانۆڤا تورەبوەو دڕاندویەتی و لەم بارەیەوەو ئەڵێ :

(بە داخەوە ، بێش خوێندنەوەی یادداشتەکان ، ریکەوتننامەی دەرهێنانی فلیمەکەیم ئیمزا کردبوو ، کازانۆڤا هیچ باسێکی سروشتی نەکردوە،چ منال چ دارودرەخت ئەو بەدفەرە ئەڵێی لە ناو قەرەوێلەیەکدا بە ئەوروپادا گەڕاوە) •

هەر چەند فیللینی ڕەخنەی زۆری لەم یادداشتانە گرتوە ، بەڵام هێشتا هەر گرنگیەکی باشی داوەتێو ، ئەوە دە ملیۆن دۆلارەی بۆ وەبەرهەم هێنانی فلیمەکە تەرخان کراوە ، بەرنك وبێکی بە کاری هێناوە بۆ دەرخستنی ڕوانگەی سوریالیانەی کازانۆڤای ئەربەدەر •

هەر چەند تا ئێستا وێنەی هەموو بەشەکانی فلیمەکەی نەگیراوە ، بەڵام ئەوەی تەواو بوو کە لە ٣/٢ فلیمەکە زیاترە هیچ شتێ نابەخشێ کە هەستێکی ریالیزمانە یان مێژوییانەی تیا بێ ، وە ئەگەر بێکەوە نانی بیروڕایەك دەربارەی ئەم فلیمە لە ئێستاوە زۆرگران بێ ، ئەوا ئەوەش گران ئەبێ بڵێین کازانوڤا وێنەیەکی واقیعی ڤینیسیای سەدەی هەژدەهەم پێشکەش ئەکا ، فیللینی دەرهێنەر ، لە سەر ڕێبازێکی ریالیزمانەی سایکۆلۆژی ئەڕوا نەك ڕێبازێکی ریالیزمانەی بابەتی (موضوعی)و هەر تێکستێکی ئەدەبی یان سیاسی بکەوێتە دەست بە گوێرەی ویستی خۆی تێی ئەڕوانێو ئەیکاتە بەشێك لە ئەندیشە خەستەکانی خۆی •

کەوابوو ، ئەم فلیمە وێنەیەکی تەواوی ژیانی کازانۆڤا نیە •• لێرەدا فیللینی ئەڵێ :

(لە فلیمەکەدا ڕێبازێکی مێژویی یان ئایدیۆلۆژی نابینی، بەڵکو چەند وێنەیەك ئەبینێ لە چەند تایلۆیەکدا لە گەڵ کەمێ بایەخدان بە دستورەکانی بینراوەوە (المنظور) ، بەڵام ئەو وێنانە ئەوەندە کاریگەرن لە دەربڕینا ، خوێن لە دەمارەکانی ئادەمیزادا ئەمە ئینێو ، تەماشاکەر نوقمی خەوێکی فرۆکەیەکی زل وام ئەمەوێ لە نۆکەئدی ڤینیسیادا دەرکەون•• نۆڤیانوس بپەڕمەوە ، مێرد هەر لە گەڵ گلۆبە سوورەکەی تاقمەکەم ئەمانەوێ ئەم سەرکامێراکە سوور هەڵگەڕا •• پەڕینەوە سەرکەوتوە بکە ینە هاواری کرد •

نوکتەیەکی گەورە) •

« ڕاوەستە » ! سەرنجیدا

ئەوەی کە سەرنج ڕائەکێشێ هەندێ لە مشکەکان سپین •• ئەوەیە « مایسترۆ » گرنگی بە بۆیە یەکسەر داوای لە یاریدە بچوکترین شت ئەدا ، بۆ نموونە دەرەکانی کرد کە بە بۆیەی لە کاتی وێنەگرتنی ئەم فلیمەدا قاوەیی ڕەنگیان کەن ، بۆ داوای دوو سەد مشکی کردبوو ئەوەی دیمەنەکە سەرکەوتوو کە لە وێنەگرتنی دیمەنێکی تر بێ •

فلیمەکە ئەگەڵ دیمەنی سەکسی گەرمی تیایە ، کە فیللینی لە هیچ فلیمێکیدا بەو چەشنە پێشکەشی نەکردون ، لە دیمەنێکی فلیمەکەدا کازانوڤا ئەبینی لە گەڵ بووکە شووشەیەکا (خەریکە) ، لە دیمەنێکی ترا لەگەڵ ڕاهیبەیەکی زۆر شارەزای سیکسدا (خەریکە !) •

کۆتایی فلیمەکە جۆئیەتی گیانەڵاو مردنی کازانۆڤا پیشان ئەدا کە چۆن بە لاوازیو بێ توانا بە سەر بەفرەکەدا ئەڕواو پەل ئەهاوێو پای شەو باڵتۆ پەڕپەڕدارەکەی ئەشەکێنێتەوەو بۆ ماوەیەك کازانۆڤا ئەوەستێتە پێوەو دوایی لە سەر ئەژنۆکانی بەسەر بەفرەکەدا ئەکەوێتو بووکە شووشەکە لە خەیاڵیا ئەبێتە ئافرەتێکی ڕاستەقینەو پێکەوە دوا سەما ئەکەن ، کە سەمای (یاری ژیانە) •

لە گەڵ فیللینیدا ، یان وەکو ناویان لێ ناوە لە گەڵ « مایسترۆ »دا چگە لە ئەکتەرو یاریدەدەرەکانی خۆی تیپێکی تەواو لە ستۆدیۆدا لە گەڵیا کار ئەکەنو هەموو لە ژێر فەرمانی ڕاستەوخۆی ئەودان •

مایسترۆ ئەڵێ :

(وەکو فرۆکەوانی فرۆکەیەکی زل وام ئەمەوێ لە ئەو ڕۆژەدا هەر لە گەڵ گلۆبە سوورەکەی سەرکامێراکە سوور هەڵگەڕا •• هاواری کرد •

ئەوەی کە سەرنج ڕائەکێشێ هەندێ لە مشکەکان سپین •• بۆیە یەکسەر داوای لە یاریدە دەرەکانی کرد کە بە بۆیەی قاوەیی ڕەنگیان کەن ، بۆ ئەوەی دیمەنەکە سەرکەوتوو تر بێ •

بۆزانین

وەزارەتی کاروباری نیشتەجێ کردن

بەڕێوەبەرێتی کاروباری گشتی

موناقەسەی ژمارە (٧٦/٤٤)ی نهێنی سەبارەت دروست کردنی سەرای ئەتروش پارێزگای نەینەوا بەم بۆزانینە ڕای ئەگەیێنین موناقەسەیەکی نهێنی هەیە بەم مەرجانەی خوارەوە :

١ ـ ئەتوانرێ ئیستیمارەی مەرجەکانی موناقەسە لە مدیریەتی اشغال لە پارێزگاری نەینەوا وەربگیرێ بەرامبەر بە (٣) سێ دینار کە نادرێتەوە وە لەسەر بەڵێندەرە مەرجو مواسەفاتی فەنی بکرێ لەکاتی وەرگرتنی موناقەسەکەدا •

٢ ـ دواکاتی دانی عطائات پێش سەعات (١٢)ی نیوەڕۆی دووشەمە ١٤ـ٦ـ١٩٧٦ ئەدرێ بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی عطائات لە مدیریەتی اشغالی گشتی‌ی پەشی حقوق‌و عقود ماوەی تەواوکردنی کارەکەش (١٠) مانگە •

٣ ـ لەگەڵ عطائاتدا ئەمانە ئەدرێ :

أ ـ تأمیناتی سەرەتایی (٧٠٠) دینارە لە شێوەی کەفالەتی بەکار بۆ ماوەی (٦) مانگ •

ب ـ هەویەی ژوری بازرگانی لەگەڵ وەسیقەیەکی بەڕێوەبەرێتی باجی دەخل کە ئەمسال تازەگرابێتەوە •

حـ ـ لیستەیەکی ئەو کارانەی لە مەئەچن •

د ـ هەویەی قۆنتەراتچێتی •

٤ ـ هەر عطائاتێك لەکاتی دیاری کراودا پێشکەش نەکرێ وەرناگیرێ •

٥ ـ ئەم بەڕێوەبەرێتی‌یە مولزەم نی‌یە بەوەرگرتنی نزمترین عطائات یان هەر عەتائاتێکی تر •

٦ ـ عەتائاتەکان لەکاتی دیاری کراوا وە لەبەر چاو قونتەراتچیەکانا ئەکرێنەوەو ئەنجامە سەرەتاییەکانیان لە لەوحەی ئیعلانات‌دا هەڵ ئەواسرێ •

٧ ـ بۆ هەر ڕۆژێك دواکەوتن (٢٠) بیست دینار سزایەتی وە پێویستە لەسەر قۆنتەراتچیەکە هەر قۆنتەراتەکەی وەرگرت ئەندازیاری سەربەرشتکار دیاری بکات •

عبدالوهاب المفتی

بەڕێوەبەری گشتی‌ی اشغال

* * *

• سوپاس •

لە ڕۆژی ٢١ـ٥ـ١٩٧٦ دا (عبدالله امام احمد) کۆچی دوای کرد ، بەناوی خۆم‌و هەموو ئەندامانی خێزانی خوالی خۆشبووەوە زۆر سوپاسی خەلك و کاربەدەستانی قەلادزی ئەکەم کە ئەرکی هاتنە سەر قەبران‌و پرسە پرسینیان بەهاتن‌و نامە خستە سەرشانی خۆیان • لەخوای گەورە ئەخوازم توشی هیچ نەهامەتیەك نەبن •

سید علی سید مجید

بەرێ کردنی (پاشماوە)

پاراستنی یەکیتی‌و ریزی لوبنان‌و بۆ ئەوەی هیزەکانی دوژمن بەزایونیزم زیاتر یەکگرتوو بەهێزبن •

عیراق‌و یەکیتی سوفیەت پشتگیری خۆیان بۆ تێکوشانی وڵاتە بێلایەنەکان‌و هەوڵدانیان دژی سیاسەتی دەستدرێژی‌و دەستتێکەڵی ئیمپریالیزم لە کاروباری ناوخۆدا دەربڕی‌وە • وە لە پێناوی چەسپاندنی سەربەخۆی‌و سەربەستیاندا لە کارکردن بەسامانی سروشتیانداو دامەزراندنی پەیوەندی ئابوری لە سەربنەڕەتی یەکسانی‌و سودی بەرامبەر « دەفی بەیاننامە دوو قولیەتە ل ٣٠٠ بخوێنەرەوە »

ئەوەی شایەنی باسە ، پیری بەیانی هەفتان بەلیکی کوسیگین ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنستی سوفیەت‌و سەروکی ئەنجومەنی وەزیران‌و ئەو وەفدەی لە ئەلیا بو بەغدایان بەجێ هێشت دوای سەردانە ڕەسمی‌و دۆستانەکەیان بۆ وڵات کە چوار ڕۆژی خایاند لە سەر خواستی حزبی بەعسی سۆشیالستی عەرەب و ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش‌و حکومەتی عیراق بوو •

میوانی سوفیەتی بە ڕەسمی لە ئۆڕگەخانە لە لایەن هەڤال صدام حسین جێگری سەرکردایەتی قطرو جێگری سەروکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش‌و بەری ڕاء هەروەها لە بەرێ کردنەکەدا ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش‌و هەڤالان ئەندامانی سەرکردایەتی قطری‌و وەزیرەکان‌و سەروکی بەرکانی سوباو کاربەدەستە گەورەکانی تر ئامادە بوون •

سوپاسنامە بۆ هەڤال بەکرو هەڤال صدام حسین

هەڤال احمد حسن البکر سکرتیری سەرکردایەتی قطری حزبی بەعسی سوشیالستی عەرەب سەرەك کۆمەڵو هەڤال صدام حسین جێگری‌سکرتیری سەرکردایەتی قطرو جێگری سەروکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش سوپاسنامە یەکیان لە هەڤال ئەلیکسی کوسیگین ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی‌حزبی کۆمۆنستی سوفیەت سەروکی ئەنجومەنی وەزیرانە وە بی‌گەیشتوە بە هوی کۆتایی سەردانە ڕەسمیەکەیەوە لە وڵاتەکەی ئەمەش دەقی بروسکەکە کەیە :

هەڤال احمد حسن البکر سکرتیری سەرکردایەتی قطری حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب سەروکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش سەرۆك کۆماری عیراق •

هەڤال صدام حسین جێگری سکرتیری سەرکردایەتی قطری حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب جێگری سەروکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورشی کۆماری عیراق •

کاتێ وڵاتی دۆستمان بەجێ ئەهێلم ئەمەوێ بە بەرمی سوپاسی خۆم ئاراستەی گەلی عیراق و حکومەتی کۆماری عیراق‌و سەرکردەکانی حزبی بەعسی سوشیالستی عەرەب‌و خۆتان بکەم بەرامبەر ئەو پێشوازیە گەرمەی لە ئەلمانا نوێنرا لە عیراق •

پێگەیشتنەکانمان لە کەلتان نیشانەیەکی نوێیە لە ڕێگای بتەوکردنی داهاتوی بەیوەندیەکانی دۆستایەتی بەینی گەلی کۆماری عیراق‌و گەلانی یەکیتی کۆمارە سوشیالستەکانی سوفیەت‌و زیاتر لە یەك گەیشتن فراوان ئەکات بۆ بەشداری‌ناوکوی لە پتەوکردنی ئاسایشی دەوڵەتاندا‌و مەسەلەی ئاشتی وپیشکەوتن •

ئیمزا

ئەلیکسی کۆسیچین

١ی حوزیران ١٩٧٦

نێوان هەردوو وڵات

دووشەممەی ڕابوردووش لە بارەگای ئەنجومەنی نیشتمانی ڕێکەوتنی گەشەپێدانی‌هاوکاری ئابوری‌و تەکنیکی بەینی‌عیراق‌و یەکیتی سوفیەت مۆرکرا کە لەم بارەیەوە هەڤالان صدام حسین‌و کوسیگین شادمانی خۆیان دەربڕی‌و هیوایان خواست ئەم ڕێکەوتنە دەوری خۆی لە قوڵکردنەوەی پەیوەندیەکانی نیوان هەردوو وڵاتا بگێرێ •

بۆزانین

بەوپێیەی لە نووسراوی ئەنجومەنی ڕێکخستنی بارزگانی ژمارە ١٢٥٢ لە ٢٤ـ٥ـ١٩٧٦ دیاری‌کراوەو بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان‌دراوە بریارەمان‌دا :

یەکەم : نرخی یەك کیلۆ گرام گۆشتی مریشك شەش سەد فلسە •

دووەم : هەموو فرۆشیارێکی دانە « مفرد » بۆیستە بەم ترخە بفرۆشی‌و ئەوەی سەرپیچی بکات بە پێی بەندەکانی یاسای ڕێکخستنی بارزگانی ژمارە ٢٠ی ساڵی ١٩٧٠ سزا ئەدرێ •

حسن العامری

وەزیری بارزگانی ناوخۆ

بە یارمەتی ئیوەیە (پاشماوە)

خەیاڵی شاعیرو ، هەستی هونەرمەند •••؟!

● هەموو ئەو ڕۆڕینە نوێیانەی بە سەر ژیان‌و واقیعی کۆمەڵایەتیمان‌دا هات : بەیاننامەمێژووییەکەی ١١ی ئادار •• یاسای نۆتۆنۆمی •• بەرەی نیشتیمانی‌و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز •• دەست لە تۆڕەکانی سیخورایەتی وەشاندن بتەوکردنی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئۆردوگای سۆشیالیستی‌و لە ڕووی هەموو بیلان‌و پڕۆژە گومان لێکراوەکانی ئیمپریالیزم وەستان‌و پشتگرتنی جوولانەوەی رزگاریخوازەکان •• هەنگاوەکانی شۆڕش لە ڕێگای کۆرین بەرەو سۆشیالیستی •• بە خورایی فێرکردن •••

ئایا ئەم هەموو کۆڕانە چاکانە ـ ئەگەر نەڵێم شۆڕشگێرانانە ـ کەرەسە نییە بۆ داستانێکی‌فیکری کە لە واقیعی ژیانمانەوە وەرگیرابێ ؟!

● ئاشکراتر ئەڵێم :

◉ پاش هەشت ساڵی کۆرانی بنەرەتی ـ بە هیچ جۆرێك‌ناشی‌نووسەر لە لای ئێمە هەر لە شوێنی خۆی‌دا هەلبەزێتەوە ، چونکە ئەبێ مەسەلەو پەیامەکەی بەرامبەر بە کۆمەڵە شۆڕشگێڕە نۆتیکەی بەخشندەترو بەرهەمی زیاتر بێت •• ڕێگای ڕاست بگرێتەبەر •

● بۆ ئەو کەسانەی کە بە خۆیان ئەلین نووسەرو پێشکەوتن خواز « خوا ئاگادار بی ئەوەی بیویست بو ڕام‌گەیاند »

ڕەفتاری دایك‌و باوکانی (پاشماوە)

••• ٢٣ منال دایك‌و باوکیان زۆر تەواو بوون

••• ٧٠ منال دایك‌و باوکیان زۆر باش بوون

••• ٢ منال دایك‌و باوکیان باش بوون

١ ٥٠٠ منال دایك‌و باوکیان خراپ نەبوون

٠٥٤ منال دایك‌و باوکیان ئاوێ نادەنە منالەکانیان

وە لە وەڵامەکانیانا ئەم « دە بنچینە ئالتروئیەمان » دەست ئەکەوێ ، کە هەڵدارین دایك‌و باوکان ڕەچاوی بکەن :

١ ـ هەرگیز لە بەرچاوی منالەکانتان شەڕو دەنگەدەنگ مەکەن •

٢ ـ هەموویان بەیەك چاو سەیر بکەن •

٣ ـ هەرگیز درۆیان لەگەڵا مەکەن •

٤ ـ گیانی لێبوردنتان تیابێت ••

٥ ـ گیانی دۆستایەتیشان تیا زۆر بێت •

٦ ـ ڕێز لەهاوڕێکانیان بگرن کە دێن بۆ لایان •

٧ ـ هەمیشەو بەوپەڕی دڵفراوانیەوە وەڵامی پرسیارەکانیان بدەنەوە •

٨ ـ لەبەرچاوی هاوڕێکانیان سەرزەنشتیان مەکەن‌و سزایان مەدەن •

٩ ـ هەڵەکانیان زۆر لێزل مەکەن ، ڕێزی ڕەووشت‌و کردەوە جوانەکانیان بگرن •

١٠ ـ گیانی « خۆشی » نارمال بەیارێزن ، چاوێری‌و خۆشەویستیتان هەمیشە بێ ، ئاسوودە بی‌و عیتمیقان بێ بسانەوە بێت • بۆ ئەوەی لەو کۆمەڵە دایك‌و باوکانەبین کە منالەکان ووتیوویان :

« دایك‌و باوکمان زۆرباشن ، جگە لەوان ئاوات بەدایك‌و باوکێکی‌تر ناخوازین » •

Institut Kurde de Paris

بە یارمەتی ئێوە !

راست گۆ

● نووسەر (هەمیشە) خاوەن مەسەلەیەك و پەیامێکە کە بیرو بەخشندەیی خۆی ئەخاتە ژێر باری و ، ئەبێتە ئەرکێکی گرنگی سەرشانی لە هەر بیتێك دا ئەینوسێت و لە هەر وشەیەك دا وێنەی ئەکێشێت .

● کاتێك نووسەر واز لە مەسەلەو پەیامەکەی ئەهێنێت ، وەکو گیان لەبەرێك کە لەگەل مەنتیقی جووڵانەوەو پەرەسەندنی کۆمەڵی ئادەمیزادا تێکەڵاو بێت ، کۆتایی دێت . چونکە مەسەلەی نووسەر ئەبێ لە گەلیا بەردەوام بێت و ، پەیامەکەی بەرامبەر بە کۆمەڵ لە خۆش و ناخۆشدا لە نوێ بوونەوەدا بێت، باوەڕیش ناکەم نووسەرێکی مولتەزیم بە مەسەلەکانی کۆمەڵەکەیەوە نەتوانێ ئەو لایەنە دەست نیشان بکا کە بۆی ئەنووسێت یان پێویستە بۆی بنووسێت

... کە وا بوو ئەو نووسەرەی نەتوانێ ئەم ئەمەرکەی دەست نیشان بکا ناتوانی پەیمانی خۆی بە جی بێنێ ، ئەگەر نەڵێم - لەبنەرەتا - ناتوانێ لە مەسەلەو پەیامەکەی خۆی بکا .

● بە شێوەیەکی ئاشکرا ئەتوانین بڵێین: ئەو قۆناغەی کە کۆمەڵەکەمان لە ئەقیدەوەی شۆڕشی ١٧-٣٠ ئەمووزی پێشکەوتنخوازو سۆشیالیستەوە لە سەر ئەم خاکەدا ئەیبینێ . ئەو بارە بەپیتەیە کە نووسەر بایەتی بیرو بەرهەمی خۆی لێوە هەڵئەهێنجێ .

● میللی کردنی ئەوت بەو هەموو دەستوەشانە بەپەی کە لەو مۆنۆپۆلە بێدەنانەی وەشاند کە ساڵەهای ساڵ بوو بەرهەمی بەخشندەی خاکەکەمان و مافی گەلەکەمانی لەو بەرهەمە ئەدزی ... ئایا نموونەیەکی تیرو تەسەلی بەخشندەیی و ئەو ئاوەڕۆکانە نیە کە بڕ لە دەیان بابەت و مەسەلەی زیندوو بێت بۆ نووسەر ...؟!

● هەروەها هەزارەهای ئەو وەرزێرانەی کە بە درێژایی ساڵان لە ژێر باری چەوساندنەوەو زوڵم وزۆری دەسەڵاتی «ئاغا» و «شێخ» مەکان دا ئەیان ئاڵاندو ، پاشان شۆڕشی یاسای چاککردنی کشتوکاڵی وراست کردنەکانی پێ بەخشیە ، زەوی و - هۆی کشتوکاڵ و کەرەسەکانی گرتەوە و ، بە شێوەیەکی دیموکراتیانەی شۆڕشگێرانە ڕێکیانی خست ... ئایا هەموو ئەم بەخشینانە داینە مۆبەك - ئەگەر نەڵێین بزیواندنێك - نیە بۆ بیری نووسەرو ،

بڕوانە ل - ١١ -

کچە هونەرمەندێکی عەرەب لە پاریس

نەخش و نیگارەکانی ئەمەر کراسی کچانی لەندەن و پاریس ئەنەخشێنێ

ئەو نەخشو نیگارانەی کچە هونەرمەندی عیراقی « نشوی قطان » دروستیان ئەکا ، گیانێکی ڕۆژهەڵاتی وای پێوەیە سەرنج ڕائەکێشێ و بەتایبەتی لای جیهانی ڕۆژئاوا زۆر پەسەندەو ئەم هونەرمەندە لەزۆر پێشانگای چنین و رستنی جیهاندا بەشداری کردوەو لەم ڕێگایەوە نەخشەکانی کەیشتە سەر جل و بەرگی کچانی لەندەن و پاریس و ئەلەمانیا و ئەمەریکای لاتینی و ژاپۆن .

چاپکراوی نوێ

کاوەی ئاسنگەرو ئەژدهاك

بەو ناونیشانەی سەرەوە ، کتێبێکی نوێ دەرچوە کە کاك « صابر گردە عازەبانی » نووسیویەتی و بەیارمەتی دەزگای « هاوکاری » جاران لە چاپ دراوە . کتێبەکە لە قەوارەی گەوردەایەو بریتی یە لە (٩١) لاپەڕە .

لە کۆمەڵی سەرمایەداری دا !

بەرێوەبەری مەلبەندێکی داوێپیسی هەڵبژێردرا بۆ سەروکی شارەوانی سان فرانسیسکو ..

ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا لەم دواییەدا هەواڵێکی سەیریان بڵاو کردۆتەوە کوایە (سالی ستانفورد) کە سەرپەرشتکاری مەلبەندێکی داوین پیسی بوو لە (سان فرانسیسکو) لە هەڵبژاردنی شارەوانیدا دەرچوە ، کارەکە بەمەشەوە ئەوەستاوە هاورێکانی لە ئەنجومەنی شارەوانی شارەکەدا کردویانە بەسەرۆکی شارەوانی یەکان .

ئەم هەواڵە لەناو خەڵکی وڵاتی ئەمەریکادا ئاژاوەیەکی گەورەی نایەوە تەنانەت مەخاتوە ستانفورد وتویە : خەڵك لە بەر ئەوە هەڵیان بژاردوم کە لەدەرونیان ئەکەمو دڵیان ڕائەگرم .. ئەوکاتە ڕۆژێ کەخەڵك بیر لە بیشەی ڕابوردوم بکەنەوە .

ئەوەی کە جێگای سەرسوڕمانە ئەوەیە ئافرەتێکی بەو جۆرەناسراو چۆن هەڵبژێردراوە بۆ سەرۆکی شارەوانی سان فرانسیسکو .. ئەمە نمونەی ئەوقۆناغە بێرەوشتیەیەکە ڕێژیمی سەرمایەداری ئەمەریکا پیایدا ئەروات .

ئەوکەسەی گیفارای گوشت بالوێزی پۆلیفیا بوو لە پاریس

پاریس -١١- ئازانسەکان : هەفتەی ڕابوردو لە پاریس لاشەی جواکیم زاتینو ئەنایای بالویزی پۆلیفیا لە پاریس بە کوژراوی دۆزراوەتەوە ئەوانەی چاویان لە کارەساتەکە بوو وتویانە : ناوبراو لە کاتێکدا خەریك بوو سواری ئۆتۆمبیلەکەی بێت و بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە دوو کەس داویانەتە بەر تەقەو ڕایان کردوە .. بالوێزی ناوبراو سەرۆکی ئەو کۆمەڵە چەکدارە پۆلیفیایە بوو کە لە ساڵی ١٩٦٧دا گیفارای شۆڕشگێریان کوشت .

زاتینو لە ساڵی ١٩٧٣وە بالوزی پۆلیفیایە لە پاریس ، بەر لەوەش ژەنەرال بوەو ئەرکی سەرکردەی سوپای پێسپێردراوە تاکو ساڵی ١٩٧٣ کە دەستی لە ئیش و کاری ئەسکەری کێشرایەوە چونکە بەوە تاوانبارکرا کە توانای بەڕێوە بردنی ئەرکی سوپای نیە دوای ئەوە کەیەکێك لە وەزیرەکان کوژرا .

★

ئەسپێك و ... دو هونەرمەند

ئەگەر هونەرمەندێك نیگارێك بکێشێ شتێکی ئاسایی یە، بەڵام ئەگەر دو هونەرمەند لەیەك کاتا خەریکی نیگارێك یان دروست کردنی تابلۆیەك بن ئەمەیان ئاسایی نیەو جێگای سەرنجە ، هەربەو سەرنج دانەش بۆت دەرئەکەوێ کە بەهرەو توانای کام هونەرمەند لەوی تریان زیاترە ، چونکە بەهرەی هونەرەکەی لە بەرهەمەکەیا دەرئەکەوێ وەکو لەم وێنەیەدا دەرئەکەوێ کە دو هونەرمەند خەریکی ئەوەن نیگاری نۆمایەك بکێشن و بەئاشکرا بەهرەو توانای هونەری هەردو هونەرمەندەکە لە تابلۆکەدا دەرئەکەوێ .

هەمە چەشنە

ئەوکەسەی گیفارای گوشت بالوێزی پۆلیفیا بوو لە پاریس

پاریس -١١- ئازانسەکان : هەفتەی ڕابوردو لە پاریس لاشەی جواکیم زاتینو ئەنایای بالویزی پۆلیفیا لە پاریس بە کوژراوی دۆزراوەتەوە ئەوانەی چاویان لە کارەساتەکە بوو وتویانە : ناوبراو لە کاتێکدا

ئەندوستی

وڕگ و .. هاوین

لە هاوینانداو بە تایبەتی لەو ماڵانەدا کە گەرما بە تەواوی باڵ بەسەر هەموو شتێکدا دەکێشێت ، زۆرکەس توشی جۆرە نەخۆشیەك دەبن کە ناتوانن ئەو خواردنەی دەیخۆن بە چاکی هەزمی کەن ..

ئەخۆشی کەم توانایی هەزم کردن ، دکتۆرەکان ئەڵێن ئەگەر ماوەیەك چارەسەری پشت گوی خرا ، ئەوە ئەو کەسەتوشی نەخۆشی دەبێت و لەشیشی وای لێدێت کە توانای سەوەی نەمێنێت کە بەربەرەکانی نەخۆشی بکات ، واتە ئەو کەسە زۆر توشی نەخۆشی جۆر بەجۆر دەبێت ، بەتایبەتی سەبارەت منداڵان ، ئەوە ئەو منداڵە زۆر لاواز دەبێت و توشی کەلەمك نەخۆشی تر دەبێت ، خۆ ئەگەر منداڵەکە شیرەخۆرە بێ ، ئەوەتا بە کورچی چارەسەری نەکرێت ئەو منداڵە بەو نەخۆشی یە دەمرێت .

ئەو بارەیەوە یەکێك لە دکتۆرەکانی زانستەای ئەزهەر دەڵێت :

دەتوانین ئیمە خۆمان لەو نەخۆشی یە بپارێزین ، بەوەی خۆمان ڕابێنین کە بە پەلە نان نەخوین و خواردن و جۆرەکانیان ڕیکخەین و لە توڕەیی و کرژبون دورکەوینەوەو خۆمان لە خوێندنەوەیەکی قوڵو بەردەوام بپارێزین ، لەو حالەتانەدا چاك ڕایە بە کەم کردنەوەی خواردن (ڕجێم) خۆمان چارەسەرکەین .. هەروەها دەڵێت لە کاتی نەخۆشی هەزم نەکردندا پێویستە بە هۆی تاقی گاوە هۆی ئەو کەم هەزمی یەمان بزانین تا دکتۆر جۆری خواردنەکانمان بۆ دەست نیشان کات .

بەڵام سەبارەت بە منداڵان ، زۆر جار منداڵان بە هۆی چەوری یەوە توشی کەم هەزمی ئەبن ، بۆ چارەسەری ئەوەش دەبێت ڕۆن لە خواردنیاندا کەم کرێتەوە .. لە کەل ئەمانەشدا فیتامینەکانی أ ، ی ، د ، ك زیاتر بدرێتێ .

بڕوانە ل - ٩ -

● بریجیت باردۆ ●

بیر لە شوکردن و سەقام یری ئەکاتەوە .. !

ڕۆژنامەیەکی هەندەران ، بەرسیاریکی سەبارەت باری سەرنج بەرامبەر مانای خۆشەویستی ئاراستەی دەستەیەك ئەکتەری سینەمایی کون کردوەکە بەراوردی خۆشەویستی وەك ئەوان [illegible] کەل ئەوەی نوێ چون لیك ئەدەنەوە !؟

لە وەڵامە سەرنج ڕاکێشەرەکان ، وەڵامی « بریجیت باردۆ » بوو کەوتویە !

(دان بەوەدا ئەنیم من ئافرەتێکی کونەویست بووم و [illegible] ، چونکە باوەڕم بە خۆشەویستی کۆن هەیەو شوکردن کۆتایی بەختیاری یە ، خێزان گەورەترین مانایە لای ئافرەت)

لە سەی ڕێژیمی سەرمایەداری دا :

لە ٩٠٪ی منداڵانی بەریتانیا دزن

وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا ڕوپێوێکی کۆمەڵایەتی کردوە کە سەد هەزار جنیهی ئەسترلینی تێچوە ، لەو ڕوپێوەدا ئەوە دەرکەوتوە کە نزیکەی ٩٠٪ی منداڵان لەشاری لەندەن کە تەمەنیان لە ٤ - ١٦ ساڵان ئەبێ دزن ..

وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا وتویە منداڵێکی ئاسایی لە لەندەن بەلای کەمەوە تاکو ئەوکاتەی لە قوتابخانە دەرئەچێ و تەمەنی ئەبێ بە ١٦ ساڵان سەدتاوانی دزی ئەکات .

ئەو کۆمەڵەی ئەم ڕوپێوەیان کردوە لە قوتابخانەی ئابوری لەندەن بون .. وەتوانیویانە بە ١٤٢٥ قوتابی بسەلمێنن کە تاوانبارن ، وە هەر قوتابیەك جنیهێکیان داوەتێ بۆ ئەوەی قسە بکەن و ڕاستی بڵێن .

لە ئەنجامی ئەم ڕوپێوەدا ئەوە دەرکەوتوە کە ٨٨٪ منداڵانی لەتەمەن لە قوتابخانەکانیاز دزی دوە ٧٠٪ لەناوئۆتۆمبیلەکان و عارەبانەی کواستنەوەدا ٣٣٪ لە کۆگاکان ٢٥٪ لە شوێنی تەلەفون کردن و ٥٪ ئۆتۆمبیل و بارهەڵگری گەورەیان دزیوە .

ئەم مناڵە دزانە منالی هەموچینەکانن لە کوڕی لوردەکانەوەبگرە تاکوڕی کرێکاریك .. کچان بەشێکی کەمیان دزی ئەکەن بەڵام کوڕان وایان لێهاتوە کە لەبانقەکانا دزی ئەکەن .

ڕوپێوەکە ئەڵێ نەك هەر لەشاری لەندەن بەڵکوڵە هەموو وڵاتی بەریتانیادا لە ١٠ منال ٩یان دزن .

لێك دانەوەیەك

جوانی ئافرەت و .. سەربەستی ئافرەت !

- شنە -

● زۆر جار کە باسی شتێك ئەکرێ و پێویستمان بە چارەسەرکردنێك ئەبێ ، بیرورا کۆ ئەبێتەوەو هەرکەس بەگوێرەی تێگەیشتن و بۆچونی خۆی بۆ ئەوشتە ڕای خۆی دەرئەبڕێ ، بەڵام هەندێ باسی گرنگ هەیە ، پەیوەندی تێکڕایی بەکۆمەڵەوە هەیە ، لەگەل ئەوەشدا کە ڕێگای چارەسەرکردنی ئاشکرایە ، بەڵام دیسان نابێ تەنیا لەیەك کۆشەوە بۆ باسەکە بچین و واز لە هەموو لێك دانەوەو بۆچونێکی لایەنەکانی تری بێنین کە کەمو زۆر دیسان دەوری خۆی بۆ چارەسەرکردنی باسە سەرەکی یەکە ئەبینێ . لێرەدا ، ئەم قسەیەمان بۆ ئەو کەسانە ئەکەین کە وا ئەزانن ئەگەر باسی پێشکەوتن و رزگاری ئافرەت کرا ئیتر ئەبێ ئافرەت واز لە ئافرەتی خۆی بێنێ و دژی هەموو شتێکیش بێت کە ئافرەتی خۆیی بێ ئەپارێزی .

● لە ژمارە (٣١٥)ی « هاوکاری »دا ، وە هەر لەم لاپەڕەیەدا وتارێکمان سەبارەت بە « پاراستنی جوانی ئافرەت » بڵاو کردبوەوە ، بەرامبەر بەم وتارە ، خوشکە « ڕێواس فیتامینەکانی أ ، ی ، د ، ك زیاتر بدرێتێ .

بڕوانە ل - ٩ -

• میللی کردن •

سەرکەوتنێکی مەزنە لە تێکۆشانی بەرایەتی کوردو عەرەبدا

- دەستگردی هونەرمەند عەلی کەمال -

ئافرەتێکی چیرۆك نووس لە فەرەنسا سەرنجی ڕەخنەگرەکانی ڕاکێشاوە

لە دەزگای چاپەمەنی جیاکردونەتەوە بریار دراوە (کراسیە) لە فەرەنسا باوکی ئەم کارە بکرێتە ئەستۆی چیرۆکێکی پولیسی بەخۆی ، منالەکەش ئەیەوێ لای ناوونیشانی (تاوانیکی زۆردایکی بمێنیتەوە ، بەفەرمانی دادپەروەرانە) کە خاتو (لوسی دادگا قایل نیە ، ئەوە ئەبینێ کە فور) نوسیوێتی بڵاوکراوەـ هیچ ڕێگایەك نیە بۆ گەرانەوەی تەوە ، ئەم چیرۆکە پشت بەلێکۆلینەوەی دەرونی بەشێوەی فرویدی ئەبەستێ لە پیشکەش کردنی بالەوانەکەی - تاوانبارەکە - کە منالیکەو لە دایك و باوکێکی لەیەك دورکەوتونەوەیە .. دادگا لێکی

بڕوانە - ل - ١٠ -

دوا وشە

فۆلکلۆر بریتیە لە لێکۆلینەوەی ژیانی مرۆڤ و ئەو شتانەی کە پەیوەندیان تاکو کۆمەڵ لەڕوی زانیاری و هونەرو وێژەو بیروباوەڕو چیرۆك و شتی ئەفسانەییەوە پێوەی هەیە ، هەروەها لێکۆلینەوەیە لەگەل هەمو ئەو نرخ و نەرێت و ڕەوشتە کۆمەڵایەتیەو سەفەری پاڵەوانانەی ئەوەکانی .

لەبەر ئەوەو لەبەرهونی بایەخی ئەبینین حکومەتی شۆڕشی ١٧ و٣٠ی ئەموزی ئەتەوایەتی پێشکەوتو بایەخی بە فۆلکلۆر داوەو ئەم بایەخەشی لە (میثاق العمل الوطنی)دا دەست نیشان کردوە .

(پاراستنی کەلەپورو ڕون کردنەوەی هەموو لایەنێکی مرۆڤایەتی و پێشکەوتنخوازی شتێکی پێویستە ، بایەخدان بەبڵاوکردنەوەی لەنێوان جەماوەرو جیهاندا ، هەروەها بایەخدان بە کەلەپوری مرۆڤایەتی شارستانێتی دۆڵی دیجلەو فورات و بەکەلەپوری ئەتەوەیی کوردو چونیەتی فۆلکلۆری هەموو ئەتەوەیەك و کەمایەتیکانی قوتری عیراق پێویستە) .

لەبەر ئەوە بۆ پاراستنی کەلەپوری فۆلکلۆری و بەرێگای تۆمار کردنیا ، لەبەرئەوەش کە بەشێکە لە فۆلکلۆری دۆڵی دیجلەو فورات ڕۆشنبیرەکانمان ئەم ئەرکەیان ئەکەونتە ئەستۆو پێویستی بەهاریکاری هەموان هەیە .

بەپێی ئەو سەردانەی کە هەفتەی ڕابردو لەمەرکەزی فۆلکلۆری عیراقیدا بۆ گەران بەشوین ئەو شتانەدا کە پەیوەندی بەفۆلکلۆری کوردیەوە هەیە بەداخەوە ئەڵێم : ئەوەی مەبەستم بو چنگم نەکەوت .. کە لەبەرێز بەڕێوەبەری مەرکەزم پرسی .. ئە وەڵامی وتی: بۆ ئەم مەبەستە گەلی پەیوەندیمان کردو دەستیشمان لە واز لێ ئەهێنانی هەڵنە گرتوە بەڵام ماوەیەکە ئەو نوسینانە نەماون . بەرێز بەڕێوەبەری مەرکەز بەدورو درێژی لەم بارەیەوە دوا .. جا بەم بۆنەیەوە وای بەباش ئەزانم کە هەمو دەزگایەکی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بەتایبەتی دەزگای ڕۆشنبیری ڕەسمی کوردی کە مەبەستم لەدەزگای ڕۆشنبیری کوردی و کۆری زانیاری و یەکێتی و کۆمەڵە وێژەیی و ڕۆشنبیرەکانە کە بۆ هاندان و جوڵانی ئەوانەی لەم ڕووەوە شارەزایان هەیەو بۆ ئاگاداربون لەبواری کەلەپوری دا کە زەخیرەیەکی ڕۆشنبیری نەمرە .. دەست بخەنە ناودەستی یەکەوەو یارمەتی یەکتر بدەن .

ئەمەش کارێکی گران نیە .

فاضل محمد

Institut Kurde de Paris